# زانکۆ و

# کۆمەڵگەی مەدەنی

هۆشمەند رەفیق

هەولێر – 2020

❖ ناوی کتێب:  زانکۆ و کۆمەڵگەی مەدەنی
❖ نووسەر:  هۆشمەند رەفیق ئیبراهیم
❖ نەخشەسازی  بەرگ:  د.ئەکرەم فەرەیدون
❖ نەخشەسازی ناوەوە: ئاسۆ حسن احمد
❖ چاپی یەکەم: 2020
❖ تیراژ:  1000 دانە
❖ نرخ: (4000) چوار هەزار دینار
❖ لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(345) ساڵی 2020ی پێدراوە.

# ناوەڕۆک


| | |
|---|---|
| پێشەکی ...... ........................................... | 7 |
| ڕۆڵی کەرتی تایبەت لە کاراکردنی ڕێکخراوەکانی............ | 9 |
| ڕۆشناییەک لەسەر کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستان........... | 14 |
| ڕۆڵی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان لە پراکتیزەکردنی ............. | 22 |
| میکانیزمێک بۆ بە مەدەنییەت.................................. | 27 |
| ئەرکی ڕێکخراوەکان لە پرۆسەی هەڵبژاردندا .................. | 30 |
| ئەرکی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە بنەبڕکردنی............ | 32 |
| بەخشینەوەی پلە بە قات لەبەرانی ناو سەنتەرو ................ | 35 |
| گرنگی سەندیکا لە کوردستان................................. | 38 |
| کارنامەی ڕێکخراوەکان و خولانەوە لە بازنەیەکدا.............. | 41 |
| ئیفلیجکردنی مێشکی گەنجان................................. | 44 |
| ئەرکی زانکۆو بە مەدەنیکردنی کۆمەڵگای کوردی............... | 46 |
| بیرکردنەوە بە ئازادی، ڕۆحی ئەفراندن و تازەگەری............. | 54 |
| سەربەخۆیی زانکۆکان ..................................... | 66 |
| کاریگەری زانکۆ لەسەر دەوڵەت- کۆمەڵگا- قوتابی........... | 69 |
| هـەیمـەنەی زانـکـۆ ...................................... | 73 |
| ڕەنگدانەوەی کەسایەتی زانکۆییەکی تەندروست .......... | 75 |
| مانگرتن لە عیلم........................................ | 78 |
| ئەرکی کەسی زانکۆیی لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر........... | 81 |
| گۆڕانکاری ڕواڵەتی یان تازەکردنەوەی مەعریفەی............. | 87 |
| کاریگەری زانکۆ لە سەر گۆڕینی کۆمەڵگەدا................. | 94 |
| ئەجێندای هەڵسوکەوتی کەسی زانکۆیی.................... | 97 |

| | |
|---|---|
| ئەرکی زانکۆ لە گەشەپێدانی کەسییەتی تاکی کۆمەڵ............ | 102 |
| زانکۆکانی کوردستان لە نێوان کوالیتی دەرچووان و ............ | 107 |
| دڵنیایی جۆری و بەرهەمهێنانی کارمەندی پیشەگەر............. | 113 |
| زانکۆی ئەلیکترۆنی، بە گۆڕانکاری لە فەلسەفە................. | 115 |
| لە پێناو ئەکتیڤکردنی رۆڵی زانکۆ لە کۆمەڵگەی ................ | 124 |
| زانــکۆ بە چاویلکەیەکی رۆشـنەوە .......................... | 131 |
| سێنتەری هەماهەنگی زانکۆو کەرتی تایبەت..................... | 138 |
| پسپۆڕییەتی جیاواز......................................... | 142 |
| پەروەردەی  ئەشرافەکان..................................... | 145 |
| ماڵئاوا ژینی زانکۆیی...................................... | 148 |
| پەشیمانبوونەوەی دوای دەرچوون لە زانکۆ..................... | 150 |
| جیهانە تاریکەکەی پاش دەرچوون لە زانکۆ...................... | 154 |
| هەڵسانەوەی دوای شکست لە خوێندن............................ | 157 |
| خوێندکار... لێدانی موحازەرەی بە کۆمەڵ...................... | 160 |
| دیاردەی لێدانی بە کۆمەڵ  و کاریگەری لەسەر.................. | 163 |
| دەزگای باڵای بەشەناوخۆییەکانی قوتابیانی کوردستان ......... | 173 |
| زانکۆ بازرگانییەکان........................................ | 177 |
| فەیسبوک و کاریگەرییەکانی لەسەر قوتابیانی زانکۆ............ | 179 |
| گەشتی زانســتی قوتابیانی زانــکۆ.......................... | 189 |
| چرکە ساتی سوێندی دەرچووانی زانکۆ.......................... | 192 |
| گەندەڵی زانستی............................................ | 194 |
| لە سەدەی بیست و یەکیشدا وازهێنان لە خوێندن......... ...... | 196 |
| ویژدانی تەندروست......................................... | 200 |
| فەرهەنگی ئازادی........................................... | 205 |
| ئەو ساتەی دەبێ عەقڵ لە زانکۆ باڵا دەست بێت................. | 208 |
| ئەزموونی کارامەیی......................................... | 210 |
| نمرە.... پێودانگە دادوەرەکە................................ | 213 |

زانكۆ لە نێوان كوێلایەتی و گلۆباڵیزەیشندا.................. 216
خوێندكاران پەرلەمان و حكومەت بێدار دەكەنەوە............ 219
گەندەڵی كوردی.................................. 222
كاڵبوونەوەی ناوچەگەرایەتی لە زانكۆ....................... 224
گرنگی تاقیكردنەوەیIELTS TEST..................... 227
گیرفانسازی....................................... 231
هاتنەدی خەونەكان و توانەوە لە پێناو خەڵك............... 233
پڕۆسەی ئەفراندن و ڕەسەنایەتی و ... شتی تر................ 234
كچان و كوڕانی زانكۆ، لە نێوان عەشقی رۆحی و .............. 236
هاوسەرگیری لە زانكۆ،بەستەڵەكی هۆزپەرستی و............. 239
هاوسەرانی بەختیار لە كۆمەڵگەی بەختەوەرییدا............. 241
هاوسەرگیری ئەمڕۆی نێو هەرزەكاران...................... 245
پشوو درێژی هاوسەران............................. 247
بە زۆر بەشوودانی كچان هێشتا باوی ماوە................. 249
نــایت كـلـەپNight Club .......................... 252
رۆژنامەگەری قوتابیان............................... 255
ئیزدیواجیەت لە دوای بەیعەت وەرگرتن ................... 257
مۆدەی گردبوونەوەی كارمەندانی حكومەت.................. 260
شەڕی پەرلەمانتێری یا خزمەتكاری........................ 263
دوكەڵی شار..................................... 265
حكومەتی گەنجی پیر................................. 267
ئادەمیزادی دووالیزم لەسەردەمی جیهانگەڕاییدا............. 270
رەمەزان، مانگی خۆدەرخستنی بەرپرسان.................. 272
كلتووری دەمانچە بەخشینەوە........................ 274
ئاینی زەردەشتی و نەژادی ماد كلتووری هەر دێرینی.......... 276
نەورۆز هێمای ئازادی و دامركاندنەوەی ستەمكارییە.......... 283
جەستەمان لە هەولێر، دڵمان لە هەڵەبجە، رۆحمان لە................ 290

| | |
|---|---|
| له خەوما  بووم بە یەکەمین پارێزگاری هەڵەبجە................ | 294 |
| موناجاتێکی رۆحی بۆ هەڵەبجە.............................. | 300 |
| قەدەغەکردنی هۆڕنی ناياسايی............................... | 301 |
| چەکەرەکردنی بیری ناتووندوتیژی............................. | 303 |
| باخچەکانی شار............................................. | 305 |
| گەراجی ئۆتۆمبێل لە شارەکاندا............................... | 307 |
| مۆلیدەکانی شار............................................ | 309 |
| شکستی ئیرادەی سیاسی و پەنابردن بۆ تیرۆر.................. | 311 |
| سیستەمی رازیکردنی هەمووان................................ | 314 |
| تاقیگەیە یا یاریگە........................................ | 316 |
| زیـــــــکـــــــــر........................................ | 318 |
| ئاوەدانی رەمەزان.......................................... | 319 |
| دوا وشە، گەندەڵی، کۆرەنتینەیVIP.......................... | 321 |

# پێشەکی

ئەو کتێبە پێکهاتووە لە بەشێکی وتارەکانم کە لە ماوەی ساڵانی 1997ەوە ئەو کاتەی قوتابی پۆلی دووەمی ناوەندی بووم تا سەرەتای ساڵی 2020، لە کاتی کەرەنتینەکردنمان لەسەردەمی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە جیهان و هەرێمی کوردستان بە دەرفەتمزانی کۆی ئەو وتارانە کە لە ئەرشیفی خۆمدا هەڵمگرتبوون کاری لەسەر بکەم، ئەو نوسینانە کە لە رۆژنامەو گۆڤارەکانی هەرێمی کوردستان بڵاوبۆتەوە هەمەچەشنەن و بە چاوی رەخنەیی ئەو ساڵانەوە نوسراوە کە وتارەکانم تێدا بڵاوکردۆتەوە و زۆرینەیان هەڵقوڵاوی بیرکردنەوەو هزری ئەو سەردەمانەم بووە، کە بەشێکیان تا ئێستا شانازی پێوە دەکەم و بەشەکەی دیکەش بە هەڵکشانی تەمەن رەنگە وشەو رستەکانیم بەدڵ نەبێت و دەکرا وشەی جوانترم بنووسیایە، بەڵام بەهۆی ئەوەی بیرۆکەو بیرکردنەوەکانی هی ئەو ساڵانە بووە، بۆیە بەبێ دەستکارییەوە وەک خۆی دامناوەتەوە بەبێ ئەوەی دارشتنەوەی بۆ بکەم، هەرچەندە هەندێک لەو پەخشان و وتارانەی لە سەردەمانێکدا نووسیومە کە قەناعەتم پێی هەبووە، لەو کتێبەدا بڵاوم نەکردۆتەوە، بەهۆی ئەوەی بیرکردنەوەو ئاراستە هزرییەکانم گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە، بەڵام بە گشتی ئەوانە دیدی من بووە بۆ ئاریشەو دیاردەکانی کۆمەڵگا، بێگومان بەشێکی ئەو گلەیی و پێشنیارانەی هەمبووە لەو کاتانەدا هەنووکە هاتونەتەدی و هەندێ لەو دیاردانە نەماون و ئەوەی دیکەش کە رۆچۆتە ناخی کۆمەڵگە هێشتا رۆژ بە رۆژ نەک کاڵدەبنەوە، بەڵکو ئەو دیاردانە هەر بوونیان ماوە، وەلێ بۆ ئەوەی خوێنەر کەڵک لە نوسینەکانم وەربگرێت و ئەو نوسینانە

گوم نەبن، هاتووم لە دووتوێی کتێبێکدا کۆمکردوونەتەوەو پێشکەشی خوێنەری ئازیزی دەکەم، هیوادارم هەموو لایەک بە دڵیان بێت.

نابێت ئەوە لە بیر بکەین، ئەو نوسینانە بە بێ دەستکارییەوە وەک خۆی لە نێو ئەو کتێبە دامناوەتەوەو ئاماژەم بەو رۆژنامەو گۆڤارانە کردووە کە تیایدا بڵاوکراونەتەوە، کە زۆرینەی هەرە زۆری وتارەکان بە زمانی ئەوکاتانە نووسراوە کە قوتابی بوومە، هەڵبەتە تا ئێستا بەشێکی زۆری رەخنەو سەرنجەکان کە باسکراون هەروەک خۆی ماونەتەوە، بەڵام ئەو وشانەی ئەوکات لە مێشکی مندا گەڵاڵە بوەو دامرشتوە، ئەگەر ئێستا بمنوسیبانایە، ئەوا جۆرێکی دیکەبوو، بەڵام بە شانازییەوە وەک خۆی دانراوەتەوە، چونکە ئەوەی لەبەردەستدایە، نوسینی کتێبێکی تازە نییە، بەڵکو ئەرشیفی بەشێکی نوسینەکانمە لە ماوەی (23)ساڵی تەمەنی مندا.

بە هیوای ئەوەی کەلێنێک لە کتێبخانەی کوردستان پڕ بکاتەوە.

**هۆشمەند رەفیق**

2020/4/4، هەولێر

# رۆڵی کەرتی تایبەت

# لە کاراکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

ئامانج لە نوسینی ئەم بابەتە دۆزینەوەی میکانزمێکی گونجاوە،تا هانی کەرتی تایبەت (Privet Sector)بدات سپۆنسەری چالاکییەکانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕێکخراوە ناحکومیەکان (Non Governmental Organizations)بکات و لە ئیشکردنیاندا کاراتریان بکات و چی دیکە پشت بە بوودجەی گشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەبەستن و سەربەخۆش بن لە بڕیاردان و ئاڕاستە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان.

## تەمویلی دارایی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

بۆ ئەوەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی سەربەخۆیانە کار بکەن و بڕیاری دروست بۆ بەرژەوەندی گشتی بدەن، ئەوا پێویستە پاڵپشتی دارایی لە پارت و هێزە سیاسیەکان وەرنەگرن، بەڵکو بۆ هەر چالاکییەک باشتر وایە لە حکومەت یا لە کەرتی تایبەت تەمویل بکرێن، واتە چالاکییە هەمەجۆرەکانیان بە سپۆنسەری کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت بێت، ئەگینا رۆڵی راستەقینەی خۆیان لە کۆمەڵگە ناگێڕن و بەردەوام ملکەچی ویست و خواستە ئایدۆلۆژییەکانی پارتە سیاسیەکان دەبن، بەوەی هەمیشە لە رێگەی چالاکییەکانیانەوە راوی ئەندامیەتی دەکەن، لە کاتێکدا دەبێت ئەو رێکخراوانە ببنە ئامرازێکی پەیوەندی کارا لە نێوان کەرتی تایبەت و حکومەت و هاوڵاتیان، بەمەش ئامانجە راستەقینەکەی خۆیان دەپێکن، کە مەبەستیان

بازرگانی نییەو بۆ کەڵکی گشتی کار دەکەن و ملکەچی هیچ دەسەڵاتێک نابن.

## سپۆنسەری چالاکییەکان

لە ئێستادا لەسەر ئاستی عێراق(995)رێکخراوی ناحکومی مۆڵەتی لە حکومەتی بەغدا وەرگرتووەو لە هەرێمی کوردستانیش زیاتر لە هەزار رێکخراو مۆڵەتی لە فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگرتووە، لەبەرامبەر ئەمەدا دەبینین تەنها لە هەرێمی کوردستان (38)هەزار کۆمپانیای بیانی و ناوخۆیی هەیە، بۆیە دەکرێت هەڵوەستەیەک لەسەر ئەم ژمارەیە بکەین، تا قسە لەسەر ئەوە بکەین چۆن وا بکەین هانی کەرتی تایبەت بدەین تا سپۆنسەری چالاکی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بکەن؟ بێگومان کەرتی تایبەتیش ئەمە لە خۆڕا ناکات، بەبێ ئەوەی هیچ سوودێکی بۆ کۆمپانیاکەی هەبێت، بۆیە دەکرێت هەردوولا دانوستاندن بکەن و بەرژەوەندی هاوبەشی یەکتری بهێننەدی، ئەمە لە خۆیەوە نایەتەدی، بەڵکو پێویستە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە رێگەی میدیاکان و وۆرشۆپ و کۆبونەوەکانیانەوە هۆشیاری بڵاوبکەنەوە لە نێو بزنسمان و سەرۆکی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت و بەوە لێکی بدەنەوە کە بە شێکە لە هەستی نیشتیمانی و نەتەوەیی، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵێکی زۆری دەوێت، چونکە تا ئێستا کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان وەک چۆن رێکخراوەکان هێشتا لەژێر چنگی پارتەکانن و ئاوهاش کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتیش بەشێکی پشکی کەسانی دەستڕۆیشتووی پارتەکان و تەنانەت کۆمپانیای راستەوخۆی موڵکی پارتەکانە،بۆیە ناتوانین بڵێین هەنوکە کەرتی

تایبەتی راستەقینە هەیە، بەڵکو هێشتا لە کۆی (38)هەزار کۆمپانیا زۆرینەی هەرە زۆری پشکی پارتەکان و حکومەتی تێدایە، بۆیەشە هێندە بێمنەتن و کەرتێکی تایبەتی رەزیلەو نایەوێت پارە نەک بۆ رێکخراوەکان، بەڵکو بۆ رێکلامی خۆشی خەرج بکات، لەترسی ئەوەی بارگرانی زیاتری نەکەوێتەسەرو قازانجە زەبەلاحەکەی کەمتر بێتەوە، ئەو قازانجەی هیچ کۆمپانیایەکی جیهانی بەوەندە کاتە دەستی ناکەوێت، ئەوەش وایکردوە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی نەتوانن بەشداربن لە بەرهەمهێنان و رێنیشاندانی وەبەرهێنان و پترکردنی بەرهەمداری لە کۆمەڵگەی کوردستان، بەڵکو ئەوانیش لەسەر پشتی پارتەکان و بوودجەی گشتی خەڵک وەک بەکاربەرێکی مشەخۆر دەژین.

## کەرتی تایبەت چی بکات؟

سەرەتا دەبێت لە پەرلەمانی کوردستان یاسایەک دەربچێت کە کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت وا لێبکات کە ملکەچی ئەو بەندە بن کە دەنوسرێت سپۆنسەری رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بکەن، لەبەرامبەریشدا ئەوان رێکلام بۆ کارەکانیان بکەن، بە جۆرێک کۆمپانیایەکی فرۆشیارو بەرهەمهێنەری کەلوپەل و جلوبەرگی وەرزشی سپۆنسەری چالاکییە وەزرشییەکانی رێکخراو و یانە وەرزشیەکان بکات، ئەو رێکخراوە وەزشیانە لە کاتی یارییە دۆستانەکانیاندا رێکلام بۆ بەرهەمی کۆمپانیاکان بکەن، هەروەها رێکخراوەکانی لاوان و گەنجان لە لایەن کۆمپانیاکانی مۆبیلیات و نیشتەجێکردن و فرۆشتنی ئاڵتوون سپۆنسەری بکرێن، ئەوانیش لە چالاکییەکانیدا باس لەوە بکەن

به سپۆنسەری ئەو کۆمپانیایانە ئەم چالاکییەیان ئەنجامداوە و لە بری ئەوەش یەکەی نیشتەجێبون و ئاڵتوون و پێداویستی ناوماڵ بدەن بە گەنجێک تازە دەیەوێت هاوسەرگیری بکات، بەوەش رەواج بە کالاکانیدا دەدرێت، هەروەها بۆ رێکخراوە هونەرییەکانیش کۆمپانیاکانی تایبەت بە هونەر ئەم کارە دووبارە بکەنەوە لە سپۆنسەری کلیپی گۆرانی و شانۆو کۆنسێرت و خولی راهێنان ...هتد، جا بۆ رێکخراوە خێرخوازیەکانیش بە هەمان شێوە.بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە ساڵانە لە بوودجەی گشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان پارەیەکی لە ئەندازەبەدەر لە ئاهەنگەکانی پێشوازی لە قوتابیانی قۆناغی یەکەم و ئاهەنگی دەرچوونی دوا قۆناغ و ئاهەنگی گشتی دەرچوون و گەشتە زانستی و تەرفیهی و ناردنە دەرەوەی قوتابیان و پێداویستییەکانی بەشەناوخۆییەکان  خەرج دەکرێت، لەوەشیاندا رێکخراوە قوتابی و خوێندکارییەکان دەتوانن دانوستاندن لەگەڵ  کۆمپانیاکان بکەن لە بری رێکلاکردن بۆیان سپۆنسەری ئەم چالاکیانە بکەن، لەلایەک دەبێتە چالاکی رێکخراوەکان و لەلایەکی دیکە بارگرانی لەسەر حکومەت کەمدبێتەوە، جا بۆ دابینکرنی هێڵی ئینتەرنێت و پێدانی سیمکارتی مۆبایل و چاپکردنی کتێب و تۆژینەوەو خولی فێربونی زمانەکان وهاوکاری قوتابیانی کەمدەرامەت و دابینکردنی هۆیەکانی گواستنەوەی قوتابیان لە ماڵ و بەشەناوخۆیی بۆ زانکۆ و سازکردنی کۆنفرانس و کۆنگرەی زانستی و فەرهەنگی بە هەمان شێوە، ئەمە وا دەکات رێکخراوەکان کاراتر بن و متمانەی خۆیان بۆ تاک لە کۆمەڵگە بگەڕێننەوەو دواجاریش پردێکی پەیوەندی لە نێوان رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و حکومەت و کەرتی تایبەت دروست بکەن و بارگرانی لەسەر حکومەتیش

کەم دەبێتەوەو دەرفەتی کار بۆ گەنجان و ستافی کاراو چالاکوانی ڕێکخراوەکان دروست دەبێت،بەمەیش ئامانجە راستەقینەکە دێتەدی لە بەرهەمهێنانی کەرتی تایبەتێکی کارای راستەقینەو کۆمەڵگەی مەدەنی تەژی لە ڕێکخراوی پڕ لە سەرکردەی هەگبە پڕ لە زانست و رۆشنبیری کە هەمووی سوود بە هێزی کارو سەرمایەی مرۆیی دەگەیەنێت بەوەش بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی کەرتی تایبەتێکی تەندروست، کۆمەڵگەیەکی مەدەنی تەندروست بە بودجەیەکی تەندروست دێنێتەکایەوە.

*****لە ژمارە (5) تشرینی دووەمی 2013 لە گۆڤاری(تاوی کۆمەڵایەتی) بڵاوبۆتەوە**

## رۆشناییەک لەسەر کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستان

شیاوی گوتنە ماوەی چەند ساڵێکە لە نێو دەستە بژێری کۆمەڵگەی کوردستانی بەتایبەت رۆشنهزرانەوە لێرەو لەوێ باس لە زاراوەی (کۆمەڵگەی مەدەنی) دەکرێ و هەریەکە بە بیرو فکری خۆی تەئویلی بۆ دەکات و بەفۆرمێکی تر وێنای دەکات، ئیدی تا بە ئەمرۆ دەگات لەلایەن رێکخراوە دیموکراتی و جەماوەریەکان و(N.G.O) کانەوە تەنانەت حیزبەکان و زانکۆو ناوەندەکانی خوێندن و کەسانی چالّکگەر لە بواری مەدەنی کاری بۆ دەکرێ و کوردستانیانی پێ ئاشنا دەکەن و هەموو هەولّێکیش بۆ ئەمە هەنگاونانە بەرەو دروستکردنی کومەڵگەیەکی مەدەنی کوردستانی، ئەو هەوڵانەش تاڕادەیەک زەمینەسازی شیاوی بەرهەمهێناوە تا بەرەو نەشوونماکردن بڕوات.

لەو دیدگایەوە خوێندنەوەیەکی سەرەتاییانە بۆ ئەو زاراوەیە دەکەین، ئەگەرچی پێناسەکردنی ئیجگار گرانەو لەلایەن پسپۆڕانەوە تێزی هەمەجۆری لەسەر نوسراوەو نەگەیشتوونەتە پیناسەی راستەقینەی، چونکە گیروگازی زۆری هەن، بۆیە لەمەیدانی جێبەجێکردنیشیدا لە ئانوساتی ئێستادا بلّێن کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان هەیە ئەوە بێهودەیە، لێ قسەکردن لەسەر بوونی کۆمەڵگەی مەدەنی لەلای خۆمان وەک باغی خەیاڵ وایە یان یۆتۆپیایەکە و تەنها لە نێو کتێب و رۆژنامەکان هەیە، لەبەرئەوەی زۆرێک لەو فاکتەرانەی دەبنە هۆی درووستکردنی

کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان نیە، سەرەڕای فاکتەری مێژوویی و ئابووریی و سیاسیی و فەرهەنگی و ستراکتۆری کۆمەڵگاکەمان.

ئەگەریش قسە لەسەر زاراوەی( کۆمەڵگەی مەدەنی)بکەین ئەوە ئەو زاراوەیە بە زمانی کوردی بە (کۆمەڵی مەدەنی، شارستانی، ژیاری) گۆدەکریٚ، ئەگەرچی بەدیدی ئێمە جوانترین ووشە بەکاربهێنرێت بۆ ئەو زاراوەیە (کۆمەڵگەی بەختەوەری)یە، لەلایەکی دیکە بە عەرەبی (المجتمع المدني، المجتمع المدينة)و بە زمانی ئینگلیزی (Civilian Society)پیٚ دەڵێن.

کۆمەڵگەی مەدەنی ریێنشاندەری دەسەڵاتەو رەخنە لە میکانزمی کارکردنی حکومەت دەگرێت، ئەگەر هاتوو بە ئاڕاستەیەکی لار بڕوات و لەگەڵ بەرژەوەندی تاکەکانی کۆمەڵگەو گشتی هاوگونج نەبێت، لەهەمان کات چاودێری کۆمەڵگاو حکومەت دەکات بۆ بە ئاڕاستەبردنی رێڕەوێکی باشترو پۆزەتیڤ بۆ بەرەڤانیکردنی مافەکانی تاک لە کۆمەڵگەو بەرجەستەکردنی لە چوارچێوەی یاسادا، کەوایە لەکۆمەڵگەی مەدەنی ئاوەز (ئەقڵ) تێیدا دەسەڵاتدارەو بڕیار دەدات، لەبۆتەی یاسا، بە چەشنێکی تر بڵێن لە رووی سیاسییەوە دەسەڵاتەکانی وڵات بە یاسا بەڕێوەدەچن نەوەک بە رەهایی وەک (یاسادانان (پەرلەمان)، دادوەری (قەزائی)، راپەراندن (حکومەت)، میدیا (دەزگاکانی راگەیاندن بە بینراو بیستراو نووسراو) واتە ئەو دەزگایانە سەربەخۆن بەپێی یاساو کەس بۆی نیە فشاریان بخاتە سەرو کاریگەریان لێبکات.

کۆمەڵگەی مەدەنی لە رۆژئاوا زادەی قۆناغبەندیەکی دێرۆکییە فرە ساڵە بە چەندین کاروانگەی هەمەچەشنی شۆڕشی سپیەوە تێپەڕیووە و بۆتە کەمەرشکێنی دیاردە ناشیاوەکانی کۆمەڵ و لە بواری کردەنیشدا هەنگاوی جدی بۆ هاوێژراوە تا گەییشتۆتە ئەمڕۆ، ئەگەرچیش ئامانجە راستەقینەکەی خۆی هێشتا نەپێکاوەو کاری لەسەر دەکرێ، بەگومانیشین لەوەی بێتەدی لەسەردەمی ئەمڕۆی جەنجاڵییەکانی جیهانی سیاسی قەیراناوی نێوان وڵاتان.

کۆمەڵگەی خۆشگوزەران و بەختەوەر(کۆمەڵگەی مەدەنی) لە هەناوی کاودانێکی  ئازاد و یەکسان و دادپەروەر لەدایک دەبێت، ئەوەش ئەوە دەسەلمێنێ لە منداڵدانی سیستەمێکی دیموکراتیدا کۆمەڵگەی مەدەنی دێتەبوون، بۆیە دەبێ جەخت لەسەر رایەڵەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بکەین ئەوەیش قسەکردنە لەسەر بوونی(خاک/کوردستان)،(نەتەوە/کوردونەتەوەی تر)، (سیستەمی سیاسی/ سەرۆکایەتی هەرێم/ پەرلەمان/ حکومەت/ دادوەری)، دانپیانانی نێودەوڵەتی)، لێ پیادەکردنی لە کوردستان تاڕادەیەک ئەستەمە ئەگەرچی خاک و نەتەوەو سیستەمی سیاسی نیمچە سەربەخۆمان هەیە، بەڵام تاوەکو ئێستا دانی پێنەنراوە لەلایەن نەتەوەیەگرتووەکانەوە بەشێوەیەکی یاسایی نێودەوڵەتی، بەڵام سەرەڕای ئەوە تا ئەو کاتەی سەربەخۆیی رادەگەیەنین پێویستە خۆمان ئامادەبکەین، دەبێت ئەوەش لەبیر نەکەین هەرێمی کوردستان لەچوارچێوەی دەستووری عێراقی فیدڕاڵ دانپیێنراوە لەروانگەی نێونەتەوەییەوە، هەروەها لەرایەڵەکانی کۆمەڵگەی

مەدەنی (مافی تاک) کە دەسەڵاتی زۆرینەو پاراستنی کەمینە و(مافە مەدەنیەکان )لە مافی ژیان و یەکسانی، مافی ئاسایش و سەقامگیری و ئازادی گواستنەوەو نیشتەجێبوون و گواستنەوەو خاوەنداریەتی و ئازادی بازرگانی، ئازادی وێژدان و (مافە سیاسیەکان لە مافی رادەربڕین، قسەکردن، درووستکردنی پارت و رێکخراو، جاوازی ئایدۆلۆژی، جیاوازی ئاین وئاینزا، دەنگدان و خۆپالاوتن ...هتد دەگرێتەوە.

**رۆڵی رێکخراوە جەماوەری و دیموکراتیەکان و رێکخراوە ناحکومیەکان لە بەمەدەنیکردنی کۆمەڵگەی کوردستانیدا:**

ئەو رێکخراوانە بەشێکی هەرە کاریگەرن، لە کۆمەڵگەی مەدەنی و بزووێنەری سەرەکین بۆ نوێنەرایەتیکردنی تاک لە کۆمەڵگەدا و وئامرازیکیشن بۆ گەیاندنی دەنگیان بە دەسەڵات (حکومەت)، لە کۆمەڵگەیەکیش پێشدەکەون دیموکراسی و ئازادی تیابێت و یاسا سەروەربێ، تاوەکو بە یاسا پارێزگاری لە خەڵک بکەن و، ئامانجیان گرتنە دەستی دەسەڵات نیە وەک حیزبەکان، بەڵکو خزمەتکردن و چاکسازییە لە کۆمەڵگە و بەرگریکردنی تاکی کۆمەڵگەیە وەک بەشێک لە کۆمەڵگەو چاودێریکردنی دەسەڵاتە، جا هەریەکە بەپێی ئەو روانگەییەی کاری تیا دەکات، هەروەها ئەرکیان چاندنی تۆی کلتووری لێبووردەیی وگەشەپێدان و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری (ژینگە، یاسا، سیاسی، دادگەری، تەندروستی، مێژوویی ..هتد.

**رۆڵی زانكۆو ناوەندەكانی خوێندن:**

زانكۆ وەك دامەزراوەیەكی ئەكادیمی و مەعریفی هاوكات لەگەڵی ناوەندەكانی خوێندن وەك دەزگایەكی پەروەردەیی و فێربوون بەشێكن لە كۆمەڵگەی مەدەنی بەوەی دەبێ رۆڵ بگێڕن لە كۆمەڵگاو قسەیان هەبێ لەسەر پرسە (سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابوورییەكان و ...هتد)، لەلایەكی تر دەبێ چاودێری حكومەت بكەن و گۆڕان لەكۆمەڵگە بكەن لەرێگەی ئەوكەسانەی لەو دەزگایانەوە دەخوێنن، لەكاتێدا هەرشتێكی نادرووست ببینرێت و بەشیاو نەزانرێت، دەبێت هەوڵی بۆ بدرێت تاوەكو بگوڕدرێت، ئەوەش بەوە دەكرێ زانكۆ لە رووی دارایی و بەڕێوەبردنەوە سەربەخۆبێ و لە زانكۆش كەمپی زانكۆی هەبێ و محازەرات لە باڵەخانەیەكی لە شێوەی دەواجن نەبێ و سیستەمی خوێندنت پێشكەوتوبێت بێ و كێشەی دیاردەی(عبور، ترقین قید، سحب اوراق، گواستنەوە، میتۆدی خوێندن)ت نەبێ و كۆمپیوتەرو هێڵی ئینتەرنێت لە سەرجەم كۆلێژو قوتابخانەكان هەبێ و مەلزەمە و خواردنی سەرەكی خوێندكارنەبێ و (3) سێ دەوام لەیەك قوتابخانە نەبێ و لە گوندەكان قوتابی لەژێر نایلۆن دەرس نەخوێنێ و وایت بۆردی هەبێ و لە زانكۆش سیستەمی داتاشۆ و سمارت بۆرد پەیڕەو بكرێ و كۆمەڵگەی كوردستانیش رێژەی 80% هەشتا لەسەدی خوێندەوار بێ و مەعریفەیەكی فیزیایی وپزیشكییە جۆراوجۆرەكان و پیشەسازی و ئابووری و كشتوكاڵ و بیناسازی و ئەدەبیات و كیمیاو ....هتد لە كوردستان

بوونی هەبێت و لە ژیانی پراکتیکیشدا رەنگدانەوەی لەسەر کۆمەڵگە هەبێ.

**خوێندنەوەیەکی گشتی**

بۆ قسەکردن لە سەر کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان، دەبێ ئاماژە بکەین بە چەند بواری تری وەک (ژینگە)، چونکە ناکرێ بە کۆمەڵگایە بگوترێ مەدەنی کە سەرەتاپای شارو گوندەکانی بێ دارو درەخت بێ و دوکەڵ ئاسمانی شارەکانی داپۆشیبێ و لەماوەی چەند هەفتەیەک ژمارەیەک خێزان بە دوکەڵی غاز و نەوتی سۆباکانیان گیان لەدەست بدەن، ئەمە سەرباری کەمتەرخەمی دەستەی ژینگەی کوردستانلە حکومەت، ئەوا هاوڵاتیانیش کەمتەرخەمن و شارو وڵاتەکەیان خۆش ناوێت، بەهۆی نەبونی هۆشیاری و فەرهەنگی خۆشەویستی نیشتیمان و هەست نەکردن بە بەپرسیاریەتی بەرامبەر خاک و نیشتیمان، لەلایەکی دیکە ناکرێ باس لە مەدەنیەت بکەین لەکۆمەڵگایەک ویژدانی باوکێک بگاتە حاڵەتی ئەوەی منداڵە پێنجساڵەیەکەی بە ئازار بکوژێ لە پێناو غەریزەو حەزەکانی خۆی، یان خێزانێک (15) منداڵی هەبێ و هەموویان چاوەڕێ دەستی باوکیان بکەن و بەکاربەربن و نەزانن ئەرک و مافیان لە کوردستان چییە، ئیدی قسە لەسەر ئەوانە بکەین یان باس لە (یاسا) بکەین کە بەرپرسان و خەڵک رێز لەیاسا ناگرن و رێسای هاتووچۆ جێبەجێ ناکەن و مۆڵەتی لێخووڕینیان نیە، گلەیی لە حکومەت دەکەن، یا قسە لەسەر زاڵبوونی یاسای (نەریتی – عرفي)

بەسەر یاسا دانراوەکانی کۆمەڵگە بکەین بە نمونە ژن کووشتن و پەرپێدانی دیوەخانی عەشیرەتەکان و پێدانی پۆستی حیزبی و حکومی لەسەر بنەمانی هێزی عەشیرەت و لێدان لە رۆژنامەنووسان لەنێو جەرگەی بازاڕ بە شەق و سوکایەتی پێکردن و هەڕەشە لێکردنیان و دەیان نمونەی تر، بەشێکی پەیوەندی بە کەمتەرخەمی حکومەت و ئەوەی دیکە لەبەرنەبوونی هۆشیاری تاکە لە کۆمەڵگە، بۆیە دەکرێ بێژین کۆمەڵگەی مەدەنی بە باڵەخانەی بەرزو شوقەی چەندقاتی و ڤێلای دوا مۆدیل و مەلەوانگەو مۆڵ و زۆری کەناڵی تەلەفزیۆنی نیە، بەڵکو بەبوونی ژێرخانێکی ئابووری پتەو دەبێت، ئەگەرچی بیناسازی و پرۆگرامی مۆدێرن بەشێکی ئەو کۆمەڵگایەن، بەڵام تا ئاستی هۆشیاری و رۆشنبیری تاکی کوردستان لە و ئاستەی ئێستادا بێ، نابێ بڵێین کۆمەڵگایەکی مەدەنی مان هەیە، ئەوە لە روانگەیەکەوە، لە روانگەیەکی تر ئەگەرچی ئازادی بێ خەوش و عەیارە (24) لە هیچ شوێنەکی دونیا دا نیە و لە شوێنێک بۆ شوێنکی تر پیادەکردنی ئازادی جیاوازە واتە بە پێودانگی سیاسی و جوگرافی و کلتووری و ئاینی و فەرهەنگی و ئاستی کۆمەڵگەیە، بۆیە ئازادی لە کوردستان بە هەڵە تەئویل و تەفسیری بۆ دەکرێ و پەیڕەوکردنیشی بەفۆڕمێکی ترەو زۆرجاران دەچێتە خانەی ئاژاوەنانەوە و ناوزڕاندنی خەڵک و دەزگا و پێشلکردنی ماف و ئازادی گشتی، نمونەش لە ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێتدا بەناوی

ئازادی جنێونامە بڵاو دەکرێتەوە یان لە رۆژنامەکان زانیاری بەهەڵە بڵاو دەکەنەوە بۆ پڕفرۆشی رۆژنامەکەیان.

لە بەشەناوەخۆییەک هاوخوێندکارێک لەکاتی نووستن، هاوقوتابییەکەی تری ئازار دەدات بە بەرزکردنەوەی دەنگی تسجیل و..هتد، لەوڵاتی ئێمەدا لەوێدا ئازادی دەبێتە هێڵی سوور کە باس لە ئێمە بکات خەڵکیک هەیە باس لە ئازادی دەکات و بانگەشەی بۆ دەکات، کەچی خۆی ئازادی خەڵک پێشێل دەکات و سوکایەتی بە کەرامەتی خەڵک دەکات یان لەپێش چوونە سەر کورسی گلەیی لە دەسەڵاتدار دەکات و رەخنە دەگرێ، بەڵام لەو کاتە خۆی دەچێتە سەر هەمان کورسی زۆر خراپتر دەبێ و گولە بە و کەسەوە وەدەنێ کە پێشوو لەسەر کورسییەکەی ئەو بووە، نازانێ ئەوانەی گولە بەرابردووە بنێن ئەوە لە داهاتوودا تۆپیان پێوەدەنرێ و کورسییەکە تاسەر بۆئەویش نامێنێ، هێشتا تاکی وڵاتی ئێمە هۆشیاری و ئاشنایەتی بە ئازادی نیە، کە دەبێ بە تێگەیشتنی لە چەمکی ئازادی واقیعبینانەو کوردستانیانە بێت.

*** لە ژمارە**(53) 2008/4/10 **لە رۆژنامەی**(**روانین**) **بڵاوبۆتەوە**

## ڕۆڵـی ڕێکخراوە جەماوەری و دیموکراتییەکان
## لە پراکتیـزەکردنی مەدەنیەتی کۆمەڵگەی کوردەواریدا

ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەیی و دیموکراسییەکان ڕۆڵێکی کاراو ئەکتیڤیان هەیە، بۆ جولاندنی مێشکی تاکەکانی کۆمەڵگا و ڕابوون و بێدارکردنەوەی ناخی کەسانی نوستوو، بۆیەشە دەبینین چاکسازی و گۆڕانکارییەکان و نوێبوونەوەی ژیانی ئەمڕۆ کەوتۆتە ئەستۆی ئەوان، وەلێ وەکو دامەزراوەیەکی مەدەنی–کۆمەلایەتی- نێودەوڵەتی کاردەکەن بۆ ڕاژەکردنی کۆمەڵ و ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی دەسەلاتی سیاسی و داکۆکیکردن لە توێژەکەیان یان چین و کەرتەکەیان و یا ئامانجیان تەنها ڕاژەکردنە نەک گەیشتن بە دەسەلات، یاخود نابێ پاشکۆی دەسەلاتبن، ئەو ڕێکخراوانە زادەی قۆناغێکن وەکو زەرووڕەت دروستبوونە بۆ نوێنەرایەتیکردنی کۆمەڵێک کەس بۆ ئەوەی ببنە فشار بۆسەر دەسەلاتی سیاسی و بەشێک لە خوی چەوتی دابونەریتی کۆمەڵگا، بۆیەش دەڵێین ڕێکخراوی جەماوەری واتە هەڵقولاوی ناخی جەماوەرن و گوزارشت لە ئیرادەی زۆرینەی جەماوەر دەکەن، بەهۆی فەراهەمکردنی دیموکراسی و ئازادی لە ولاتێکدا گەشە دەکەن و زێتر دەتوانن لە کایەیەکی ئازاد کاری ڕێکخراوەیی خۆیان مومارەسە بکەن، وێڕای ئەوە ئەو ڕێکخراوانە ڕۆڵی کارایان هەیە لە ولاتە دیموکراسییەکان و خەفەکراون لە ولاتانی تاک دەسەلات و ئەنتی پلۆرالیزم، ئەگەریش هەشبێ کارتۆنییە و بە بڕیاری سیاسی دروستبوونە.

ئەگەر بڕوانینە وڵاتانی جیهانی سێیەم بەتایبەت عێراق کە نەتوانراوە مومارەسەی دیموکراسی بکرێت هەنگاوی باش بهاوێژێت بەرەو کۆمەڵگای مەدەنی، ئەگەرچیش ماوەی چەند ساڵێکە بە شیوەی تیۆری لەلایەن ڕۆشنبیرانی کوردەوە وەک هەوڵێکی کارا لە نێوەندە ڕۆشنبیریەکاندا وروژێندراوەو جەدەلی جۆر بەجۆری لەسەر کراوەو شیکردنەوەی هەمەچەشنی بۆ کراوە، بەڵام نەخراوەتە پراکتیک و ئەوەی نەهێشتووە بەو ڕێڕەوە بجووڵێتەوە ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ چەند خاڵێکی گرنگ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی:

1. فەرهەنگی دواکەوتوو و ئیفلیج.
2. نەبوونی دیموکراسی و ئازادی لیبڕاڵی.
3. نەبوونی حکومەتێکی هەڵبژێردراو کە دەسەڵاتی لە ئیرادەی هاوڵاتیانەوە سەرچاوەی گرتبێت.
4. تێکەڵی دەسەڵاتەکانی (یاسادانان، ڕاپەڕاندن، دادوەری).
5. بوونی فەلسەفەو سیستەمێکی ئابووری ناروون.
6. بوونی دەسەڵاتی سیاسی لە شێوەی کۆماری پشتاوپشت و حیزبایەتی عادەتی و گواستنەوەی پلەی ئیداری و حیزبی لە باوکەوە بۆ کوڕ لە ژێر پەردەی دیموکراسی بە ڕواڵەت.
7. نەهێشتنەوەی هیچ فەزایەک بۆ مومارەسەکردنی کاری ڕێکخراوەیی و دروستکردنی ڕێکخراوێکی سەر بە دەسەڵات و بندەست.

هەڵبەتە چێکرنا هەر ڕێکخراوێک و سەندیکایەکی پیشەیی و دیموکراسی زادەی بوون و پێگەیشتنی چین و کەرت و توێژێکە لە نێو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، ئیدی ئەو کۆمەڵە کاتێ هۆشیاری

و زیرەکییان دەگاتە ئاستێک لەنێو ڕێکخراوێکدا کار دەکەن بۆ ئەوەی بە دەستە جەمعی بەرگری لە مافی خۆیان بکەن، ئەمەش دەبێتە پێویستییەکی هەرە گرنگ بۆ نوێنەرایەتیکردنی دەستەیەک کەس. بۆیەشە دەبینین لە وڵاتی ئێمە کە بەشێکە لە وڵاتە دواکەوتووەکان دیاردەیەکی خراپ پەرشوبڵاوە بووە بوونی پاشکۆیەتی ڕێکخراو و سەندیکاکانە بۆ حیزب، ئەمەش لە واقیعی کۆمەڵگای سیاسی کوردی دەبینین بە تایبەت لە هەیکەلی حیزبەکانەوە بڕوانین ئەوە پێکهاتەی ڕێکخراوە پاشکۆکانیشیان هەمان ستراکتۆرە ئەگەر حیزب لقی لە شوێنێک هەبێ یان مەڵبەند و هەرێمی لە شارێک هەبێت دەبێ ڕێکخراوەکەش مەڵبەند و لق و هەرێمی هەبێ، یان کۆمیتە و ناوچە و ناوەند لەهەر شوێنێک هەبێت دەبێ لەو شوێنە بەم چەشنەبێ تەنانەت بەشەکانی نێو خۆشیان مادامەکی حیزب بەشی ڕێکخستن و پاراستن و زانیاری و ... هتد، هەیە، دەبێ ڕێکخراوەکەش هەیبێ، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە حیزب کاتێک دروست دەبێت ڕێکخراوی جەماوەری و پیشەیی دروست دەکات، ئەمەش واتای ئەمە دەگەیەنێت کە ئەو ڕێکخراوانە نوێنەرایەتی شەریحە و توێژ و چینەکەی خۆیان ناکەن، بەڵکو نوێنەرایەتی حیزب دەکەن ئەوەندەی بەتەنگ کاری حیزبی و کەسبکردنی ئەندامن بۆ حیزب ئەوەندە بەتەنگ کاری ڕێکخراوەیی خۆیان نینیە و کاری خۆیان بیرچۆتەوە، تەنانەت ناشزانن ئامانج و کاری و ئەرکی چییە بۆ ئەو توێژەی نوێنەرایەتی دەکات، هەرچەندە بنکەی جەماوەرییەکەیان وا فریوداوە گوایە داکۆکیان لێدەکات، وێڕای ئەوە ئەگەر ڕێکخراوەکانی قوتابیان و نوێنەری ڕاستەقینەی قوتابیانن ئەی بۆچی تاکو ئێستا چەندین ساڵە لە چوارچێوەی یاسای ژمارە(18) لە ژێر سایەی پەڕلەمان کار دەکەن نەیان

توانیوە ببنە هێزێکی فشاربەری گشتگیر بۆ سەر دەسەڵاتی سیاسی، کە هەر نا بتوانرێ دەرماڵە بۆ  قوتابیانی زانکۆ زیاد بکەن و پەرە بە بەشەناوەخۆییەکان بدەن کە تەنها شوێنی قوتابی نییە، ئەو بەشەناوخۆیانە شوێنی هەموو شتێکە(پیسە، بێ کارەبایە، ...هتد)، یان نەیانتوانیوە گۆڕانکاری لە سیستەمی خوێندن و جۆری تێڕوانینی مامۆستایان زانکۆ بۆ ئاڕاستەکردنی کۆمەڵگا بەرەو زیاترین پێگە ببەن، یاخود تا چەند توانیانە ساڵانە لیستێک قوتابی بەناو ئامادە بکرێت و بدرێتە حکومەت تا کاریان بۆ بدۆزرێتەوە، بێگومان نەکراوە، ئەی چۆن نوێنەرایەتی ڕاستەقینەن گەر نەتوانن لەسەر دواکەوتنی دەرماڵە فشار بخەنە سەر حکومەت و ئەندامانیان لە دامەزراوەکانی حکومەت دامەزرێنن، ئەمە واتای کارتۆنی نییە!، کەچی ئەو ڕێکخراوانە هەر لە ڕۆژی دروستبوونیان بە بڕیارێکی مەکتەبی سیاسی حیزبەکەیان کە لەپەنجەی دەست تێناپەڕن داوای یەکگرتنی سەرجەم ڕێکخراوەکان دەکەن و هەوڵی یەکگرتنی دەدەن ئێ برا گەر حەزت لە خزمەتە هەوڵ بدە سەربەخۆ بێت نەوەک پاشکۆیی بۆ ئایدۆلۆژیایەکی ئیفلیج کە سەردەمی ئەوە نەماوە.

بۆیە ئەو حاڵەت و دۆخە زەنگێکی مەترسیدارە لەبەردەم ڕەوڕەوەی بزاڤی کاری ڕێکخراویی و سەندیکایی دەبێت زۆر بەتووندی دژ بەو دۆخە بوەستین بەتایبەت ئەوانەی خەباتێکی بێوچانیان هەیە و جێگایان لە دیرۆکی کاری ڕێکخراوەیی دیارە و هەوڵ بدەن ببێنە نوێنەری ڕاستەقینە کە ئەو چین و توێژەی نوێنەرایەتیان دەکات لەڕێگای بەرزکردنەوەی خواست و داواکانیان بۆ دەسەڵات و بەرگری ڕاستەقینە و بوێرانە و خودان هەڵوێستانە لە مافەکانیان و تێکەڵ بوون بەو چین و

توێژه و دەبێت ئەندامەکانیان ئەو کەسانەبن کە زۆر بە کارایی لە نێو هەناوی ئەو چینە کار بکەن بۆ وەدیهێنانی  ئامانجی ئەو چین و توێژە بەمەبەش ئەو سەندیکا و ڕێکخراوە شوناسی ڕاستەقینەی خۆی وەردەگرێت و لە پاشکۆیەتی رزگاریان دەبێ. بێشک ڕێکخراوی ڕاستەقینە و دروستبووی لە نێو جەماوەر لە واقیعێکی نالەبارو زەروور و هەڵقوڵاوی بۆ چین و توێژێکی بەشخوراو دەتوانێت پشکداری چالاکانەی هەبێ لە مومارەسەکردنی مەدەنییەتی کۆمەڵگای کوردیدا، دەبێتە دەربڕی خواست و ئارەزووەکانی تاکەکانی نێو ئەو ڕێکخراوە، بەمەش بەشدارییەکی ساخڵەم و ڕاستەقینە لە کۆمەڵگا دەکات، لەرێگای ئەو چینەی نوێنەرایەتی دەکات، بە پێچەوانەوە دەبێتە ڕێکخراوێکی کارتۆنی و بەجێ دەمێنێت لە گۆڕەپانەکەدا، چونکە ئەوە سەردەمی گۆڕانکاری و تەکنەلۆژیا و جیهانگیری و بەخولەک گۆڕان ڕوودەدات زەمەنی ئەوە نەماوە بیرۆکەو عەقڵیەتیەکان لە گوند و شارێک بەدۆگمایی بمێننەوە، ئەگەر مرۆڤ خۆی نەگۆڕێ ئەوان سەتەلایت و ئینتەرنێت و ڕەشەبای جیهانگیری دەیگۆڕێ، بۆیە لە دەرئەنجامدا گەر ئەو ڕێکخراوانە نەگۆڕێن بەرەبەرە پێگەی خۆیان لە نێو جەماوەردا لەدەست دەدەن، لە ئاکامدا جارێکی تر ڕێکخراو و یەکێتی و سەندیکای سەربەخۆ کە هەڵقوڵاوی ناوخۆی ئێش و ئازار و تەنگ و چەڵەمەی کۆمەڵگا و چین و کەرتی ڕادیکاڵ دێنە کایەی ململانێ بۆ مەیسەرکردنی مافەکانیان و فشار دروستدەکەن بۆسەر دەسەلات، تا فەزایەک بڕەخسێنێ بۆ خواستەکانی ئەندامانیان لەو ململانێیەدا کۆمەڵگایەکی مەدەنی بە پراکتیکی دروست بێت.

***لە ژمارە(**8**) رۆژنامەی(جەماوەر)** 2002/11/17 **بڵاوکراوەتەوە**

## میکانیزمێک بۆ بە مەدەنییەت

پڕۆسەی خوێندن و فێرکردن لە هەموو کۆمەڵگاکانی جیهان بەوپەڕی گرینگیەوە سەیر دەکرێت، لە روانگەی ئەوەی فێربوون و خوێندەواری دەبێتە هۆی پێشکەوتنی کۆمەڵگا، چونکە نەخوێندەواری پەتای گەلانەو نەتەوەکان دوا دەخات، خوێندەواری سەرباری ئەوەی هەنگاوەکانی پێشکەوتن لە بوارە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکان خێراتر دەکات، ئەوا ئاستی رۆشنبیری تاکیش بەرەو پێشەوە دەبات، لەو کلاورۆژنەیەشدا زۆربەی دەوڵەتان بایەخی تایبەت بە دامەزراوەکانی فێرکردن دەدەن و ساڵانەی بودجەی تایبەتی بۆ تەرخان دەکەن بۆ دروستکردنی قوتابخانەو دامەزراوەی دیکەی پەروەردەیی و فێرکردن لە باخچەی ساوایانەوە تا دەگاتە زانکۆ، کە هەموو پێداویستیەکانی بۆ فەراهەم دەکەن، ئەوە بە ئامانجی دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوی مەدەنی و دوور لە فەرهەنگی توندوتیژو هزری ناتوندوتیژ لە نێو قوتابخانەکاندا لە رێگەی فێرکردنەوە دەچێنن، هەر ئەوەش وایکردووە بە شێکی زۆری وڵاتە پێشکەوتووەکان بیر لەوە بکەنەوە کە لە قۆناغی سەرەتاییدا خوێندن بکرێتە زۆرەملێی و هەموو پێداویستیەکان بۆ منداڵان دابین بکەن، تاوەکو نەبێتە هۆی نەهامەتی بۆ خودی کەسە نەخوێندەوارەکە لە داهاتووداو وەیشومەو هەژاریش بۆ کۆمەڵگا نەهێنێت.

بە داخەوە لە چەند ساڵی رابردوودا لە هەرێمی کوردستان بەهۆی ئەوەی رووبەڕی شەڕی ناوەخۆیی بوویەوەو قەیرانی دارایی و هەژاری رووی لە کۆمەڵگا کرد، کە بەشێکی بەهۆی

هۆکاری سیاسی و بەشێکی دیکە بەهۆکاری دارایی و کۆمەڵایەتیەوە نەک نەچنە بەر خوێندن، بەڵکو ئەوەی لە خوێندنیشدا بووە، ئەوا وازیان لە خوێندن هێنا، خۆشبەختانە ئێستا بارودۆخەکە گۆڕاوەو خەڵکی  جگە لەوەی ناوی منداڵەکانیان ناونوس دەکەن بۆ خستنەبەر خوێندن، کەچی کەسانی دیکەش وا دەگەڕێنەوە بۆ خوێندن، بەتایبەت دوای هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری لەلایەن حکومەتەوە راگەیەنراوەو بە چەند میکانزمێک ئاسانکاری دەکەن بۆ کردنەوەی قوتابخانەی خێرا بۆ ئەوەی دەرفەتی بۆ نەڕەخساوە بخوێنێت و ئەوەی دیکەش ئاسانکاری بکرێت لە قوتابخانەکانی شەفتی شەوان بخوێنن.

ئەوەش جێگەی دڵخۆشییە کە هەنگاوەکانی بە مەدەنیکردنی کۆمەڵگای کوردی زۆر خێراتر دەبێت، بە نەهێشتنی نەخوێندەواری، چونکە ئاستی هۆشیاری و رۆشنبیری تاک بەرز دەبێتەوەو رێژەی هەژاری و توندوتیژی لە کۆمەڵگا کەمتر دەکاتەوەو دەبێتە هۆی لە بەینبردنی داب و نەریتە نەشیاوو خراپەکانی کۆمەڵگا، کە ساڵە هایە لە نەتەوەکانی دیکە بە بێ ئاگایی خومان پێوەگرتووە.

بێشک لە کۆمەڵگایەکیش هەمووی خوێندەوارو رۆشنبیری راستەقینە بێت، ئەوا یەکسانی و دادپەروەردی و سەروەرەی یاسا دێتەکایەوەو زمانی گفتوگۆو لەیەکگەیشتن دەبێتە دیفاکتۆ لە ژینگەیەکی ئازاد دا، بەوەش زەمینەسازی بۆ پەیڕەوکردنی دیموکراسی لە نێو هەموو ماڵێک، لە هەموو دەزگایەک دەکرێت و بەوەش کۆمەڵگای مەدەنی لەدایک دەبێت و کوردستان قۆناغێکی باش بەرەو پێشەوە دەچێت و ئێمەش هاوتەریبی

گەلانی دیکە سوود لە زانست و خوێندواری دەبینین و دەتوانین لەو ڕێگەیەوە کوردستان ڕزگار بکەین و بۆ جیهان بسلەمێنین گەلێکی زانستخوازو خوێندەوارین و هیچ کات حەز لە شەڕ ناکەین، هەرکاتێکیش دەوڵەت دروست بکەین ئەوا دەوڵەتێکی مەدەنیمان هەیەو زیانمان بۆ هیچ نەتەوەی دیکە نییە، بەڵکو دەتوانین هاوشانی نەتەوەکانی ناوچەکە جیهان پێشەوەبەرین.

بە ئومێدی ئەوەی لە داهاتوودا کۆمەڵگەیەکی خوێندەوارو زانست پەروەربین، تا ببینە کۆمەڵگەیەکی کوردی مەدەنی، کە یەکێک لەو میکانیزمانەی باسمانکرد، نەهێشتنی نەخوێندەوارییە لە کوردستان.

***لە ژمارە(294) لە 2000/8/31 لە گۆڤاری(گولان) بڵاوکراوەتەوە**

## ئەركی ڕێكخراوەكان لە پرۆسەی هەڵبژاردندا

ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی لە هەموو شوێنێكی جیهان ڕۆڵێكی بەرچاو دەبینن لە وشیاركردنەوەی دەنگدەران لە پرۆسەكانی هەڵبژاردندا، بەوەی هانی ئەو كەسانە دەدەن كە تەمەنیان گەیشتۆتە تەمەنی دەنگدان و مافی خۆیانە كەسانێک بكەنە نمایندەی خۆیان گووزارشت لە بیر و بۆچوون خواست و داواكاریەكانیان بكەن و ڕێڕەوی فیكریان لە گەڵ كەسانێک یەكانگیربێ، كە لە بڕیارداندا ببنە پارێزەرو هێنانەدی خەون و ئارەزووەكانیان. هەرێمی كوردستانیش وەک هەر وڵاتێكی دیكەی سەر زەوی، دوای ڕاپەڕین و نەمازە دوای روخانی رژێمی پێشوی بەعس سەدان ڕێكخراو كۆمەڵە و سەندیكا و گروپ دروست بوون، ئەگەرچی بەناویش سەربەخۆن، بەڵام دەكارێ لە پرۆسەی هەڵبژاردنەكانی كوردستان، كاربكەن بۆ هۆشیاركردنەوەی هاوڵاتی و بڵاوكردنەوەی بیری دیموكراسی و قبوڵكردنی رای جیاوازی بەرانبەر، شێوەی دەنگدان بە چەشنێكی هێمنڕەوانە و دوور لە هەر كردەیەكی توندوتیژی، رووادندنی بیرو هزری میانڕەوانە لە مێشكی تاكی كوردستانی بەڕێوەبچێت، بۆئەوەی پرۆسەكە بە جۆرێكی جوان و سیستماتیک بەڕێوەبچێ كە ببێتە مایەی شانازی گەلانی كوردستان و سەركردایەتی سیاسی كورد. لەلایەكیتر لەو هەڵمەتانەدا بێلایەنانە كاربكەن و دووربكەونەوە لە لایەنگری لیستەكان و پشتگیری حیزب و ڕێكخراوە سیاسیەكان، بەڵكو كارە جوانەكانی لایەنە سیاسیەكان بخەنەڕوو ئەوی دیكە بۆ ئەقڵی خەڵک جێبهێڵن، با دەنگدەر بڕیار بدات كێ ببێتە نوێنەری

تا له کابینەی داهاتوو خزمەت بکات، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکە هەوڵ بدەن نزیک بنەوە لە هێزە سیاسیەکان و حیزبەکان بۆ ئەوەی ڕێگەیان نیشان بدەن بە دەستنیشانکردنی پاڵێوراوی شیاو و شایستە تا لە ئەنجومەنی نیشتیمانی دا کە ئەنجومەنێکی فرە ئاین و فرە نەتەوەو فرە ناوچە و فرە حیزب بێت، دوای ئەوەی  ئەندامانی ئەو لیستانە نوێنەریان دەردەچێ تا بەڕاستی کەسی کارامەو نوێنەری خەمخۆربێ بۆ هاولاتیان. ئینجا لەوێوە ئەزموونی کوردستان بەهێزتر دەبێ و دەتوانرێ شانازی پێوەبکەین و دۆزی ڕەوای نەتەوەی کوردیش ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو هەڵکشان بچێت و هەنگاوی پۆزەتیڤانە بنێت. بەوەش ڕێکخراوەکان دەچنەوە ڕێگە ڕاستەقینەکەیان لە چاودێریکردنیان بۆ دەسەلات و هاولاتی و نوێنەرایەتی بوێری توێژو چینەکانیان، دواجار هەم متمانەی سەرجەم حیزبەکان و حکومەت بەدەست دەهێنن، هەمیش لەگەڵ ڕێڕەی ئەمڕۆی کاری ڕێکخراوەیی جیهانی لە کایەی ململانێکانی ژیان گوزەر دەکەن و کارەکتەرە سەرەکییەکانیشیان یارییەکە لە گۆڕپانی سیاسی دەبەنەوە، چونکە سروشتی لە دایکبوونی ڕێکخراوەکان لە کۆمەڵگەی تەندروستدا، لە منداڵدانی دیموکراسیەوە دێتەبوون و دواهەمین جار لە کایەیەکی دیموکراسی گەشە دەکەن، بۆیە برەودان بە چەمکی ناتوندوتیژی و قبوڵکردنی یەکتری یەکێکە لە ڕایەڵە سەرەکییەکانی ڕێکخراوە جەماوەری و دیموکراتییەکان، بۆیە ناکرێت لە کاتی بەڕێوەچونی هەموو پرۆسەکانی هەڵبژاردن هەمیشە لایەنگیری بکەن و خۆشیان و ڕێکخراوو کۆمەلاکانیشیان لەبەرچاوی جەماوەر ناشیرین بکەن.

***لە ژمارە(3177) 2009/5/20 لە ڕۆژنامەی(خەبات) بلاوکراوەتەوە**

## ئەرکی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە بنەبڕکردنی گەندەڵییدا

هەڵبەتە دیاردەی گەندەڵی دارایی و کارگێڕی و ئابووری، وەک نەخۆشییەکی کوشندەو مەترسیدار هەموو دەزگاو دامەزراوە حکوومی و مەدەنییە جیهانییەکانی گرتووتەوە، لەکاتێکدا جیهان ڕووبەڕوی دەیان نەخۆشی بۆتەوەو بەدەستییەوە دەناڵێنێ، هەر ڕۆژێکیش نەخۆشییەکی تازە بڵاو دەبێتەوەو دامەزراوە تەندروستییەکانیش ئەنتی ڤایرۆسی نەخۆشییەکان دادەهێنن بۆ ڕووبەڕوبوونەوەو چارەسەرکردنی نەخۆشییەکان، کەچی نەخۆشی گەندەڵی خەریکە لەهەندێ وڵاتی دواکەوتوو لە دیاردەوە دەبێتە فەرهەنگ، لەئاکامی نزمی بژێوی ژیان و جیاوازی چینایەتی و نادادگەری لە نێوان هاوڵاتیان و غیابی یەکسانی و پاشەگەردانی کاودانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و نەبوونی ڕۆشنبیری یاسایی و هەست نەکردن بە بەرپرسیاریەتی و نەبوونی ئینتیمای نیشتیمانیبوون و نەزانینی تاک و کاربەدەستان بەڕێنمایی و یاساکانی دژەگەندڵییەوە زێتر تەشەنەدەکات.

سەرەڕای هەموو ئەو نەخۆشیانەی یەخەی حکومەتەکانی گرتووە، ڤایرۆسی گەندەڵی لە هەر هەموویان خراپتر چۆتە نێو کونوکەلەبەر و جومگەی دەستگاکانییەوە، ڕۆژ بە ڕۆژ تەشەنە دەسێنێ و ڕەگ دادەکوتێ و تەونی بەهێزتر دەکات، کەچی هەموو لایەکیش ساڵانە بەسەدان ملیار دۆلار بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی خەرج دەکەن، بەڵام وەک پێویست نەتوانراوە ڕووبەری ئەو دیاردەیە ببنەوە، لە دروستکردنی دەستگای چاودێری و دارایی و بەڕێوەبەریەتییەکاتی ووردبینی

و دەزگای نەزاهە و دەیان دەزگای دیکە بەناوی جۆراوجۆرەوە، کەچی تۆڕە ترسناکەکانی هەر بەردەوامە، جاری وایش هەیە لە کارمەندێکی ئاسایی دەوڵەتەوە تا دەگاتە گەورەترین کاربەدەستی وڵات تێوە گلاوەو پاش ئاشکرابوونیش بەناو دادگایی دەکرێن و ئازاد دەکرێن، یان بە مەرامی سیاسییەوە وڵاتێک بە پەناهەندە وەریان دەگرێت، بێگومان ئەمە لەو وڵاتانەی کە یاسا تیایدا سەروەرە نییە،بەڵام دەوڵەتێک یاسا تیایدا سەروەر بێت بەو شێوەی نییە وەک ئەوەی لە دەوڵەتی تیرەو هۆز و مەزهەبگەرایی دەکرێت، لە کاتێکدا ئەگەر وڵاتێک یاسا تیایدا سەروەربێت و دەسەڵاتەکانی (پەرلەمان، حکومەت، دادگا) جیاکرابنەوە، دادگا دەتوانێت ئەرکی خۆی جێبەجێبکات لە پەیڕەوکردنی یاسا بە سەر هەموو کەسێکدا، جا هەر شێوەیەکی پێشێلکردنی یاسا بێت لە گەندەڵی دارایی وکارگێڕییەوە بگرە تا دەگاتە بچووکترین حاڵەتی نایاسایی، بەڵام ئەگەر وڵاتێک تیرەو مەزهەب بەڕێوەی ببات، هەرگیز کەسانی گەندەڵ ناچنە ژێر باری یاساو کاربەدەستانی دادگایش بەرگری لێدەکەن، نمونەیشمان زۆرە لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، باشترین نمونەیش وڵاتی (لوبنان)ە، سەرەڕای ئەوەی وڵاتێکی دڵگیرو شوێنێکی گەشتیاری دڵفڕێنە، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەو وڵاتە چەندین نەتەوەو ئاین و مەزهەب و هۆزو پارتی سیاسی و کۆمەڵەی فکری بەڕێوەی دەبەن و دەستووری وڵاتیان لەسەر بنەمای رێکەوتنی تەوافقی سیاسی و ئاینی و نەتەوەیی و تایفی نوسراوەتەوە، یاسا وەک پێویست لە سەر هەموو کەسێک جێبەجێ ناکرێت، بەهۆی ئەوەی هەر بەرپرسێکی حکومەت داکۆکی لە لایەنگری خۆی دەکات لە دامەرزاندنی کارمەند و پێدانی زەوی و وەرگیرانیان لە قوتابخانەو زانکۆکان و تەنانەت

دەبێت کۆتایی هەر ساڵێک یەکەم و دووەم و سێیەمی هەر بەشێکی زانستی زانکۆکان لە سەر بنەمای تەوافقی تایفی بێت، ئا ئەمە وڵات بەرەو هەڵدێر دەبات و پێشی ناخات، عێراقی فیدراڵی ئێستای خۆشمان دەبێت ئەزموون لە کاودانی سیاسی وڵاتی لوبنان وەربگرێت، بەڵام نەک ئەزموون وەرنەگرتوە، بەڵکو زۆر خراپتر بووە، هەڵبەتە هەرێمی کوردستانیش وەک بەشێک لە عێراق ئەگەرچی بە تۆزێک باشترەوە، بە هەمان شێوەیە یاسا تەنها بۆ کەسانی بچووکەو کەسانی دەستڕۆیشتوو لەسەریان جێبەجێ ناکرێت. لەو سونگەیەوە ئەگەر بمانەوێت ئەو نەخۆشییەی کە زۆر مەترسیدارترە لە تیرۆر و ئەنفلۆنزای بەراز و باڵندەو ئایدز بەرەنگاری بینەوە، دەبێت جگە لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و ڕۆشنبیری و بەرپرسیاریەتی و ئاڕاستەکردنی ڕێنمایی بۆ کارمەندان و کاربەدەستان لە هەموو ئاستە جیاجیاکاندا، دەبێت ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی چاوساغی لیژنەی نەزاهەی پەڕلەمانی هەرێمی کوردستان و چاودێری دارایی و حکومەتی هەرێم بن لە دەستنیشانکردنی کەموکوڕی و گەندەڵی و خاڵە ناشرین و نێگەتیڤەکان و ڕاستکردنەوەیان، لە پێناو دروستکردنی حکومەتێکی تەندروست، لە کۆمەڵگەیەکی ساخلەم و دوور لە بنەماڵەو تیرەگەرایی و هۆزپەرستی و ناوچەگەرایەتیدا، ئەوەیش پێویستی بەکاری هاوبەش و ئیرادەی هاوبەش و لێپرسراویەتی هەموو لایەک هەیە، بەتایبەت ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە نێویشیاندا ڕێکخراوە خۆبەخەشەکانی گەنجانی هەرێمی کوردستان.

***لە ژمارە(3355) لە 2009/12/23 لە ڕۆژنامەی (خەبات)بڵاوبۆتەوە**

## بەخشینەوەی پلە بە قات لەبەرانی ناو سەنتەرو رێکخراوەکان

بەپێی یاسای هەرێمی کوردستان،کە لە ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان دەرچووە، هەموو چینی و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی،بە لەبەر چاوگرتنی ئازادی بیروڕاو بۆچوون، دەتوانن ڕێکخراوێک یا کۆمەڵە و سەندیکای تایبەت بە توێژو چینەکەیان پێکبهێنن تا داکۆکی لە مافەکانیان بکات، لەژێر چەتری ئەو یاسایەش ڕۆژانە ڕێکخراوو کۆمەڵەی هەمەجۆر دروست دەبن، ئەمە جگە لە ڕێکخراو کۆمەڵەی پاشکۆی پارتە سیاسییەکانی کوردستان، کە هەریەکەیان لە پێناو زیاترکردنی هەوادارو ئەندام لە نێو توێژە جیاجیاکاندا ڕێکخراوی هەمەچەشنی درستکردووە، کاتێکیش پۆست و بەرپرسیاریەتییەکان لە نێو ئەندامانی کۆمەڵەو ریکخراوو سەندیکاکان دابەشدەکرێت، یا بە کەسانێک دەسپێردرێت پێش ئەوەی تەماشای ئەقڵیەت و لێهاتوویی کارامەیی و لێزانی و کارزانی و بڕوانامەو ئەدای کارو بەڕێوەبردنی کەسەکە بکرێت، سەیری رواڵەتی کەسەکە دەکرێت، تاچەند شیاوە بۆ بەرپرسیاریەتی پۆستە باڵاکان، ئەگەر ئەو کەسە قاتێکی جوان و قەشەنگ و راقی پۆشی بێت، زیاتر دەیهێننە پێشەوەو ئەرکی پێدەسپێرن، ئەگەر سەرکەوتووش نەبێت لە ئەرکەکەی ئەوە هەزاران پاساوی بێ بنەما و لاوەکی بۆ دەدۆزنەوە، کە لە راستیدا زۆرێک لەو کەسانەی کە شیک پۆش و قاتی جوان دەپۆشن، بەپێی هەندێ گریمانەو ئەزموون هەندێک لەوانە لە رواڵەتدا شیک پۆشن، کەچی لە ناخدا بۆشن، چونکە ئەوەندەی بایەخ بە رواڵەت و جلوبەرگ و عەترو...هتد دەدەن، ئەوەندە

گرینگی بە ناخ و ئەقڵیەتی خۆیان نادەن، ئەوەندە کتێب و رۆژنامەو گۆڤار ناخوێننەوە، تا کەمێک ئاستی رۆشنبیریی مێشکی خۆیان فراوان بکەن، یا بڕوانامەی بەرز بە دەست بهێنن، ئەگەریش بە دوای رۆشنبیری و بڕوانامەدا بگەڕێن، ئەوە زۆر بە سانایی و بە واسیتەو بەرتیل بەدەستیدەهێنن، ئەو هەڵسەنگاندنە کە لە نێو رێکخراوەکاندا هەیە، شتێکی سەیرو سەمەرە نییە، چونکە ئەو کۆمەڵانە بەشێکن لە کۆمەڵگەی کوردستانی، بۆیە هەڵگری ئەو فەرهەنگە سەقەتەن، لە بری ئەوەی ئەوان وەک دامەزراوەیەکی مەدەنی، کە پێشەنگن لە نێو کۆمەڵگەداو ئالای گۆڕانکاری و تازەکردنەوەیان بە دەستەوەیە، تا دیاردە دزێووکردارە خراپەکان لە بەینبەرن، کەچی پەرەی پێدەدەن و قوڵتری دەکەنەوە، بەشێوەیەکی سیستماتیک دەرخواردی کۆمەڵگەی دەدەن، کاتێکیش ئەو قاتپۆشانە ماوەی ئەرک و بەرپرسیاریەتیان تەواو دەبێت لە نێو رێکخراوەکاندا ئەوەی نزیک بێت لە حکومەت و دامەزراوە هاوشێوەکانی حکومەت، ئەوە پۆستی بەرزتریان پێدەسپێردرێت، ئەوەی نزیک بێت لە بەرپرسە بالاکان، ئەوە پلەو پۆستی حیزبی پێدەسپێردرێت، تەنانەت ئەو دیاردەیە بۆتە کلتوور و لە هەڵسەنگاندنی نێو دامەزراوەکانی حکومەتیش بۆ کارمەندان کاری پێدەکرێت، کێ قاتی جوانتر لە بەر بکات خێراتر دەبێتە بەرپرسی بەش و بەڕێوەبەرو پلەی کارگێڕی بەرزدەکرێتەوە، ئەو خوو نەریتە بەشێکە لە نەریتەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی، لە پەرستنی رواڵەت و مەزاهیر، بەداخەوە رێزگرتن لە هاوڵاتی لە جل و بەرگە، نەک بە تواناو ولێهاتویی سەیری بکەن، قاتلەبەرە موحتەرەمەکانی نێو رێکخراوەکان دەستیان زیاتر درێژترە، لەوانی دیکەی هاوپیشەکانیان، لە رێگەی قاتەکانیانەوە

دەگەنە سەرەوەی خۆیان لە ماوەیەکی زەمەنی زووتر پێدەنگ و موحتەرەمتریش دەبن.

کاتێکیش لە بۆنەو دانیشتن فەرمییەکاندا، باس دێتە سەر باسی گەنج و دەسەڵات و هێنانەپێشەوەی گەنج و پێدانی پۆست بە گەنجان تا کاروبارەکانی هاوڵاتیان خێراتر رایی بێت، دیسان پۆستەکان دەبەخشرێنەوە بەو گەنجە قاتلەبەرانەی نێو رێکخراوو سەندیکاو کۆمەڵەکان، ئەمەش هەم جومگە کارگێڕییەکانی حکومەت و هەمیش دەزگاکانی دیکەی حیزبی و سەربازی توشی ئیفلیجی کردووە.

***لە ژمارە(**3586**) لە** 2010/9/29 **لە رۆژنامەی (خەبات) بڵاوکراوەتەوە**

## گرنگی سەندیکا لە کوردستان

ئەگەر چاوێک بە مێژووی سەندیکاکانی جیهانی دابخشێنین،کە هەریەکە بەپێی کاودانێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ژینگەیی خۆی بە پیشەی جیاوازەو لە قۆناغی جیاجیای دیرۆکی بە مەبەستی هەمەجۆرو پێویستی مێژوویی، لە ژانی گەلە جۆربەجۆرەکانەوە لە منداڵدانی تێپەڕینی چەند شۆڕشێکەوە هاتونەتە بوون، کە تا ئەمڕۆ بایەخی خۆیان پەیدا کردووە و رۆڵ و جێگەیان لە نێو وڵاتاندا هەیە، چونکە ئەو سەندیکایانە کاتێ دروست بوون ئامانجیان تەنها داکۆکیکردن و بەدەستهێنانی دۆزی راستەقینەی تاکی نێو سەندیکاکە بووە لە هەمان کاتدا چاودێریکردنی دەسەڵات بووە.

لەلایەکی دیکە رێکخراوو سەندیکاو کۆمەڵەکان کە بەشێکن لە کۆمەڵی مەدەنی خەبات دەکەن بۆ گۆڕانکاری لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، ئابووری و تەنانەت لە ئەدای کاری سیاسی و جۆری بەڕێوەبردن بە هۆی رەخنەگرتن لە کاری ناتەندروستی هاوڵاتی و حکومەت، کەوایە هەم چاودێری دەسەڵات و هەمیش چاودێری هاوڵاتی دەکەن لە پێناو دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی هاوچەرخی خۆشگوزەران، کە ئەوەش بە روونی لە وڵاتانی ئەوروپا دەبینین، چونکە دروستبونیان لە هەناوی هاوڵاتیان و خواستەکانی ئەندامانیانەوە بووە، بەپێچەوانەی لای خۆمان لە منداڵدانی حیزبەکانەوە دروست بوون بۆ زیاترکردنی ئەندامی حیزب و دەست بە سەرداگرتنی تەواوی پێکهاتەکانی کۆمەڵگە لە هەموو کونج وکەلەبەرو چین وتوێژێکەوە.

بۆیە بەدیدی ئێمە دەکارێ لە کوردستان جارێکی دیکە سەرلەنوێ پێناسەی سەندیکاکان بکەینەوە و لە قاوغی حیزبایەتی بهێنرێنە دەرەوە و رۆڵی راستەقینەی خۆیان ببینن تا ئامانجەکانی دروست بونیان بهێننەدی وەک ئەوەی لە نێو کارنامەو پرۆگرامی سەندیکاکان نوسراوە، بەوەی کاتێ مافی ئەندامانیان پێشێل دەکرێ، بێنەدەنگ لە ئاست ئەو پێشێلکردنە جا لەهەر لایەن و شوێنێک بێ، ئەگەر سەرۆکایەتی هەرێم، حکومەت، پەرلەمان هەر هەڵەیەک بکات دەبێ رەخنە بگرن بۆ چاکسازی و باشترکردنی کایە سیاسیەکانی وڵات، چونکە بەوە سەندیکا پێشدەکەوێ و دەتوانێ رۆڵی مێژوویی بگێرێت و دەسەلاتیش حیسابی بۆ دەکات و بۆچونەکانیان بە هەند وەردەگرێ، ئەمەش بە کادری کارامەو لێهاتووی نێو سەرکردایەتی ئەو سەندیکایانە دەکرێ کە بتوانن بە زیرەکییەو کاریگەریان لە سەر هەموو پرسێکی کۆمەڵگە هەبێ، هەریەکە بەپێی پسپۆری پیشەکەی خۆی کاربکات و هەماهەنگیش بن لەنێوەخۆدا.

بۆیە ئەوەش دەڵین رۆژانە بە بەرچاوی هەموومان دەبینین دەسەلات بریار دەردەکات و بە کەموکورییەوە پەیرەوی دەکات، لە بەرئەوەی سەرکردایەتی سەندیکاکان بەشێکن لە دەسەلات و تەنانەت لە دروستکردنی بریارەکەش بە حوکمی سودمەندبونیان و دەستەمۆییان ناتوانن وەدەنگ بێن لەمەر مافی هاو ئەندامانیان دواجار دەنگی ئەندامانیان خەفە دەکرێ و دەخرێتە پەراوێزەوە، لە کۆتایشدا هەموو سەندیکاکان ئا بەم شێوە کاربکەن، کۆمەڵگە بەرەو چەقبەستوویی دەبن و هاولاتی کۆیلە لە دایک دەبێ و گۆران و نوێبونەوەی ژیان لە دایک نابێ.

لێرەدا دەبێت ئەوە بزانین بونی سەندیکای سەربەخۆ لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان زۆر پێویستە بەتایبەت لە کوردستان بەهۆی پەروەردە سەقەتەکەی پێش ڕاپەڕین، هێشتا کاریگەری لە سەر بیرکردنەوەی تاک و دەسەڵاتی ئەمڕۆش ماوە، بۆیە گرنگی سەندیکاکان لەوە دەر دەکەوێ کە بتوانن ئەرکی خۆیان بە ڕێڕەوە تەندروستە خۆی جێبەجێبکەن، لە بەدەستهێنانی مافی تاک، فەراهەمکردنی ئازادی،راهێنانی بیرکردنەوەی دیموکراتیانەو قبوڵکردنی سەرکەوتن و شکستهێنان و ڕێزگرتن لە تاک، ژینگە پاریزی، پاراستنی مافەکانی ژن، گۆڕانی کللتووری سەقتی کۆمەڵ، دابینکردنی دادگەری، پەیڕەوکردنی یەکسانی ...هتد. ئەمانە کارگەلێکن دەبێ سەندیکاکان بە پێی پیشەکانیان کاری بۆ بکەن، ئەگەر دەسەڵات کەمتەرخەم بێ، دەبێ ببنە چاوی دەسەڵات، بەڵام نابێ لە لە فەراهەم نەکردنی هەموو ئەمانە کە دواجار بە پێشێلکردنی مافی تاک تەواو دەبێ لێی بێ دەنگ بن لە پێناو بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان.

ئومێدەوارین لە سەر دەستی سەندیکاکانی کوردستان کۆمەڵی مەندەنی لە کوردستان لە دایک بێ، بەمەش کوردستان هەنگاوی باش دەهاوێژێ بۆ کۆمەڵگەیەکی کراوەی پێشکەتوو کە تیایدا تاک خۆشگوزەران بێ.

***لە ساڵی 2011 لە ڕۆژنامەی (خەبات) لەستوونی لاپەڕەی کۆتایی بڵاوبۆتەوە**

## کارنامەی ڕێکخراوەکان و خولانەوە لە بازنەیەکدا

لە نێو هەندێ لە حیزبەکانی گۆڕەپانی کوردستان لە پێش ڕاپەڕینەوە چەندین ڕێکخراو دروستبوون بەناوی جۆراوجۆر بەمەبەستی چونە نێو سەرجەم توێژەکانەوە تا لەوێوە هەم ئەندام زیاد بکەن و هەمیش بیری نەتەوەیی وکوردایەتی لە میشکییان بچەسپێنن، بەڵام دوای ڕاپەرین ئامانجی دروستبوونیان ئەگەرچی بۆ بەرگریکردن بووە لە توێژو چینێک، بەڵام لە ڕاستیدا تەنها ئەندام زیادکردن بووە و بەس، چونکە ئەگەر وانەبوایە دەکرا هەر هەموویان ئەوانەی یەک چین و توێژن، ئامانجیان یەکە لە یەک ڕێکخراو کۆببنەوە تا زیاتر بیانتوانیبایە ببنە فشار بۆ سەر حکومەت و زۆرینەی خەڵکیشیان لە خۆ کۆدەکردەوە، کەچی هەموویان پرۆگرام و پەیڕەویان کۆپی یەکترییەو لە یەک بازنە دەخولێنەوە، بەبێ ئەوەی بزانن ئامانج لە دامەزراندنی ڕێکخراوەکانیان چییە. زۆرێک لە ڕێکخراوەکانی بەم دوایەش لە پەنجەکانی دەست تێپەڕ ناکات و لە ژورێکی شارەکان سەنتەرێکیان داناوە و سەرە مانگەکان میزانییەی سەنتەرەکان وەردەگرن و لە روی ڕاگەیاندنیشەوە چوار مانگ جارێک لە گەڵ سەنتەروڕێکخراوێکی هاوشێوەی کۆپیکراوی خۆیان چالاکییەکی هاوبەش ئەنجام دەدەن و لە شاشەی ڕاگەیاندنەکان دەرخواردنی هاوڵاتیان و ئەندامانیان دەدەن، بەبێ ئەوەی ساڵانە هیچ گۆڕانکاری لە کارنامەیاندا بکرێ، تەنانەت کاراکتەرە هەڵسوڕینەرەکانیشیان گۆڕانی بە سەرانایەت، ئەوەش مانای وایە سوڕانەوە لە بازنەیەک و چەقبەستوویی کارکردنە لە قاڵبێکی کۆن.

ئەوەش لە لاوازی جموجۆڵەکانیانەوە دەردەکەوێ کە ناتوانن ببنە خواستی توێژو چینەکانیان بەهۆی باڵەخانەی رێکخراوەکانیان کە لە سەردەمی ئەمڕۆی پێشکەوتن و تەکنەلۆژیادا هەر لە هی سەردەمی کۆنەوە قاڵبی حیزبی گرتووە. ئەگەر سەیری ئۆفیسی رێکخراوەکانی لاوان بکەین لە چەند ژورێکی هاوشێوەی حیزبەکانە بەبێ رەچاوکردنی خواستی چینەکەیان لە دابینکردنی (مەلەوانگەو وەرزشی هەمەجۆرو هۆڵی ئاهەنگ و کافتریاو پارکی گشتی و هۆڵی ئینتەرنێت و مۆسیقاو ریستورانت و....هتد) .

دەبێ رێکخراوەکانی گەنجان و خوێندکاران بە دوای بەهرە شاراوەکانی گەنجان بگەڕێن بۆ پەرپێدانی تواناکانیان، بۆ ئەوەی گەنجێکی تازە پێگەیشتوو کە هێشتا نازانێ دونیای دەرەوە چ جیهانێکە بەو دونیایە ئاشنا بکرێ، واتە ئەو رێکخراوانە بتوانن چاوی گەنج بکەنەوە و لەهەموو بوارێکدا گۆشی بکەن و ببنە پزیشک نەخۆشییەکانیان تیمار بکەن و ئازارەکانیان سارێژ بکەن و دواجار کەسێکی کارامەو لێهاتویی لێبێتە بەرهەم ببێتە جێگای شانازی کۆمەڵگەی کوردی.لەلایەکی دیکە پێویستە رێکخراوەکان کار بکەن بۆ فشار خستنە سەر حکومەت و کۆمپانیا ئەهلییەکان، بۆ پەیداکردنی دەرفەتی کار و بەدەستهێنانی مافە سەرەتاییەکانی گەنجان، ئەوەش بەوە دەکرێ رۆژانە ئاڵودەی ئاریشەو گرفتەکانی چین و تویژەکەیان بن، نەوەک نزیک بوونەوە لە بەرپرسانی حکومەت و پەراوێز خستنی گەنجان، یاخود لە سەر شانی چینەکیان خۆ دەوڵەمەند بکەن و ئەندامانیشیان لەوپەڕی هەژاری و کەم دەرامەتیدا بژین.

کەوایە بۆ  ئەوەی ڕێکخراوەکان لە ڕەوڕەوەی مێژووی تازە و داهاتوو دانەبڕێن و، لە جوغزێکی پانتایی فراوانی گۆڕەپانی گەنجان بە سوڕی متبوون گووزەر نەکەن و هاوشان لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و داواکارییەکانی گەنجان ڕێبکەن، دەبێ پێداچوونەوە بە ئەجێندای کاری خۆیان دابکەن و پتر لە چینەکەیان نزیک بنەوە تا دەنگیان بە لایەنە پەیوەندییدارەکان بگەیەنن و ببنە نوێنەری ڕاستەقینەی لاوان.

*لە ژمارە(3165) لە 2009/5/6 لە ڕۆژنامەی(خەبات) بڵاوبۆتەوە

# ئیفلیجکردنی مێشکی گەنجان

دوای ئەوەی دەیان ڕێکخراو و سەنتەر هاتنە درووستبوون نەمازە لە پاش پڕۆسەی ئازادی عێراق ئەو ژمارەیە بەرەو هەڵکشان چوو لە هەمان کاتدا وەک سێبەری حیزبیش کاریان دەکرد، ئەوانیش بەناوی جیاوازو گروپی بەناو ئەهلی و سەربەخۆ لەژێر پەردەی ئامانجی وەرزشی و هونەری و فەرهەنگی و...هتد هاتنە گۆڕەپانەکە تا لە روانگەیەکیترەوە بچنە نێو ئەقڵی گەنج، چونکە پێشوو دەسەڵات نەیدەتوانی راستەخۆ بخزێتە نێو شادەمارەکانی گەنج. تا بەئەمڕۆ دەگات ئەو ڕێکخراوو سەنتەرانە چەند گەنجێکیان لەخۆیان کردۆتەوەو کار دەکەن بە ئەجێندای جیاوازەوە کە لەناوەڕۆکدا هەر هەموویان هەمان کارنامەیان هەیە بۆ کارکردن لەسەر گەنج، تا هەریەکە کارنامەکەی خۆی بە رەوتی تەندروستی خۆی ببات بۆئەوەی نەوەیەکی تەندرووست بێتە بەرهەم، بەڵکو بەداخەوە ئەوان دەبوایە گەنجیان رابهێنابوایە تا گەندەڵی لەبەین ببەن و هەستی لێپرسراویەتی و هەستی نیشتیمانی و خۆشەویستی خاکی کوردستانیان لا درووست بکەن و فێریان بکەن چۆن بخوێنن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی لە کوردستان و،  داهێنان لە هەموو بوارێکەوە بکەن و کتێب بە چاپ بگەیەنن و کۆڕو سمینار سازبکەن و کۆچ نەکەن بەرەو تاراوگەو هەموو گەنجێک پیشەگەربێت و ببنە ئەندازیارو پزیشک و مامۆستاو ئابووریناس و....هتد، بەپێچەوانەوە حیزبەکان بە درووستکردنی ئەو سەنتەرو ڕێکخراوانە  سەدان گەنجیان فێری گەندەڵی کردووە کە چەند کەسێک ڕێکخراوێک بەڕیوەدەبەن مانگانە نەسرییەی ڕێکخراوەکەیان بەسەرخۆیان دابەش دەکەن و لەماوەی مانگێک تەنها دوو رۆژ دەرگای سەنتەرەکەیان دەکەنەوە زۆربەی سەنتەرو ڕێکخراوەکانیش لەیەک ژووردان لە

باڵەخانەیەکی بێسەروبەر، ئا بەم شێوەیە چۆن دەتوانن گەنجی کارامەو تەندرووست بەرهەم بهێنن!، یان ببنە جێگەی ئومێدو هیواو وەدەستهێنانی مافی گەنج لە کوردستان، بەبڕوای ئێمە ئەو گروپ و سەنتەرانە نەبوونیان باشترە لە هەبوونیان، چونکە لەو سەردەمەی ئەمڕۆی پێشکەوتنی زانیارییەکان، گەنج وەک تاک زانیاری و رۆشنبیری زیاترە لەو کەسانەی کە سەرپەرشتی سەنتەرو رێکخراوەکان دەکەن، بۆیە کاتێ من وەک گەنجێک دەبینم ئەو کەسەی سەرکردایەتیم دەکات لە من زانیاری و کارامەیی کەمترە ئامادەگیم تیانییە بچمە ژێر فەرمانداری ئەوانە، لەلایەکیتر ئەگەر تەماشا بکەین کوان ئەو سەنتەرو رێکخراوانەی هەڵگری گەیاندنی پەیامی گەنجن تاکاریگەریان لەسەر حکومەت هەبێ بۆ بایەخدان بەگەنج؟، کوان ئەو رێکخراوانەی بەناو نوێنەرایەتی گەنج دەکەن کێشەکانی گەنجیان چارەسەرکردووە؟ تا بەلێشاو هەندەران هەڵنەبژێرن، کامانەن فشاریان خستۆتە سەرحکومەت تا بێت دەرچووی زانکۆ دابمەزرێنن، یان پێشینەیەک بدەن بەو گەنجانەی ناتوانن ژیانی هاوسەرگیری پێکبهێنن. بە قەناعەتی ئێمە ئەو سەنتەرو ناوەند و رێکخراوانە هێندەی بۆ دەستەمۆکردن و بەکۆیلەکردن و شۆردنەوەی مێشکی گەنج و پەیداکردنی پارەو بازرگانیکردن دامەزراون ئەوەندە لە خەمی گەنجدانین و کاریان بۆ نەکردوون بەڵگەش مێژووی چەند ساڵەی رابردوو گەواهیدەرە لە پەروەردەکردنی گەنجی بێلایەن بە ئایدۆلۆژیایەکی تایبەتی حیزبی تا لەوێ ئاڕاستەیان بکەن بۆ حیزب، بەتایبەت گەنجی هۆشیارو وریا ئەوانەی بیر دەکەنەوە بە ئەقڵی خۆیان. سەنتەرو رێکخراوەکان هاتن مێشکی سەدان گەنجیان ئیفلیجکرد تا بیرنەکەنەوە.

❊ **لە** 2009/2/17 **بڵاوبۆتەوە**

## ئەرکی زانکۆ و بە مەدەنیکردنی کۆمەڵگای کوردی

ئەگەر بڕوانینە دێرۆکی جیهان بە تایبەت ڕۆژئاوا دەبینین لە سەدەکانی حەڤدەهەم و هەژدەهەم سەردەمی ڕۆشنگەری و هاتنەکایەی کۆمەڵگای مەدەنی و پیشەسازی ئەوە گەلێ گۆڕانکاری بنەڕەتی لە سەرخان و ژێرخانی ڕۆژئاوا روویدا، نەمازە لە بواری سیاسەت و زانست و ئابووری و کۆمەڵایەتی و هزری، لە هەمان ساتدا زانکۆ و دامەزراوەکانی خوێندن ئازادی خۆیان وەرگرت و بوونە ناوەند و مەڵبەند بەرهەمهێنانی هزرو بیری نوێ و بە کارخستنی عەقڵی نوێ و ئەفراندن و بوونە شوێنی جەدەل و مشتومڕی بابەت و تێزی ئەکادیمی تایبەت بە گیروگرفت و کێشەکانی کۆمەڵگا و چارەسەرکردنیان بەمەش کاریگەری لەسەر هەموو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کردو گۆڕانکاریەکی بنەڕەتیان دروست کرد، تاوای لێهات زانکۆ دەوری خۆی ببینێ و ببێتە یەکێک لە دامەزراوەکانی مەدەنیەت و کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا و دەسەڵاتی سیاسی هەبێ و تەنانەت زانکۆکانی ئەوروپا ناڕەزایی و شێلگیری لە پاشگەزبوونەوەکانی دەوڵەت لە مافەکانی خەڵک و دژی کارە نێگەتیڤەکان هەڵوێستیان دەربڕی دژی دەوڵەت دیارترین و بەرچاوترین هەڵوێستیش ناڕەزایی قوتابیانی زانکۆکانی پاریس بوو لە ساڵی 1968 کە حکومەتی فەڕەنسای لەرزاند، چونکە ئەو دەوڵەتە لە بەڵێنەکانی کە بە هاوڵاتیانی دابوو پاشگەزبووەوە. وەلێ زانکۆ وەک دامەزراوەیەکی ئەکادیمی و مەعریفی و زانستی و مەدەنی دەبێ دەیان تێور و تێزی هەمەچەشن لە نێو کایەی کۆمەڵگا بهێنێتەکایەوەو گڕوتین بە فەرهەنگە بڵاوەکان بدات و پاشتر لێتوێژینەوەی پۆزەتیڤانەییانە

لیَ هەڵەنجێنی، بۆیەشە دەبینین زانکۆ چاوگی داهێنان و نڤار و کۆی گشتی پرنسیپەکان لە دیدگایەکی زانستی، ئەبستمۆلۆژیانەوەدا دەڕێژێت و تۆژینەوەیەکی مەعریفیانە لەسەر پرسەکانی ناو کۆمەڵگا دەکات و دەبێتە کەناڵێک بۆ پراکتیزەکردنی مەدەنیەتی کۆمەڵگا و ئەلقەی پەیوەندییە لە نێوان دەسەڵاتی سیاسی و تاکەکانی ناو کۆمەڵگا، واتە ڕێنشاندەر و دارێژەری پلانە بۆ چارەسەرکردنی ئاریشە و گرفتەکانی کۆمەڵگا، کەچی دەبینین زانکۆکانی ئێمە پێچەوانەی ئەو سیفەت وخەسڵەتانەن، دێن ئامۆژگاری لە دەرەوەی زانکۆ وەردەگرن هاوکات لە جێگای  ئەوەی زانکۆ ڕێنمایی دەسەڵاتی سیاسی بکات، ئەوە دەسەڵاتی سیاسی ئامۆژگاری زانکۆ دەکات و هێڵی سووری بۆدەکێشیَ، لەم چوارچێوەیە دەبیَ دەرنەچێت، هەربۆیەشە لە کۆمەڵگای ئێمەدا بەهۆی گۆڕانی نا سروشتی لە پێشوەچوونی پێنگاڤەکانی هزر و مەعریفە و لە سایەی ژێر دەستەیی زانکۆ زۆر درەنگ لە کۆمەڵگای ئێمەکراوە، وێڕای ئەوە زانکۆ سەرچاوەی هەموو گۆڕانکارییەکە و ڕەنگدانەوەی بەسەر هەموو دەزگاکانی کۆمەڵگا هەیە و عەقڵی ئازاد و هزری ئازاد بەرهەم دێنیَ، واتە دوورە لە جۆرە ئیفلیجیەکی مێشکەکان و ئەمەش گوزارشتکردنە لە نوێبوونەوە و ئەفراندنی بیری تازەو ڕەفتارکردنی نویَ لەگەڵ تاکەکانی ناو زانکۆ لەلایەک و لە دەرەوەی زانکۆ لە لایەکیتر، کەچی لای ئێمە  تانهۆش ڕەنگدانەوەی دەرەوەی بەسەردا زاڵە، چونکە گەر بڕوانین ڕەفتاری مامۆستایانی زانکۆ لەگەڵ قوتابیان و هەروەها ڕەفتاری مامۆستایانی زانکۆ لە ناوەخۆیاندا ئەوە بە ئاشکرا دیارە ڕەفتاری ئەو مرۆڤەیە کە پێشوو لە دەرەوەی زانکۆبوونە ئەنجامیان داوە واتە هەمان مامەڵەی کەسێکی نەخوێندەوار

دەکەن، مەبەست لەمە هەموو نەخوێندەوارێک نییە، چونکە مەرج نییە کەسێکی سەر کۆمپیوتەر زۆر عاقڵتربێت یا رۆشنبیرتربێت لە کەسێکی سەر تراکتۆر، هەروەها مەبەستم ڕەفتاری مامۆستایانی زانکۆ بە گشتی نیە، بەڵکو بەشێوەیەکی ڕێژەییە، ئەوەش بۆیە دەڵێم چۆن دەبێ مامۆستایانی زانکۆ شەڕە پەرداخ و جنێودان بەیەکتر بکەن، هەروەها ڕۆژانە دەیان ڕەفتاری نا مرۆڤایەنەیان لە نێوانیدا ڕوودەدات، گەندەڵییەکی بەرچاو دیارە لە جیاتی ئەوەی بچن کۆبوونەوە بکەن لەسەر چاکسازی کۆمەڵگاو لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لەسەر کێشە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان یان کۆڕو سمینار لەسەر نزبوونەوەی ئاستی زانست و لاوازی ئاستی زانستی خۆیان و قوتابییەکانیان بکەن دێن کۆبوونەوە و دانیشتنەکانیان بەڕێوە دەبەن باسی ئۆتۆمبێلی جوان و خانووی ڕاقی و فلان شت و فلان شت دەکەن، ئەمەش کارەساتێکە بۆ زانکۆ، بۆیە هەندێ بۆچۆن هەیە دەڵێ: گەر گۆڕانکاری لە دەرەوەی زانکۆ نەکرێت، ئەستەمە لەنێو زانکۆدا بکرێت، بەهۆی پاشکۆیەتی زانکۆ بۆ پاشخانی سیاسی و ئابووری فەرهەنگ و داب و نەریت و ئەنتی دیموکراسی لە کۆمەڵگادا.

کاتێ زانکۆ لە کەسەکانی دەرەوەی خۆی ڕێنمایی وەردەگرێ ئەوە هەیمەنەی خۆی لەدەست دەدات، کەوایە عەقڵی نوخبەی زانکۆ ئیفلیج بووە، بۆیە ڕێنمایی ئیفلیج وەردەگرێ، ئەگەر سەیرێکی سیستەمی خوێندنی زانکۆش بکەین هەمان سیستەمی سەدەیەک بەر لە ئێستایە دەخوێندرێ، چونکە مامۆستای زانکۆ دێت چەند کتێبێکی مەبەستییەتی لە سێ سەرچاوە کۆدەکاتەوە و ڕاستەوخۆ نەقڵی دەکاتە سەر پەڕاوێک و ئەیکاتە مەلزەمەیەک و دەرخواردی قوتابیانی دەدات بەبێ ئەوەی نوێگەری تیا بکات

و بەهزرو بیرێکی نوێ شرۆڤەی بکات و خویندنەوەی خۆی بۆ بکات و بەزمانی دایکی قوتابی ڕوونی بکاتەوەو لەگەڵ واقیع بیگونجێنێ و بیخاتە نێو مێشکی قوتابی هەرچەندە بەدەست و خەتێکی زۆر ناشرین دەینووسێ تەنانەت جاری وا هەیە قوتابی تێناگات بەمەش ڕەنگدانەوەیەکی نێگەتیڤی هەیە بۆ نوێکردنەوەو پەروەردەکردن و فێرکردنی قوتابیان بەمەش خولقاندن ناهێنێتەکایەوە و وانەکانی زانکۆ و موحازەرات بە عەقڵانی نابێ، چونکە قوتابی بەعەقڵێکی ئیفلیج و زانستێکی کلاسیکی فێردەکرێت، بۆیە جۆرە دووفاقیەک درووست دەبێت، چونکە ئەوە لە سەردەمی ئینتەرنێت و ڕۆبۆتە کەچی زانستی سەردەمی تایپ دەخوێنێ ئیدی ڕەنگە ئەو زانستە لەسەر واقیعی کیشوەرێکی تری زۆر دوور لە کیشوەرەکەی ئێمە پەیڕەو بکرێت.

زانکۆ خۆی پلەیەکی باڵاترە لە شار و لە دەرەوەی شارە، هەر لێرەشەوە خودی ئەو کەسەی دەچێتە ئەو دەزگایەوە بریتییە لەو کەسەی کە ئەخلاقی و سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانی پرسیاری لەسەر هەیە، بۆیە قوتابی زانکۆ ئەو کەسەیە کە لە کۆمەڵگادا پایەیەکی باڵای هەیە جارێکی تر نایەتەوە نا ئەو کایەیەی پێشوو تێدابووە لە کۆمەڵگا، بەڵام مەخابن قوتابی زانکۆ هەمان ئەو قوتابیەی لە پۆلی شەشەمی سەرەتاییەوە بووە لە عەقڵیەت و زانست و بیر کردنەوە ئیدی ڕەنگە دواکەوتوو تر بووە، هەر چەندە زۆر لە مامۆستایان دەڵێن ئەو کەسەی دێتە زانکۆ ئەگەر خۆی دروست نەکات ئەوە زانکۆ دروستی دەکات بەم گۆتە ئەفسانەییە زانکۆیان دانیشگا یان زانستگا بریتییە لەو فەزا ئەفسانەییەی کەسی کارامە و شارەزا بەرهەم دێنێ کەوایە ئەو

کەسەی دێتە نێو کەناڵەکانی ئەو دەزگایە ئەو کەسەی دوێنێ ئامادەیی نییە.

ئەگەر سەیرێکی رواڵەتی قوتابیان و مامۆستایانی زانکۆ بکەین دەبینین جۆرە شپرزەیەکی پێوەیە و سیمایەکی تۆزاوی و بێزار لە ژیان دوورن لە پێکەنین و تورِە و مرِومۆچ و رِقیان لە جوانییە تەنانەت رِقیان لە خۆیان دەوروبەر و دەزگاکەیان و ئەو دەزگایەی کە چوار ساڵ دەبێت خۆشی بوێ، دەبێ چوار ساڵ داهێنانی تیا دروست بکات و لەنێوی دا ببێتە مۆمێک و دەرەوەی زانکۆ روناکایی لێوەرگرن و سودی بۆ وڵاتانی هەبێ. ئەگەر سەیرێکی نێو بیناسازی زانکۆ بکەین هەمان ئەو باڵەخانەی کە بەر لە سەدەیەک دروستکراوە ئیدی رِەنگە هەندێکیان بۆ بەندیخانە و گرتن و لێدان و زوڵمکردن دروست کرابن وەکو (باڵەخانەی کۆلێژی کارگێرِی و ئابووری و کشتووکاڵی و ....هتد لە زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر)، ئەی چۆن قوتابی زانکۆ داهێنانێک بەرهەمدێنێ دوێنێ باوک برای لەو شوێنە لە سێدارەدرا بێت ئێستاش جامی پەنجەرەی شکاو پانکەی تیا نییە بۆ هاوینان و گڵۆپی ئیش ناکات و کورسییەکانی شکاون و دەرگاکانی شکاون ژوورەکەی پیس و بۆنێکی ناخۆش دێت. جا بۆ ئەوەی گۆرِانکاری لە زانکۆ بکرێت و زانکۆ جارێکی تر بچێتەوە دۆخی جارانی و ئەرکی خۆی بەجێ بگەیەنێت بۆ مەدەنیکردنی کۆمەڵگا، دەبێ گۆرِانکاری لە دەرەوەی زانکۆ بکرێت واتە ژینگەیەکی وا بۆ زانکۆ برِەخسێت کە بتوانێ رِۆڵی خۆی ببینێ لە دروستکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی، پێش هەمووشیان مومارەسەکردنی چەمکی دیموکراسیە لە زانکۆدا، واتە زانکۆکان ببنە مەڵبەندی دیموکراسیەت لە رِەفتارکردن لەگەڵ یەکتریدا نەوەک زانکۆ بەردەوام هەڵبژاردنی تیا بکرێت و

بڕیاری سیاسی لێدەربچێت، مەبەستم لەوە پەیوەندی نیوان مامۆستاو قوتابیە کە دەبێ پەیوەندی هەڤاڵبەندی تیابێت، هەروەها نێوان قوتابیان خۆیان بە هەردوو ڕەگەزەوە، بۆیە دەبی گۆڕانکاری لە هەناوو ناخی زانکۆ بکرێت و نەهێڵن داب و نەریت و یان کلتووری داخراو و بۆچوونی دۆگماتیزمی پاشماوەی عەقڵیەتی ژێر دەستەی داگیرکار ببێتە فاکتەرێکی ئاستەنگ لە نێوان پەیامە ئەقڵییەکانی زانکۆ و بیری کۆمەڵگا، دەبێ خەڵک بکەونە ژێر کاریگەری زانست و زانیاری و ئەقڵانیەتی زانکۆ بۆ ئەمەش دەبێ ژیانیان لە ژێر ڕۆشنایی داهێنانەکانی زانکۆ بەڕێوەبەرن و داب و نەریتی هاوردەی ساڵەهای ساڵە وەکە فاکتەرێکی نەگۆڕ دژ بە کۆمەڵگای مەدەنی دەبێ لە بەین بچێت و چیترکاری پێنەکرێت و بە پیرۆز ڕانەگیرێت، بەڵکو بخرێتە پەراوێزەوە، بێشک ئەو گۆڕانکارییە لە زانکۆ یەکەمجار پێویستە دەسەڵات کاودانی بۆ بڕەخسێنێ لە بواری دیموکراسی و ئازادیدا، چونکە گرنگترین شت ئازادی هزر بۆ گۆڕانکاری لە کۆمەڵگاو زانکۆیە، دەبێ خەڵک فێربێت زانستیانە و عەقڵانییانە بیر بکاتەوە واتە ئەوەی عەقڵ پێ باش بوو ئەوە باشە بە مەرجێک سۆز و عاتیفە بەسەر عەقڵدا زاڵ نەبێت، کە زاڵبوو ئەوسا عەقڵ باڵایی خۆی و ڕاستگۆیی خۆی لەدەست دەدات، ئیدی ڕەنگە ئەوەی لای من ڕاست بێ، بەڵام لای یەکێکی تر هەڵە بێت، بۆیە ئەمەش دەبێت لە دەستپێکدا شتەکان بەڕێژەیی وەرگرین نەک بە رەهایی و قبوڵی رای یەکتری بکەین، ئەمەش دەبێت لە زانکۆ بێت، بەڵام مەخابن ئێستا دەبێ لە دەرەوەبێت تا زانکۆ لاسایی دەرەوە بکات.

هەروەسا خاڵێکیتر کە زۆر گرنگە ئەویش ئەوەیە دەبێ زانکۆکانی ئێمە جۆرە کرانەوەیەکیان تیا بێت بەڕووی جیهانی

دەرەوەی ئەو جیهانە مەبەستمان ئەوروپایە، چونکە نهۆ بۆتە سەرچاوەی زانست و مەعریفە و گۆڕانکارییەکان، نێوەندی داهێنان و فشار بۆ سەر دەسەڵاتی سیاسی و چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگای ئەوروپا، ئەگەر پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوان زانکۆکانی ئێمە و دەرەوە هەبێت و ئاڵوگۆڕی زانستی بکرێت و زەمالە بۆ قوتابیان لە دەرەوە دابین بکەن لەوێش ئەو قوتابیانە گۆش بکرێت بە زانستی ئەوروپا ئەوسا بێنەوە کوردستان سەردەمیانە ڕەفتار دەکەن و عەقڵیان دەکرێتەوەو دوور دەبن لە دووبارەکردنەوەوەی ڕەفتارە نامۆکانی کللتوری داخراوی ئێمە.خاڵێکی تر لە زانکۆکاندا دەبێ چاوێک بە ڕێکخراوەکانی قوتابیان دا بخشێنرێتەوە بۆ ئەوەی بزاڤێکی ڕادیکاڵی قوتابیانە دروست بکرێت کە پاشکۆی هیچ پارتێکی سیاسی نەبێ، بەڵکو سەربەخۆبن و هەمیشە ڕادیکاڵانە خواستیان ڕیفۆرمی زانکۆ-کۆمەڵگا بێت و پەنجە بخەنە سەر لایەنە خراپەکانی زانکۆ بە مامۆستایان و قوتابیانەوە ڕۆڵ بگێڕن و زانکۆ وەکو دامەزراوەیەکی مەدەنی ببێتە چاودێر لەسەر تاکەکانی کۆمەڵ و دەسەڵاتی سیاسی و بەمەش کۆمەڵگایەکی مەدەنی دێتە دروستبوون، هەروەها پێویستە یەکسانی و دادپەروەری هەبێ لە نێو زانکۆدا، واتە مامۆستا یەکسانی بەکاربێنێ لە بەرامبەر قوتابیاندا و بەیەک چاو سەیریان بکات بەبێ جیاوازی نەوەک قوتابییەک لەبەرئەوەی برا و خوشک و باوک و دایکی مامۆستای زانکۆ و دەبێ یەکەمی کۆلێژ و بەشەکەی بێ، بەڵکو دەبێ بە ژیری خۆی ببێتە یەکەمی کۆلێژ و بەشەکەی، هەروەها دەبێ مامۆستایانی زانکۆ پشوو درێژبن و ڕای جیاوازی یەکتری قبوڵ بکەن و ڕای جیاوازی قوتابیانیش قبوڵ بکەن و لێبووردەبن، نەوەک شەڕە پەرداخ بکەن و قسەیان

لەگەڵ یەکتری نەبێ، بۆیە پێویستە بۆ بەرژەوەندی گشتی پێ لەسەر دڵی خۆیان دابنێن.

بۆیە تا گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە زانکۆوە نەکرێت مەحاڵە پێشەوەچوونی کۆمەڵگاکەمان، هەروەها تا گۆڕانکاری لە هزرو بیرکردنەوەی مامۆستایانی زانکۆ نەکرێت لە ڕووی سیستەمی گوتنەوەی وانەمەعریفییەکان و پەروەردەی قوتابیان مەحاڵە داهێنان و بەرهەمهێنانی هزری تازە لە عەقڵیەتی قوتابیاندا.

**٭لە ژمارە**(4) **لە** 2003/1/18 **لە ڕۆژنامەی** (**ڕوانین**) **بڵاوکراوەتەوە**

## بیرکردنەوە بە ئازادی

## رۆحی ئەفراندن و تازەگەری  لە زانکۆ دەخولقێنێت

ئەگەر بڕوانینە چەمکی ئازادی ئەوا پێناسکردن و شرۆڤەکردنی قسەگەلێکی لەسەر هەن، چونکێ ئازادی فەلسەفەیەک نیە داهێنرابێت، بۆیە دەیان پێناسەی هەیەو هەریەک لە روناکبیران بە دیدی خۆیان پێناسەیەکیان بۆ داناوەو هەریەک لە ئێمە دەتوانین لە روانگەی خۆمانەوە شیتەڵی ئەم چەمکە بکەین و لەگەڵ واقیعی ئێستاماندا بۆ بەرژەوەندی تاکەکانی دەوروبەرمان بیخەینە بواری کردنییەوە، چونکە ئازادی مافێکی سروشتی مرۆڤە هەر لە دایکبوونەوە تا باڵا دەکات و ئەو مافەشی پێدەدرێت کە بە ئازادی بژێت.

### ئازادی و دیموکراتی لە زانکۆ

ئەگەر بڕوانینە کایەی زانکۆ، ئازادی وەک رۆحی زانکۆ دەنرخێنرێت، لێ مۆتیڤێکی کارایە  بۆ  پێششەوەچوونی رەوتی زانست و مەعریفەو کایە فکرییەکانی قوتابی زانکۆ تا لەوێوە دیموکراتیزەی کۆمەڵگا بکرێت، چونکە ئەو ئازادییە زادەی دەزگایەکی ئەکادیمی و مەدەنییە بۆ ئەوەی گۆڕان لە کۆمەڵگا بکات، وەلێ دیمکراتیزەکردنی کۆمەڵگە بە بێ ئازادی نابێت، ئازادی لوتکەی سەروەری و کەرامەتی مرۆڤە، بۆیەشە بەبێ ئەو ئازادییە هەرگیز گۆڕانکاری پۆزەتیڤ لە کۆمەڵگا روونادات، بە تایبەت ئەو کۆمەڵگا ئەکادیمیەی پڕیەتی لە ئەهلی مەعریفە (قوتابی- مامۆستا- ئیدارەی زانکۆ)، بۆیە لێرەدا دێین تیشک دەخەینەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردنی ئەو سێ رەگەزەی سەرەوە لە کاودانێکی ئازادیدا تێگەیشتنیان لەو چەمکە تاچەند

(کوڕ+کوڕ)،(کچ+ کچ)،(کوڕ+ کچ)، (مامۆستا+ قوتابی)، (مامۆستا+ ئیدارە)، ( قوتابی+ ئیدارە) مامەڵەیەکی تەندروستی لەگەڵ دەکەن.

لەبەرئەوەی کۆمەڵگەی کوردی نەریتی بێگانەی تێکەڵ بە کللتورەکەی بووە، ئەوەش رەنگیداوەتەوە سەر زانکۆ، بۆیە دەبینین پەیوەندییەکان لە نێوان(مامۆستا، قوتابی، ئیدارە) بە رێڕەوێکی ناسروشتی و بەرژەوەندیخوازانە دەڕوات، ئەوەش لە پەیوەندی نێوان قوتابیانی زانکۆ لەگەڵ یەکتری دا بە روونی بە دیاردەکەوێت، ئەگەر کەسێک بەرژەوەندی لەگەڵ کەسێک نەبێت لە چوار ساڵەی زانکۆدا سڵاویش لە یەکتر ناکەن، بەبیانوی ئەوەی ئازادە لە هەڵبژاردنی هاوڕێیەکەی و بەیانی باش لە هاوڕێکانی، هەروەها ئەگەر سەیری پەیوەندی نێوان مامۆستاو قوتابیش بکەین ئەوا هەمدیسان پەیوەندیەکی عیلمی لە نێوانیاندا نیە، بەڵکو  پەیوەندییەکە وەک سەربازو ئەفسەرێک وایە، کە قوتابی دەبێت هەمیشە فەرمانەکانی مامۆستاکەی بەجێبگەیەنێت و ملکەچی هەموو داواکاریەکانی بێت و ئازادیش نەبێت لە رەتکردنەوەی ئەو فەرمانانەی بەسەریدا سەپێنراوە، لەوێدا ویست و ئیرادەی خەفە دەکرێت و لە ناخدا دەکوژرێت و بوێری و داهێنانکاریەکانی کە دەیویست چرۆ بکات هەڵدەکێشرێت و دەبێتە کەسێکی نامۆو رۆدەچێتە دونیای خەیاڵاتی غەمگینیەوە، هەر کەسێک ئیرادەی بەهێزی هەبێت دەتوانێت زاڵ بێت بەسەر هەر ئیرادەیەکی بەهێزی دیکەی لە خۆی، بۆ ئەمەش دەبێت شەونخونی بکات و لە هەر نیشتنەوەیەک وەک مرۆڤی باڵا جارێکی دیکە هەڵفڕێتەوە، چونکە ئەگەر قوتابی بیەوێت بەرەنگاری شاخ ببێتەوەو بیجوڵێنێت، گەر بیەوێت دەتوانێت بیجوڵێنێت، بەڵام نەوەکو رۆڵی نێگەتیڤ ببینێت و کەسێکی

سازشکاربێت و لە بن شاخێکدا بەرەنگاری شاخ بێتەوە بە دەنگی بەرز هاوار بکات و بڵێت: ژەهری مار، لە وەڵامدا پێت دەڵێت: ژەهری مار، بەڵام وشەی خۆشەویستی بەکاربهێنێت وەڵامەکەی سۆزو موحیبەتە، ئێمەی زانکۆیی لە کایەی زانکۆدا پێویستمان بە بزووتنەوەیەکی رەسەن هەیە بۆ رزگارکردنی ئەقڵی تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی.

بۆیە لێرەدا دەگەینە ئەنجام، پەیامی ئازادی پاڵنەرو بزاوتی رۆشنهزرییە، بۆ سەربەستکردنی ئەقڵ کە ئەویش زادەی ئەخلاقیاتی دەمی رۆشنگەرییە، لێ قوتابی گەر ئازاد نەبێت ناتوانێت بانگەشەی رۆشنگەری و دادپەروەری و یەکسانی و ئازادی و دیموکراتی بکات، مەبەست لەم ئازادیەش یاخیبوون و نابووتکردن و بێهێزکردنی کەسانی دەوروبەرت نییە لە زانکۆدا، بەڵکو ئەو شتانەیە کە لە کاتی پێویستدا لە حاڵەتێکدا بوێرانەو سەرکێشانە دەری دەبڕیت، چونکە ئێمەی زانکۆیی پێویستیمان بە بزوتنەوەیەکی رەسەن هەیە بۆ دەربازبوون عەقڵیەتی تاک کە هەمیشە کۆیلەی ئەقڵیەتی خێڵەکی و بیرە داخراوو دۆگماتیزمەکانی کۆمەڵگەن.

## به هەڵەتێگەیشتنی قوتابی زانکۆ لە چەمکی ئازادی

ئەگەر سەیری ئەو وڵاتانە بکەین کە ئاسایشیان لێ سەقامگیرەو ئازادیان بە رێژەیەکی فرە هەیە، ئەوا دەبینین تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە یاسا پەیڕەو دەکەن کەوایە ئازادی سنووری خۆی هەیە لەو سنوورە بەدەر پێیدەڵێن ئاژاوەگێڕی، چونکە پێشێلکردن و سەرپێچیکردنی یاسا و رێساو رێنماییەکانی زانکۆ مانای ئازادی نییە، بۆیە زۆرجاران ئەنجامی تێگەیشتنی هەڵەی

قوتابی بە پاساوی ئازادی دێ محازەرە لێدەدات یاخود بە جەماعی ناچنە هۆڵەکانی خویندن لە کاتی هەر بۆنەو جەژنێکیشدا  بە بیانوی ئازادی دەیان رۆژ پێشێلی رێساکانی زانکۆ دەکەن یاخود بە پاساوی ئازادی بیرکردنەوە دێت داوای پرسکردن دەکات لە دانانی سەرۆک بەش و راگرو سەرۆکی زانکۆ جاری واش هەیە قوتابی بێ ئاگایە لەوەی دەچێتە ژێر کاریگەری فیکرو  ئایدۆلۆژیای گروپ و رێکخراو و حیزبی جیاواز تا لە کەناڵی ئەو تویژەوە مەرامە حیزبیەکانی خۆیان بپێکن و پێشێلی ئازادییەکانی زانکۆ بکەن و ئاژاوە بەرهەم بهێنن، بۆیەشە ئێمە وەک زانکۆییەک خۆمان کۆیلە نەزانی و کاڵفامی و جاهیلین، نازانین ئازادی یانی چی؟!! لە کاتی هەڵبژاردنەکانی نوێنەرایەتی قوتابیان و خوێندکاران قوتابی هەیە دەڵێت: ئازادنیم لە کاتی دەنگدان کاتێ دەمەوێت نوێنەری خۆم هەڵبژێرم، بە پاساوی ئەوەی گوشاری دەرەکی لەسەر بووە، لە کاتێکدا ئەم قسەیە گەوجانەیە، چونکە لە رووی دەرونییەوە هەست دەکات ئازاد نییە، بەڵام لە واقیعدا ئازادە دەنگ بە کێ دەدات، لەبەرئەوەی لەسەر سندوقی دەنگدان کەس نازانێت دەنگ بە کێ و چ رێکخراوێک دەدات، ئەو فشارەی لەسەریشی هەبووە لەبەرئەوەیە دەنگدانەکە نهێنیە، کەس زانیاری لەسەر نییە. بۆیە دەبینین روانینی کەسی زانکۆیی لەمەڕ چەمکی ئازادی، روانینێکی ناتەندروستە، بەهۆی ئەوەی کەسێ داوای ئازادی دەکات لە زانکۆدا، لە هەمان کاتدا خۆی پێشێلی ئازادییەکانی خۆی و کەسانی دیکەش دەکات، وەکو ئەوەی ئەو رەفتارەی تۆ ناتەوێت لەگەڵت بکرێت، کەچی خۆت لەگەڵ خەڵکانی دیکە ئەنجامی دەدەیت، بەوەش دەگەینە ئەنجام، ئەگەر لە دەرگای خەڵک بدەیت، لە دەرگات دەدەنەوە.

ئێمەی زانکۆیی هێشتا چوار ساڵەی زانکۆ تەواو دەکەین نازانین ئازادی مانای چییە، بەوەی من لە کڕینی کاتژمێرێکی دەستی ئازادم، بەڵام ئەگەر پارەم لە گیرفاندا نەبێت، ئەوا ئازادنیم لە کڕینی، لەبەرئەوەی خواستی کڕین بەندە بەسەر دوو بنەما:

1. ئارەزوو 2. هێزی کڕین بە نەبونی هەریەکێکیان مانای خواست بەتاڵ دەبێتەوە.

قوتابی وا هەیە لە زانکۆ هەوەسبازی بە ئازادی تێدەگات، ویستی، رەفتاری، جلوبەرگی، ئارەزووی، مامەڵکردنی لەگەڵ بەرامبەرەکانی چ بخوازێت ئەوە دەکات کە ئەمەش بیرکردنەوەیەکی هەڵەیە، یا کچێک دەیەوێت باڵاپۆشی بکات یا سەرکۆت بێت دەڵێ حەزدەکەم، وا بکەم یا وا بکەم، بەڵام بە دەست خۆم نیەو سەربەست نیم، دەبێت حیکمەت لە چی دابێت قوتابی بە عەقڵی کەسێکی دیکەی دەرەوی زانکۆ بیر بکاتەوە، لەوەی نەزانێ بەرژەوەندی خۆی لە دوا رۆژ دا لە چی دایە.

## خوونەریت لە نێو قوتابیانی زانکۆ

قوتابی زانکۆ لە دوای شانزە ساڵ خوێندن و وەرگرتنی زانیاری وەکو چۆن لە منداڵییەوە خووی بە چەند شتێک گرتووە تا زانکۆش تەواو دەکات و لە دەزگایەکیش دادەمەزرێت ناتوانێت لە بەینی بەرێت، چونکە هێشتا نەریتە قێزەوەنەکانی دەرەوەی بەسەردا زاڵە بەوەی دەبنین پێگەی قوتابی زانکۆ لە کۆمەڵگەدا لە رابردوودا پێگەیەکی باڵای هەبوو، کەچی ئەمرۆ ئەو پێگەیەی هەیبووە خەریکە نەمێنێ و لە دەستی دەدات، چونکێ ئەو خوو نەریتەی کە لە منداڵییەوە قاڵبی پێوەگرتووەو دڵی پێخۆشە، دێت لە پۆل و لە بەشە ناوخۆییدا بڵاوی دەکاتەوەو بە

هاوقوتابیەکانی دەبەخشێت و بەو پێودانگە مافەکانیان پێشێل دەکات، ئەگەرچی دەبێت ئەو خوو نەریتانەی کە پۆزەتیڤن لە هەریەک لەو قوتابیانەی کە لە دەڤەرە جیاجیاکانەوە هاتوون بۆ زانکۆ ئاڵودەی یەکتری بکەن و خوونەریتێکی زانکۆییانەی لێ موتوربە بکرێت و دواجار قوتابیەکی زانکۆیی لە جەستەو عەقڵ گەنج پێشکەش بە کۆمەڵگەی کوردەواری وحکومەتی کوردستان بکات تا لە دەزگاکانی حکومەتەوە نەریتە سواوو باوەکانی کۆمەڵگە لە بەین بەرێت.

## پڕۆژەی زانکۆییە رۆشهزرەکان

قوتابی کاتێ دێتە زانکۆ دەبێت پڕۆژەی بۆ ژیان هەبێت، لە شەونخۆونیکردنی بۆ سەرکەوتنی لە وانەکانیداو خۆپێگەیاندنی لە بواری فیکری و فەرهەنگی و دروستکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و سوود وەرگرتن لە شێوە زارە جیاوازەکان لە دەڤەرەکانی دیکەو چۆنیەتی ئاخاوتن و شێوازی نووسین و خۆ ئامادەکردن بۆ پڕۆژەی دەرچوون و نووسینی راپۆرتی هەمە چەشنە، ئەمانەو چەندان دەردەشەی دیکە بۆ گفتووگۆکردن لەمەڕ گەلاڵەکردنی پڕۆژەو ئەجێنداکەی بۆ ئەمە دەبێت بایەخ بەم چەمکانەی خوارەوە بدات:

1. **هزر**: یا بیر چالاکی و بزاوتی مێشک و جوڵاندنی مێشکە، چونکە بیرکردنەوە لە کانگای عەقڵەوە سەرچاو دەگرێت بۆیە قوتابی دەبێت لە بیرکردنەوەدا ئازاد بێت تاوەکو بە ئازادی بئاخافێ و بنووسێ، چونکە ئازادی قسەکردن زۆر گرینگە لە زانکۆدا چ لە نێو هۆڵی وانەووتنەوەدا چ لە دەرەوەی هۆڵدا لە داواکردنی خواست و ویستە

سروشتییەکانی قوتابییەوە بگرە تا دەگاتە پێشکەشکردنی پێشنیاری لۆجیکی  بۆ لایەنی پەیوەندیدار، بە نموونە قوتابی بەشە ناوەخۆییەکان کاتیک باڵەخانەی نیشتەجێبوونیان پێداویستییەکانیان تەواو نییە لە مۆکێت و سۆپاو قەرەوێڵەو....هتد بۆ ئەمە دەبێت ئازادی هەبێت تا داواکانی خۆیان بخەنەڕوو چ بە قسە چ بە نووسین، لایەنی بەرپرسیش دەبێت ویژدانی خۆی ئازاد بکات بە شێوەیەکی یاسایی و دادپەروەرانە ڕێز لە پێشنیارەکانیان بگرێت و بۆیان مەیسەر بکات.

2. **زمان**:  مرۆڤ لە زمانی زگماکی خۆیدا کە خۆڕسکە ئازاد نییە، بەڵام  بۆ فێربوونی زمانی دیکە ئازادە، تۆ وەکو قوتابی لەوێوە سوود لە فەرهەنگ و کلتووری نەتەوەکانی دیکە وەردەگریت تا ئاستی رۆشنبیریت بەرزبێتەوە، ئەمەش چ جای کەڵەبوونی زانیاری ئەکادیمی ئەوا رۆشنبیری گشتی زیاد دەبێت، لە هەمان کاتدا زمانی دایک سەرچاوەی لە دایکبوونی داهێنان و بیرۆکەی تازەیە، لەبەرئەوەی بیرکردنەوە بە زمانی دایک، زێتر داهێنان دروست دەکات، بە بەراورد بە زمانی بێگانە، لەگەڵ ئەوەشدا فێربوونی زمانی دیکە هەگبەت زۆرتر پڕ دەکات.

3. **زانیاری و زانست**: بەشێکە لە رۆشنبری تاک، نەوەکو بڕوانامەی بەرزی زانکۆیی گوزارشت بێت لەو رۆشنبیریە، بۆیە قوتابی ئازادە لە وەرگرتی زانیاری و زانست بەبێ گوشار، بەڵکو ئیرادەو ویستی خۆی وا دەکات پایەی لە کۆمەڵگە بەرزبێتەوە. لە لایەکی دیکەوە قوتابی ئازادە لە وەرگرتنی زانیاری گشتی  بۆ رۆشنبیرکردنی خودی خۆی کە بە داخەوە ئێمەی زانکۆیی لەم وڵاتەدا فێر دەبین بۆ

ئەوەی بخوێنینەوە، کەچی لە وڵاتانی پێشکەوتوو دەخوێننەوە بۆ ئەوەی فێرببن و زانیاری زیاتر وەربگرن.

ئا لەو روانگەوە پێویستە قوتابی ئازاد بکرێت لەلایەن زانکۆوە بۆ نوسینی پڕۆژەی دەرچوونەکەی بە پاڵپشتی دامەزراوەکانی حکومەت لە هاندانیان بە ماددی و مەعنەوی تاوەکو حکومەت لە پڕۆژە هەمەچەشنەکانیدا سوودی لێوەربگرێت، بەتایبەت لە پلانی ستراتیژی گشتیدا، بۆ ئەوەی بڕیارەکانیان لە هەناوی توێژینەوە زانستییەکانەوە هەڵقوڵابێت، بۆ ئەمەش کەمترین هەڵەو زیان و کەمترین تێچووی پڕۆژەکان تەواو دەبن، نەوەک پشت بەستن بە بەناو راوێژکارو شارەزاکانیان کە تەنها بۆ مووچە ئەو پلە وەزیفییەیان پێدراوە و حکومەتیش بەرەو هەڵدێر دەبەن.

## ڤالایی رۆحی لە نێو قوتابیانی زانکۆ

تێڕوانینمان بۆ پێگەو ناوەوە(دەروون)ی قوتابیانی زانکۆ لەم سەردەمەی پێشکەوتن و تەکنەلۆژیای مرۆڤایەتیدا کە وەرچەرخانێکی فکری و تەکنیکی لە جیهان هێناوەتە کایەوە، ئەوا مرۆڤایەتی توشی قەیرانی بیرکردنەوەو دڵەڕاوکێ و نەخۆشی جیاجیا کردووەو هەمیشە لە بیری زیادبوونی سەرمایەو خۆدەوڵەمەندکردن و وەدەستهێنانی بڕوانامەی بەرزدان و ماددە دەپرستن و کەسێتی ماتریاڵیزمیان لێ دروست بووە، کەچی بە هەموو هەوڵ و تەقالاکانیان ناگەنە چێژو خۆشیەکانی ژیان، بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە حیکمەتی بالا پەیوەندی بە عەقڵ و رۆحەوە هەیە کە ئەویش ئازادی رۆحییە، لێ نازانن فکرەو کردارە خراپەکان کە خۆیان مەلاس داوە لە دڵ

و مێشکدا تا دواجار دڵەکان ڕەق دەکەن و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەرەو سستی دەبەن، ئەو پەیوەندییەی لە نێوان مامۆستا و قوتابی، هەروەها قوتابیان لە نێوان خۆیاندا هەن نەمێنێ و بۆشاییەک دروست دەبێت و بە ناشرینی سەیری یەکتری بکەن و سەنگەر لە یەکتری بگرن و ئا ئەم قەیرانە ڕۆحییە وا دەکات تاکی زانکۆیی بەرەو نامۆیی بڕوات تا دواجار بەها مرۆڤایەتییەکان بێ ئەرزش بن.

بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە لە کۆمەڵگەی کوردەواری بەتایبەت لە نێو زانکۆییان پێویستە هەر کردەیەک ئەنجام بدرێت بەو پەڕی موحیبەتەوە ڕۆحێکی زیندووی پێ ببەخشرێت بەوەی کاتێک شیعر و چیرۆک دەنووسیت بۆ خەڵکی بنووسیت، تا چێژی لێوەربگرن و ڕۆحیان ئاسوودە بکات، بە هەمان چەشن پێشکەشکردنی شانۆو ژەنینی مۆسیقاو وەرزشکردن هەمان ڕۆحیان پێ ببەخشرێت، بەوەی کاتێک تۆ وەرزش دەکەیت بە ڕۆحیەتێکی برایەتی و هاوڕێیەتیەوە لەوێوە فێری ئەخلاق و خۆشەویستی بیت.

لەم کڵاورۆژنەوە دەکارێ نانخواردنمان، هەڵسوکەوتمان، نووسینەکانمان، ئەزموونەکانمان ڕۆحانی بێت، ڤێجا ئێمەی زانکۆیی لە قوتابیان و مامۆستایانەوە پێویستە ڕۆحی نەرمڕەویمان تیا هەبێت بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییە ڕۆحییەکانمان تاوەکو ئەو ڤاڵاییە و دڵەڕاوکێیەی هەیە نەمێنێ، بە مووحیبەتەوە چوار ساڵەی زانکۆ تەواو کەین و فێری ئەزموونە گرینگەکانی داهاتووی ژیان بین.

## ئازادی ڕەخنەگرتن لە زانکۆ

دەبێت لە دوو لاوە چاو بخشێنین بە ڕەخنە، چونکێ ڕەخنەگەلێک هەن لە بیرێکەوە سەرچاوە دەگرن تەنها بۆ رووخان و هەڵتەکاندنی شتە جوانەکانەو هەشە بوختان هەڵبەستن و ناشیرینکردنی ئەو شتانەن کە تازە بە جوانی چرۆ دەکەن، بەڵام ڕەخنەیەک لە منداڵدانی دەزگایەکی ئەکادیمیەوە هەڵبقوڵێ گومان لەوەدانیە بۆ چاکسازییە و لە ڕەگ و ریشەوە گۆڕانکاری تیا دەکات و کارەکان جوان دەکات و بەرەو پێشەوەی دەبات. ئەگەر سەیری هەر دەزگایەکیش بکەین ڕەخنەی لێنەگیرێت، لەو گەندەڵی و لاڕێیانەی ڕۆژانە دەکرێت ئەوا بەرەو هەرەس دەڕوات، بۆیە لە زانکۆش پێویستە کەسانێک هەبن ڕەخنە بگرن و لەو گەندڵییە ئیداری و عیلمی و داراییانەی کە هەن تاوەکو ماوە ماوە ئەو کەسانەی وەک پێویست ئەرکەکانیان راناپەڕێنن وەلاوەبنرێن، سەرەڕای ئەوەش دەبێت قوتابی وەک داینەمۆو سەرەڕمێک پشکدار بێت لە ڕەخنەگرتن و گۆڕانکاری لەوێشەوە دەبێت ئازادییان بۆ فەراهەم بکرێت، چونکە قوتابی زانکۆ کەسێتیەکی گوێگری هەیەو ترسنۆکە لە پرسیارکردن نەمازە ڕەخنەگرتن با پتر لەوەی ڕەخنەگربێت بەرژەوەندیخوازە و ستایشکارە، بۆیە دەبێت بە ڕۆشنترو شەفافترەوەو بە فۆڕمێکی دی کار بۆ چاکسازی بکەن ڕەچەی ئەو ترسە بشکێنین ئەو ستراکتۆرە فیکرییەی ساڵەهای ساڵە پێ گۆشکراوین لە بنەوە هەڵی تەکێنین، ئەوەش بە پشوو درێژی دەکرێت، بۆیە ئەهلی مەعریفەی زانکۆ دەبێت ئارام و نەرمڕەوبن لە بەرامبەر هەر ڕەخنەیەک لێیان دەگیرێت بۆ پاراستنی دەستکەوت و کارە باشەکانیان تاوەکو بەردەوام بن لە

خزمەتکردن و دەسەڵات دابن، ئەمە جیا لەوەی عەقڵی مۆدێرینی زانکۆ دەبێت پەسەندی ئەو رەخنانە بکات کە دەبنە فاکتەری کارای گەشەپێدانی فیکری و مەعریفی و کارگێڕی زانکۆ، چونکە رەخنەگرتنێکی پاک لە هزری پاکی زانکۆییانەوە هەڵقوڵێ زنجیرو کۆتی کۆیلایەتی دەپسێنێ و ئازادی زێتر فەراهەم دەکات و لەوێشەوە هانی تاک دەدات بەشداربێت لە بڕیارو کاروچالاکیەکانی زانکۆ.

زانکۆیەکیش زیاتر لە بیست هەزار قوتابی و هەژدە کۆلێج و سەدوپەونجا بەشەناوەخۆیی کە هەشت هەزار قوتابی تێدانیشتەجێە و سەدان مامۆستای تیا هەبێت بێگومان بەدەر نییە لەکەموکوڕی(مەبەست زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر لە ساڵی2005).

## ئازادی عەشق لە زانکۆ

مەحوی شاعیر دەڵێ: ( لە دونیادا بەهەشتێک هەیە، هەرکەسێ نەچێتە ناوی، ئەوا بۆنی بەهەشتەکەی تر ناکات، ئەویش بە هەشتی عەشقە).

ئەگەرچی ئازادی بۆ عەشقکردن لە زانکۆ لەلایەن هەندێ لە هەرزەکانەوە هێڵەسوورەکانی دەبەزێنرێت و بە هەڵە پیرۆزی ئەم پڕۆسەیە لە بەین دەبرێت و تێفکرینیان بۆ چەمکی عەشق هەوەسبازییە، چونکە کەس گەلی کاڵفامن لە مانای عەشق نازانن و حەزێکی سەرشێتانە وایان لێدەکات رۆژێ لەگەڵ یەک رابوێرن و ناوی عەشقی لێبنێن، بەڵام عەشقی راستەقینە پیرۆزی و ماناگەلی خۆی هەیە، جگە لە مەعشوقەکەی چاو بڕینە کەسی تر ئەوا حەزێکی گەوجانەیە، ئەگەرچی عاشق ئازادە لە هەڵبژاردنی مەعشوقەکەی، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێتە

کۆیلەی مەعشوقەکەی، چونکە عەشق پەیوەندی بە هێزی دڵەوە هەیەو لە پڕێکا بۆی دەگرییێت و فرمێسک دەڕژێنێت و ئەو گریانەش کە دەسەڵاتی خۆی تیا نیە رۆحی پێدەکرێتەوەو ئازاریشی پێدەبەخشێت.

بەهجەت یەحیای هونەرمەند دەڵێ: ( ئەوەی نەی دیبێت نازانێ عەشق چ ژانێکی هەیە)، لێرەدا ئەم رستەیە گوزارشت لەوە دەکات کە تۆ ئازاد نیت لە هەڵبژاردنی بەرامبەرەکەت، بەڵکو پەیوەندی بە هێزی دڵتەوە هەیە، ئەگەرچی ئازاریشی پێدەچێژێت، بەڵام لە کایەی زانکۆدا کە جیاوازە لە کایەی دڵەوە ئەوا ئازادی هەیە بۆ ئەم هەڵبژاردنەت کە هەڵبژاردنێکی تەندروست و بەرائەت بێت.

***لە ژمارە(22)ی 2004/12/17 رۆژنامەی(روانین) بڵاوکراوەتەوە**

# سەربەخۆیی زانکۆکان

ماوەی چەند ساڵێکە پرسی سەربەخۆیی زانکۆکانی کوردستان کەوتۆتە ڕۆژەڤەوە، ئەو پرسە لەگەڵ ئاڵوگۆڕی کابینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش زیاتر دەوروژێنرێت، هەر ئەوەش وایکردووە زانکۆکان لە بازنەیەکدا بسوڕێنەوەو نەتوانن وەک پێویست پێشکەوتن بە خۆیانەوە ببین تەنانەت لە هەندێ کابینەکانی حکومەتیش نەک پێشکەوتن ڕووینەداوە، بەڵکو هەژموونی دەسەڵاتی ناوەندی و ململانێکانی نێوان دەزگاکان زیاتر بەرەو پاشەوەی بردووە. ئەمەش لە ڕێگەی لەمپەرخستنە بەردەم پرۆسەی پەیڕەوکردنی دەسەڵاتی خۆجێی زانکۆکان کراوە، بەتایبەت لە ئاستەنگ خستنە بەردەم مامەڵەی پرۆژەکانی وەبەرهێنان مرۆیی و چوونەدەرەوەی شاندەکان و سازکردنی کۆنفرانسی زانستی خۆماڵی و نێودەوڵەتی و وەرگیرانی قوتابی و ناردنە دەرەوەی قوتابیان و کردنەوەی بەش و کۆلێژو کەرەستەی تاقیگەو پێداویستییەکانی دیکەی پرۆگرامی خوێندن، بڕیاری سێنتراڵی لەلایەن دەزگاکانی سەرووی زانکۆش لە پێشەوەی ئەو ڕێگریانەی پێشکەوتنەکانن، ناکرێت لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی یاسا دەسەڵات بدرێت بە سەرۆک و ئەنجومەنی زانکۆو راگرو ئەنجومەنی کۆلێژو بەشەزانستییەکان، بەڵام لە ئەرزی واقیعدا بەڕێوەبەرێکی گشتی وەزارتێکی دیکە لە سەرووی ئەوانەوە بێت بڕیار لە چارەنووسی ئەو زانکۆیە بدات، ئاخر چۆن دەکرێ بە پێشنیاری وەزیری خوێندنی باڵاوتوێژینەوەی زانستی و بە بڕیاری سەرۆک وەزیران، سەرۆکی زانکۆیەک دابنرێت، کەچی دەسەڵاتی دامەزراندنی کارمەندێکی زانکۆی نەبێت و نەتوانێت

مامۆستایەک دامەزرێنێت و کورسییەک بۆ هۆڵەکانی خوێندن بکرێت، یا دەسەڵاتی وەرگرتنی خوێندکارێکی بەرایی و خوێندنی باڵای نەبێت لە ناوەوەو بیاننێرێتە دەرەوەش، لە ڕووی داراییشەوە نەتوانێت دەرماڵەی قوتابی بدات و بودجە بۆ پڕۆژەکان تەرخان بکات، ئەنجومەنی زانکۆیەک سەرپشک نەبێت وەک هەر زانکۆیەکی جیهانی بانگهێشتی شاندی زانکۆ جیهانییەکان بکات و شاندی خۆی بنێرێتە دەرەوەو گرێبەستی پەیوەندی ئەکادیمی واژوو بکات، ئەوا دەبێت چۆن پلانی ساڵانەی خۆی دابنێت، تەنانەت لە وەرگرتنی قوتابیانی ئامادەیش لە زانکۆکاندا هەرگیز پلانی زانکۆکان پەسەند نەکراوە، بەڵکو بە بڕیاری مەرکەزی ساڵانە چوار بەرامبەر پلانی زانکۆکان قوتابی وەرگیراوە، باشە چۆن دەکرێت لە زانکۆ بەبێ پلانی دوورمەودا بڕیار لە بەڕێوەچونی کارەکان بدرێت و لە دەرەوەی زانکۆ کەسانی نەشارەزا لە واقیعی زانکۆ هەژموونی خۆیان بسەپێنن، دواجار شکست بە نەخشەرێگەی زانکۆ دەهێنرێت، بۆیە ئەگەر ئەو زانکۆیە دەسەڵاتی کارگێڕی و دارایی و زانستی نەبێت، قەد ناتوانێت پڕۆسەی دڵنیایی جۆریی جێبەجێبکات و بگاتە ئاستی زانکۆ جیهانییەکان، بەڵکو ئەوە تەنها بەسەربەخۆیی زانکۆکان دەکرێت، ئەو یاسایەی ئێستاش کاری پێدەکرێت و ئەوەی وەک پڕۆژە یاساش ناردراوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران و دوای پەسەندکردنی بچێتە پەرلەمانی کوردستان یاسایەکە هیچ لە دۆخی زانکۆکان ناگۆڕێت، چونکە بە ئەقڵیەتێکی تاکڕەوانە نوسراوەتەوە بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی دەزگاکانی حکومەت بەسەر زانکۆدا، بۆیە داڕشتنی یاسایەکی لەو جۆرە پێویستە پرس بە مامۆستایان و ئەنجومەنی بەش و کۆلێژو زانکۆکان

بکرێت، لەو یاسایەدا باشتر وایە ئەنجومەنی بەشە زانستییەکان زۆرترین دەسەڵاتیان پێبدرێت.

جێگەی ئاماژەپێکردنە چەندینجار بڕیار لەسەر سەربەخۆیی زانکۆکاندراوە، تەنانەت لە ساڵی 2007 بە فەرمی ئەوە راگەیەنرا لەلایەن حکومەتەوە، بەڵام لە پراکتیکدا ئەمە نەبووە واقیع و دەسەڵاتی زانکۆکان زیاتر کەمکرانەوە.

***لە ژمارە(4110) 2012/7/5 لە رۆژنامەی (خەبات) بڵاوکراوەتەوە**

## کاریگەری زانکۆ لەسەر دەوڵەت- کۆمەڵگا- قوتابی

چاوخشاندن بە مێژووی ڕۆژئاواییەکان بۆمان روون دەکاتەوە کە کاتێک سەدەکانی حەڤدەهەم و هەژدەهەم سەردەمی رۆشنگەری و هەوڵدان بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و هاوکات سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی بوو، گەلێک گۆڕانکاری ریشەیی لە سەرخان و ژێرخانی رۆژئاوا روویدا، ئەویش کۆمەڵگای رۆژئاوایی گۆڕی و لە هەمان کاتدا زانکۆکان ئازادی خۆیان وەرگرت و بوونە سەنتەری بەرهەمهێنانی هزرو بیری نوێی و بەکارخستنی عەقڵی مرۆڤ و کارکردن لەسەر عەقلانیەت و باڵادەستبوونی عەقڵ لە زانکۆدا، ئەمە جگە لەوەی بووە هۆی دروستبوونی مشتوومڕو گفتوگۆ بۆ بەرهەمهێنانی بابەت و تێزی ئەکادیمی و دەردەشەو قسەکردن لەسەر ئاریشەکانی کۆمەڵگا لە بابەت ئاینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و فکرییەکان و ....هتد، تاوای لێهات زانکۆ کارێکی واهی بکات ببێتە یەکێک لە دامەزراوە هەرە گرینگەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و کاریگەری لەسەر کۆمەڵگاو دەسەڵاتی سیاسی بکات، ئەو کاریگەریەش سەرەتا لە ناو خودی زانکۆدا واتا لە هەناوی زانکۆدا ئەو گۆڕانە روویدا و پاشتر رەنگیدایەوە دەرەوەی زانکۆ.

### کاریگەری زانکۆ لەسەر دەوڵەت

زانکۆ کە لە مامۆستاو قوتابی و ستافی کارگێڕی پێکدێت، وەک دامەزراوەیەکی ئەکادیمی و مەعریفی و مەدەنی دەبێت ساڵانە

سەدان توێژینەوەو تێزی هەمەچەشن لە نێو کایەی کۆمەڵگا بهێنێتە کایەوەو گڕوتین بە فەرهەنگە رەسەن و نوێخوازە بڵاوەکان بدات و پاشتر لێتوێژینەوەی پۆزەتیڤانەی لێهەڵچنێ، ئاڕاستەی بکات و دەبێت میکانزمی کارا بێت لە نێوان دەسەڵاتی سیاسی و تاکەکانی کۆمەڵگا، پێویستە دارێژەری پلان و نەخشەبێت بۆ ئایندەی دەوڵەت و ستراتیژی وڵات، لەلایەن زانکۆوە چارەسەری گرفتەکانی کۆمەڵگا بکات لە رێگەی دەوڵەتەوە رێنمایی ئامۆژگاری ئاڕاستەی دەسەڵاتی سیاسی بکات بە توێژینەوەکانی قوتابیان و مامۆستایان، لە هەمان کاتدا چاودێری دەسەڵات بکات لە بینینی هەر گەندەڵییەک رەخنەی لێبگرێت و ببێت چاوی راستی دەوڵەت بۆ سەرخستنی کاروبارەکانی، جیا لەمانەی سەرەوە دەکرێت فەرمانبەرو پسپۆڕی ئەکادیمی باش و لێهاتوو و کارامە پەروەردە بکات، کە لە دامودەزگاکانی دەوڵەت ئیلتیزامی ئەخلاقی کارکردن جێبەجێبکەن، تا لەوێوە هاولاتی هەست بکات هاوڵاتی بەشێکە لە دەسەڵاتی سیاسی و بەوپەڕی موحیبەتەوە پێگیری فەرمانەکانی بێت.

## کاریگەری زانکۆ لەسەر تاکی دەرەوەی زانکۆ

زانکۆکانی ئێمە دەبێت کار لەسەر داب و نەریت و کللتوری داخراوو بۆچوونی دۆگماتیزیمی پاشماوەی ئەقڵیەتی ژێردەستەی داگیرکار لە بەینبەرن و ببنە فاکتەری سەرخستنی پەیامە ئەقڵییەکانی زانکۆ، لەوێشەوە بە دیدگای مۆدێرنێتەوە(واتە

شارستانی رۆژئاوا لایەنی پۆزەتیڤەکەی عەقڵی رۆژئاوا وەربگرن) بڕواننە  تاکەکانی کۆمەڵگا و لەوێشەوە بکەونە ژێر کاریگەری زانست و زانیاری ئەقلانیەتی زانکۆ، بۆ ئەمەش کاری رۆژانەیان لە ژێر رۆشنایی داهێنانەکانی زانکۆو پەیامە ئەقلانیەکەوە بەڕێوەبەرن و ئەو تیۆرو تێزانەی  کە لە زانکۆ دەنوسرێن دەبێ لەگەڵ واقیع و سروشتی کوردستان بگونجێن و سوود بەخشن بن بۆ سیاسیەتی و گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەلایەتی و رۆشنهزری کوردستان و تا رەنگدانەوەی لەسەر گۆڕانکاری بەشێوەیەکی گشتی هەبێت.

## کاریگەری زانکۆ لەسەر تاکی قوتابی

ئەگەرچی  قوتابی خۆی بەشێکە لە زانکۆ و دڵ و رۆحی زانکۆیە، ئەگەر قوتابی نەبێت، ئەوا زانکۆ دامەزراوەیەکی مردووەو باڵەخەکانی بێکەڵک دەبن و ئەو بایەخەیان نیە، وەک ئەوە وایە زانکۆییەک خاڵی لە قوتابی، تەنها تەلاری هەبێت، هیچ مانایەکی نامێنێت، بەلام زانکۆ وەک دوو رایەڵە سەرەکییەکەی دیکە لە مامۆستاو ستافی بەڕێوەبردن تەنانەت کەشوهەواو باڵەخانەکانی رۆڵی هەیە لە گۆڕانکاری  لە رەفتارو ئەقڵیەتی قوتابی لەرووی جەستەیی عەقڵیەتەوە تەنانەت لە رووی خواردن و جلوبەرگیشەوە، بۆ ئەمە دەبێت کاتێ قوتابی هاتە زانکۆ کارێکی واهی بکات کە تەجریدی ئەو کلتوورە دواکەوتووە بکات کە پێش هاتنی بۆ زانکۆ لای بەریێت و ببوە دیاردەو نەریت و لە مێشکی و رەفتاریدا رەنگیدابوویەوە، لەو روانگەوە نابێت ئەو قوتابیەی

سەردەمی ئامادەیی هەمان قوتابی دوای دەرچوونی لە زانکۆبێت، ئەوەش وایکردوە کە کەسێ زانکۆ تەواو دەکات لە نێو کۆمەڵگا پێگەیەکی بەرزتری هەیەو بە چاوێکی دیکە سەیری دەکەن، دەگەینە ئەو بڕوایەی زانکۆ کاریگەری لەسەر قوتابی دەکات و کەسی کارامەو لێهاتوو دێنێتەبەرهەم و ئاراستەی کۆمەڵگای دەکات.

*** لە ساڵی 2004 لە رۆژنامەی(روانین) بڵاوکراوەتەوە**

# هـەیمەنەی زانـکـۆ

بێگومان دامەزراندنی زانکۆو کردنەوەی کۆلێژو بەشی نوێ لە هەموو وڵاتێک پێویستی بە دیراسەیەکی قوڵ هەیە و دەبێ دەیان کۆنفرانس و کۆبوونەوەی زانستی فەرمی هەمەچەشنەی بۆ ببەسترێت و ڕای پسپۆڕانی لەسەر وەربگیرێت تا ئەو لایەنەی یا ئەو لیژنەیەی بەم کارە هەڵدەستێت هەموو ئامادەییەکی هەبێت لە دابینکردنی پێداویستییەکانی زانکۆ لە بیناسازییەوە تا دەگاتە بچووکترین پێداویستی ئەمەش بە ڕۆژێک و دووان ناکرێت، کەسانی قاڵبوو شارەزای دەوێت، ئینجا پاش تەواوبوونی هەموو پێداویستییەکان و تەواوبوبونی مەرجی کردنەوەی کۆلێژ و بەشی نوێ و دامەزراندنی زانکۆ بڕیار دەدرێت، بەمەرجێک لایەنێکی شەرعی لە شێوەی ئەنجوومەنی فێرکردنی باڵا یا وەزارەتی خوێندنی باڵا بەم کارە هەڵبستێ و دەبێت کەسانی قاڵبووی بواری ئەکادیمی و مەعریفی بن، نەوەکو کەسانی عەسکەری و ناشارەزا تاوتوێی زانکۆ بکەن و بەمیزاجی حیزبی بڕیاری کردنەوەی بدەن، چونکە هۆکاری دامەزراندنی زانکۆ دەبێ پێویستیەکی زانستی و بوارەکانی مەعریفە بێت، ئەرێ دەبێت چ ئایندەیەکی ڕۆشن بۆ زانست ببینین لە کاتێکدا زانکۆ باڵا دەستی خۆی لە دەستبدا، هەروەها بەها پیرۆزییەکانی بچێتە ناو کۆبوونەوەیەکی نادیراستکراوی حیزبێک، بۆیە هەمیشە حیزب لە ناو پڕۆژەکانی بۆ بە جەماوەری بونیدا کاتێک هەیمەنەی ڕێکخستن و تێگەیشتنی فیکری لە دەست دەدات پەنا دەبات بۆ جۆرێک لە کاری خزمەتگوزاری لە پاڵ ئیدارەدا کە دواجار ئەم بیرۆکراتیەتەی سەرەوە لە بیر خەڵک بەرنەوەو پەلکێشیان بکەن بەرەو ئاقارێک

که تەنها جەماوەر هەمیشە دەبێت قەرزاری حیزب بێت وەکو ئەوەی نازی ئەوە لێبدەن کە چەندین ساڵەی خەبات و شەهیدان بکەنە پاساو بڕوابوون بە ئێستای حیزب یا پڕۆژەی جێبەجێکردنی زانکۆیەک لەسەر شارۆچکەیەک و قەرزێک و منەتێک و دواجار لە بری سراتیژیەتی فیکری و پڕۆژەی سوودمەندە نەتەوەییەکانی و چەندان پڕۆژەی تر کە دڵنیاین ئەم پڕۆژە بێ سەروبەرانە وەکو کردنەوەی کۆلێژو بەشە نوێیەکان لە زانکۆکانی کوردستان کە تا ئێستا بە دەست کەموکوڕییەکانیەوە قوتابیان باجی دەدەنەوەو دەناڵێنن.

ئاخۆ چۆن ئاستی مەعریفەی لە زانکۆ بەرزدەبێتەوە کە حیزب بۆ کۆکردنەوەی دەنگ لە شارۆچکەیەکدا مژدە بە خەڵک بدات کە کۆلێژێکیان بۆ دەکاتەوەو لە ماوەیەکی زوودا کە هێشتا کۆلێژو زانکۆکانی تری بە دەرنین لە کەموکوڕی.

ئایا باشتر نییە دەستەبەری کەموکوڕییەکانی زانکۆو پەیمانگاکانی دیکە بکەن، ئینجا زانکۆیەک بکەنەوە، وەرن کەمپێک بۆ زانکۆکانی دیکە دروست بکەن، یاخود باڵەخانە کۆنەکان نۆژەن بکەنەوە، کە شایەنی ئەوەبن قوتابی وانەی تیا بخوێنن، ئەگەریش بەم چەشنە زانکۆ بکرێتەوە دەبێت هەیمەنەی زانکۆ لە کوێ دابێت.

***لە ژمارە(20) لە** 2004/10/11 **ڕۆژنامەی(ڕوانین) بڵاوکراوەتەوە**

هەڵبەتە زانکۆ وەک دامەزراوەیەکی زانستی و ئەکادیمی و فەرهەنگی، روناکبیری و، مەدەنی نێو کۆمەڵگا کاریگەرییەکی زۆر و هەمەچەشنی لەسەر تاکەکانی کۆمەڵدا هەیە، بەوەی گۆڕانکاری بنەڕەتی لە هزر و دید و بۆچوون و ئەجێندای تاک دەکات، نەمازە لە کۆمەڵگایەکی وەک ئێمەی ڕۆژهەڵات، بۆیە بە هەموو پێوەرەکان کاتیک کەسێک لە زانکۆ دەردەچێت لە ماوەی چوار ساڵی زانکۆییدا گۆڕانکاری زۆری تێدا دیتەدی، سەرەڕای هەموو کەموکوڕییەکانیش تا ئێستا زانکۆ باشترین و پاکترین شوێنە کە کەسایەتی بۆ تاک دروست بکات و کەسی چاپوک و سەرکردەو دڵسۆز بێنێتە بەرهەم، لەم روانگەشەوە ئەگەر نیگایەک بە کەسایەتی دەستە بژێری زانکۆ بکەین، بۆمان روون دەبێتەوە کە زانکۆ کەسێک لە بوارێک لەبوارەکان بەرهەم دەهێنێت و لەشتێکدا گۆشی دەکات تا لە شتێک زۆر بزانێت و لە هەموو شتێکیش کەمێک بزانێت، بەڵام بە مەرجێک خۆی شەونخونی و ماندووبوونی بۆ بکات، بۆ نموونە دەرچووی بەشی کۆمەڵناسی بەڕاستی لە چوار ساڵی زانکۆدا توێژینەوەی ئەنجام بدات لەسەر کۆمەڵگاو کۆڕ و سمینار بگێڕێت تا دوای دەرچوون کێشە کۆمەڵایەتییەکان چارەسەر بکات، دواجار بۆ خۆی لە ئابووری شتێک بزانێ بۆ بەڕێوەچوونی ژیانکردنی خۆی، تاوەکو جیاوازبێ لە کەسێکی دەرەوەی زانکۆ، جگە لەمە لەبواری ڕۆشەنبیری لەم ماوەیەدا زانیارییەکی زۆر کۆبکاتەوە لەسەر ڕۆشنبیری نەتەوەیی و نیشتیمانی و مێژوویی و

جوگرافی ...هتد، واتە خوێندکارێکی کارای زانکۆ بێ و سیاسەت بکات لەبواری ڕێکخراوەیی و پارێزەرایەتی هاوڕێکانی بکات و نەهێڵێ مافی خۆی و هاوخوێندکارەکانی زەوت بکرێت، بە جۆرێک کەسایەتی لێ ببێتە بەرهەم تا دواجار گۆڕان لە کۆمەڵگادا دروست دەکات بە بەدەست هێنانی بڕوانامەی زانستی و هەگبە پڕ زانیاری و ڕۆشەنبیرییەکەی کە کۆی دەکاتەوە.

ئەگەر تا ئێستا زانکۆ لە کاروانی ناسەقامگیرو نائاسایی کوردستاندا نەیتوانیوە ئەوە ڕۆڵە بگێرێت، بەڵام کەمتەرخەمی یەکەم، قوتابی و خوێندکار خۆیەتی هەوڵ نادات، هەروەها سیستەمی ئەمڕۆی کوردستانیش هاندەری سەرەکی بووە بۆ ڕازیکردنی. کارکردنیش لەسەر سیستەمی ڕازیکردنی قوتابی و هێزە سیاسی و هۆز و تاکەکانی دیکەی کۆمەڵگا لە پێناو زۆرکردنی جەماوەر وەدەستهێنانی دەسەڵات بوە، بۆیەشە زانکۆ وەک بەشێک لە کۆمەڵگای مەدەنی ئەرکی خۆی جێبەجێ نەکردووە بە خودی ڕێکخراوە قوتابی و خوێندکارییەکانەوە کە ئەوانیش هەم بەشێکن لە زانکۆ  هەمیش بەشێکن لەم کەمتەرخەمییە، بە لەبەر چاوگرتنی بارودۆخی کوردستان.

لەلایەکی دیکە زانکۆ لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا لەبۆتەی گەمەی مەعریفی و سیاسییەوە تواوەتەوەو تا ئێستا دەناڵێنێ، هەرچەندە کار بۆ ئەوەش دەکرێت لە داهاتوودا بواری مەعریفی گەشەی پێ بدرێت، تا بنیادی کەسایەتی تاکی زانکۆیی بنرێتەوە، بۆ ئەوەی کۆمەڵگاکەمان سەرلەنوێ کارنامەیەکی دوور مەودای

بۆ دابڕێژرێت و تاک هەست بە بوونی خۆی بکات و وزەی هزری و جەستەیی بەکاربهێنێت بۆ پەرەپێدانی وڵات و بەڕێوەچوونی خودی گەنج خۆی، چونکە لە ماوەی چەندساڵی داهاتوودا کەسانی تەندروست لە زانکۆ دەردەچن، بێگومان گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە واقیعی کوردستان دروست دەبێت و کۆمەڵگایەکی مەدەنی تەندروست لەسایەی سیستەمێکی دیموکراسی و موئەسسەساتی تیایدا ئازادی هەموو کەس پارێزوبێت بونیاد دەنرێت.

***لە ژمارە(23)ی تەمموزی 2007 لە گۆڤاری(زانکۆی نویَ) بڵاوبۆتەوە**

# مانگرتن لە عیلم

لە مێژووی هاوچەرخدا زۆر مانگرتن هەن بە تایبەت لەم سەردەمەی جیهانگیریەدا کە تاکەکانی کۆمەڵگە بەئاگاو زیرەک بوونەتەوە لە مەڕ پرسە هەنووکەییەکان و زێتر مکوڕن لە سەر داواکردنی مافەکانیان بەشێوەی سروشتی لە چوار شێوەی یاسای و مافە مەدەنییەکان، ئەگەرچیش بوونی هەندێ خاڵ لەجاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ وایانکردووە دەسەڵاتی سیاسی ملکەچ بێت لە فەراهەمکردنی مافە سروشتیەکانی تاکی کۆمەڵگە، بۆیەش ئەگەر هەندێ جار تاک لە کۆمەڵگادا مافەکانی لێزەوت بکرێ و بۆ وەدیهێنانی مافەکانی هەوڵدەدات چەندین ڕێگا بگرێتەبەر، بەپێی قەناعەتی و واقیعی ئەو سیستەمەی لە ژێر سایەیدا دەژین، بەڵام هەندێ کات ئەگەرچی مافە زەوتکراوەکانی بۆ نەیەتەدیش بە یاداشتنامە داواکارییەکانی دەخاتەڕوو بۆ بەردەم لایەنی پەیوەندیدار، ئەگەریش وەڵامەکە پۆزەتیڤ نەبوو ئەوا ڕێگای تر هەن بۆ وەدیهێنانی خواستەکانی ئەویش ڕێگای مانگرتن لە (خواردن، کارکردن، دەوامی ڕەسمی ئیداری)ە، بۆیە دەبینین کاتێ کرێکارێک کرێی کارەکەی کەم دەکرێتەوە پەنا بۆ مانگرتن دەبات تاکو کرێیەکەی بۆ زیاد بکرێت یاخود قوتابیان لە بەشە ناوەخۆییدا لە وەرزی زستان ژوورەکانیان ساردو نەوتیان نییە، دێن داوای نەوت و سوپا دەکەن ئەگەریش خوانە خواستە لایەنی پەیوەندیدار ئامادەگی تیا نەبوو نەوتیان بۆ دابین بکات، ئەوا ناچار پەنا بۆ مانگرتن دەبەن لە نووستن یا دێنە سەر شەقام تاوەکو خواستەکانیان دێتە دی ئەم جۆرە مانگرتنە

ڕەوایە، بەڵام ئێستا مۆدیلێکی تری نوێی مان گرتن سەریهەڵداوە بەتایبەت لە نێو زانکۆ و ئەهلی مەعریفەی نێو دەزگایەکی ئەکادیمی کە زانست و مەعریفە نادیدە بگرن ئەمەش بووەتە دیاردە و ساڵانە دووبارە دەبێتەوە و ڕۆژ بە ڕۆژ پەرە دەسێنێ، بۆتە نەریتێکی قوتابیانی زانکۆ، ئەوەش دیاردەی مانگرتنی بە کۆمەڵ و لێدانی محازەرەی جەماعیە، بۆیە زۆرجاران قوتابی بێ ئاگایە لەوەی بۆ فێربوونی عیلم هاتۆتە زانکۆ،بەڵام لە هەمانکاتدا مان لە عیلم دەگرێت، بەبێ ئەوەی کە بزانێت بەردەوام بوون لە فێربوونی زانست بڵاوکردنەوەی ڕۆشەنبیری تاک و دەردەشەکردن لەسەر بیری نا توندوتیژی، مۆتیڤێکن بۆ لەناوبردنی ئەم دیاردە ناشارستانیانە و لە ئاکامدا هەر قوتابییە زەرەرمەند دەبێت کە وانە نەخوێنێت.ئەمەش دەبێت سنووری بۆ دابندرێت لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی ئامۆژگاری لەنێو هۆڵی وانە ووتنەوە لەلایەن مامۆستایانی زانکۆوە بۆ بنبڕکردنی ئەم دیاردەیە، ئەگەرچیش بەشێک لە مامۆستایانی زانکۆ بەدەرنین لە هاندانی قوتابیان و لەم کاتانەدا ناچنە هۆڵی وانە ووتنەوە، بۆیەش دەبینین لە وڵاتانی ئێمە لە زانکۆکانی ئێمەدا قوتابی لە جێگای ئەوەی مان بگرێت بۆ گۆڕینی میتۆدی خوێندن و بابەتی نوێی سەردەمی جیهانگیری بخوێنێ و پەرتووکی سەدەی نوێ لەمەنهەجی ئێستای خوێندنی لەبواری کردەنیدا مەشقی لەسەر بکات، دێ مان بۆ گۆڕینی باڵەخانە و ڕواڵەتی باڵەخانە و دەرگای کۆلێژ و بەشەکانی دەگرێت کە ئەوەش کاریگەرییەکی لاوەکی لەسەر خوێندن هەیە، بۆیە هێندەی بایەخ بە ڕواڵەت

دەدرێت لە زانکۆدا ئەوەندە بایەخ و بەجەوهەری شتەکان نادرێت، ئەوەش قسەگەلی زۆری لەسەر هەن، بۆیەشە کاتێک قوتابی دەردەچێت لە زانکۆ ئەندازیار و ئابووریناس و مامۆستا و پزیشک و یاساناس و سیاسەتووان و کۆمەڵناس و جوگرافیناسێکی ئاستنزمی لێ دەردەچێت، ئەوەش لە پەروەردەی منداڵان و دروستکردنی شەقامەکان و کێشە کۆمەڵاتییەکان و دادپەروەی و حیزبایەتی لە کوردستان بە ڕۆشنی دەردەکەوێت.

**٭لە ژمارە(3) کانوونی یەکەمی 2004 لە گۆڤاری (زانکۆی نوێ) بڵاوکراوەتەوە**

# ئەركی کەسی زانکۆیی لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر

ئەگەر پێناسەی کەسی زانکۆیی بکەین، ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندیانەی کە لە کەسێکی ئەکادیمیدا هەن لەوەدا ڕەنگبداتەوە و مەغزاکانی مەعریفەی کوردی لەودا کۆببنەوەو کەڵەکەببن، تا لە ئەزموونی نێو کایەی مەعریفەی زانکۆدا ڕۆحیەتی داهێنانکاری و کاری ئەفراندن ساز بکات، تا دواجار بە دڵێکی زیندووەوە گۆڕان و ڕیفۆرمی هەمیشەیی لە ژیانی کۆمەڵگەدا بکات، ئەمەش بە شۆڕشی سپی لە بواری فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری دەکرێت، بۆ ئەوەی لە قۆناغی زانکۆدا زەخیرەیەکی فیکری ئامادە بکات، بۆ هەڵسوڕانی فەلسەفەی ژیانی نێو کۆمەڵگەدا، ئەمەش دەبێت گەنجێکی زانکۆیی بەرهەمهێن بێت و بەشدار بێت لە زیادکردنی داهات و دووریش بێت لە کەسی بەکاربەر یاخود زانکۆییەکی بەکاربەر لێ دەرنەچێت، بۆیە دەبێت بیر لەوە بکاتەوە لەسایەی بە جیهانکردن و سەردەمی پێکەوە ژیان و لکاندنی کلتوورە جیاوازەکانی بە یەکتر، گۆڕان لە دوو لایەنەوە لە ژیانی خۆیدا بکات و دوور بێت لە ڕەتکردنەوەی ڕەنگە جیاوازەکان و بڵاوکردنەوەی بیری توندوتیژ تۆقاندن، رەحمەت بێت بۆ خەڵکی بۆ ئەوەی گۆڕانکاری لە دۆخی ماددی لە ڕێگای تەکنەلۆژیا بۆ باشترکردنی ژیان و گۆڕانکاری لە دۆخی مەعنەوی، لە ڕێگای زانستە بەهەنووکەیی و تازەکانەوە بۆ گۆڕینی ڕەفتارو دابونەریتـی کۆمەڵگا و، ئەخلاقیانەی مرۆڤایەتی تاکو دەوروبەری بجوڵێنێت و جووڵە بە مێشکی کەسانی دەوروبەری بکات، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو گەنجە زانکۆییە هەموو ماناکانی کەسی زانکۆیی تیا گوزارشت دەکرێت.

## پێگەی گەنجی زانکۆیی لە دەسەڵات

دەسەڵاتی کوردی بۆ ئەوەی گەنجی زانکۆ دوورخاتەوە لە بیری توندوتیژو تەنانەت بیرکردنەوە لە تیرۆر و تۆقاندن، دەبێت کەسانی زانکۆیی لە بڕیارەکانی خۆیدا کە لە دەسەڵات دەری دەکات بەشداریان پێبکات و ڕۆڵیان پێ بدات لە پلەکانی ئیدارەی و حیزبی و بەوەی کاتێک لە زانکۆ دەردەچن نەخرێنە پەراوێزەوەو دوای چەندین ساڵ نائومێدی هێشتا دایاننامەزرێنێت، سەرەڕای ئەوەی نوێنەری هەریەکە لە چین و توێژەکان لە ناوەندەکانی بڕیار بە تایبەت پەرلەمانی کوردستان نوێنەریان بۆ دابنێن، بۆ ئەوەی لە کاتی بوونیان لە هەر ناوەندێکی ئیدارییدا ڕۆحیەتێکی گەنجانە لە دەسەڵات مومارەسە بکەن و هەست بە بەرپرسیاریەتی و ڕاپەڕاندنی کارەکانیان بکەن بۆ خزمەتکردنی هاونیشتمانیان پەروەردەیەکی ڕادیکاڵانەی دەزگا ئیدارییەکان لە پاکسازی گەندەڵکاری ئیداری و دارایی بکەن.

## پاساوی گەنجی زانکۆیی بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی تیرۆر

بەداخەوە لە کۆمەڵگەی کوردی تیرۆر بۆتە دیاردەو پەرەی سەندوەو ڕەگی داکوتاوە، ئەگەرچیش بەپێی قۆناغبەندییەکانی مێژوو لە سەردەمانی چاخی (ماد)ەکانەوە تا دەگاتە ئیمڕۆ کورد تیرۆر دەکرێت و ڕەشەکوژ دەکرێت و ئەگەر دوێنێ سەرکردەکانی تیرۆر دەکران، ئەوا ئەمڕۆ یەکە یەکەی تاکەکانی کورد تیرۆر دەکرێن جا ئەم تیرۆرەی بە چەشنێکی مۆدێرنترە و گەرچی عەقڵیەتی تیرۆریستی پەروەردەی (CIA و FBI) بێت یا

سەدام و بنلادن و زەرقاوی، ئەوە هەر تیرۆرە، بۆیە گەنجانی ئێمە لە پەروەردەی ماڵەوە بگرە تا دەگاتە ناوەندنی خوێندن هێشتا ڕێنیشاندەری نییە لە دوورکەوتنەوەی توندوتیژی، بۆیە دەبینین گەنجی ئێمەش کە زانکۆش تەواو دەکات چێژ لە چەقۆ و دامبۆکس هەڵگرتن وەرەگرێ بۆ هەڕەشەکردن لە لاوە هاوتەمەنەکانیان، بە دیوەکەی تریش ئەگەر دوێنێ جاشە بەعسیەکان کوردیان دەترساندو ڕەشەکوژیان دەکرد، ئەوا ئەمڕۆ لە شێوەی گروپ گروپ لە پەنای ئیسلام هەمان ئەخلاقیاتی درێژکراوی بەعسیان بە چەشنێکی پێشکەوتووترەوە کەسانی لە شێوەی شێخ زانای پێ پەروەردە دەکەن و کۆمەڵگا بەرەو لێکترازان دەبەن. سەرەڕای ئەوە کەسگەلێک هەن لە کۆمەڵگای ئێمە کە دەرچووی زانکۆن و لە دوای ڕووداوی کارەساتە قێزەوەن و پڕۆسەی تیرۆیستیەکەی گروپی شێخ زانا، هێشتا پاساو بۆ تیرۆر دەهێننەوە و بە عەقڵی شێخ بیر دەکەنەوە(دوای ئەو گروپە ئێستا گروپ گەلی دیکەی زۆر خراپتر هەن لە شێوەی قاعیدەو داعش...هتد) سەیریش لەوەدایە پڕۆسەی جیهانگەرایی کە ڕۆژ بەڕۆژ بۆتە واقیع لە ڕێگەی سەتەلایت و ئینتەرنیتەوە عەقڵی گەنجانی جیهان دەگۆڕن، گەنجی زانکۆیی ئێمەش (ناڵێم هەمووی بەڵام هەندێکیان هەن) ئێستاش بەدوای دامەکردن و حیکایەت گێڕانەوەو پیاسەکردنی بەخۆڕایی خەریکن بیریش لە توندوتیژی و تۆقاندن دەکەنەوە. ساڵی2004 لە شارۆچکەیەکی کوردستان، سەنتەرێکی ڕۆشنبیری کۆڕێکیان بۆسازدابووم و دوای تەواووبوونی کۆڕەکە کۆمەڵێک لەو گەنجانەی کە ئامادەی کۆڕەکە بوون دەرچووی زانکۆبوون بە هەموو قەناعەتی خۆیانەوە پێیان وابوو، ئەو تیرۆرەی کە دەکرێت لە کوردستان ڕەوایە، بە

بیانووی ئەوە کە تەزکییەی حیزبی لە دامودەزگاکانی حکومەت وەردەگیرێت بۆ دامەزراندن، یان لەلایەکی تر کاتێک گەنج لە زانکۆ دەردەچێت دوای چەند مانگێک یاخود چەند ساڵێک دادەمەزرێت ئەگەریش دامەزرا ئەوا مووچەی پۆلیسێک دوو بەرامبەری ئەوە یا جوانکردنی بارەگاکانی حیزب و فەرامۆشکردنی گەنج و تەلاری زانکۆکانە، (مەبەستمان کەمپی زانکۆیە) یاخود دروستکردنی مزگەوت لە جێگای کتێبخانە و سەنتەری ڕۆشنبیری، هەروەها سەقەتی و خراپی پەروەردەی منداڵان و ناکارایی خودی گەنجی زانکۆ، چوونە دەرەوەی لاوان بۆ دەرەوەی وڵات کە ئەمەش تیرۆری نێودەوڵەتی لە پشتەوەیەتی، سەرەڕای ئەوەی دەبینین گەنجی زانکۆ بە هەموو بیر و باوەڕێکیەوە بەرگری لە بیر و ڕاکانی (تیرۆرستان) دەکات و قسە بە دەیان ڕۆشنبیری گەورەی کورد دەکات و پاساویش بۆ هەموو ئەو تیرۆرەی کە لە جیهان هەیە دەهێنێتەوە و لەبەر ئەوەی وەزیرێک ئۆتۆمبێلێکی جوانی هەیە، ئەو نیەتی، بۆیە ئەویش لە بەرامبەردا گەشە بە تیرۆری کوردی دەدات، جا لە شێوەی پارچەپارچەکردن بێت یا پڕوپاگەندەو چوونە ڕیزی نێو تابووری پێنجەم.

به دیدی ئێمە دەبێت حکومەت ریفۆرم لە سیاسەتی خۆی بکات لە جێگای چەکدارکردنی گەنج و زیادکردنی دەرماڵەی هێزە چەکدارەکان بیری نا توندوتیژی لە زانکۆکان بکاتە یەکێک لە وانەکانی سەرجەم قۆناغەکانی خوێندنی زانکۆ و لە بەینبردنی بیری عەشیرەتگەری و ناوچەگەرایەتی، تاکو گەنجی کورد لەسەر پارچەیەک زەوی و جۆگەیەک ئاو و خۆشەویستی کچێک بۆ کوڕێک چەندین کەس نەکوژن، هەروەها جیاوازیش لە نێوان

ئیسلام وەک بەرنامەیەکی ڕەسەن و ئیسلامیە بەعسیە تیرۆرستەکان بکەن و نەبنە ئەڵقە لە گوێی چەقی بڵاوکردنەوەی هزری تیرۆر و ئەوانەی کە شەوانە لە ڕۆژئاوا ڕادەبوێرن و بە ڕۆژیش لە ڕۆژهەلات ئەمر بە جیهادکردن دەکەن، لەلایەکی دیکەش کللتوری ڕۆژئاوا لە بەرهەمهێنانی فلیمە سێکسیەکان و جەنگ و پۆلیسی و ڕۆبن هوود و ڕەجول حەدیدی و گراندایزەر ... هتد، ئەمانەش جۆرە تیرۆرێکی سەردەمی پۆست مۆدیرنەن.

**چۆن ڕووبەڕووی تیرۆرو عەقڵیەتی توندوتیژی ببینەوە؟**

1.کاراکردنی دەزگای (بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر) کە کار لەسەر عەقڵی گەنجی کورد بکات و کارنامەیەکی مەدەنی دابڕێژێت لەسەر پەروەردەیەکی ڕادیکاڵی هەنووکەیی نەوەک بڵاوکردنەوەی توندوتیژی و تاک لە کۆمەڵگەش لەو دەزگایە ترسی هەبێت.

2.حکومەتی هەرێم لە سەرجەم شار و شارۆچکەکانی کوردستان سەنتەری ڕۆشنبیری و وەرزشی و هونەری و کافتریا و باخچە و یانەی هەمەچەشن و کتێبخانە و پارکی گەورە دروستبکات، بۆ ئەوەی گەنجان لە کاتی بێکاریدا سەردانی ئەم شوێنانە بکەن هەموو دوربکەونەوە لە بیری توندوتیژی و هەمیش زەخیرەیەکی فیکری و جەستەی بۆ خۆیان دابین بکەن.

3.بایەخدانی حکومەتی کوردستان بە ڕێکخراوەکانی قوتابیان و لاوان و ئافرەتان و منداڵان و ...هتد.

4.بەشداریکردنی گەنج لە دروستکردنی بڕیار و گوێگرتن لە داخوازی و ئاریشەی تەنگ و چەڵەمەکانیان.

5.تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامەکان بەرنامەیەکی تایبەتیان هەبێت لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگای کوردی و دروستکردنی خۆشەویستی و هاوڕێیەتی چاندنی ڕۆحیەتی مرۆڤایەتی و هەستی مرۆڤگەرایی.

6.فلتەرکردنی تۆڕەکانی ئینتەرنێت و قەدەغەکردنی ووتارە ئایینیە پڕ توندوتیژییەکان.

7.هەوڵدا بۆ چاکسازی کۆمەڵگا و دروستکردنی پێگەیەکی بڵند بۆ خێزانی کوردی تاکو پەروەردەیەکی کوردەواری لێ دروست بێت.

***لە ژمارە(38) 2005/9/17 لە رۆژنامەی (روانین) بڵاوبۆتەوە**

## گۆڕانکاری ڕواڵەتی یان تازەکردنەوەی مەعریفەی زانکۆکان

تێگەیشتنی نوێکردنەوەو تازەکردنەوەو گۆڕانکاری لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکەو، لە وڵاتێک و نەتەوەیەکی دیکە جیاوازە، بۆیەشە جیهان بە ڕەنگی جیاواز، بۆنی جیاواز، دەنگی جیاواز، بیرکردنەوەی جیاواز، ڕەفتارو قسەو جلوبەرگ و فەرهەنگ و ئاستی زانستی و کلتوورو داب و نەریتەکانەوە جوانە، ئەگەر هەمووومان وەکو یەک بیربکەینەوەو ئارەزووی یەک جۆر ڕەنگ بکەین، یەک جۆر بۆن هەڵمژین، ئەوسا ژیان هیچ چێژی نامێنیت، لەو ڕوانگەیەوە دەکرێت بڵێن ئاستی تێگەیشتنی من بۆ ئەو بابەتەی باسی لێوە دەکەم جیاوازبێت لە گەڵ کەسێکی دیکەو دەشێت بۆچۆنی ئەو باشتربێت یا خراپتر، بۆیەشە بە هۆی پاشخانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگی کوردستانەوە ئاستی مەعەریفی زانکۆکانی جیاوازە لە گەڵ وڵاتانی جیهانی، ئەمەیش مانای ئەوە نییە هێشتا دەلیڤە لە بەردەمماندا نەماوە تا هەنگاوی جدی بهاوێژین بۆ برەودان بە ئاستی مەعریفی و ئەکادیمی زانکۆکان، بەڵکو ڕێگەیەکی دوورو درێژو دەرفەتی زۆر هەیە، بەڵام دەبێت ئەو چاکسازییە بنەڕەتییەو گۆڕانکارییە ڕیشەییە درێژخایەنە خودی زانکۆکان بە پاڵپشتی هەموو سەرۆکایەتییەکانی کوردستان و پارتە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بکرێت، بە مەرجێک زانکۆ وەک دامەزراوەیەکی ئەکادیمی و مەعریفی لە چوارچێوەی ئیدارەیەکی سەربەخۆی زانستی و دارایی و کارگێڕی خۆی هەنگاوەکان بهاوێژێ و نەخشەڕیگایەکی زانستی و ئەکادیمی بەسوود وەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی هاوشێوەی کوردستان و هاوگونج لە گەڵ پێشکەوتنەکانی ئەمڕۆی جیهان

دابڕێژێت، نەوەک ئەوەی ئێستاو لە ڕابردوو کەسانی دەرەوەی زانکۆ ڕێنمایی بدەن بە زانکۆ بۆ چاکسازی لە خوێندن، بەڵکو ئەوەی لە چەند ساڵی ڕابردوو کراوە هەر تەنها جێگۆڕکێ و گۆڕان بووە لە کەسە ئیدارییەکان و گۆڕانکاری رووکەشی بووە لە لایەن دامەزراوەکانی سەروی زانکۆ، جا ئەو ئاڵوگۆڕەی بەرپرسەکانی نێو زانکۆ لە زانکۆیەک بۆ زانکۆیەکی دی جیاوازتر و لە کۆلێژو بەشێکی دیکە بە جۆرێکی دیکە، زۆرێکیش لەوانە جگە لە میزاج چیدیکەی لە بەدی نەکراوە، بەڵام دوای گۆڕانکاری لە پێکهاتەی کابینەکانی حکومەت دیسان دەبینین لە سەر ئاستی حکومەت کە زانکۆیش کراوتە بەشێکی ئەو پێکهاتە و گۆڕانی رووکەش و جێگۆڕکێ بەرپرسەکان کراوتە دروشمی چاکسازی بە کەسانی دەرەوەو ناوەوەی زانکۆی دەفرۆشنەوە، لە کاتێکدا دەبێت چاکسازی و نوێگەری لە زانکۆ بە جۆرێکی دیکە بێت و ڕەنگدانەوەی زانستی و ئەکادیمی هەبێت بۆ سەر تەواوی کۆمەڵگە، ئاخر لابردنی راگرو یاریدەدەرەکەی و سەرۆک بەشە زانستییەکان چ مانایەکی هەیە، ئێمە ناڵێن کەسێک دوای چوار ساڵ لە پۆستەکەی بهیلدرێتەوە، بەڵکو پێویستە هەر چوار ساڵێک پۆستەکانی نێو زانکۆ ئۆتۆماتیکی گۆڕانی بەسەدابێت، ئەوەیش نەخرێتە نێو بەرنامەی پەرەپێدانی زانکۆ، چونکە ئەوە سیستەمێکی ئیدارییەو پەیوەست نییە بە گەشەپێدانی عیلم، لە لایەکی دیکە کاتێک دەبینیت کۆنفرانس و گۆنگرەی زانستی و وۆرکشۆپی زانکۆکان تایبەت بە پرۆگرامی خوێندن دەکرێت لە دەرەنجامەکەی بێئومێد دەبێت کە سیستەمی سالانە دەکرێتە کۆرسی و کۆرسی دەکرێتە سالانە و خوێندنی بە شە زانستییە هاوشێوەکان دەکرێتە یەک، ئەوەیش هیچ پەیوەندی بە پێشخستنی زانکۆوە نییە، بەڵکو لە

جێگەی ئەوەدا بڕیاری کرداری گرنگتر هەبوو بدرێت و قسەی لە سەر بکرێت، وەک پەرەپێدانی توێژینەوەی زانکۆیی و ڕیفۆرمی میتۆدی خوێندن و ....هتد.

لە لایەکی دیکە چەند ساڵێک بەر لە ئێستا لە پێناو پێشەوەبردنی زانکۆکان و ئاستی زانستی فێرخوازی کوردی حکومەت کاری لە سەر کردنەوەی زانکۆی دیکە دەکردەوە و زانکۆی سلێمانی چەندی زانکۆی دیکەی وەک زانکۆی ڕاپەرین و گەرمیان و هەڵەبجەی لێ جیاکرایەوەو زانکۆی دهۆک وەک زانکۆی زاخۆو نەورۆزی لێجیاکرایەوەو زانکۆی سەلاحەدینیش زانکۆی سۆران و هەولێری پزیشکی لێجیاکرایەوە، ڕاستە ئەو زانکۆیانە بۆ ڕازیکردنی دڵی خەڵکی دەڤەرەکانی دیکەی کوردستان بوو، بەڵام خۆ دەکرا کوالیێتی دەرچووانی زانکۆکانیش باش بکرێت، ئینجا ئەو زانکۆیانە بکرابونایەوە، هەرچەندە زانکۆ چەندە زۆربێت لە کوردستان باشترەو ڕێژەی بڕوانامەی بەرز روو لە هەڵکشان دەکات، بەڵام ئەگەر بەراوردێک بکەین بە سیاسەتی ئەوسای حکومەت و ئێستای حکومەت سەیر دەکەین جارێکی دیکە ئەو سیاسەتە پێچەوانە دەبێتەوە، لە تێکهەڵکێشکردنەوەی زانکۆکان، ئەمەیش بەبێ ئەوەی زانکۆ ویستی ئەو پرۆسەیە بکات، ئەگەر ئەو چاکسازییە یا گۆڕانە بۆ پێشکەوتن بوایە ئاساییە، ئەگەریش مەبەستی دیکەی لە پشتەوەبووە، دیسان ئەو شتێکی دیکەیە، ئەو کاتەیش زانکۆ وەک ئێستا لە بازنەی چەقبەستوویی دەخولێتەوە.

بە داخەوە ئێمە تەنها لە شتە رووکەشەکان لاسایی رۆژئاوا دەیکەنەوە لە جلوبەرگ و خانوو ئۆتۆمبیل و نەوەک لە رووی ئەقڵی و مەعریفەوە، ئاخر دەبینین زانکۆکانی جیهان کاتیک

لاسایی یەکتری دەکەنەوە سەرتاپای جومگەکانی زانکۆ دەگۆڕن بەوی زانکۆ سەربەخۆ دەکریت لە رووی ئیداری و زانستییەوە، هەموو شتیک سەرۆکی زانکۆو یاریدەدەرو راگرەکان و سەرۆک بەشەکان و مامۆستاکانن، ئەوان سەرچاوەی بڕیارن نەوەک سەرۆک وەزیران و وەزیرەکانی، زانکۆ هەرگیز پێشناکەویت تا سەربەخۆنەبیت واتە دەبیت زانکۆ خۆی بڕیار بدات پڕۆگرامی خوێندن بگۆڕێت کۆلێژو بەش بکاتەوە مووچەی مامۆستا زیاد بکات یا دەرماڵەی قوتابی بدات یان نا، قوتابی بنێرێتە دەرەوە، مامۆستا شاند بکات ساڵانە چەند کەس لە بەشە زانستییەکان لە خوێندنی بەرایی و خوێندنی باڵا وەربگرێت، مامۆستا دابمەزرێنێت، بێگەوازێتەوە بەشێکی دیکە، هەڵسەنگاندنی بەشە زانستییەکان بکات، پڕۆگرامی چ وڵاتیک تێکهەڵکێش بکات بە زانکۆکەی، لە گەڵ چ زانکۆیەک پەیوەندی ببەستن و ئاڵوگۆڕی زانستی بکات، ناشکرێت زانکۆ بە ئارەزووی خۆی هەمووشت بکات، بەڵکو وەزارەتی خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی چاودێری زانستی بکات لە رووی داراییشەوە چاودێری دارایی چاودێری بکات، نەوەک بۆ هەموو شتێک بۆ بەڕیوەبەرایەتی گشتییەکی وەزارەتێکی دیکە بگەڕێتەوە، کەوایە رۆڵی سەرۆکی زانکۆو راگرو سەرۆک بەشەکان تەنها ڕۆڵی بریکاری کۆمپانیایەکی زانستی دەبینن کە نوێنەرایەتی حکومەت دەکەن لە راییکردنی کاروباری قوتابیان و بەس، با ئەو دەسەڵاتانەیان پێبدرێت و دیوانی چاودێری دارایی و دەستەی دەستپاکیش چاودێری دارایی و ژمێریارییەکانیان بکات و وەزارەتی خوێندنی باڵایش چاودێری زانستییان وەک هەڵسەنگاندنی ساڵانەی بەشە زانستییەکانیان بکات و وەزارەتی خوێندنی باڵا تەنها سەرپەرشتی پلانە ستراتیژییەکانی خوێندنی باڵا بکات.

زانکۆ لە هەموو دونیا خۆی سەرپشکە لە گەشەپێدانی کارگێڕی و زانستی، ساڵانە بەپێی ئەو بودجەیەی بۆی تەرخانکراوە لەگەڵ داهاتی پرۆژە وەبەرهێنەکانی بەرنامە و پلانی درێژخایەن و مام ناوەندی و کورتخایەن دادەڕێژێت، بەبێ ئەوەی هیچ دەسەڵاتیک بتوانێت کۆنترۆڵی بکات یا بڕیاری بەسەر بدات، ئەوەی ئێستا لە زانکۆکانی کوردستان هەیە جگە لە بچکووکردنەوەی زانکۆ بەناوی تازەکردنەوەو کۆپیکردنی سیستەمی ئەوروپی هیچی دیکە نییە، تا ئیستا گەورە بەرپرسانی کوردستان بەهەڵە لە زانکۆ گەیشتوون، هەموو شتێک لە زانکۆ داوا دەکەن، داوای پێگەیاندنی کادیری کارامەو لێهاتووی لێدەکەن، داوای توێژینەوەی ئەکادیمی لێدەکەن بە بێ ئەوەی کاری لەسەر بکەن، هەرچەندە ئەو داواکاریانە تەنها لە میدیاکانەوە دەبینرێت، بەشێوەی فەرمی نەبووە، کەچی لە بنەڕەتدا زانکۆ خراوەتەوە قەفەزێکی ئاسنینەوە، ئاسەتەنگی دەخەنە بەردەم هەر کابینەیەکی حکومەت ئەجێندایەتی تایبەت جێبەجێ دەکات، ئەوە وادەکات بەرنامەی زانکۆ بشێوێنرێت، کاتێک زانکۆ توانای ژمارەیەکی دیاری کراوی هەیە و دەسەڵاتی سیاسی بڕیاری زۆر زیاتر دەدات ئەو کاتە زانکۆ هیچ بایەخ و حوورمەتی نامێنێت، هەیمەنەی زانکۆ لەکەدار دەکرێت، پەڕلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران پێویست ناکات فشار بخەنە سەر زانکۆکان قوتابی زیاتر وەربگرن، بەڵکو ئەوە ئەنجومەنی زانکۆکان و راگریەتی کۆلێژەکان و بەشە زانستییەکانن ئەو بڕیارە دەدەن، پێویستە پەڕلەمان و حکومەت پێش ئەو فشارە چارەی کێشەی بەشەناوخۆییەکان و کەمپەسی زانکۆکان بکەن لە تەرخانکردنی بودجەی پێویست، یا پێداویستییە زانستییەکان چارەبکەن.

بەدیدی ئێمە پێش هەموو شت کە هەنگاوی بۆ بهاوێژرێت تا زانکۆکان پێشبکەون سەربەخۆیی بەڕێوەبردنی دارایی و زانستیی و گۆڕانکاری میتۆدی خوێندن و دابینکردنی پێداویستییەکانی تاقیگەی کۆلێژەکان و کۆمپیوتەرو فەراهەمکردنی هۆڵی خوێندنە کە شیاوبێت قوتابی تیایدا بخوێنێت، لەگەڵ باشترکردنی کتێبخانەکان و بەستانەوەیان بە کتێبخانە جیهانییەکان و ئاستی مامۆستایان لەڕووی زانستییەوە بەرزبکرێتەوە و بە گروپ پشکداریان پێبکەن لە کۆنگرەو کۆنفرانسە زانستییەکان و خولی جۆراوجۆری زمان و پسپۆڕی و ڕێگەی تازەی وانە وتنەوەیان بۆ بکرێتەوە کە هاوگونج بێت لە گەڵ ئاستی زانستی ئێستای جیهانی ئەویش بەبێ جیاوازی بۆ هەموو زانکۆکان، بەوانە زانکۆ پێشدەکەوێت نەوەک گۆڕانکاری ئیداری و ڕووکەشی لابردن ودانانی کەسانی دیکەو جێگۆڕکێپێکردنیان، یا زۆر جار دەبینین لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن زانکۆکان یا وەزارەتی خوێندنی باڵاوتوێژینەوەی زانستی پۆستێکی ئیداری و زانستی رادەگەیەنن تا ئەوەی بیەوێت ئەو پۆستە وەربگریت سەروبردەی خۆی پێشکەش بکات تا باشترین کەس کە سیڤیکەی بەهێزە دەستنیشان بکرێت، بەڕای ئێمە ئەوە جگە لە لاساییکردنەوەی زانکۆ ئەهلییەکانی جیهان چیدیکە نییە، واقیعی کوردستان جیاوازە کەسێک ئەو پۆستە وەرناگرێت ئەگەر کارمەندی خوێندنی باڵا نەبێت، هەموو کەسێکیش دەزانێت ئەو کەسانەی سیڤییکەیان پێشکەش دەکەن ئەگەر بە بازگەکانی پارتە سیاسیەکاندا تێپەڕنەبێت هەرگیز پۆستەکەی پێنادرێت، ئەمە جگە لە فشاری پارتە سیاسییەکان تا ئێستا زانکۆ لە ژێر دەستەیی ئەوان دەناڵێنێ و باجی پێشنەکەوتنی چەندین ساڵە ڕابردوو دەستێوەردانی ئەوانە، بەڵکو

دەبێت ئەو پۆستە لە نێو کۆلێژو بەشەکان ڕابگەیەنرێت بۆ ئەوانەی ئارەزووی هەڵگرتنی ئە بەرپرسیاریەتیەییان هەیە، ڕەنگە چانسی کەسانیک بەهێزبێ لە وەرگرتنی ئەو پۆستە کە خزمەتی وەزیفییان زۆرتر بێت، لە کاتێکدا خەڵکانێک ئەزموونی کەمیشیان هەیەو خزمەتی کەمیان هەیە، بەڵام توانای باشترو لێهاتوویان باشترە بۆ بەڕێوەبردن، چونکە ئیدارە هونەرە پێش ئەوەی زانستیش بێت، لە کۆتاییدا دەبێتە پیشە، ڕەنگە کەسێک پزیشکێکی سەرکەتوبێت، بەڵام ئیدارییەکی باش نەبێت، یا وانەبێژێکی سەرکەوتوبێت،بەڵام نەتوانێت بەشێکی زانستی یا ڕاگرایەتی کۆلێژ بەڕێوەبەرێت.

لە ژێر رۆشنایی ئەو شیکردنەوەیەی سەرەوە دەکرێت بڵێن تا ئێستا گەورە بەرپرسان هێشتا پلانێکی درێژخایەن و دوور مەودایان نییە بۆ سەر لەنوێ دارشتنەوەی سیاسەتێکی تۆکمە لە گەشەپێدانی خۆرسکی زانکۆکان، تا سەرجەم کایەکانی ژیانی کۆمەڵگەی کوردی لەوێوە سروش وەربگرن و چاکسازییەکانیش ببنە ڕیفۆرمی مەعریفی و ئەکادیمی و ئەقڵی ناوەوەی مرۆڤ، دواجار کۆمەڵگەو فەرهەنگی کوردی پێشەوەبەرێت.

***لە ژمارە(3772) لە 2011/5/15 لە رۆژنامەی(خەبات) بڵاوبۆتەوە**

## کاریگەری زانکۆ لە سەر گۆڕینی کۆمەڵگەدا

بەهۆی کەمی دامەزراوەیی پەروەردەیی و ڕۆشنبیری و زانستی و نەبوونی پەیمانگەو زانکۆ لە کوردستان، لە ماوەی قۆناغبەندییە مێژووییەکانی دوێنێوە، کوردستان بە قۆناغێکی کۆمەڵایەتی چەقبەستوو رۆیشتووە، ئەگەرچی بە شێوەیەکی لەسەرخۆو ساڵانە بەپێی کات بە هۆی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ناوچەکە و جیهان گۆڕانکاری کەم درووست بووە، ئەو گۆڕانکارییەیش شوێنەواری کەمی لە سەر ئاستی بیرکردنەوەو ڕایەڵە گرنگەکانی کۆمەڵی کوردی داناوە، بەڵام دوای پەیدابوونی زانکۆ، هاوکێشە کۆمەڵاتییەکان پێچەوانە بوونەتەوە، بەوەی تێکەڵبوونی قوتابیان و خوێندکاران لە هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ لەخۆگرتووە، کە هەر یەکە لە گوندو ناوچەو دەڤەرەکانی کوردستانەوە هاتوون، بە شێوەزاری جۆراوجۆرو فرەکلتووری و ڕەفتاری هەمەچەشن و جلوبەرگی هەمەڕەنگ و ئاستی بیرکردنەوەو زانیاری جیاوازەوە، هەر ئەوەیش وادەکات بە کارتێکردنی ئەو دیاردانە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی بهێنێتەکایەوە، واتە کەسێک لە گوندێکەوە یا هەر ناوچەیەکی دیکەی کوردستان دێتە زانکۆ کلتووری ئەم شوێنە لە گەڵ خۆی دەهێنێت، هەموو فەرهەنگە جیاوازەکانیش بەیەکەوە تێکەڵ دەبن و بە هاوکێشەی کارو کاردانەوە ئاکامێکی ئەرێنی لێدێتە بەرهەم، لە ڕەفتارگەلی جوان، لە فەرهەنگێکی تازەی مۆدێرنی کوردانە، بە ئاوێتەکردنی شێوەزارێکی تازەی زمانی کوردی، بە شێوەیەکی ناڕاستەخۆ ئەمە دروست دەبێت، دواجار هەموو لایەک لە ناوچەو دەڤەرەکانی کوردستان یەکتری دەناسن و دەزانن قسەی پێ بکەن و لە یەکتر بگەن، واتە زانکۆ

ئەو ڕۆڵە دەبینێت کە شێوە زارێکی هاوبەش لە نووسین و قسەکردندا بسازێنێ، لە نێو نەتەوەی کورد کە پاشتر ببێتە هەوێنی بەهێزکردن و تۆکمەکردنی زمانی کوردی بە هەموو شێوە زارەکانییەوە، ئینجا لە پاڵ ئەوەی کۆڕی زانیاری کوردی و دامەزراوەکانی دیکەی هاوشێوەکانی وەک میدیاکان بە (بینراو، بیستراو، نوسراو) ئەنجامی دەدەن بۆ دروستکردنی زمانی یەکگرتووی کوردی، لە ڕیزی پێشەوەی هەموو ئەوکارە جوانانەدا، زانکۆ پێشەنگی ئەو ڕایەڵە ڕاستەقینە و سەرەکییەی بوونی زمانێکی ستانداردی کوردییە، ئەمەیش تەنها بە نزیکبوونەوەی یەکتری نییە لەکاتی بوونی دەوامی فەرمی زانکۆدا لە نێوان خۆیان قسەی پی بکەن، بەڵکو لە بە ئەنجامگەیاندنی پرۆسەی هاوسەرگیری نێوانیان زیاتر ئەو کردارە قوڵتر دەبێتەوە، چونکە ساڵانە ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە کوڕو کچە گەنجەکانی نێو زانکۆکانی کوردستان، هەریەکە لە گوندو شارو دەڤەرێکی جیاوازەوە بەوپەڕی ئەوین وخۆشەویستییەوە دەبنە هاوسەری یەکتری و خزمایەتی و نزیکایەتی لە نێوانیاندا دروست دەبێت، هەر ئەوەیش وادەکات ئەو نزیک بوونەوەی شێوە زارە لە گوندو شارێکەوە بۆ هەموو شوێنێکی دیکەی کوردستان بگوازرێتەوە و بڵاوبێتەوە، تا خزم و کەسە نزیکەکانی هەردوولایش دەگرێتەوە دەچێتە ناخی ماڵبات و خانەوادەکانیانەوەو هاتووچۆی گەرموگوڕ دروست دەبێت، لە ڕەوشی خۆشی و ناخۆشیەکانی ژیانیش ئەو پەیوەندییە بەهێزتر دەبێت، ئینجا ئەم پرۆسەیە درێژە دەکێشێت و دەبێتە هۆی بە هێزکردنی ڕەگەزەکانی نەتەوەیی و یەکگرتویی تاکەکان و کلتووری شارچییەتی و گەڕەکچییەتی و ناوچەگرایی کاڵ دەبێتەوەو بیری نیشتیمانی دەچێتە ریزبەندی خۆشەویستی

و ئینتیمابوون بۆ کوردستان، ئەمەیش هەنگاوێکی دیکە لە ڕێگەی ستراتیژییەتی کۆمەڵایەتی نەتەوەییەوە نزیکمان دەکاتەوە، تا بگەین بە شاڕێگەی یەک گوتاری کۆمەڵایەتی، یەک کلتووری کۆمەڵایەتی کە بە فەرهەنگێکی تایبەتەوە بە جیهان ئاشنابین، لەهەمان کاتدا کلتووری توندوتیژی و هاوسەرگیری بە زۆر و ژن بەژن و گەورە بە گچکەو بەزۆر بەشوودان و شووکردن و ژنهێنان لە دەرەوەی هۆزو ناوچەیەک چی دیکە سووڕناخواتەوە، کە ببێتە لەمپەر لە بەردەم دوو خۆشەویست تا بەیەک بگەن، ئا ئەوکاتە ئاستەنگە کۆمەڵایەتییە ناپەسەندو ناچیزەو ناوازە خرپەکان، باڵ دەگرن لە کوردستان و کۆمەڵی کوردی بە پاراستنی شوناسی فەرهەنگی کۆمەڵایەتی نەتەوەییەوە، بەرەو قۆناغێکی دیکە گوزەر دەکات، بۆ کۆمەڵگەیەکی مەدەنی کوردی هاوچەرخ، لە سەردەمی ئەمڕۆی پێشکەوتنە خێراکانی نێو دونیای تەکنەلۆژیا کە خەریکە چرکە لەدوای چرکە پەیوەندییە کۆمەڵاتییەکان دەسڕێتەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا زانکۆ کوردییەکان تاڕادەیەک پریشکی پێشکەوتنە تەکنەلۆژیاکانیان بەرکەوتووە، بەڵام هێشتا بەرگری لە مانەوەو بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن، ئەوەیش مایەی خۆشحاڵی هەموو لایەکە.

**لە گۆڤاری (هەرێمی کوردستان) لە ساڵی** 2010 **بڵاوبۆتەوە**

## ئەجێندای هەڵسوکەوتی کەسی زانکۆیی

ئەو ساتانەی قوتابی دەچێتە زانکۆ لە قۆناغبەندیەکانی لاوێتی دایە و بۆیە دەبێت پرۆگرام و بەرنامەیەک بۆ خۆی دابنێت تاوەکو ژیانی زانکۆیی بە ڕێڕەوێکی ساخلەم بەڕێوە ببات و کارنامەی ستراتیژیەکەی سەرکەوتووبێ و کارەکانی ڕازی بێت، بەوەش دەبێت خۆی نمایندەی خۆی بکات تا دواجار نوێنەرایەتی هاو زانکۆییەکان و خەڵکی بکات و جۆرە کەسانە دەکرێت لە ڕەفتار و قسەکردن و هەست و تێفکرینیان و ئاستی ڕۆشنبیریان زانکۆییانە بێ، بەوەی جیابن لە خەڵکی ئاسایی دەوروبەریان و توانای گۆڕانکاریشیان هەبێ لە نێو کۆمەڵگەدا.

## هەڤاڵبەندی و خۆشەویستی لە نێوان کەسانی زانکۆیی

ئێمەی زانکۆیی بۆ ئەوەی جیابین لە کەسانی دەرەوەی زانکۆ دەبێ هەوڵ بدەین لە ڕەفتارکردن و قسەکردن ... هتد، نیشان بدەین کە بە ڕاستی زانکۆیی بین، بۆیە دەبێ نەرمڕەوانە ڕەفتار بکەین و هەوڵ بدەین بچینە نێو دڵی دەوروبەرمان و خۆشەویستی پەیدا بکەین و کەسانی ڕۆشنبیریش لە خۆمان کۆبکەینەوە و بۆ خەڵکی بژین، لە کاتێکدا لە ڕێگەی بڕوانامەکانماندا کە لە کۆششی چەندین ساڵەمانە و زانیاری هەمەجۆریان وەرگرتووە و پێشکەشی تاکەکانی کۆمەڵگەکەمانی بکەین بە زرنگی و نەرمڕەوی خۆمان دژەکانمان دەستەمۆ بکەین و بیانگۆڕین بە دۆست و خۆشەویست، چونکە هاوڕێیەتی و نەرم و نیانی و لێبووردن وادەکەن فرە کەست لێ کۆببنەوە، بەڵام ڕقوکینە و تۆڵە و هەڵچوون و توندوتیژی دوورکەوتنەوەی بەدواداديێت، بۆیە باشتروایە مامۆستای زانکۆ

لە کاتی گوتنەوەی وانەدا واقسە بکات و وانە بڵێتەوە کە ئەوەی قوتابی دەیەوێت، نەوەکو ئەو دەیەوێت و هەستی زامدار بکات و لە عیزەت نەفسی بدات کە دواجار ڕق ئەستووری دروست بکات و قوتابی ئامادەگی تا نەبێت بچێتە نێو هۆڵی وانەوتنەوە لە وانەی ئەو مامۆستایەدا، بۆیە دەبێت مامۆستایەکەی نەرمڕەوبێت تا لە ئاکامدا پەیوەندییەکی دۆستانە دروست بێت و ببێتە هۆی پێشەوەبردنی ئاستی زانست و پەروەردەکردنی قوتابی و گەشەپێدانی فیکری تاکی کۆمەڵگا.

## شێوازی پێشڤەبردنی کەسێتی قوتابی زانکۆ

زانکۆ ئەگەر بیەوێت کەسێتی قوتابی بەرز بکاتەوە، ئەوا دەبێت کایەی زانکۆی بۆ جوان بکات و وای لێ بکات کە ئەو باڵەخانەیەی کە تیایدا دەخوێنێت خۆشی بوێت و بە جەستەو ڕۆح لە هۆڵی وانەدا بێت، ئەوەش بە دانانی وانەی پێشەوەبردنی قوتابیە لە سەرجەم کۆلێژەکاندا کە لەماوەی چوار ساڵی خوێندنیشدا دەیان بابەتی هەمەچەشنی تیۆری تیا بگوترێتەوە، دواجار لەمەیدانی ژیاندا پراکتیزە بکریت و مامۆستا ڕۆڵی پەروەردەکار ببینێت و مامەڵەی دۆستانە لەگەڵ قوتابیەکەی بکات و میهرەبانی و بەخشندەیی لە ئاسمانی دلۆڤانی خۆیدا ببارینێتە سەر قوتابی و لەوێشەوە ئیلهامی پێببەخشێت بۆ دەربڕینی داهێنانی نوێ و ئەفراندنی کاری تازەو لە بەرامبەریشدا قوتابی وەک منداڵ بڕوانێتە مامۆستاکەی و لە دڵەوە خۆشیبوێت، جا ئەو راهێنان و پەروەردەکردنە قوتابی بەوەوە دەبێت کە مامۆستایەکەی لە یانەی کۆلێژ و خواردنی نیوەڕۆ و پیاسەکردنی شەقامە سەرەکیەکان و بەشداریکردن لە

کڕینی جلوبەرگ و کتیب و چۆنیەتی خوێندنەوەی کتێب و چۆنیەتی قسەکردنی بەرەوانبێژی هاوڕێ و ڕێنیشاندەری بێت و فێری هاوڕێیەتیکردنی بکات، ئەمەش بەو مامۆستایانە دەکرێت کە دڵی خوێندکارییان هەبێت و لە نێو پۆلیشدا ستایشی یەکەیەکەی قوتابیان بکات.

**قوتابی لە نێو دوالیزمیەتی چێژ و ئازاردا**

مرۆڤ کە لە ڕووی زەوی گوزەر و دەکات بۆ ئەوەی چێژ لە ژیان وەربگرێت، پێدڤیە سوود لەو کاڵا ماددی و مەعنەویانە وەربگرێت کە حەزیان پێدەکات لە هەمان کاتدا چێژ و خۆشی وەربگرێت لەو کاڵایانەی کە وەدەستی هێناون، لێرەشدا مرۆڤی هۆشکار ئەوانەی کە ئەو کاڵا ماددی و مەعنەویانە بکەنە ئامرازێک بۆ بەختەوەربوونیان و نەخاسمە خوێندکاری زانکۆیی کاتێک دەخوێنێت دەبێت چێژ لە پرۆگرامی خوێندن و هاوڕێکانی و ئازیزانی و مامۆستایەکانی و تەنانەت ئەو باڵەخانەیەی کە تێیدا دەخوێنێت وەبگرێت، تاوەکو لە دوای زانکۆ وەک چیرۆک بە حەسرەتەوە بیگێڕێتەوە، بەڵام مخابن بە پێچەوانەوە زانکۆییانی ئێمە هەمیشە ئازار دەچێژن لەم شت گەلەی کە باسمانکردن، سەیر دەکەین شتی کەم فێر دەبن لەبەر ئەوەی خۆشییان لەو شتانە نایەت، بۆیە کاتێک دەبنە فەرمانبەر لە دەزگاکانی حکومەت بەهەر ناونیشانێک بێت سوود بە کۆمەڵگا ناگەیەنن، چونکە خوێندکارێکی سەرکەوتوو نەبوون، بۆیە فارمانبەرێکی بێ کەڵکیان لێ دەردەچێ و ئەرکەکانیان بە دڵسۆزی ڕاناپەڕێنن، هەر لە ژیانی زانکۆشدا ئەگەرچی وەک پێویست شت فێرنابن و چێژی لێوەرناگرن ئەوا هێشتا لە

کۆمەڵگەی ئێمەدا زانکۆ جوانترین شوێن و پیرۆزترین جێگایە، چونکە لە دەرەوەی زانکۆ ئەو شتانە نین کە لە زانکۆ هەن بۆیە جاری وا دەبینین قوتابی لە بەشی ناوخۆییدا خەرجییەکانی ڕۆژانەی کورت دەهێنێ تا ئەو پارەیەی لەماڵەوە بۆ دێت عیزەت نەفسی ڕێگا نادات کە پارە لە هاوڕێکەی قەرز بکات، بۆیە ئازار دەچێژێت کاتێک دەچێتە یانەی کۆلێژ وەک هاوڕێکانی خواردنی ڕۆژانەی پێناکڕدرێت و چێژ لەم شوێنە وەرنەگرێت و لەهەمان کاتدا کاریگەری لەسەر ئاستی بیرکردنەوەو خوێندنی دەکات خۆی بە کەسێکی کەمتر لەوانەی تر دەزانێت.

## بۆ ئەوەی ببین بە زانکۆیی دەبێت بە عەقڵی خۆمان بیر بکەینەوە

کەسی زانکۆیی بۆ ئەوەی ببێت بەو کەسەی کە جیا بێت لەو کەسانەی تری دەرەوەی زانکۆ دەبێت سەرەتا خۆی نوێنەرایەتی خۆی بکات تاوەکو دوای تەواوبوونی زانکۆ ڕابەرایەتی دەوروبەری خۆی بکات و ببێتە ڕێنیشاندەری خەڵک، نەوەکو وەک هەندێ لەو کەسانەی دێتە زانکۆ هەمیشە لە هەوڵی تێکدانی شانەی هەنگی زانستن و تێدەکۆشن بۆ ناشرینکردنی زانکۆو ئیفلیجکردنی عەقڵەکانی دەوروبەریان و تاوەکو بە عەقڵی دەرەوەی خۆیان بیر بکەنەوە و هەمیشە لە شێواندنی مەفهومی زانکۆ و عیلمدان و لاسایی کەسانی دەوروبەریان دەکەنەوە و لە جلوبەرگ و مۆدێلی شتی ڕواڵەتی و تەنانەت بیرکردنەوەشیان، بێئاگایانە شوناسی خۆیان لە دەست دەدەن ئەوەی خۆیان دەیانەوێت ئەوە ناکەن، بەڵکو ئەوەی ئەوانیتر دەیانەوێت ئەوە دەکەن بەبێ ئەوەی هەستی پێبکەن، لێ خوێندکاری زانکۆ دەبێت ڕاستگۆ بێت لەگەڵ خۆیدا تاوەکو ئەو هێزە شاراوەیەی هەیەتی

بیخاتە بەر چاو، لەهەمان کاتدا بێ هیوا نەبێت لە ژیان، چونکە لەهەر شکستێکدا بە هەوڵدان باوەڕی بە ژیان دەمێنێت، تا دواجار ئەگەر لە خوێندن سەرکەوتوو نەبوو هونەرمەندێکی سەرکەوتووی لێ دەربچێ یا لەدوای تەواوکردنی زانکۆ ئەگەر ڕابەرێکی سیاسی سەرکەوتوو نەبوو ئەوا شاعیر یا نووسەرێکی سەرکەوتوو لێ دەربچێت، بۆیە لێرەدا دەگەینە ئەنجام کە لاساییکردنەوە و بیرکردنەوە بە عەقڵی کەسانی تر ئەوا نامانگەیەنێت بە ئاوات و هیواکانمان و کەسی لێهاتوو و سەرکەوتوومان لێ دەرناچێت، نووسەرێک دەڵێت: (کەس لەو کەسە داماوتر نییە کە هەوڵی ئەوە دەدات کەسێک بێت جیاواز لە کەسێتی خۆی چ لە ڕووی جەستەوە بێت چ لەڕووی عەقڵەوە).

***لە ژمارە(** 1709 **)** 2005/2/15 **لە رۆژنامەی (برایەتی) بڵاوکراوەتەوە**

# ئەركی زانكۆ لە گەشەپێدانی كەسییەتی تاكی كۆمەڵ

ئەگەر چاو بە لاپەڕەكانی مێژوودا بخشێنین، ئەوە دەبینین خوێندنگە و زانستگەكان ڕۆڵێكی گرنگییان بینیوە لە گۆڕانكاری و گۆڕینی ئەقڵییەت و پێشەوەبردنی ڕەوتی ژیانی كۆمەڵگاكاندا، جا ئەو گۆڕین و تازەگەرییە هەموو لایەنەكانی زیندەگی گرتووتەوە، لە سەردەمی ئەمڕۆی جیهانی پێشكەوتن و تەكنەلۆژیای زانیارییەكان و جیهانگەڕاییدا، زانكۆ بووەتە ڕایەڵەی هەرە سەرەكی دروستكردنی دەوڵەتی نوێ، بە پشت بەستن بە بنەما هزریی و زانیارییە تازەكانەوە، لەبەرئەوەی لە ئەمڕۆی شانۆیی سیاسی جیهانیدا، زانكۆ رۆڵ دەبینێ لە كۆمەڵدا، هەم لە ناوخۆیی وڵات و هەمیش لە ناوەوە، لە دروستكردنی تاكی كۆمەڵگەو نزیكردنەوەی بیرو هزرە جیاوازەكان لە یەكتری و دواجار یەكخستنی شێوە زارو زمان و ئاین و ڕێبازگەرایی و هۆزگەرایی و شارچییێتی و خاڵە ناكۆكەكان دەهێنێتە ئاراوە، ئا ئەمەیە زانكۆ لە سەر ئاستی ناوخۆیی ساڵانە بە هەزاران مرۆڤی رۆشنهزر گۆش دەكات و ئاڕاستەی كۆمەڵگای دەكاتەوە، بە ئەندێشەیەكی تازەو بە بیرێكی كراوەتر و بە زانیارییەكی نوێتر و بە فەرهەنگێكی بارگاویكراوی جاواز كە بتوانێت دەوروبەری خۆیشی بگۆڕێت، ئا ئەمەیە ئەركی زانكۆ كە دەتوانێت هەمیشە ژیان و ژینگە بگۆڕێت، وەك سونەتێكی ژیانیش پێویستە مرۆڤ هەمیشە بیر لە تازەگەری بكاتەوە، لە چركەیەكەوە تا دەگاتە ساڵانە، سروشتی ژینگەیش بەوە جوان و قەشەنگە، كە هەرگیز لە سەر یەك ڕێتم رێ ناكات، بەڵكو هەردەم لە نوێبوونەوە دایە، بۆنی خۆش دەبەخشێت، لە وەرزێكەوە بۆ وەرزێكی دیكە بە جۆرێكی دیكە

بۆن دەبەخشێت، ڕەنگی جیاوازتر دەنوێنێت لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە، ئەوەیش وا دەکات مرۆڤ هەرگیز بێزار نەبێت و ژیانی خۆش بووێت، زانکۆیش هەمان ڕۆڵ دەنوێنێت، بەڵکو زانکۆ سروشی لە سروشت وەرگرتووە، تا کۆمەڵگە بەرەوە پێشببات، تاوەکو پەرە بە کەسییەتی تاک بدات، بە هۆی ئەوەی خوێندن و فێربوونی زانکۆیی ڕەهەندی جیاوازی هەن، واتە ڕەهەندگەلێکی وای هەن لە بوارە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و هزرییەکانەوە، وادەکەن بە شێوەیەکی سیستماتیک گۆڕان بهێننە کایەوە، کە زۆر جاران مرۆڤ خۆدی خۆی پەی بەم گۆڕانە نەبردووە، وەک ئەوەی لە چەند ساڵی ڕابردوودا، زانکۆکانی ئێمە لە کوردستان ئەنجامیان داوە، بەتایبەت زانکۆ گەورەکەی کوردستان و یەکەمین زانکۆی کوردی لە سەر ئاستی کوردستاندا، کە زانکۆی سەلاحەدینە لە شاری هەولێر، ئێستایش دوای ئەو پەرەسەندنەی لە خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستان بەدی دەکرێت، ڕۆژ بە ڕۆژ زانکۆی تازەتر دێتە دروستبوون لە دەڤەرە جیاوازەکاندا، دەبینین پەرەپێدانێکی ئێجگار زۆر هاتووتە بەرهەم و پێشەوەچوونێکی فکری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەنانەت هۆشیاری سیاسیشی لێبەدی کراوە، بە بەڵگەیش دەتوانین لە چەند ساڵی ئایندەدا ئەوە لەو قەزایانە ببینین کە خەریکە حکومەتی هەرێمی کوردستان زانکۆیان لێ دابمەزرێنێت(لەگەڵ ئەوەی سەرنجمان لەسەر میکانزمی کردنەوەی زانکۆکان هەبووە)، ئەوەیش بە واتای ئەوە نایەت کە زانکۆکانی ئێمە لە هەرێمی کوردستان وەک زانکۆکانی ئێستای جیهان ئاستی زانیاریان پێشکەوتووەو توانیویانە ئەو گۆڕانکاریانەی لە کۆمەڵگەکانی دیکەی جیهان هاتووتە کایەوە، ئەوانیش داهێنان و ئەفراندنیان خولقاندووە، بەڵام لە گەڵ

ئەوەیشدا شتی باشیان کردووە، چونکە دەبێت ئەویشمان لە بەر چاوبێت، دروستبوونی زانکۆ کوردییەکان لە هەرێمی کوردستاندا، لە ئانوساتێکی نالەبارو هەستیارو لە کاتێکی وا هاتوونەتە دامەزراندن لە گەڵ واقیع و کاودانی وڵاتانی دیکە جیاوازی هەیە، ئێمە لە هەرێمی کوردستان، پەروەردەی قۆناغێکین کە لە سەردەمە یەک لە دوای یەکەکانی تا ئەو ساڵانەی دوایی، ژێر دەستەبووین، ئازادی بیرکردنەوەمان لێخەفەکرابوو، تەنانەت نەمان دەتوانی بە زمانی خۆیشمان بخوێنین، جا چ جای ئەوەی بتوانین داهێنان بکەین و ساڵانە لە زانکۆدا بەرهەمێکی نوێی پێشکەش بە کۆمەڵی خۆمان بکەین، واتە ئەوسا زانکۆ ئەرکی ڕاستەقینەی خۆی لە دەستدا بوو،بەڵام ئەمڕۆ ڕێک پێچەوانەبووتەوە، دەکارێت هەم کاربەدەستانی زانکۆ و هەمیش زانکۆییان خۆیان لە خویندکارو مامۆستاو فەرمانبەرانەوە بەدیدێکی تازەترەوە، بە بیرکردنەوەیەکی نوێترەوە، بڕواننە ئاریشەو دیاردە هەمەچەشنەکان و شیکردنەوەی هەمەجۆری بۆ بکەن و پاشتریش ئاکامێکی ئەرێنی و بەسوودی لێبکەوێتەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا بۆ ئەوەی گۆڕینی باشتر بکرێت لە کۆمەڵدا، دەبێت زانکۆ و تاکی کۆمەڵگە پەیوەندییەکی بەهێزیان لە نێوانیاندا هەبێت، بەوەی کەسانی زانکۆیی لە مامۆستا و خوێندکار توێژینەوەی هەمەجۆر ساز بکەن لە سەر دیاردە نەشیاوەکانی کۆمەڵ و پێشنیاری باشترکردنیش بخەنەڕوو بۆ بە ئاڕاستەبردنی کۆمەڵ بە کەنارێکی رۆشنتر، بۆ ئەمەیش دەبێت زانکۆ دەستکراوەتربێت لە پاڵپشتی ماددی ومەعنەوی ئەو کەسانە بەو ئەرکە هەڵدەستن لە نێو زانکۆدا، هاوشان لەگەڵ ئەمەیشدا ئازادییەکانیش کە لە هەمووی گرنگترەو رۆحی پێشەوەچوونی مەودای فراوانبوونی

مێشکی هەر مرۆڤێکە بە پێدانی سروشی داهێنانکارییەوە، کاتێک ئازادی و دیموکراسی لە نێو دامەزراوەیەکی ئەکادیمی و مەعریفی و زانستییەوە وەک بەشێک لە کۆمەڵگەی مەدەنی زیاتر چرۆ دەکەن، ئەو کاتانە نڤارو پەرەپێدان و بەرهەمی تازەتر دێنە بەرهەم، بەمەیش تاکی زانکۆیی پێشەوە دەچێت، کەوایە تاکی زانکۆییش بەشێکە لە کۆمەڵ و دواجاریش کۆمەڵ پێشدەکەوێت و گەشەدەسێنێت، زانکۆیش بەمە ئامانجی خۆی دەپێکی و ڕەهەندە هزری و مەعریفی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکەی دەهێنێتەدی، کە ئەمانەیش دەبنە ستوونی سەرەکی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی دامەزراوەیی کە تیایدا یاسا فەرمانڕەوایی دەکات، بۆیە دەکرێت بێژین هەموو ئەمانە وادەکەن زانکۆ ڕۆڵ ببینێت لە دووبارە داڕشتنەوەو سەرلەنوێ درووستکردنەوەو گەشەپێدانی کەسێیەتی تاکی کوردستان، کە تا ئەمڕۆ کەسێیەتییەکی تاڕادەیەک لە رزۆک و داڕووخاوی هەیە، بەهۆی ڕەنگدانەوەی پیادەکردنی سیاسەتی کلتووری خەفەکردنی بیرکردنەوەو ئاگایی سیاسی و زانیاری و مەعریفی و چەسپاندنی فەرهەنگی دۆگماتیزم و کڕنۆش بردن و بە پیرۆزکردنی هەموو شتێک جگە لە کەسی زانکۆیی، خۆشبەختانەیش، کاودانی کوردستان بە قۆناغێکی گرنگی ژیان گووزەر دەکات، کە زانکۆییانی هەرێمی کوردستان، دەتوانن سوود لەو بارودۆخە وەربگرن و مێشکیان بخەنە جوڵەو شەونخونی بکەن بۆ هێنانەدی خەونە ڕەنگاڵەییەکانیان، لەگەڵ ئەوەیشدا حکومەتی هەرێمی کوردستان بە مکووڕترە پشتگیری زانکۆ بکات، بە پێدانی بوودجەیەکی تایبەت بۆ ئەوەی لە هەموو بەشە زانستییە جۆاوجۆرەکانەوە توێژینەوە لە سەر دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و کەسێیەتی تێکشێنراوی تاکی کوردی بکرێت،

تا ئێمەیش وەک کۆریای باشوور لە پاش چەند ساڵێکی دیکە بتوانین پێشبڕکێی پیشەسازی و بەرهەمی تەکنەلۆژی و پێشکەوتنەکانی جیهان بکەین و لە هەرێمی بەکاربەرەوە ببینە هەرێمێکی بەرهەمهێنەر، بە دڵنیایەوەیش ئەوە دەبێت زانکۆکانی کوردستان سەرکێشی ئەو وەرچەرخانەی کوردستان بن.

*ل**ە ژمارە**(2) **ئایاری** 2010 **گۆڤاری**(**زانکۆپرێس**) **بڵاوکراوەتەوە**

## زانكۆكانی كوردستان لە نێوان كوالێتی دەرچووان و فراوانبووندا

ئەگەر پێناسەیەكی رووكەشی زانكۆ وەك دەزگایەكی ئەكادیمی و پەروەردەیی و فێركاری و زانستی بكەین، ئەوە جگە لەوەی دامەزراوەیەكی گرنگەو بەشێكی زۆر پڕبەهای كۆمەڵی مەدەنییە، ئەوە دامەزراوەیەكە لە سێ چوار ڕەگەز پێكدێت ئەوانیش باڵەخانەكان و مامۆستاو قوتابی و فەرمانبەرە، بەبێ بوونی قوتابیش زانكۆ هیچ مانایەكی نییە، سەنتەری كاری زانكۆ پگەیاندنی قوتابی و خزمەتكردنی كۆمەڵگەیە لە ڕێگەی توێژینەوە هەمەجۆرە زانستییەكانەوە، ئەركی سەرەكیشی فێركردن و گەیاندنی زانیارییە بە قوتابی و پێشخستنی زانست و بەخشینی بڕوانامەیە لە زانستە جیاوازەكان و تاقیكردنەوە بە قوتابییە لە بواری هەمەچەشندا و ئاسانكاری دەكات بۆ توێژینەوەی زانستی خوێندنی بەرایی(بەكالۆریۆس) و خوێندنی باڵا (دبلۆمی باڵا- ماستەر – دكتۆرا- پۆست دكتۆرا).

ئەگەر چاوێكیش بە واقیعی ئێستای زانكۆ حكومیەكانی كوردستاندا بخشێنین دەبینین لە سەر دوو ئاستدا فراوانكاریان بەخۆە بینیەوە، زانكۆ ئەهلییەكانیش كە پێیان دەگوترێت زانكۆی كەرتی تایبەت لە هەرێمی كوردستان مێژوویان هێندە زۆر نییە،بەڵكو لەو چەند ساڵەی دواییدا دامەزراون و هێشتا بەرهەمیان نەبوە تا قسەی لەسەر بكرێت تا بزانین ئاستی فراوانبوون و كوالێتی دەرچووانیان چۆنە، بۆیە زیاتر تیشك دەخەینە سەر زانكۆ حكومییەكانی كوردستان كە خۆیان لە دوو ئاستی ستوونی و ئاسۆیی بینیوەتەوە، بە حوكمی

بەرزبونەوەی ڕێژەی دەرچووانی ئامادەیی بەناچاری زانکۆکانیش پلانی وەرگرتنیان فراوانکردووەو لە بەشە زانستییەکاندا ژمارەی زیاتریان لە دەرەوەی پلانی وەرگرتن وەرگرتووە، بەمەیش جار جارە ژمارەی بەش و کۆلێژو زانکۆی تازەش کراونەتەوە، لەلایەک بۆ ئەوی لۆدی سەر زانکۆکان کەمتربێتەوە لەلایەکی دیکە خەڵکی شارۆچکەکانیشیان ڕازیکردووە، ساڵانە ژمارەیەکی زۆر قوتابی لە دەرچووانی ئامادەیی لە زانکۆو پەیمانگا حکومی و تایبەتەکان وەردەگیرێن، بەڵام هێشتا ژمارەیەکی زۆر لە دەرەوەی پلانی وەرگرتن دەمێننەوە، سەرەڕای کردنەوەی ئەو ژمارە زۆرەی کۆلێژو بەش و زانکۆی حکوومی و تایبەت، ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە بەشێکی ڕەنگە بۆ بیرکردنەوەی کلاسیکی ئەکادیمییەکان و بەشێکی بۆ ئەوەیە تا زۆری و بۆری نەهێڵدرێ و ئاستی زانستی قوتابی بەرزبکرێتەوە وەک لە بڕیاری داخستنی خوێندنی ئێوارانی کۆلێژەکان بەدیاردەکەوێت و بەشێکی دیکەیش بۆ ئەو ژمارە بێشومارەی دەرچووانی ئامادەییەکان دەگەڕێتەوە، هەرچەندە ئەو ژمارەیەی ئێستا وەردەگیرێت ژمارەیەکی کەم نییەو بە بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو ڕێژەیەکی بەرزە، هەروها لە چوارچێوەی ئەو فراونبونەیشدا باڵەخانەو تەلارو کەمپی زانکۆیی دروستکراون، بەڵام لە ئاست خواستی گشتیدانییە، چونکە ئەگەر هەموو زانکۆکان کەمپی تایبەت بە زانکۆکەیان هەبوایە ئەوە ئەو ژمارە زۆرەی دەچنە دەرەوەی پلانی وەرگرتن لە زانکۆ ئەوکات لە زانکۆکان وەردەگیران، ئەوەی جێگەی قسە لە سەرکردنە نەبوونی کەمپی زانکۆی دایکی زانکۆکانی کوردستانە، کەمپی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر کە چەندین ساڵە بەردی بناغەی بۆدانراوەو دیزاینی تایبەتی هەیە

کەچی بەبیانوی جۆراوجۆر لەلایەن حکومەتەوە خراوەتە پەراوێزەوە.

لە نێو ئەو فراوانبونەیشدا جگە لە وەرگرتنی ژمارەی قوتابیانی بەرایی ژمارەی وەرگرتنی قوتابیانی خوێندنی باڵاش زیادی کردووەو گۆڕانکاری لە پڕۆگرام و میتۆدی خوێندن کراوەو سوود لە تەکنەلۆژیای سەردەم وەرگیراوە لە بەکارهێنانی داتاشۆ و سیستەمەکانی کۆمپیوتەر لە کاتی ڕاڤەکردنی وانەکان و دواینجاریش ڕاگەیاندنی پڕۆژەی زانکۆ لاین لە وەرگرتنی قوتابیان لە زانکۆدا، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە زانکۆکان پێشکەوتنی باشیان بەخۆیەوە بینیوە لەچاو ئەو چاوەڕوانییەی خەڵکی لێوەی هەیانە، چونکە هێشتا کوالیتی کادیرە دەرچووەکانیان لە ئاستی پێویست نییە، ئەگەرچی نابێت بەراوردیان بکەین بە ئاستی زانستی زانکۆ جیهانییەکان و واقیعی ئێستای زانکۆکانی دونیا، بەڵام دەبێت ئاستی زانستی قوتابی باشتر بێت لەوەی ئێستا هەیە، ڕەنگە بەشێکی بۆ بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و پێشکەوتنەکانی ئەمڕۆی جیهان بگەڕێتەوە، کە زۆربەی وڵاتانی جیهان بەدەست کەمتەرخەمی قوتابی دەناڵێنن، بەڵام لە هەمووی گرنگتر قوتابی خۆی سەرقاڵکردووە بەشتی لاوەکی و کەمتەرخەم لە وەرگرتنی زانست و زانیاری و خوێندن، بەشێکی زۆری دەخوێنێت بۆ وەرگرتنی بڕوانامەو دامەزراندنی لە دەزگایەکی حکومی، نەک دەزگایەکی کەرتی تایبەت، واتە بۆ زانست و سوود وەرگرتن ناخوێنێت تا ئەو زانستە لە ژیانیدا بخاتە واری کردنییەوە، باشترین بەڵگەشمان بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانکۆ ئەوڕوپییەکان و توێژینەوەکانیان وەک توێژینەوەی ماستەرو

دکتۆراکانی لای خۆمانه و ماندوبوونی زۆری پێوەدیارە، حکومەت و کەرتی تایبەت سودی لێوەردەگرێت، ئەمەش لە وڵاتێک و زانکۆیەکەوە ئەو بایەخە دەگۆڕێت و بەشێوەیەکی رێژەییە، کەچی توێژینەوە کەمبایەخەکانی لای خۆمان تەنها بۆ کتێبیخانەی کۆلێژەکانەو کەس نایخوێنێتەوە، چ جای کاری لەسەر بکرێت، ئەگەر بڕوانامە تەنها بۆ بەدەستهێنانی کاری باش بێت، بێگومان کوالێتی خراپ دەبێت، ئەوە بۆتە کلتوور نەک دیاردە ئەمەش لە کۆمەڵگای کوردی، شتێکیش لە دیاردەوە بۆیە کلتوور کاری زۆری دەوێت تا دەگۆڕێت، لێرەوە زانکۆکان بە پاڵپشتی مامۆستایان و دەستەی وانەبێژی دەتوانن ئەو کلتوورە بگۆڕن، قوتابی هۆشیار بکەنەوە خوێندن تەنها بۆ دۆزینەوەی کاری بێ ماندووبوون نییە، تا لە دەزگایەکی حکوومی دابمەزرێن، بەڵکو خوێندن جگە لە وەرگرتنی زانیاری و زانستی تازەو بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری تێگەیشتن و کەڵەکەبونی زانستە لە مێشک و هزری کەسی زانکۆیی، گۆڕانە لە رەفتارو هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەو هۆشیاری، کرانەوەی رۆح و بیرە، بەرزکردنەوەی توانای جەستەیی و هزری و بەڕێوەبردن و زاڵبونە بەسەر گرفتەکانی ژیان، چارەکردنی کێشەکان، هاوکاریکردنی دەوروبەر، ڕۆڵ ببینن لە شانۆی فراوانی جیهان، دیارکەوتن و تازەکردنەوەی سروشتی ژیانە، پاکبونەوەیە، رێگریکرتنە لە خراپەو نیشاندانی ڕەوتی چاکەی کارو قوڵکردنەوەی ئاسۆ رۆنی ژیانەوەیە، فریادڕەسی مرۆڤایەتییە، پاشان بڕوانامە ئامرازیکە بۆ خۆبەڕێوەبردن لە ڕێگەی پسپۆڕیەکی تایبەتمەندەوە جا لە هەر کەناڵێکی خزمەتگوزاری بێت، بە پیشەی ئەندازیاری، پزیشکی، ژمێریاری، مامۆستا، پارێزەر....هتد.

لێرەدا دەمانەوێت ئەوە بڵێین کە هەموو ئەو شتانەی گۆڕان لە زانکۆ دەکەن و دەیخەنە قۆناغێکی دیکەی کارەوە، کە ئەرکی سەرەکی خۆیەتی توێژینەوەی زانستییە، بەمەیش دەبێت رۆشنبیری توێژینەوەی زانستی بڵاوبکرێتەوە، لە سەر ئاستی زانکۆکان بایەخی زیاتری پێبدرێت، نەوەک تەنها بۆ قوتابیانی خوێندنی باڵا، بەڵکو بۆ قوتابیانی خوێندنی بەکالۆریۆسیش، چونکە ئەوەی زانکۆ لە قوتابخانەکان جیادەکاتەوە لە ئێستای سەردەمی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو جیهانگەڕاییدا توێژینەوە زانستییەکان و ڕاپرسییە زانستییەکانە، ئەمە تەنها بە بەشداری قوتابی نابێت لە هۆڵی وانەگوتنەوەدا، بەڵکو بە چالاکی کارای قوتابی دەبێت لە وانەی ڕۆژانەو بە بەهێزکردنی توانای زانستی و هزری لە چارەکردن و شیکردنەوەی کێشەکان و گەیشتن بە ڕێگەچارەی زانستی، ئەمەش بە هەماهەنگی مامۆستا دەکرێت بۆ وازهێنان لە شێوەی موحازەرە گوتنەوەی کلاسیکی قوتابخانەکان، ڕەخنەگرتن، بیرۆکەی تازە، شیکردنەوە بە گروپ، وۆرک شۆپ، ئەمانە قوتابی ڕیفرێش دەکەنەوە، هەموو ئەمانە بە هاوبەشی مامۆستاو قوتابی دەکرێت، بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی هاوبەش و بایەخدان بە پرسیارو وەڵامی کورت و پڕماناو دوورکەوتنەوە لە ئەزبەرکردن و پرسیارەکان لە شێوەی زێدە هەڵبژاردن بێت وادەکات ئاسۆی بیرکردنەوەی قوتابی ڕۆشن بێت، جگە لە گۆڤاری زانستی فەرمی زانکۆکان ئەوە رۆژنامەیەکی مانگانەی زانستی دەربکرێت بۆ بڵاوکردنەوەی نوێترین توێژینەوەی زانستی قوتابیان و مامۆستایان لە بری ماندووبونیش پاداشتی ماددی و مەعنەوییان پێبدرێت، لەلایەکی دیکە هەفتەی توێژینەوەی زانستی یان وەرزی توێژینەوەی زانستی بۆ مامۆستاو قوتابی سازبکرێت، تا

لەو کاتەدا قوتابی بیرۆکەی نوێ و توێژینەوەکانی بخاتەڕوو و هانی ئەواندیکەیش بدات، هەروەها پێشبڕکێی باشترین توێژینەوە لە کۆرسەکانی ساڵدا ئەنجام بدرێت و دیاری بۆ باشترین توێژینەوە ئامادەبکرێت.

لێرەوە دەگەینە ئاکامی ئەوەی کە فراوانبونی زانکۆکانی کوردستان لە سەر هەردوو ئاستی ستونی و ئاسۆییدا کارێکی باشە، بەڵام دەبێت هاوشان لەگەڵ ئەو فراونبوونە کوالیێتی دەرچووانیشیان باش بێت تا کێبڕکێ لە نێوان کەرتی تایبەت و حکومەت بکرێت لە دامەزراندنی هێزی کاری ئەو زانکۆیانە، ئەمەیش بە ڕاهێنان و فێربوون و زانینی باشترین توێژینەوەی زانستی قوتابیان.

***لە ژمار(10) تشرینی یەکەمی 2011 گۆڤاری(زانکۆپرێس) بڵاوبۆتەوە**

## دڵنیایی جۆری و بەرهەمهێنانی کارمەندی پیشەگەر

پراکتیزەکردنی ئەرکی دڵنیایی جۆری لە زانکۆکان هەنگاوێکی بوێرانەیە، بۆ باشترکردن و پێشەوەبردنی پەروەردەو فێرکردن و خوێندنی باڵا لە کوردستان، چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی لە زانکۆکانەوە کارمەندو دەرچووی بە ویژدان و دڵسۆز بێتەبەرهەم، دواجار کۆمەڵگەیەکی دڵسۆز لە کارو بیرکردنەوە دێتە ئاراوە، پاشتر پێویست بەوە ناکات وەزارەتەکانی بازرگانی و تەندروستی، چاودێری خواردەمەنی و کاڵاکانی بازاڕ بکەن بە بەرووبومە خۆماڵی و هاوردەکانییەوە، ئەو دەمە پێویست ناکات دامەزراوەیی کوالیتی کۆنترۆڵ هەموو کاتژمێر لە سەر سنورەکانی هەرێمی کوردستان لە ئامادەباشیدابێت بۆ کۆنترۆڵکردنی کاڵا هاوردەکان، تا دڵنیابیت ئایا ئەو کەلوپەلانە ماوەی بەکاربردنیان بە سەرچووە یان هێشتا کاتی بەکاربردنی ماوە، تا تاکی کوردی بەکاری بهێنێت و لە بازاڕەکانەوە بەوپەڕی دڵنیاییەوە بیکڕێت و گومان لە نەخۆشی و زیانەکانی نەکات، تا جارێکی دیکە دەرمانی پزیشکیی ماوە بەسەرچوو بەکار نەهێنێت بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەی، هاوکات دیسان بەکاربەر پێویستی بە یاسای بەکاربردن نابێت تا ماوەیەکی دوورودرێژ چاوەڕوانی پەرلەمانی کوردستان بکات تا لوتف بفەموون بۆ پەسەندکردنی یاساکە، چونکە زانکۆ کارمەندو هێزی کارێکی واهی پەروەردە دەکات خۆی ویژدانی ڕێگەی پێ نادات ئەو ساتانەی ببێتە بازرگان لە پێناو قازانجێکی زۆری ماددی دونیایی بێت هاونیشتیمانیان و هاوڵاتیانی خۆی لە براو

خوشکەکانی دووچاری چەرمەسەری نەخۆشی بکات، ئەو کات دەچێت کامە بەرهەمی جیهانی هەیە، لە کۆمپانیا بەناوبانگەکانی باشترین کوالێتی کالاَی پێویست و ناسەرەکیش هەیە لە خواردن و خواردنەوە بیگرە تا دەگاتە جل و بەرگ و دەرمان و ئامرازو ئامێرەکانی هۆیەکانی بەرهەمهێنان و پێداویستییەکانی ژیان هاوردەی کوردستان دەکات. دەرچووی زانکۆ ئەوکات بێکار نامێنێتەوە لە ماڵ دابنیشێت، بەڵکو سەرمایەداران و کۆمپانیاکان کێبڕکێ لە سەر وەرگرتنیان دەکات لە دامەزراوەکەی خۆیان تا بەزانیاری و زانست و شارەزاییان هەریەکە لە پیشەکەی خۆی وەک پیشەگەرێک پرۆفیشناڵانە جۆرایەتیترین و باشترین بەرهەم بهێنێتە کایەوە بە کوالێتی بەرزیش بیخاتە بازاڕەوە، ئەمەیش تەکانێکی زیاتر بە گەشەپێدانی ئابووری هەرێمی کوردستان دەدات، لە بەگەڕخستنی هەموو کەرتە ئابوورییەکان بە شێوەیەکی گشتی، لەوساتەیشدا بە هۆی زۆری هەلی کارەوە داهاتی تاک بەرزدەبێتەوە و ژیانی هەرتاکێکیش بەرەو خۆشگوزەرانی دەڕوات، دواجار داهاتی نەتەوەیی بەرزدەبێتەوە، بەمەیش ئابووری کوردستان پێدەنێتە قۆناغێکی گەشەکردوو لە چاو وڵاتانی دواکەوتوودا.

***لە ژمارە**(3459) **لە** 2010/4/30 **لە رۆژنامەی** (**خەبات**) **بڵاوبۆتەوە**

## زانكۆی ئەلیكترۆنی

## بە گۆڕانكاری لە فەلسەفەو میتۆدی خوێندن دێتەكایەوە

لە ئەمڕۆی پێشكەوتنە خێراكانی تەكنەلۆژیای زانیاری لە سەر ئاستی جیهان، كە رۆژ بە رۆژ ئەو پێشكەوتنە بەرفراوانتر دەبێت و ژمارەیەكی یەجگار زۆر لە خەڵكی دونیا كەڵك لەو پێشكەوتنە وەردەگرن، ئەوەیش لە ئاكامی داهێنانی زانكۆییانی زانكۆ جیهانییە بەناو بانگەكانە، ئەگەرچی پێشكەوتنی هەموو گەلانی جیهان بە هۆی بایەخدانیان بووە بە زانكۆكانیان و كردنەوەی زانكۆی تازەو دواجار ئەو زانكۆیانە ڕەنگدانەوەیان بەسەر كۆمەڵكردووەو گۆڕانكارییەكە بۆتە ڕیشەیی و سەرتاپای كایەكانی ژیانی گرتۆتەوە، بەڵام ئەو گۆڕانكاری و ئەفراندنە لە شوێنێكەوە بۆ شوێنیكی دیكە، بەهۆی هەڵكەوتەی جوگرافی و داكەوتی سیاسی و كۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەوە جیاوازە، تەنانەت لە زانكۆیەكەوە بۆ زانكۆیەكی دیكە جیاوازە، وەک چۆن سیستەم و فەلسەفەی خوێندن لە خۆرئاوا و ئەوروپا جیاوازی هەیە لە گەڵ وڵاتانی خۆرهەڵات، نەمازە سیستەم و فەلسەفەی خوێندنی زانكۆكانی هەرێمی كوردستان، ئەگەرچی لەم ساڵانەی دواییدا تارِدەیەک بە هۆی كرانەوەی كوردستان بەڕووی دەرەوە پێشكەوتن هاتوونەتە ئاراوە، بەڵام هێشتا نەبۆتە هۆی جێگەی ڕەزامەندی و خواستی زانستخوازان و خەڵكی كوردستان، هەرچەندە لەمپەری زۆر هەبوونە لە بەردەم پێشنەكەوتنی زانكۆكان لە ڕووی ستوونییەوە، بەڵام دەكرا كاری باشتر بكرێت تا هیچ نەبێت ئاستی زانستی زانكۆكانمان بگەنە ئاستی زانستی زانكۆكانی وڵاتانی دەوروبەرمان، بە گۆڕانكاری

له سیستەمی خوێندن بە شێوەیەکی پراکتیکی نەوەک بە سازکردن کۆنفرانس و کۆنگرەی ڕووالەتی.

**ڕێگەیەکی دیکە بۆ وەرگرتنی خوێندکاران لە زانکۆ**

ئەگەرچی شێوازی وەرگرتنی خوێندکاران لە زانکۆ، شێوازێکی کۆنەو رۆحی داهێنان لە قوتابی خەفە دەکات، بەڵام تا ئێستا دادگەرترین سیستەمە بۆ واقیعی ئێستا کوردستان، بە هۆی بوونی پاشخانە فیکری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و سیاسی و ئابوورییەی هەیەتی، تاکە سیستەمە یەکسانە تا یەکسانی پەیڕەو بکرێت و مافی کەس پێشێل نەکرێت، بەڵام تاکەی بیر لە سیستەمی دیکە نەکرێتەوە، بەدیدی ئێمە باشتر وایە ساڵانە هەر کۆلێژێک لە هەموو زانکۆکان ژمارەی کورسییەکانی خۆی رابگەیەنێت لە گەڵ مەرجەکانی پێشکەشکردن، ئاگاداری دەرچووانیش بکاتەوە کێ ئەو مەرجانەی تیایە با پێشکەشی ئەو بەشە زانستییە بکات، ئەگەر ئەو بەشە زانستییە (30)کورسی راگەیاند بوو لەوکاتەدا ژمارەی پێشکەشکاران زیاتربوو گشت ئەو خوێندکارنەیش مەرجەکانیان تیابوو ئەنجوومەنی زانکۆ یا کۆلێژ دەسەڵاتی زیادکردنی کورسییەکانیان هەبێت لەوەرگرتنی هەموو ئەمانە، یان کێ خاڵی زیاتربێت لە مەرجەکان ئەو کەسە وەربگیرێت، ئەوکاتەیش خوێندکار گلەیی و گازاندە ناکات و ئاستی زانستی خۆی دەزانێت، ئەوەی نمرەی نزم بوو باجی نزمی نمرەکەی بابچێت بە پارە لە زانکۆیەکی تایبەت بخوێنێت و مانگانە یا ساڵانە کرێی خوێندن بدات، بۆ دابینکردنی کرێی خوێندنیش یا خۆی بەکارکردن و ڕەنجی شانی یا خانەوادەکەی کرێیەکەی بۆ بدەن، ئەگەر ڕێگەی لەم شێوەیە پەیڕەوبکرێت لە وەرگرتنی خوێندکاران، بێگومان ئەوکاتەیش خوێندکار وێڕای

سەقەتی میتۆدی خوێندن و کۆنی پڕۆگرامەکان، هێشتا خۆی ماندوو دەکرد لە خوێندن تا بەنمرەی باش سەرکەوێت و بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانکۆ وەربگرێت.

**کۆنفرانسە زانستییەکان و خولانەوە لە یەک بازنەدا**

لە چەند ساڵی رابردوودا چەند کۆنفڕانس و کۆنگرەی زانستی لەسەر ئاستی خوێندنی باڵا سازکراون، بەڵام ئەوانە هیچ نەبوونەتە هۆی ئەوەی سیستەمی خوێندن بگۆڕێت و شوێنەوار لە سەر مامۆستاو قوتابی دابنێن تا ئاستی زانستی بەرزبێتەوە، بەڵکو تەنها لە بازنەیەک خولاونەتەوە بە گۆڕانکاری لە سیستەمی خوێندن لە کۆرسییەوە بۆ ساڵانەو دواتر لەساڵانەوە بۆ کۆرسی و یەکخستنی پڕۆگرامەکانی خوێندنی هەندێ لە بەشە زانستییەکانی سلێمانی و هەولێر، لە گەڵ کەمێک گۆڕان بەرێژەی سەدا 10% لە میتۆدی پڕۆگرامی خوێندنی گشت بەشە زانستییەکان بەدانان و لابردنی هەندێ بابەت، بەبێ گۆڕانکاریکردن لەسەرتاپای پڕۆگرامی خوێندن  کە هاوگونج بێت لەگەڵ واقیعی ئێستای جیهان و پێشکەوتنەوەکانی ئەمڕۆ.

سازکردنی کۆنفڕانسی هاوبەشی ساڵانەی نێوان زانکۆکانی کوردستان کە هەر بەشێکی زانستی هاوبەش ئەو کۆنفڕانسە سازبکەن بە توێژینەوەی تازەی مامۆستایان و خوێندکاران زانکۆکان پێش دەخات و ئاستی زانستی بەرزتر دەبێتەوە، کە لە ئێستادا ئەرکێکی پڕ بایەخی زانکۆکانە بە خوێندکارانی خوێندنی بەرایی و خوێندنی باڵاوە لە ماستەرو دکتۆرا، ئەوەی چەند ساڵێکە لە هەندێ کۆلێژی زانکۆی سەلاحەدینیش ساڵانە بە هاوبەشی لەگەڵ چەند زانکۆیەکی دیکە بەرێوەدەچێت مایەی خۆشحاڵییەو دەخوازین سەرجەم بە شەزانستییەکانی زانکۆکانی

کوردستان هەنگاوی ئەرێنی لەم جۆرە بگەرنە بەر کە ئەمە ئەرکی ڕاستەقینەی کەسانی زانکۆییە، کە دەبێتە دەروازەیەک بۆ گۆڕینی سیستەم و فەلسەفەو نەخشە ریگای خوێندنی باڵا لە داهاتوودا. هەروەها بەرنامەیەکی چڕوپڕ هەبێت بۆ ئەندامانی دەستەی وانەبێژی لەناردنە دەرەوەیان بۆ کۆنفڕانس و کۆنگرە زانستییەکان، نەوەک هەموو کۆنگرەو کۆنفڕانسێک تەنها ستافێک بچنە دەرەوەو ئەوەی دیکەیش لە دایکە عەرەبەکە بێت و بێبەش بکرێت لە جیهانی دەرەوەو دەرگای بەڕوو دابخرێت بەبێ هیچ پاساوێکی زانستی.

گەشتە تەرفیهییەکانی ساڵانی قۆناغی کۆتایی بکرێنە ساڵانەو لە هەر چوار قۆناغی کۆلێژ ئەو گەشتانە سازبکرێن، گەشتەکانیش بەمانای ڕاستەقینە ئەکادیمی و زانستی و مەعریفی بێت و هەر مادەیەک گەشتی زانستی تیابکرێت و مامۆستای مادەکە سەرپەرشتی بکات و نمرەی لە سەردابنرێت و داوای ڕاپۆرت لە قوتابی بکرێت.

## ئاوێتەکردنی میتۆدی خوێندن بە تەکنەلۆژیا

بۆ ئەوەی خوێندکاران و مامۆستایانی زانکۆ لە تەکنەلۆژیای سەردەم دوورە پەرێز نەبن و کەڵکی زیاتر لە ئامێرەکانی تەکنەلۆژیا وەربگرن بەتایبەت کۆمپیوتەر و هێڵەکانی ئینتەرنێت، بە ئاوێتەکردنی شێوازی وانەو وتنەوە گوێگرتن لە موحازەرەی ڕۆژانەی مامۆستایان تا ستایلی وانە وتنەوەی مامۆستایان بە شرۆڤەکردنی لێکچەرەکانی رۆژانە بێت بەپێی سیستەمی کاتژمێر و بەکارهێنانی داتاشۆو کەڵک وەرگرتن لە سیستەمەکانی کۆمپیوتەر بۆ دانانی پرۆگرامەکانی خوێندن بە بەرنامەی پاوەرپۆینت و ئەکسڵ و ئەکسس و ویندۆزو...هتد،

چونکە بەمشێوەیە خوێندکار زانیارییەکانی مامۆستا خێراترو باشتر وەردەگرێت، هەرچەندە مامۆستای وانەبێژیش بۆ ئامادەکردنی موحازەرەکان ماندوو دەبێت، بەڵام ئەوکاتە هەم خۆی سوودمەند دەبێت و هەمیش خوێندکارەکانی زیاتر تێدەگەیەنێت، هەروەها سیستەمی ئامادەبوون و ئامادەنەبوونی خوێندکار بە شێوازیتر بێت و هەر کۆلێژێک ماڵپەری تایبەت بەخۆی هەبیت لەڕێگەی ئەو ماڵپەرەوە خوێندکار خشتەی وانەکانی بزانێت و تەنانەت ئەنجامی تاقیکردنەوەو کویزەکانیش هەر لەو ماڵپەرە ڕابگەیەنرێت وهەر خوێندکارێک ئیمێڵی تایبەتی خۆی هەبێت لە پۆرتەری خۆی ئەنجامی تاقیکردنەوە هەرچی زانیاری تایبەت بەخۆی و بەشەزانستییەکەی و کۆلێژەکەی وەربیگرێت، ڕێژەی غیابات و چالاکیەکانی رۆژانەیشی دیاری بکرێت، لە تاقیکردنەوەکانی کۆرسات بە خولەکانی یەکەم و دووەم لە ماڵپەڕی کۆلێژەکەیدا هەموو بەشەکان بەناوی یەکە یەکەی خوێندکاران و هۆڵی تاقیکردنەوە و ژمارەی کورسییەکان دیاری بکرێن و قوتابی جگە لەناوی خۆی ژمارەیەکی تایبەت وەک ژمارەی تایبەتی خوێندکار لەو کۆلێژە هەبێت (Student Number)، ئەمەیش بە بە سوود وەرگرتن لە پڕۆگرامی خوێندنی زانکۆ جیهانییەکان دەکرێت، نەوەک بە هێنانی سیستەمێکی کۆپیکراو لە وڵاتێکەوە بۆ هەرێمی کوردستان، وەک ئەوەی وەزارەتی پەروەردە لەکۆنگرەیەکی ناو گەورەدا سیستمێکی هێناو نەیتوانی پەیڕەوی بکات، چونکە هێشستا گرفتی باڵەخانەی چارەنەکردبوو، کە چەندین دەوام لە یەک باڵەخانە دەخوێنن، یا کێشەی لە نەبوونی پسپۆڕی زۆربەی وانە زانستییەکان هەبوو کەچی دواجار شکستیخوارد، بۆیە زانکۆکانیش پێش هەموو شت بیر لە درووستکردنی کەمپەسی زانکۆ بکەنەوە ئینجا کار بۆ

گۆڕینی سیستەمی خوێندن بکەن، ئەمە بۆ زانکۆ ئەهلییەکانیش هەمان شتە پێش ئەوەی خوێندکار وەربگرن پێویستە کەمپەسی تایبەت بە زانکۆکەیان هەبێت، لە ژینگەیەکی ستانداردی خوێندنی زانکۆییدا، باشترین کوالیتی لە ئاستی زانستی دەرچووانی پێشکەش بە بازاڕی کارو حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن.

دەکرێت توێژینەوەی دەرچووانی قۆناغی کۆتایی بە گروپ بێت بە سوود وەرگرتن لە ئینتەرنێت و هەر گروپیش لە هۆڵێکی کۆلێژەکەیان بە ئامادەبوونی سەرپەرشتیارو لیژنەیەک لە پسپۆڕان توێژینەوەکەیان پێشکەش بکەن، هەر مادەیەکی خوێندن کە مامۆستا بە خوێندکاران دەیڵێتەوە باشتروایە پێش دەستپێکردنی موحازەرە مادەکان لە ماڵپەرەکەی کۆلێژ بڵاوبکرێتەوە تا خوێندکار روئیایەکی لا دروست بێت و لە ناو موحازەرە قسەی لە سەر بکات و گفتوگۆی لە سەربکات، خوێندکار هەر پرسیارێکی هەبێت لە مامۆستا لەکاتی تاقیکردنەوەکاندا لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە پرسیارەکە ئاڕاستەی مامۆستاکەی بکات، تا ئاسانکاری زیاتر بێت بۆ ئەوەی کاتی بە رۆیشتن بۆ کۆلێژو بەفیڕۆ نەدات، ئاسانکاریەکی دیکەیش کە تەکنەلۆژیا دەیکات بۆ سەرۆکایەتی زانکۆکان و کۆلێژەکان ئەویش ئەوەیە شوێنی نیشتەجێبونی و ژووی خوێندکار ساڵانە لەکاتی وانە خوێندنی سەرەتای ساڵ لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە لە ماڵپەڕی کۆلێژەکان رابگەیەنرێت، ئەوەی گرفتی هەبێت ئاگاداری بکەنەوە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی بەشەناوخۆییەکان بکات تا چارەی گرفتەکەی بکەن.

بە ئاوێتەکردنی سیستەمی خوێندن بە کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت وادەکات قوتابی کۆلەوار نەبێت لەم تەکنەلۆژیا پێشکەتووە، ئەمە

نەک تەنها خوێندکار، بەڵکو مامۆستایانی دەستەی وانەبێژیش ئاستی زانستییان پێ بەرزتر دەبێتەوە، چونکە ئێستا زۆر لە مامۆستایانی زانکۆ هەنە هیچ لە کۆمپیوتەرو نازانن و ئیمێلی ئەلیکترۆنیان نییە، جا چ جای لە ئینتەرنێت بزانن، زۆر خەوشە لە سەردەمی ئەمڕۆدا خوێندکارو مامۆستای زانکۆ لە نەزانێت، ئەگەر ئەو شتانەی باسمانکردن بە پڕۆسەیەکی چەند مانگی هاتنە جێبەجێکردن، ئەوکاتە زانکۆی ئەلیکترونی دێتەکایە، وەک زانکۆکانی جیهان ئاستی زانستی بەرزدەبێتەوەو ئاسانکاری خێراتر دەبێت بۆ توێژینەوەی زانستی، دروستکردنی زانکۆی ئەلیکترۆنی بە سوود وەرگرتن لە شارەزایانی ئای تی بەشە زانستییەکانی پڕۆگرامسازی و کۆمپیوتەری زانکۆکان، دەبێتە هۆی وەرچەرخانێکی زانستی و کارگێڕی لە هەرێمی کوردستان.

**سەرنج: هەرچەندە لەم ساڵانەی دوایی هەنگاونراوە بۆ بە ئەلیکترۆنیکردنی زانکۆکان، بەڵام هێشتا لە هەنگاوی سەرەتاییدایە، بەتایبەت لەسەردەمی بڵاوبونەوەی پەتای کۆڕۆنا.**

## ئەنجوومەنی نوێنەرایەتی خوێندکاران

سیستەمی نوێنەرایەتی خوێندکاران لە سەر ئاستی زانکۆکان بە شێوەی ئەنجوومەنی نوێنەرایەتی خوێندکارانی زانکۆکان بێت و سەرۆکی ئەنجوومەنەکەیش ئەندامی ئەنجومەنی زانکۆ بێت، دانانی ئەو نوێنەرانەیش لە رێگەی هەڵبژاردنی ساڵانە وەبێت و بە شێوی سیستەمی فەردی بێت لە هەر گروپێک خوێندکارێک هەڵبژێردرێت ببێتە نوێنەر یا سەرۆکی گروپ(Leader Group)، تەنها ئەو سەرۆکی گروپەیش بەناوی هەموو گروپەکە قسە بکات و پێشنیارو داواکاری و گرفەتەکانی خوێندکاران بگەیەنێتە سەرۆکایەتی بەش و راگرایەتی کۆلێژ، لە نێوان سەرۆکی

ئەنجوومەنی خوێندکارانی زانکۆکانیش کەسێک هەڵبژێردرێت بۆ نوێنەرایەتیکردنی خوێندکاران لە ئەنجوومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵاوتوێژینەوەی زانستی، لە هەڵبژاردنەکانیشدا هیچ لایەنێکی سیاسی و تەنانەت رێکخراوە قوتابی و خوێندکارییە حیزبییەکانیش دەستی تێوەر نەدەن، چونکە ئەو هەڵبژاردنانە تەنها بۆ دانانی دەمڕاست و نوێنەری گروپەکانە لە زانکۆ نەوەک نیشاندانی رێژەی ئەندامانی پارتە سیاسییەکان و هێزی ڕاستەقینەیان لە نێو زانکۆدا.

## فرۆشتنی توێژینەوەکانی مامۆستایان و خوێندکاران

بۆ ئەوەی زانکۆ لە ئاستێکی باڵادا پێشکەوتنی بەرچاو بەخۆیەوە ببینێت، پێویستە توێژینەوەی دەرچووان و مامۆستایان و تەنانەت قوتابیانی قۆناغەکانی دیکەی زانکۆ لە ئاستێک بێت ببێتە هۆی ئەوەی حکومەت و دەزگاو کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت بە پارە بیکڕن و سوودی لێوەربگرن لە کاری پراکتیکی دامەزراوەکاندا، نەوەک لە کتێبخانەی کۆلێژەکان تۆزی لە سەر بنیشێت، چونکە توێژینەوەی زانستی رۆحی زانکۆیە، بە لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی ئاست بەرز زانکۆکان پێش دەکەون و ناوبانگی زانستیان بەرزدەبێتەوە، ئەو کاتەیش توێژەری زانکۆیی زیاتر هاندەدرێت بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی باشتر و جۆری بەرز پێشکەش بکات و جارێکی دیکە، زانکۆ هەیمەنەی تەواوی بۆ دەگەڕێتەوەو دەبێتە دامەزراوەیەکی مەدەنی و ئەکادیمی و مەعریفی لە سەر ئاستی کوردستان و هەرچی دامودەزگای کوردستان هەیە لە کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت پرس و ڕاوێژ بە زانکۆ دەکەن.

**کردنەوەی کۆلێژی خوێندنی باڵا**

لە بەرئەوەی بازاڕی کاری کوردستان پێویستی بە هێزی کاری دەگمەن هەیە، کە زانکۆکانی کوردستان بەشی زانستی لەم شێوەیان نییە، پێویستە ئەم بەشانە بکەنەوەو لە سەر ئاستی خوێندنی باڵا بە ماستەر و دکتۆرایش ژمارەی کورسییەکان زیاد بکەن، ئەگەر نەتوانرا ژمارەی زیاتر وەربگرن، هەوڵبدەن لە سەر ئاستی زانکۆکان کۆلێژێکی تایبەت بەخوێندنی باڵا نەوەک هاوشێوەی کۆلێژی خوێندنی باڵا جاران، بەڵکو ئەو کۆلێژە بە پشت بەستن بە مامۆستاکانی کۆلێژەکانی دیکەو هێنانی مامۆستای بیانی بەکرێیەکی کەمتر خوێندنی باڵا بکەنەوە لە سەرجەم بەشە زانستییە جۆراوجۆرەکان تا داهاتی نەتەوەیی حکومەتی کوردستان نەچێتە دەرەوە، چونکە ساڵانە پارەیەکی ئێجگار زۆر لە داهاتی حکومەت و داهاتی تاک دەچێتە دەرەوە بەمەبەستی تەواوکردنی خوێندنی باڵا، بۆ ئەوەی ئەو داهاتە بگەڕێتەوە و وەبەرهێنانی زیاتر لە خوێندنی باڵا بکرێت و مامۆستاکانی ناوخۆیش سوودی دارایی زیاتر وەربگرن کار بکرێت بۆ کردنەوەی کۆلێژێکی خوێندنی باڵا تەنها ئەرکی پێگاندنی خوێندکاری (ماستەر، دکتۆرا)بێت.

**فێربوونی زمان و کەڵک وەرگرتن لە زانستی سەردەم**

پێویستە هانی خوێندکاران بدرێت، بۆ فێربونی زمانی عەربی و ئینگلیزی، بۆ ئەمەیش بەشە زانستییەکانی زمانی ئینگلیزی و عەرەبی زانکۆکان بە کرێیەکی ڕەمزی خوێندکارنی زانکۆ فێر بکەن و داهاتی کۆڕسەکانی زمانیش بۆ مامۆستایانی فێرکاربێت.

***لە ژمارە(6) کانوونی یەکەمی 2010 لە گۆڤاری (زانکۆپریس) بڵاوبۆتەوە**

## له پێناو ئەکتیڤکردنی رۆڵی زانکۆ له کۆمەڵگەی کوردستان

*** پێناسەی ئێوە بۆ زانکۆ چییە؟**

ئەگەر به دیوێکی دیکه پرسیار بکەین زانکۆ وەک سەنتەرێکی رۆشنفکری و پەروەردەیی ئەرکی چییه له کۆمەڵگەی کوردستانیدا، یا چەند ئەو فاکتەره کاریگەره بووه له شانۆی ئەمڕۆی کاودانی سیاسی و زانستی و ئابووری کوردستان؟ بێگومان زانکۆ وەک ناوەندێکی زانستی و کۆمەڵایەتی و بەشێک له کۆمەڵگای مەدەنی ئەگەر به ئەرکی راستەقینەی خۆی هەڵبستێ و دەورێکی جوان و کاریگەری لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگه و دەوڵەتیش وەکو دامەزراوەیەکی سیاسی دەبێت، ئەمەش وا دەکات ئاڕاستەیان بکات بەرەو بەرەو رێڕەوێکی تەندروست و عەقڵانی تا دەوڵەتێکی دامەزراوەیی یاسایی و دادپەروەر و کۆمەڵگەیەکی پاک و هۆشیار و روناکبیر پەروەردە بکات، ئەمەش له خۆوە ناکرێ، بەڵکو به رێنمایی و ئاڕاستەکردنی ئەو قوتابیانه دەکرێت که له نێو کایەی زانکۆدا دەخوێنن و بەشێک له کۆمەڵگاو پیاوی داهاتووو خوێنی نوێی دەوڵەتن، بۆیه ئەگەر زانکۆ رۆڵی راستەقینەی خۆی بگێڕێت بەبێ رەچاوکردنی ئەو ئاستەنگانەی لەبەردەمیدان، کەسێک خۆی نەگۆڕێت له گونجاندنی له نێو کایەی زانکۆ ئەوا زانکۆ بەخۆی دەیگۆڕێت، بەڵام سەد لەسەد ئامانجی خۆی ناپێکێ و زانکۆش ئەو پەیامەی که هەڵیگرتووه تاوەکو به قوتابی بگەیەنێت ناتوانێت ئاڕاستەی بکات بەهۆی سەقەتی پڕۆگرام و سیستەمی خوێندن تا دەگاته کەموکوڕییه تەکنیکی و زانستییەکان لەبەرئەوەشه نەیتوانی ببێته مەڵبەندی بەرهەمهێنانی هزرو بیری نوێ و بەکارخستنی ئەقڵی نوێ

دووره له کۆمەڵگاو بەرنامەی ستراتیژی و دوورمەودایی بۆ کۆمەڵگا نییه له چارەسەرکردنی ئاریشەکانی کۆمەڵگادا، لەبەرامبەریشدا دەسەڵات پەراوێزی خستووه بەوەی بۆچونی وەرناگرێ و بەشداریان پێ ناکات بۆ پەرەپێدانی دامودەزگاکانی دەوڵەت له سوود وەرگرتن له لێکۆڵینەوەو تێزەکانیان، جگه لەوەش مانگانه بەسەدان ملیۆن دینار بۆ وەزارەت و دەزگاکانی دیکه خەرج دەکرێت، بەڵام ئەو پارەیه بۆ دروستکردنی هۆڵی خوێندن و سەرچاوەی زانستی و کۆمپیوتەر و پێداویستیەکانی تری قوتابیان خەرج ناکرێت، زانکۆ بۆته کۆیلەی بەڕێوەبەرایەتییه گشتییەکانی حکوومەت، هەم سەربەخۆیی و هەمیش سەربەخۆیی کارگێڕی نییه، دەبێت بۆ هەموو شتێک نوسراوەکانیان دوای ساڵێک له دەزگاکانی دیکەی سەرووتر راوێژو رای لەسەر بدرێت، جگه لەوەش هێشتا زۆربەی کۆلێژەکان له باڵەخانەی مەنزومەو قوتابخانەو شوێنی دیکەدانه که شیاوی کۆلێژ نیه، ئەی چۆن دەتوانێت کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا بکات؟! که خۆی به دەست گرفتەکانیەوە دەناڵێنێ و نەتوانێ کێشەکانی خۆی چارەسەر بکات! بێگومان ناتوانێ ئاریشەی خەڵک چارەسەر بکات، لەلایەکی دیکه هەندێ کۆلێژو زانکۆی هەرێمی کوردستان به بڕیاری سیاسی و تاکەکەسی حیزبی کراونەتەوه بەبێ ئەوەی هیچ پێداویستی و پلانی زانستی بۆ دانرابێت، لەلایەک حکومەت داوا له زانکۆ دەکات ئەو ژماره بێشوماره قوتابی وەربگرێت و لایەکی تر داوای بەرهەمهێنانی کاراو لێهاتوو لێدەکات، لەبەرامبەریشدا هەرشتێک سوودی بۆ زانکۆ هەبێت نایکات، یاخود دوای دەخات، ئەگەر حکومەت دەیەوێت کادیری لێوەشاوه بەرهەمهبێنێت له زانکۆ دەبێت تاقیگەی زانستی و سەنتەری کۆمپیوتەر بکاتەوەو

زانکۆش لە رووی دارایی وکارگێڕییەوە سەربەخۆ بکات و هۆڵی وانەگوتنەوە دروست بکات و ژیانی مامۆستایانیش باش بکات و هانی قوتابیان بدات تاوەکو ئەو پەیامەی لە ئەستۆی زانکۆ دایە بە ڕێڕەوێکی تەندروست بگەیەنێت لە پێشڤەچوونی زانست و داهێنان و تازەگەری، ئەمەش بە دانانی ئەجێندای مانگانە دەبێت بۆ داهاتووی زانکۆکان و دامەزراوە حکومییەکانی کوردستان لەوێشەوە رەوتی کۆمەڵگا ئاڕاستە بکات بۆ کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن و ساخلەم و پەنجە لەسەر هەموو کەموکوڕییەکان دابنێت و وەک پزیشکێک سارێژی برینەکان بکات.

ئەگەر بەچەشنێکی تر سەیری بکەین بۆیە زانکۆ رۆڵی کارای وەک پێوسیت نەگێڕاوە، لەبەرئەوەی زانکۆ ئەوەندەی دوژمنی هەیە، ئەوەندە خەمخۆرو دۆستی نییە.

*** ئاستی زانستی زانکۆ چۆن دەبینی؟**

ئاستی زانستی زانکۆکان لە دابەزیندایە، ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە، لە لایەک ئاستی مامۆستایانی زانکۆ لە وانەوتنەوە کلۆڵەو لەلایەکی دیکە سەقەتی پڕۆگرام و میتۆدی خوێندن ئەوا ئاستی رۆشنبیری و ئەکادیمی مامۆستا هاوتەریب لە گەڵ قوتابیان و سەردەمی ئەمڕۆی جیهانگیری و ئینتەرنێت و ئامرازەکانی ئێستای زادەی تەکنەلۆژیای تازەی پۆست مۆدێرنە نایەتەوە، بۆیە گەر وەکیدی بڕوانینە هۆکاری دابەزینی ئاستی زانستی ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە:

1. رێسای پەڕینەوە (عبور).
2. گەڕانەوەی (ترقین قید)کراوەکان.
3. پەیڕەوکردنی سیستەمی غیابات.

4. زۆری پشووو بۆنە فەرمی و نافەرمییەکان.
5. درک نەکردنی قوتابی بە ئەرک و ماف و ڕێنمایی زانکۆیی.
6. لاوازی پەیوەندی نێوان مامۆستاو قوتابی.
7. غیاباتی بە کۆمەڵ و پابەندنەبوون بە وانەکان.
8. نزمی ئاستی زانستی و رۆشنبیری بەشێک لە مامۆستایانی زانکۆ.
9. کەمی سەرچاوەی زانستی لە گۆڤارو پەرتووک و نەبونیی هێڵی ئینتەرنێت.
10. نەبونی کەمپی زانکۆکان و پێداویستیەکانی هۆڵی وانەوتنەوە و تاقیگەو ئامرازی ئاسانکاری وانەوتنەوە لە ئامێری داتاشۆو سلاید پرۆجێکترەو ڤیدیۆ کۆنفرانس و تەلەفزیۆن و نەخشەی رەنگاو رەنگ.
11. سیستەمی وەرگرتنی قوتابیان.
12. سەقەتی سیستەمی کارگێڕی حکومەت لە مامەڵەکردن لەگەڵ زانکۆ.

پوختەی قسەکانمان ئاستی زانستی دابەزیوەو پێویستە هەرچی زووە خەمی لێوە بخورێت ئەگەرنا زۆر خراپتر دەبێت و زانکۆ بریتیە دەبێت لە گەشت و ئاهەنگ و هەڵپەڕکێ و سەنگی زانکۆو زانکۆییەکان کەم ئەرزش دەبێت.

***رۆڵی رێکخراوە قوتابی و خوێندکارییەکان لە پێشەوەبردنی رەوتی خوێندن چۆنە ؟**

رێکخراوە دیموکراتییەکان بەتاییەت رێکخراوە قوتابی و خوێندکارییەکان لە پێش راپەڕین بەشێک بوونە لە بزاڤی رزگاریخوازی کوردو رۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لە گۆڕەپانی

بزوتنەوەی خوێندکاریدا، لەبەرگریکردنی مافە پیشەیی و نەتەوەییەکانی قوتابیان، بزوێنەری شۆڕش و راپەڕینەکان بوونە، بۆیە دەبینین زۆربەی سەرۆک زانکۆو راگرو سەرۆک بەش و بەرپرسانی حیزبی و حکومی و سەربازی لە وەزیرو بەڕێوەبەرە گشتییەکان و تەنانەت پەرلەمانتارانیش لەو رێکخراوانەوە پەروەردە بوونە، ئەگەر سەیری دروشمەکانیان بکەین دەبینین هەموو رێکخراوەکان دروشمی سەرەکیان (زانست)ە و بۆ پێشەوەبردنی رەوتی زانست دروستبوونە، نەک دواکەوتویی و پەروەردەکردنی قوتابی تەمبەڵ، ئەگەریش رێکخراوێک ببێتە هۆی دواخستنی زانست و دابەزینی ئاستی زانستی قوتابیان، بە دیدی ئێمە دەبێت ئەو رێکخراوە خۆی هەڵوەشێنێتەوە یا دەرگای ئۆفیسەکانیان دابخرێت.

بەداخەوە ئەمڕۆ لە گۆڕەپانی بزوتنەوەی قوتابیاندا هەندێ رێکخراو وەک پاشکۆی حیزب و ئایدۆلۆژیای حیزبیەوە دەخزێننە ناو زانکۆکان بێ ئاگایانە قوتابی دوور دەخەنەوە لە خوێندن و تا وای لێدەکەن ئەو قوتابییە هێندە سەرقاڵی کاری حیزبی و رێکخراوەیی بێت ئەوەندە سەرقاڵ و خولیای خوێندن و وانەو زانست نەبێت و کۆمەڵێک کەسی دیکە پەروەردە دەکات تا لە دەرەنجامدا زۆرێک لە خوێندەڤانان توشی ئەو نەخۆشییە دەکات، بەڵام گەر بە دیوێکی تر بیخوێنینەوە بوونی رێکخراوەکان بەشێویەکی ساخڵەم ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن ئەوا دەبنە فاکتەرێکی کارا لە پێشەوەبردنی ئاستی زانست لە زانکۆکاندا بە دوورکەوتنەوە لە بەرەڤانیکردن و پارێزەرایەتیکردنی خوێندکاری تەمبەڵ، ئەگەریش واقیعی ئەمڕۆی بزوتنەوەی قوتابیان بخوێنینەوە ئەوە چەندین رێکخراو

بوونەتە ئاسەنگ لەبەردەم پێشەوەچوونی ئاستی زانستی لە زانکۆکاندا، جا ئەوە لە زانکۆیەک بۆ زانکۆیەکی دیکە بە شێوەی رێژەیی دەگۆڕێ، سەرەڕای ئاستەنگە بابەتی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان کە دەبێت لە داهاتوودا رێکخراوەکان لە پێناو بەدەستهێنانی دەنگ ئەجێندای کاریان بگۆڕن کە هاوگونج بێت لەگەڵ سەردەم و واقیعی ئەمڕۆی زانکۆکان.

*** هۆکارەکانی تەمبەڵی و پابەندنەبوونی قوتابی بە موحازەرەکانەوە چییە؟**

نەخوێندنی قوتابی و پابەند نەبوون بە خوێندن ئەوە هۆکارگەلی خۆی هەن، لە هەموویان گرینگتر هەست دەکات دوای 16 ساڵ خوێندن کاتێ دەردەچێ ئەگەر بیەوێت لە دەزگایەک دابمەزرێت ئەگەر واسیتەی هەبێت باشە، ئەگینا دانامەزرێت، ئەگەریش واسیتەی هەبێت و دامەزرا بەو بڕە مووچەیەی کە (157) هەزار دینار زۆر کەمە ناتوانێت بژێوی ژیانی دابین بکات، کە رەنگە چەند کارتێکی مۆبایلی پێدەکڕدرێت، ئەی ئەو گەنجەی خێزان پێکدەهێنێت، ئەوەش وایکردووە قوتابی بۆ وەرگرتنی زانست و زانیاری نەخوێنێ، بەڵکو بۆ ناجح بوون و بڕوانامە دەخوێنێ، لە لایەکی تر باری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵاتی هۆکاری دیکەن لە سستی قوتابی جگە بایەخ نەدانی حکومەت بە قوتابی زانکۆو نەشیاوی هۆڵی وانەگووتنەوەو باڵەخانەو تاقیگەکان، بۆیە قوتابیش درک بەوە دەکات کەس گرینگی پێنادات لە مامۆستا و ئیدارەو حکومەت و تەنانەت باوک و دایکیشی، بۆیە بە دوای شتی تەرفیهیدا دەگەڕێت، هەم بەشداری موحازەرات و کۆڕە زانستیی و رۆشنبیرییەکانی

کۆلێژەکەی یا پەیمانگاکەی ناکات، هەمیش لە خوێندنەوەی پەرتووکی رۆشنبیری کلۆڵە، هەمیشە بە دوای ئاهەنگ و هەڵپەڕکێی و گەشتی تەرفیهیدا دەگەڕێت بەرەو ئەو شوێنانەدا رادەکات، ئەمەش خەریکە زۆرینەی قوتابیان بگرێتەوە ئۆباڵی ئەو قوتابیانە سەرەتا لە ئەستۆی حکومەتە، دواتر مامۆستایانی زانکۆو رێکخراوەکانی قوتابیانە، لەبەرئەوەی کەس خۆیان لێناکات بە خاوەن و بەرەو ئاراستەیەکی تەندروست رایەڵەیان بکات، ئا ئەمە ئەو فاکتەرگەلن کە ئاستی زانستی لە زانکۆکاندا بەرەو نزمی بردووە، پێویستە بە شێوەیەکی دروست کاری لەسەر بکرێت و مشووری زیاتری لێبخورێت لە بەرزکردنەوەی زانست، تا گەندەڵی عیلمی لێنەهاتۆتە بەرهەم.

***لە ژمارە(2152) لە 2006/5/23 لە رۆژنامەی(خەبات) بڵاوکراوەتەوە**

سەرنج:

ئەو دیمانەیە لەلایەن بەڕێز(هێمن میرانی) سازکراوە کە ئەوکاتە بەڕێزیان بەرپرسی لاپەڕەی (پەرەوەردەو خوێندن) بوون لە رۆژنامەکە، منیش نوێنەری قوتابیانی هەردوو زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر و زانکۆی هەولێری پزیشکی بووم، کۆی وەڵامەکە لە هزری خەمخوری ئەو کاتەبوو دەرمبڕیوە، هەرچەندە (14)ساڵ تێپەڕیوەو گۆڕانکاری زۆر روویانداوە لە رووی چەندایەتی و چۆنایەتی لە زانکۆکاندا، بەڵام هێشتا زۆر دیاردە ماون و کاڵنەبوونەتەوەو تەنانەت خراپرتیش بوونە.

## زانـــکۆ بە چاویـلکەیەکی رۆشـنەوە

زانکۆ ئەو دامەزراوە گرنگەی کۆمەڵگایە، وەک بەشێک لە دەزگا پەروەردەییەکانی کۆمەڵ، کە نێوەندێکی ئەکادیمی و مەعریفییە بۆ دروستکردنی تاک، جیا لە دامەزراوەکانی تری پێگەیاندن وەک ماڵ و قوتابخانەو کایەی کۆمەڵگە، هەمیشە لە هەوڵی بونیاتنانی هزرو گەشەپێدانی ئاستی زانیاری فێرخواز دایە، لەبەرئەوەش لوتکەی دامەزراوەیی ئەکادیمی وڵاتە زۆرترین و بەرفراوانترین جموجۆڵی تیا بەدی دەکرێ و سات لەدوا سات بەماوەیەکی زەمەنی کەم گۆڕانکاری دەکات و ئەو گۆڕانانەش رەنگدانەوەی زۆر یا کەم لەسەر کۆمەڵگە دەبێت، بەوەی ئەندامە ئەکتیڤەکانی کۆمەڵ لە نێو ئەو ناوەندە زانستییە رۆڵیان هەیەو چالاکی زانستی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و رۆشنهزری و فەلسەفی دەنوێنن، لەو روانگەیەوە دوو هێزی بەرامبەری دژ بەیەک درووست دەبن لە پێناو پێشەوەچوونی کۆمەڵ رەهەندی فکری جیاواز دێننە بەرهەم و هێزێک دەیەوێت گۆڕان بکات و هێزێکیتریش دەیەوێت دۆخەکە وەک خۆی بە چەقبەستوویی بهێڵێتەوە، ئا لەو کاتەدا کۆمەڵێ گروپ سەرهەڵدەدەن هەریەکە بە روانگەی خۆیەوە پێناسەی زانکۆ دەکات و لە رەهەندی جۆر بەجۆرەوە دەڕوانێنە کێشەکانی زانکۆ بۆیە وای لێدێت هەمیشە زۆرێک لەو چاویلکانەی لەسەر زانکۆ بنووسن ئەوکاتانە هێزی نوسینیان کەمبێتەوە و بە بڕشتی نەپڕژێنە سەر لایەنە جوانەکانی زانکۆ، بۆیە لەو کلاورۆژنەیەوە قسە لەسەر هەندێ لایەنە ئیجابیەکانی زانکۆ دەکەین، ئەگەرچی هەندێ لە رەخنەگران پەنجەیان خستۆتە سەر لایەنە سلبیەکانی زانکۆو بە خۆیشمەوە کە زۆر وتاری رەخنەیی نووسیوە

لەوێشدا رچەشکێن بوونە بۆ چارەسەرکردنی ئاریشەکانی خوێندکاران، ئەوەش جێگای دەست خۆشییە بۆ پێشەوەبردنی زانکۆ کە لەدواجار پەرەپێدانی هەموو لایەنەکانی ژیان دەگەرێتەخۆی.

ئەو لایەنە ئەرێنیانەی ئێمە دەمانەوێت تیشکی بخەینەسەر خۆی لەو خاڵانەی خوارەوە پیشاندەدات وێڕای بوونی خاڵێتر کە رەنگە نەتوانین بپڕژێنە سەر باسکردنی:

**1.تیکەڵاوی رەگەزی هەردوو بەڕێرەوێکی تەندرووست وبێگەرد**

لە زۆرێک لە خوێندنگەو قوتابخانەکانی کوردستان کچان و کوڕان لە یەکەوە دوورن و کە دێنە قۆناغی زانکۆش لە پڕێکدا ئاشنایەتی پەیدا دەکەن و هەر لە قۆناغی یەکەمەوە هەندێ لەوانە دەبنە هاوڕێی یەکتری و لەخۆشی و ناخۆشییەکاندا هاوبەشی یەکتری دەکەن و جاری واش هەیە دوای زانکۆش ئەو هاوڕێیەتیە بەردەوام دەبێ و دەچنە ناو خێزانەکانی یەکتری، وەلێ ئەو کچ و کوڕانەی لە ماوەی قۆناغی زانکۆدا شارەزایی یەکتر دەبن و هەڵسوکەوت و فکری یەکتری دەناسن و دەزانن لە داهاتوودا وەک هاوسەری ژیان بەیەکەوە هەڵدەکەن، ئەوە بیر لە پێکهێنانی خێزان دەکەنەوە، ئەو جۆرە هاوسەرگیریەش رێژەیەکی بەرچاوی ئێستای زانکۆی ئێمەیە، کەوا دەکەن ئەو پڕۆسەیە بە شێوەیەکی تەندرووست بڕوات و خێزانێکی بەختەوەری تێدا پێبێت.

## 2. فاکتەرێک بۆ بەهێزی هەستی نەتەوەیی و گەشەپێدانی فەلسەفەی کوردایەتی:

بوونی زانکۆ لە هەرشوێنێکی ئەم کوردستانەدا جێگای دڵخۆشییە و دەبێتەهۆی ئەوەی هەزاران قوتابی لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان وەربگیرێن، لە هەموو هۆزو تیرەو شارو شارۆچکەو گوندێکدا، ئەو لێکنزیکبوونەوەیە هۆکارگەلێکن بۆ دروستکردنی ئیرادەیەکی بەهێزی نەتەوەیی و چەکەرەکردنی بیرو هزری کوردایەتی بەوەی لە زۆر روانگەوە هاوبەشن و دەتوانن ئەو هەستە پتەو بکەن، ئەگەریش لە رووی کۆمەڵاییەتیەوە روونی بکەینەوە بۆ پێشڤەچوونی هەستی نەتەوەیی، ئەوە هەر کوڕ و کچێکی خوێندکار لە هەر شارێک بن کاتێ دێنە زانکۆو ئاشنایەتی پەیدا دەکەن و وەک لەخاڵی یەکەم باسمان کرد ئەو پەیوەندیە خزمایەتییە درووست دەبێ و لە دواجار پەیوەندییەکە فراوانتر دەبێت و هاتوچۆو سەردانییەکان زۆرتر دەبن و ئینتیمایی نەتەوەیی زاڵتر دەبێ بەسەر ناوچەگەریتی، بۆیە شێوە زارەجیاجیاکان فراونتردەبن و ئاستی تێگەیشتن باشتر دەبێ و پاشتر بەپێی قۆناغبەندییەکانی مێژوو زمانێکی یەکگرتووی کوردی درووست دەبێ، لەلایەکی تر ووردە کلتوورەکان دەبنە یەک و جل و بەرگ و جوگرافیا و فەرهەنگی یەکتر جوانتر دەخوێننەوە، ئەوەش یەکێکە لە وەزیفە جوانەکانی زانکۆ وەک مەڵبەندێکی هەرە قەشەنگی کوردستانی.

## 3.رەخساندنی گفتووگۆی کراوەی نێوان مامۆستاو قوتابی:

جوانترین شوێن کە بە چەشنێکی مۆدێرن بە ئازادانە مامۆستاو خوێندکار تیاییدا قسە بکەن و راوبۆچوونی خۆیان دەربڕن و گفتووگۆو جەدەل بکەن لە پێناوی پێشڤەبردنی زانست و

خولقاندنی شتگەلی نویَ و داهێنانی فکری تازە لە روانگەی زانستی و مرۆییەوە تێدا ساز بکەن ئەوە هۆڵی محازەرەی زانکۆیە، ئەگەرچی هەندیَ جار لێرەولەویَ ژمارەیەکی زۆر کەم لە مامۆستایان سنوور بۆ ئەو جەدەلە دادەنێن و هێڵی سوور دەکێشن لە نێوان خۆیان و خوێندکاراندا، بەلاّم ئەو هەولاّنە هەرزوو نەزۆک دەبن، وەلیَ مشتومڕی دیموکراسیانەی ناو پۆل یەکێکە لە نیشانە جوانەکانی زانکۆ کە لە هیچ ناوەندی تر دانییە، ئەوەش وای کردووە زانکۆ جیابکاتەوە لە قوتابخانە، تا گفتوگۆکراوەکانی پۆل ببنە هاندەرێک لە پێگەیاندنی قوتابی بە چەمکی هزریی و ئەقلاّنی لە راهێنانی تاک بۆ کۆمەڵ بە پەسەندکردنی بۆچوونی جیاوازو دژەباو تا لە دەرەوەی زانکۆ رای تاکڕەوی نەچەسپێنن بەسەر دەوروبەردا، بۆیەشە هەرکەسیَ لە زانکۆ پەروەردە بێت ئاستی بیرکردنەوەو هەڵسوکەوت و رەفتاری جیاوازەو لە پلەیەکی بڵندتر بیردەکاتەوەو مەدەنیانە کۆمەڵ رێکدەخات ئەوەش نهێنی پەروەردەی کایەی زانکۆیە لە گۆشکردنی کەسی زانکۆیی.

**4.فێربوونی زانیاری جیاواز لە ناوەندەکانی تری دەرەوەی زانکۆ**

بێگومان قوتابی لە قۆناغی سەرتایی و ناوەندی و ئامادەییەوە کەمتر لە زانکۆ زانیاری وەردەگریَ، بۆیە کە دێتە زانکۆ راستەخۆ گۆڕان لە ئەقڵیەتی درووست دەبیَ و لە ماوەی چوار ساڵەی زانکۆییدا زۆرترین زانیاری فێردەبیَ لە هەموو لایەنەکانی ژیان، جا زانیاری گشتی بیَ،یا زانیاری پسپۆڕی ئەو بەشەی لێوەی دەخوێنیَ کە لەوماوەیەدا بە بەرفراوانی قاڵدەبێتەوە لە پسپۆڕیەکەی و هاوشان لەگەڵیدا زمانی بیانی

فێردەبێ، کە ئەوەش وادەکات بەهۆییەوە پەرتووک بە زمانەکانی تر بخوێنێ لە پێناو وەرگرتنی زانیاری فرەتر.

**5.زانکۆ کایەیەکی ئارام و دڵڕفێن بە فۆڕمی پێشکەوتوو:**

زانکۆ سەرەڕای ئەرکە مەعریفیەکەی لە فێرکردنی زانست بە قوتابی، ئەوە کەشێکی گونجاو دەرەخسێنێ بۆ خوێندکار تا چێژ لە کایەی نێو زانکۆ وەربگرێ، بۆ خۆشویستنی هاوخوێندکارو مامۆستاو تەنانەت هۆڵی مەحازەرەو باڵەخانەی کۆلێژەکەی، بەوەش بیاڤی هەمەچەشنی رەخساندووە جا چ ئاهەنگەکانی یەکترناسین و دەرچوون و بۆنە نیشتیمانی و نەتەوەییەکان بێ یا گەشتە تەرفیهی و رێست و پشووەکان بە چالاکی وەرزشی و هونەری، هەروەها دانیشتن لە یانەی کۆلێژو پیاسەکردنیان لە نێو گۆڕەپانی کۆلێژدا.

**6.کارایی بزاڤی رێکخراوەیی خوێندکاران:**

لە نێو کایەی زانکۆدا زۆرتر لەناوەندەکانی تری خوێندن چالاکی رێکخراوەیی خوێندکاری و قوتابیانە بەدی دەکرێ، لەبەرئەوەی توێژی قوتابیانی زانکۆ لەرووی ئەقڵیەتەوە بالاترن لە تەمەنەکانی تر و گەنجانە بیردەکەنەوە و زێتر درک بە ئێش و ئازارەکانی توێژەکەیان دەکەن لەلایەک و لەلایەکی تر هەست بە کەموکوڕیەکانی دەوروبەرو کۆمەڵگەکەیان دەکەن بەوەی بەشێکن لە کۆمەڵگەو دەیانەوێت لە دڵێکی پاکەوە رەخنە لە حکومەت بگرن بۆ ریفۆرم و گۆڕانکاری کۆمەڵ و بەرزکردنەوەی ئاستی داهاتی تاک و پەرەپێدانی وولات لە هەموو لایەنەکانەوە، ئەو هۆکارگەلەش وادەکەن شوێنەوار لەسەر هزری قوتابی دابنێ بە دربڕینی داواکارییەکانیان بە

ڕێگەی ناتوندوتیژو مەدەنیانە ئەویش خۆی لە خۆپیشاندان و ڕێپێوان دەبینێتەوە. هەروەها لەئاکامی ئەوەدا کە خوێنی ئەوتوێژە لەتەمەنی زانکۆییان جۆشمەندە لەنێو زانکۆدا بزوتنەوەی کاری ڕێکخراوەیی کاراکترەو کێبڕکێی زێتر هەیە بۆ خزمەتکردن بەخوێندکار، وەلێ هەندێجار لەهەڵبەزو دابەزدایەو بەهەوارزوو نشێو دەڕوات، بەهۆی ململانێ سیاسییەکان و خەساندنی ئەو هەناسە دیموکراسی و ئازادیە، بەڵام لە بنەڕەتدا جارێکتر دێتەوە دۆخی جارانی، چونکە ئەو ڕێکخراوانە بەشێکن لە زانکۆو لایەنە ئیجابی و سلبیەکانی زانکۆ ئەوانیش لێوەی بەرپرسیارن و زۆرجار دەبێ هەوڵی گۆڕینی دۆخەکە بدەن تا مەنگ رانەوەستێ و چەقبەستوو نەبێ، ئەگەر ئەوانیش هەوڵ نەدەن بۆ ئەو جموجۆڵە ئەندامانیان بێدەنگ نابن بەو کاودانە تا پاشتر خۆیان بەشێوەی لەخۆوە بزاڤێکی کارای گشتگیر درووست دەکەن بۆ گۆڕان، کە ئەوەش سروشتی پێکهاتەو ئەقڵیەتی تاکی زانکۆییە.

**7.بەشەناوەخۆیی ئەزموونگەیەکی گرنگ بۆ ژیانی کرداری:**

بەشەناوەخۆییەکانی زانکۆ هەرچەند هەندێکیان باڵەخانەکانیان لە بەشەناوەخۆیی ناچن و خزمەتگوزاری باش نەبوونە، بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێن زۆرێک لەو بەشەناوەخۆییانەش خزمەتی چاک و باڵەخانەی نمونەیی و نایابن لەلایەن حکومەتەوە درووستکراون بۆ خزمەتی خوێندکاران. لە چوار ساڵی زانکۆدا قوتابی یادگاری خۆش و ناخۆشی تیا جێ دێڵێ، لەو چوار ساڵەی هەم لە بواری تێوری خوێندوویەتی و هەمیش بەشەناوەخۆییەکەی زانکۆیەکی تربووە لە پەروەردەکردنی خوێندکار بۆ باوەڕ بەخۆبوون و خۆبەڕێوەبردن و پشت بەستن

بەخودو پەیداکردنی هاوڕێی بە ئەمەک و ئاشنابوون بە کەسانی جیاواز بە کورتی خوێندگەیەکی بە ئەزموونە لە خۆڕاگری و کۆڵنەدان و ئارامگرتن و پشوودرێژی کە رەنگە لە زانکۆش ئەو بڕوانامەیە وەدەست نەهێنرێت، ئیدی بۆ هەر مرۆڤێکی پێگەیشتو تێگەیشتوو پێویستە لە ژیانی پراکتیکیدا تێکەڵاوبێت لەگەڵ کۆمەڵگا.

## 8.پێگەیاندنی تاکی کارامە بۆ حکومەت و کۆمەڵگە:

ئەوە هەر زانکۆیە کە باشترین ناوەندی بەسوودە بۆ پێگەیاندنی هەزاران کەسی بە ئەزموون و لێهاتوو بۆ کۆمەڵ، ئەگەر ئەو مەڵبەندە زانستیی و ئەکادیمییە نەبێ بەڵگەنەویستە کۆمەڵگا شیرازەی تێکدەچێ، بۆیە ئەو نەتەوانەی بێبەشن لە زانکۆ هەمیشە لەژێر دەستەییدان و بە ئازادی هەناسە هەڵنامژن و بە دواکەوتوویی لەژێر چەپۆکی بێگانەدا ژیان بەڕێ دەکەن. نەتەوەی کوردیش ئەگەر زانکۆی تیانەبایە بێگومان بە ئەمڕۆ نەدەگەیشت و هەرئەوەش وای کردووە داهاتووی کورد رۆشن بێ، چونکە زانکۆ هەزاران کادیری کارامەی بۆ وولات گۆش کردووە و کە داهاتوومان ئاسۆ روون دەکات.

ئەو خاڵانەی لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کردن دڵۆپێکن لە دەریایەکی جوانییەکان زانکۆ، لەو جوانیانەی لە هیچ شوێنیتر بوونی نییە، ئەگەرچی زۆرجار قسەی لەسەر دەکرێ و دەبێتە جێگەی لۆمە رەخنە لیگرتنی لە بابەت شتە نەشیاوەکانی تیایدا ئەنجام دەدرێ، کە هەموو جوانیێکیش عەیبێکی هەیە، بەڵام هێشتا جوانترین و پاکترین شوێنی کۆمەڵگایە.

***لە ساڵی2007 لە گۆڤاری(زانکۆی نوێ) بڵاوکراوەتەوە**

## سێنتەری هەماهەنگی زانکۆو کەرتی تایبەت

هەڵبەتە لە ئەمڕۆی واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری هەرێمی کوردستان، سەرباری ئاستەنگە ناوەخۆیی و دەرەکییەکان لەبەردەم پێشکەوتنەکاندا، ئەوا دەکرێ بڵێین پێشەوەچونی بەرچاو هاتونەتە ئاراوە، بەڵام ئەو پێشکەوتنە هێشتا لە ئاست خواستی هەنوکەیی ئەوڕۆی تاکی کۆمەڵگەی کوردستانی نییە، چونکە لەژێر رۆشنایی تەکنەلۆژیای سەردەم ئاستی زانیاری و مەودای هزری تاکی کورد پێشەوەچونی تاڕادەیەک بڕیوە، بێگومان زانکۆکانیش سەرباری ئەوەی لە رووی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە هەنگاوی باشیان بڕیوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی لەمپەری زۆر لەبەردەم ئەو هەنگاوانەن دەیانەوێت بیبڕن، تا ئێستا نەیانتوانیوە هاوشانی زانکۆ پێشکەوتوەکانی جیهان پڕۆسەی خوێندن و رەوتی ئەکادیمی بەڕێوەبەرن، کە بە دیدی ئێمە بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ کەموکوڕی و لاوازی نێوان کەرتی تایبەت و زانکۆکان، ئەوەش رەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان تازە لە قۆناغی سەرەتایی دایەوە نەگەیشتۆتە قۆناغی کامڵبوون و پێگەیشتن تا کەڵک لە ئەکادیمیست و دەرچووانی زانکۆکانی کوردستان وەربگرن، ئیدی ئەوەی رەنگە هۆکاری خۆی هەبێت، بە پاساوی ئەوەی پڕۆگرامی خوێندنی زانکۆکان هاوگونج نییە لەگەڵ کاری پراکتیکی کەرتی تایبەت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە کۆی زیاتر لە 20 هەزار کۆمپانیا لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ چەندین دامەزراوەی دیکەی کەرتی تایبەت دەبینین زیاتر لە دوو سەد هەزار کەس لە هەرێمی کوردستان لە کەرتی تایبەت کار دەکەن و رێژیەکی زۆریش لەوانە دەرچووانی زانکۆکانی

کوردستانن. بەڵام ئەوەی ئێمە دەمانەوێت لێرەدا قسەی لەسەر بکەین ئەوەیە بوونی سێنتەرێکە بەناوی سێنتەری هەماهەنگی زانکۆو کەرتی تایبەت تا لە رێگەی ئەو سێنتەرەوە هەرچی کەموکوڕی و کێشەو ئاستەنگی نێوان کەرتی تایبەت و زانکۆ هەیە نەهێڵدرێت و پەرە بەو پەیوەندییە بدرێت کە تا ئێستا زۆر لاوازە شیاوی باس کردن نییە، جا ئەگەر کەرتی تایبەت و زانکۆکان بە گشتی هەماهەنگییان لە نێواندا هەبێت، ئەوا کاری کۆمپانیاکانیش بەشێوەی زانستی بەڕێوەدەچن و کۆمەڵگەش کەمتر گلەییان ئاڕاستە دەکەن، بە جۆرێک ئەو پەیوەندییەی نێوان زانکۆکان و کەرتی تایبەت بە سوودی کۆمەڵگەو زانکۆو کەرتی تایبەت تەواو دەبێت، واتە ئەگەر کۆمپانیاو دامەزراوەکان بۆ ئیشەکانی خۆیان سوود لە توێژینەوەی زانکۆکان وەربگرن ئەوا داهات بۆ زانکۆ پەیدا دەبێت و کاری کۆمپانیاکانیش زیانی کەمتر دەبێت و کاڵاو خزمەتگوزارییەکانیان متمانەی زۆرتر دەبێت لەلایەن بەکاربەر. لەلایەکی دیکەوە ئەگەر لە رێگەی ئەو سێنتەرەوە دەزگاکانی کەرتی تایبەت رابکێشرێت، بۆ ئەوەی راوێژکاری لەلایەن سێنتەرەکانی راوێژکاری زانستی زانکۆکان پێشکەش بە کەرتی تایبەت و تەنانەت کەرتی حکومەت بکرێت، بۆ نمونە ئێستا لە زانکۆی سەلاحەدین چەندین سێنتەری راوێژکاری لە پسپۆڕییە جیاوازەکان هەیە، لە کۆی نزیکەی 90 بەشی زانستی، وەک سێنتەرەکانی زمانەوانی لە کۆلێژی زمان، سێنتەری راوێژکاری لە بەڕێوەبردن و ئابووری، سێنتەری راوێژکاری ئەندازیاری کشتوکاڵی لە کۆلێژی زانستە ئەندازیارییە کشتوکاڵییەکان، سێنتەری راوێژکاری ئەندازیاری لە کۆلێژی ئەندازیاری، سێنتەری راوێژکاری یاسایی و سێنتەری توێژینەوەی سیاسی و ستراتیژی لە کۆلێژەکانی( یاسا- زانستە

سیاسییەکان)، سێنتەری راوێژکاری لە کۆلێژی زانست، سێنتەری راوێژکاری لە کۆلێژی پەروەردە. هەروەها سێنتەری گشتی توێژینەوەی زانستی، سێنتەری ئەلیکترۆنی ئیبن سینا، سێنتەری تەکنەلۆژیای زانیاری، سێنتەری بەکارخستن لەسەر ئاستی زانکۆی سەلاحەدین بوونیان هەیە، بەڵام بەهۆی ئەوەی راوێژکارییەکان زۆر کەمن و ئەو دەزگایانەی خواستیان لەسەر راوێژکاریش هەیە راستەوخۆ داوا لە زنکۆی سەلاحەدین ناکەن، بەهۆی ئەوەی ئەندامانی ئەو سێنتەرانەو مامۆستایانی زانکۆ ئەندام یا راوێژکاری بە گرێبەستی مانگانە پێشکەش دەکەن و داهاتەکەش راستەوخۆ دەچێت بۆ گیرفانی مامۆستاکە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو راوێژکاریانەی بە فەرمی ئەنجام دەدرێت پارەی دەگەڕێتەوە بۆ زانکۆو رێژەیەکی دەبێتە داهاتی زانکۆو ئەوی دیکە دەچێتە گەنجینەی حکومەت، بەڵام بڕی داهاتەکە کەمە،ئەمەش دیسان دەبێتە هۆی ئەوەی کە کەلێن لە نێوان کەرتی تایبەت و زانکۆ بە ناڕاستەوخۆ دروست بکات و لەو نێوەندەشدا زانکۆ رۆڵی زانکۆ پەراوێزخراوە. بۆیە لە ئێستادا باشترین رێگە چارە ئەوەیە سێنتەرێک بەو ناوە دروست بکرێت تا هەموو پەیوەندیەکانی نێوان کەرتی تایبەت و زانکۆ رێکبخاتەوەو رێگریش بکات لە پەیوەندی راستەوخۆی مامۆستاو کەرتی تایبەت و لە هەمان کاتدا ئەو پەیوەندییە کارا بکات، سەرەتاش باشتروایە زانکۆی سەلاحەدین ئەو سێنتەرە بکاتەوە، چونکە لە هەموو شتێک دەستپێشخەربووە وەک گەورە ترین و دێرینترین زانکۆ لە پایتەختی کوردان، ئەمەش لە بەرژەوەندی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی مامۆستایانی زانکۆیە، هەم داهات بۆ زانکۆ پەیدا دەکات و هەمیش مامۆستایان پشکیان لەو بوارە دەبێت، لەلایەکی دیکەوە هانی مامۆستا دەدات

پەرەبەخۆی بدات و خۆی نویَ بکاتەوەو شتی تازە پێشکەش بکات، ئەمەش وا دەکات قوتابیان لەسەر ئاستی گشت قۆناغەکان و بەتایبەت لە قۆناغی کۆتایی توێژینەوەی دەرچووانیان سوودمەند بێت بۆ کەرتی تایبەت، بەوەش چیتر توێژینەوەکانی زانکۆکان تۆزی لەسەر نانیشێت و تەنها لە یەک بازنە ناخولێنەوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەو بەرزکردنەوەی پلەی زانستی مامۆستایان، بەڵکو کەڵکی دوولایەنەی دەبێت، ئەم هەنگاوەش ڕێگەخۆشکەر دەبێت دەرچووانی زانکۆکان ببنە جێگەی ئومێدی کەرتی تایبەت لەبەرئەوەی کۆمپانیاکان بچن دەستی کار لە دەرەوەی کوردستان بهێنن، کە تێچووی زیاترەو کاریگەری نەرێنی لەسەر ئابووری کوردستان و ئاسایشی ئابووری و نەتەوەیی دادەنێت، کە ڕەنگە لە داهاتوویەکی نزیکدا هەست بە شوێنەوارە خراپەکانی بکرێت.

***لە ژمارە(5) بەهاری 2015 گۆڤاری(کۆزان) بڵاوبۆتەوە**

## پسپۆڕییەتی جیاواز

پێشکەوتنە مرۆڤایەتییەکان لە ئاکامی کێبڕکێ و بیرکردنەوەی جۆراجۆر هاتوونەتە کایەوە، ئەو بیرکردنەوە هەمەڕەنگەش وایکردوە هیوای جیاوازو بیرۆکەی جیاواز هەبن، هەر یەکێک لە تاکەکانی کۆمەڵگەش بە جۆرێک لە جۆرە فرە ڕەنگەکانەوە بڕواننە ژیان، هەریەکێک ئارەزوو لە ڕەنگێکی جیاواز بکات، یا خۆشی لە بۆنێکی جیاوازبێت، یا چێژ لە تامی جیاواز وەربگرێت، ئەگەر لە جیهاندا یەک ڕەنگ و یەک تام و یەک ئامانج و یەک بیرکردنەوە هەبوایە ئەوە ژیان هیچ مانایەکی نەدەبوو، ئەمانە وایکردووە ژیان بەردەوام بێت، دواجار هەموو ئەوانەش وایکردوە لە منداڵدانی بیری جیاواز پسپۆڕییەتی جیاواز لە دایک بێت، بۆیە ناکرێت لە جیهاندا هەموومان یەک جۆری بڕوانامە مان هەبێت یاخود بێ بڕوانامە بین، ئەمە بۆ سەردەمی نەزانیش گونجاو نەبوو، نەمازە لە جیهانی هەنوکەی پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان، چونکە بە نەخوێندەوار و ئاستی بڕوانامەی خوێندن کاروبارو سوڕی ژیان تەواو دەکەن و هەمووی تەواوکەری یەکترن، هەموو یەکسانن لە مرۆڤایەتیبوون و مرۆڤگەرایی، هیچ یەکێکمان گەورەتر نییە بەسەرئەوەی دیکە، بەڵکو تەواوکەری یەکترین، نابێت هەموومان بڕوانامەی پزیشکی یا ئەندازیاری و زمانمان هەبێت، لەبەرئەوەی هەریەک لە ئێمە بیرکردنەوەی جیاوازە، ئامانجی شتێکە، هەوڵ و تێکۆشانی بۆ شتێکە، کرێکار پاڵپشتی لە کارەکانی ئەندازیار دەکات و خزمەتگوزارو کارمەند، کارەکانی بەڕێوەبەرەکان تەواو دەکەن جا هەموو کارو پیشەکانی دیکە هەر وەک یەکن، هەر یەکێک بە بیرۆکەی خۆی، بە حەزی خۆی، پسپۆڕییەکی هەڵبژاردووە،

ئەگەر لە سەردەمانی پێشوودا رۆشنبیر لە هەموو شتێک زۆر شتی بزانیبا، ئەوا ئێستا لە شتێک زۆر دەزانێت و ئەوانی دیکە زۆر کەم، واتە دونیای ئەمڕۆ دونیای پسپۆڕییە جیاوازەکانە، ئەگەر نمونەی زانکۆی سەلاحەدین بهێنینەوە لە ساڵی 1968 دامەزراوە لە شاری شلێمانی دواتر گواستراوتەوە شاری هەولێر لە ساڵی 1981 ەوە بە هەزاران قوتابی لەو زانکۆیە بە دەیان پسپۆڕی جیاوازەوە دەرچوون، ئەو پسپۆڕییە جیاوازانەش هەریەک بە بیرۆکەی تازەو زانستی هەمەجۆرەوە خزمەتیان لە بواری پراکتیکی بە کۆمەڵگە کردووەو زانستەکەیان خستۆتە واری کردەنییەوە، لە ساڵی 1968 تا ساڵی 2011 لە کۆی (84)بەشی زانستی و (15) کۆلێژی جیاوازی زانکۆی سەلاحەدین زیاتر لە (50)هەزار قوتابی لە پسپۆڕی زانستی جیاوازەوەو بڕوانامەی بەکالۆریۆسی وەرگرتوە(بێگومان ئێستا ساڵی 2020 رێژەکە گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە و بەرزبۆتەوە بۆ 95هەزار دەرچوو)، و نزیکەی (2)هەزار بڕوانامەی ماستەرو زیاتر لە (300) بڕوانامەی دکتۆرا یان بە دەستهێناوە، هەنوکە نزیکەی (1300) مامۆستای لە بەشە جۆراجۆرە ئەکادیمییەکان (ئێستا بۆتە 2100 مامۆستا)و زیاتر لە (22) هەزار قوتابی لە (420) هۆبە دەخوێنن لەسەر ئاستی کۆلێژەکاندا،هەموو ئەمانە سەرچاوەی بیرکردنەوەکانیان جیاوازە، هەموویان وەک یەک بیرناکەنەوە، کەواتە هەر یەکێک لە مامۆستایان و قوتابیان پسپۆڕیان جیاوازترە لە وانی دیکە، ئەو جیاوازییەش بۆتە هەوێنی توێژینەوەی زانستی و ئەکادیمی جیاواز، لە بارەی قەیران و ئاریشەکانی کۆمەڵگە،تا هەر زانکۆیەک بە دیدگایەکی زانستی جیاوازەوە بڕوانێتە کێشەکان و چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە، هەریەکە لە ڕوانگەی پسپۆڕی

خۆیەوە گریمانەیەک بۆ چارەسەرییەکان دابنێت، هەمووانیش دەتوانن بە جیاوازییەکانیانەوە، بتوانن گرفتەکان چارە بکەن، بە مەرجێک وەک تیمێکی تۆپی پێ پاس بدەن بەیەکتری، بۆ ئەوەی زیرەکترینیان بیرۆکەی باشتری پێ بێت تا تۆپەکە بخاتە تۆڕی بەرامبەرەکەیان و گۆڵی راستەقینەی ژیان بۆ داهێنان و پەرەپێدان و پێشخستنی کوردستان بکات، بەمەش وەرچەرخان و ریفۆری زانستی لە دایک دەبێت نەک بە قسەو گۆڕینی میتۆدی خوێندن و گۆڕانکاری رووکەشی لە چوارچێوەی ریفۆرمی میدیایی.

***لە ژمارە(12) شوباتی 2012 لە گۆڤاری(زانکۆپرێس) بڵاوبۆتەوە**

# پەروەردەی ئەشڕافەکان

پەروەردەو فێرکردن یەکێکە لە مافە بنەڕەتییەکانی هەر هاوڵاتییەک لە هەموو وڵاتانی جیهان کە هەر کەسێک بیەوێت فێربێت، جا لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکە دیکە سیستەمەکەی جیاوازە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دەوڵەت لە سەریەتی دەرفەت بە هەموو کەسێک بدات بەبێ جیاوازی ئاینی، نەتەوەیی، مەزهەبی، ڕەگەزی تا فێربێت، لە هەموو شوێنێکی جیهان یەک سیستەمی فێرکردن هەیە، شتێک نییە پێی بڵێن ئەوە سیستەمی فێرکردنی دەوڵەمەندەکانەو ئەوەی دیکە سیستەمی فێرکردنی هەژارو کەمدەرامەتەکان، ڕاستە قوتابخانەو زانکۆو پەیمانگەی ئەهلی هەیە، کە هەر کەسێک توانای دارایی باش بێت بچێت لەو شوێنە بەکرێ بخوێنێت، بەڵام لە سیستەمی فێرکردنی کەرتی گشتی(حکومەت) یەک جۆرەو پرۆگرام و میتۆدی خوێندن و شێوازی وەرگرتنیش یەک شێوازە، کەچی لە هەرێمی کوردستان بە پاساوی وەبەرهێنانی زانستی ئێستا کەلێن کەوتۆتە نێوان پەروەردەی ئەشراف و منداڵە بەرپرس و سەرمایەدارەکان و پەروەردەی منداڵانی هەژارو داهات نزمەکان، بە دروستکردنی قوتابخانەو زانکۆی ئەهلی و حکوومی لە سەر سیستەمی تازە، هەرچەندە ئەوە دیاردەیەکی ترسناکە لە بڵاوبونەوەی نایەکسانی و نادادپەروەری کۆمەڵایەتی و بێدادی، دروستکردنی جیاوازی چینایەتی لێدەکەوێتەوە لە نێوان چینە باڵاکان و چینە نزمەکان، کە دواجار بە سەرهەڵدانی تەقینەوەی ڕقوقینەی هەژارەکان دژی ئەوانی دیکە تەواو دەبێت، ئەگەر سەیری قوتابخانەو زانکۆو پەیمانگاکان لە کوردستان بکەین، کە پشتگیری ماددی و مەعنەوی ئەو جۆرە پەروەردەیە شتێکی باشە، بەڵام نابێت لە

سەر حیسابی قوتابخانەو زانکۆکانی دیکەی حکوومی بێت، لە بەرئەوەی زیاتر لە سەدا 90%ی قوتابخانەکانی کوردستان کۆمپیوتەریان نییەو بابەتی کۆمپیوتەر دەخوێنن، زۆربەی قوتابخانەکانی کوردستان لەگەڵ ئەوەی بە سیستەمی بەناو سویدی دەخوێنن کەچی لە باڵەخانەیەکی چوار تا سێ دەوامیدان یا لە گوندەکان قوتابخانەیان نییە، ئەگەر هەشبێت، لە کولانەیەکی قوڕدان و ژمارەی مامۆستایان زۆر کەمە، ئەگەر باس لە زانکۆکانیش بکەین دەبینین زانکۆکانی سەلاحەدین و هەولێری پزیشکی لە شاری هەولێر تا ئێستا کەمپێکی تایبەت بە خۆیان نییە، بەتایبەت زانکۆی سەلاحەدین کە لە ساڵی 1981 تا ئێستا بەدەست نەبوونی کەمپی زانکۆیی دەناڵێنێت، کەچی لە زانکۆو قوتابخانەی ئەهلی دیکە هەن، کەمپی تایبەت بە خۆیان هەیە، بە داخەوە هەندێ قوتابخانەی نمونەیی هەیە نەک باڵەخانەی تایبەت، بەڵکو سیستەمی خوێندن تایبەتی هەیە، هەندێکجار لە یەک قوتابخانەدا لە یەک باڵەخانەدا دوو ئیدارە، دوو جۆر مامۆستا، دوو جۆری وەرگرتنی قوتابی لەو قوتابخانە هەیە، جۆرێکیان سیستەمێکی پێشکەوتووی جیهانی دەخوێنرێت کە مامۆستاکانی بیانیەو بەزمانی ئینگلیزی دەخوێنن و هاتووچۆیش بە پاسی تایبەتە بۆ قوتابخانە و وەرگرتن تەنها بە واسیتەیەو بە نوسراوی گەورە بەرپرسان نەبێت نابێت، کەچی بەشەکەی دیکە لە هەمان باڵەخانەدا بۆ هەموو کەسێکەو مامۆستاکانیان ناوخۆییەو بەبێ واسیتەو نوسراوی کەسێ ناوێت و بە زمانی کوردی دەخوێنرێت و قوتابی دەبێت بە پیادە یا خانەوادەکەی هاتووچۆی پێبکەن بۆ قوتابخانە.

ئەگەر ئەو حاڵەت و دیاردانەی لە سەرەوە باسمانکردن، دیاردەیەکی ترسناک بن، لە پەیڕەونەکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە نێو کۆمەڵگەدا، ئەوا ئەو حاڵەتەی کۆمەڵگەی بەناو نمونەییەکان لە هەندێ قوتابخانە مەترسی زۆر زیاتری هەیە، چونکە ناکرێ پاڵپشتی هەموو دامەزراوە پەوەردەییەکان لە کەرتی پەروەردەدا بەیەک چاو نەکرێت و یەک سیستەمی تیاپەیڕەو نەکرێت.

***لە ژمارە(3790) لە 2011/6/5 لە رۆژنامەی(خەبات) بڵاوبۆتەوە**

## ماڵئاوا ژینی زانکۆیی

ئەو ساتانەی وێنەی دەرچوونم تیا دەگرت، فرە دڵشادو بەختیاربووم، بەوەی لە کڵاورۆژنەیەکەوە دەمبینی لە خۆم و لە نیگای بەرائەتەکانی هاو زانکۆییەکانم لە دوای چوارساڵ کۆشش و ماندووبوون، چوار ساڵ ئێش و ئازارو مەینەتی و شەونخونی و بەرهەمەکەی دەبینم، گەرچی ژیانی زانکۆ جێهێشتنی ئەستەمە وابە ئاسانی، چونکە زۆر دژوارە، بەهۆی ئەوەی زانکۆ بە هەموو کەموکوڕییەکانیەوە خۆشترین و پاکترین و پیرۆزترین دەزگای ئەکادیمی و پەروەردەیی وڵاتی ئێمەیە، کە بە ئەمانەتەوە پەروەردەی جەستەیی و عەقڵی تاکی کوردستانی بکات. لەکاتی وێنەگرتنمدا لەبەر ئەوەی فرمێسک ڕشتن لە کلتووری ئێمەدا لە نێو خەڵک نەنگوو خەوشە، نەمتوانی بگرییم، بۆیە لە شەودا کاتژمێر دوانزە بۆ ماوەی (25) خولەک گریمام، لەبەرئەوەی ماڵئاوایی لە ژینی زانکۆیی دەکەم، کە چوار ساڵ یادگاری لەگەڵ دیوار و باخچەو هۆڵەکان و مامۆستایان و هاوڕێکانمان هەبوو، راهاتبووم بەوەی بووە ماڵی دووەمم و هێندەم خۆش دەویێ وەک چۆن دایک منداڵی خۆی خۆش دەوێت ئاوها عەشقی زانکۆ، بەڵام بە دیوێکی دیکە لەبەرئەوەی قوتابی کرێکاری دوا رۆژە و داهاتووی هەر وڵاتێکە و پێویستی بە وزەو تواناکانی هەیە نەخاسمە هەرێمی کوردستانی شیرین، تاکو نهۆ دەچەوسێنرێنەوە، ئەوە پێویستی بە توانای ئێمە هەیە بۆ زیندووکردنەوەو پێدانی خوێنی تازە بە دەزگاکان بە تایبەت لە بواری گەشەپێدانی سەرمایەیی مرۆیی و ئابووری.

لێرەشدا دیدی ئێمە بۆ دەرچوونمان لە زانکۆ چونە نێو ژیانی دەزگایی و پراکتیکی قۆناغێکە بۆ هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی

جا چ بەرپرسیاریەتی بە خزمەتکردن بێ لە دەزگاکانی حکومەت یا کەرتی تایبەت یاخود بەرپرسیاریەتی لە خێزان لە پەیداکردنی بژێوی ژیاندا. بۆیە سەرەڕای جێهێشتنی کۆمەڵێک یادگاری، ئەوە زانکۆ فێری زۆر شتی جوانی کردین و وایلێکردین چۆن بیربکەینەوەو چۆن چۆنی رەفتار بکەین کە لە قۆناغی پێشتری زانکۆ نەماندەزانی.

*__لە ژمارە__(27)__ی__ 2005/5/31 __لە رۆژنامەی__ (__روانین__) __بڵاوکراوەتەوە__

## پەشیمانبوونەوەی دوای دەرچوون لە زانکۆ

مرۆڤ هەر لە دەستپێکی تەمەنییەوە، لە قۆناغی منداڵییەوە، دەکەوێتە نێو خولیاو ئارەزووەکانییەوە، ئەگەرچی لەو تەمەنەیشیدا، هێشتا توانای ئەوەی نییە هەوڵی بۆ بدات تا بیانهێنێتەدی، بەڵام بە بیرکردنەوەو خەون بینین کاری بۆ دەکات، لێ ئەو کاتانەی تەمەنی گەیشتە قۆناغی پێگەیشتن و تێگەیشتن دەست بە تێکۆشین و ماندووبوون دەکات، جیاواز لە مرۆڤەکان و هاو تەمەنەکانی، شەونخونی دەکات، بەتایبەت لە بواری خوێندن و فێربوونی زانست، چونکە زۆربەی خەونە ڕەنگاڵەییەکانی ژیان تەنها لەڕێگەی فێربوون و زانستەوە دێنەدی، هەر بۆیەشە خوێندکار لە دوا قۆناغی ئامادەیی تا دەگاتە پۆلی دووازدە زۆرتر خۆی ماندوو دەکات، لەبەرئەوەی لە وڵاتی ئێمە نمرەی پۆلی دووازدە پێوەری وەرگرتنە لە زانکۆکان، ئەوەی نمرەی باش نەهێنێت، کۆلێژو بەشی زانستی بە ڕەواج بە دەربڕینی فەرهەنگی کوردەواری وەرناگیرێت، بۆیە هەموو کۆششەکان لەو ساڵە کۆدەبنەوە، بەداخەوە هەندێ لەخوێندەڤانەکانیش تەنها بۆ تەواوکردنی ئەو قۆناغە کار دەکەن بڕوانامەی ئامادەیی وەربگرن بۆ دامەزراندن، یا لە تەمەبەڵیدا نمرە ناهێنن و دواجار بۆ سەدپشتییان ئامۆژگاری خەڵک دەکەن بخوێنن، تا ئایندەیان بە فیڕۆ نەڕوات و تاریک نەبێت، چونکە لە وڵاتی ئێمە بە پێی ئەو سیستەمە کلاسیک و چەقبەستووەی فەلسەفەی خوێندن، پۆلی دوانزە یا داهاتووی فێرخواز گەشتر دەکات، یا خەونەکانی لە گۆڕدەنێت، چونکە ماوەی دەرفەتی تیانییە، تا جارێکی دیکە هەڵبستێتەوە لە کەوتندا، مەگەر بە پەرجوو(معجزة) یاخود دانی باجێکی زۆر نەبێت لە ژیاندا، ئەو

قوتابییە لە کۆلێژێکی بەرز وەرنەگیرێت، جا لەهەر کۆلێژێکی وەریش بگیرێت، هەر بە حەسرەتەوە دەخوێنێت، جاری وایش هەبووە، بە کەمبایەخییەوە ئەو کۆلیژەی تیا وەرگیراوە تەواوی کردووە، ئاخر ئەو قوتابیە چ تاوانێکی هەبووە بەهۆی گەلێک لە بەربەستەکانی ژیان لە وانەیەک نمرەی نزمی هێناوەو دواتر تا لەژیان مابێت باجی ئەو نمرە نزمە بدات، جا ئەو سەرووبردەو دیاردەیەیش لە سەر ئاستی زانکۆکانیشدا بۆ خوێندکار هەمان شتە، ئەگەرچی هەندێک لە هەڵەکان خودی خوێندکار خۆیەتی، بە هۆی سەرقاڵبوون بە خۆشەویستی یا ڕابواردن و گەشت و سەیران و بەسووک سەیرکردنی بڕوانامەو خوێندن یا چوونە نێو پڕۆسەی هاوسەرگیری، یاخود بوونی کێشەی کۆمەڵایەتی لە نێو خانەوادەکەیان، ئەمە جگە لەوەی لە لە حاڵەتێ ناسەقامگیری باری سیاسی وڵات کاریگەری لە سەر خوێندکار کردووە، لەلایەکی دیکە بەهۆی دەست کورتی و کەمدەرامەتی ماڵباتی خوێندکار کە بە شەو یا دوای دەوامی فەرمی کۆلێژ کاری کردووە، بەڵام هەیە هیچ یەکێک لەو گرفتانەی نەبووە، بەڵکو بەدوای شتی لاوەکی کەوتووە، بێ ئاگا لەوەی کوڕی کەسی هەژارە، ئەو دەتوانێت تەنها لە ڕێگەی خوێندن بگاتە ئاستی خەڵک و لە ڕیزی پێشەوی دابنیشێت، کەچی خوێندنیان کردووە بە پلە دوو لەکارنامەی ژیانیان بۆیە هەر وەک ئەوانەی نمرەی نزمییان لە ئامادەیی وەدەستهێناوە، ئەوانەیش لە زانکۆ نمرەی نزم وەدەستدەهێنن، دوای دەرچوونیش لە زانکۆ ئینجا پەشیمان دەبنەوە، کە جگە لە ڕەدووکەوتنی کڵاوی بابردوو، بەدوای هیچی دیکە نەکەوتبوون، دواجار هەموو کات بەیانیان و ئێواران لە کاتە ناخۆشەکان، گۆرانییەکەی هونەرمەندی گەورەی کۆچکردوو (فوئاد ئەحمەد)دەڵێنەوەو دڵێن: (من هەڵەبووم، لە

ڕۆژانی گەنجی و جوانی، بە پەلە بووم، بە دوای هەستێکی وون کەوتوو). خۆ خەریککردن بەدوای هەستێکی وون جگە لە پەشیمان بوونەوە، هیچ جێگرەوەی دیکەی نییە، ئەو شکستەیش نوشوستی کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری، دەروونی بەدوای خۆی دەهێنێت، پاشان ئەو خوێندکارە شکستخواردووەیە، لە گۆشەیەکی بازنەی ژیان، گۆشەگیرو داماو سەردەنێتەوە، بە مەلولی، بە غەمباری، بەکاڵفامی، کە هەرگیز نازانرێت ئەو کەسە ئەو مرۆڤە بووە، زۆر خەون هەبوون، ئاواتگەلی فرەی هەبوون، ئەو دەیتوانی ژیان تازە بکاتەوە، پشکدار بێت لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان، لە داهێنان، تازەگەری، دروستکردنی تەلاری بونیادگەرایی تاک لە کۆمەڵ.

لێرەدا دەمەوێت ئامۆژگارییەکی بە نرخی خوێندکارانی ئێستای زانکۆ بکەم، چ ئەوانەی ئێستا لە قۆناغی بەرایی زانکۆدان، یا ئەوانەی لە قۆناغی یەکەمەوە هەر یەکە لە کۆلێژو بەشی جیاواز وەردەگیرێت، ئەگەرچی هەندێک لەوانە بە ئارەزووی خۆیان لەو بەشانە وەرنەگیراون، بەڵام نابێت بێ ئومێدبن، پێویستە بەرەنگاری ئاستەنگەکانی ژیان ببنەوە، بخوێنن، دوور کەونەوە، لە هەموو کارێک کە ببێتە هۆی ئەوەی زیان لەخوێندنیان بدات و دوایان بخات لە وانەکان، هەرگیز بۆ هیچ کارێک موحازەرە لێنەدەن، مۆڵەت وەرنەگرن، چونکە دواجار هیچ یەکێک لەو هۆیانەی بوونەتە هۆی لێدانی موحازەرە بە کۆمەڵ و فەردییەکانیان، بەهانای ئێوە نایەن، تەنانەت لە دامەزراندنیشتاندا، باشترین، واسیتە بۆ دامەزراندنتان دوای دەرچوون لە زانکۆ خوێندنە، وەرگرتنی نمرەی بەرزە، تاکە ڕێگە بۆ گەیشتن بەخەونەکانتان تا پەشیمان نەبنەوە بۆ ئەوی لە

ماستەرو دکتۆرا وەربگیرێن و پۆستی باڵای کارگێڕی و زانستیتان پێ بسپێردرێت تەنها خوێندن و وەرگرتنی بڕوانامەی بەرزە، ئەگینا ئەو هەستە وونەی بەدوای دەکەون، هیچ کات نابێتە پارێزەرتان لە سەرکەوتن لە خوێندن و دامەزراندن لە دامەزراوەیی حکوومی یا کۆمپانییەک، یا وەرگیرانتان لە خوێندن و ناردنە دەرەوەتان بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا، چونکە ساڵانە هەزاران قوتابی دەبێتە قوربانی ئەو دیاردەیە، کە بێئاگا لە خۆیان باجی ئەو کردەوەیە دەدەن، وەک کورد گوتەنی: (تا نەیان نا لە تەبەق، نەیان ووت ئەڵڵاهۆ سەدەق).

***لە ژمارە(5) تشرینی یەکەمی 2010 گۆڤاری(زانکۆپرێس) بڵاوکراوەتەوە**

## جیهانە تاریکەکەی پاش دەرچوون لە زانکۆ

مرۆڤ ئەو ساتەی هەست بەبوونی خۆی دەکات و لە حاڵەتی هۆشیاری و بەئاگاییە، دەیان خولیاو ئاواتی لە مێشکدا چەکەرە دەکات، ئەوەش لە دەرەنجامی روانینێیەتی بۆ ئاسۆ رۆشنی ژیان، جا رێگاگەلی زۆر هەن بۆ ئەوەی ئەو رێگەیە ببڕێت بۆ گەیشت بە هیواکانی، باشترین رێگاش خوێندن و فێربووونە بە مەبەستی وەرگرتنی زانیاری و راهێنان و بەخشینی زانیاری بەدەوروبەرو لەم میانەیەشدا داهێنان بکات بۆ سوود گەیاندن بە هاونیشیمانیانی.

بۆیە هەر لە منداڵیەوە دەچێتە بەر خوێندن و لە قۆناغی سەرتاییەوە شەونخونی و کۆشش دەکات بۆ سەرکەوتن وەک قسەیەکی عەرەبی هەیە دەڵێ ( إذا اراد العلى سهرة ليالي) واتە ئەگەر دەتەوەێ سەرکەوی شەونخونی بکە ئەو گوتەیەش دەکاتە سەرمەشقی ژیانی بۆ ئەوەی بەرهەمەکەی باش بێ بۆ ئەمەش ئاستەنگەکانی ژیان لەبەین دەبات تا دەگاتە قۆناغی زانکۆ، وێڕای کولەمەرگی ژیان و ئازارەکانی چەشتوویەتی، ئەمە لەکاتێکدا سیستەمی وەرگرتن لە زانکۆ سەقەتە و ئەو بەشەی لێی وەرگیراوە لەگەڵ حەزو خولیای هاوگونج نیە، بەڵام هێزی خۆی دەخاتە گەڕ بۆ بڕینی چوار ساڵەی زانکۆ تا ئەو مۆمانەی نا بەدڵیش کاری بۆکردووە داییگیرسێنێ و سوود لە رۆشنایی وەربگرێ و تیشکی منەوەری ببەخشێتە هاو کوردستانیانی، یان بەدیوێکی دیکە ئەو نەمامانەی ناشتووینی تا باڵا بگرێ و لەژێر سێبەری ئاسوودە بژێت و بۆنی خونچە پێگەیشتووەکانی بکات، کەچی لە گەڵ دوای مەڕاسیمی ئاهەنگی دەرچوونی گوڵە ئەفسوناویەکانی خەونی هەڵدەوەرێ و هیواکانی دەپوکێتەوەو

ئومێد بڕاو دەبێ، دڵشکاوانە لە دونیا تاریکەکەی دەرەوەی زانکۆ گووزەر دەکات، چونکە ناتوانێت لە یەکێک لە دەزگاکانی حکومەت دابمەزرێت بەپێی پسپۆڕی خۆی خزمەت بکات بە بیانووی زۆری فەرمانبەر لە دامەزراوە حکومیەکان و هەڵاوسانی ڕێژەی دەرچووان و کەمی بودجەی حکومەت کە ڕێژەیەکی زۆری ئەو بودجەیە بۆ فەرمانبەرانە، ئەو دەرچووە ئەگەریش ناچاربێ بۆ بژێوی ژیانی ئەوە ریگەی تر دەگرێتەبەر بە کرێکاری و پاککەرەوەی و شەقام و دەستگێڕو...هتد، ئەوەش ئەگەر هەبێ، لەهەمان کاتدا کۆمپانیا بەناو ئەهلییەکانی کوردستان کاتێک دەچنە لایان داوای (CV) سی ڤی دەکەن لە نێویشیدا مەرجەکانی دامەزراندن هەیە کە (دەرچووی زانکۆ بێ، زمانی ئینگلیزی و عەرەبی بزانێ و کوردیەکەی پاراو بێ، پیسپۆڕی لە فلانە بەش هەبێ، شارەزایی لە ئینتەرنێت و کۆمپیوتەر هەبێ، بۆ کچ جوان بێ و سەرپۆشی لەسەر نەبێ، ئەزموونی هەبێ و لەو بوارە کاری کرد بێت)، دەپرسین گەنجی دەرچووی زانکۆ دڵی بەچی بڕوانامەو خوێندنی زانکۆ خۆشبێ و چۆن وەربگیرێت لەو کۆمپانیانە ئەو هەموو مواسەفاتانەی لەخۆ کۆبکاتەوە مەرجە بەشی زمانی کوردی و زمانی ئینگلیزی و زمانی عەرەبی و کۆمپیوتەر تەواو بکات کە (12) دوانزە ساڵی دەوێ ئەمە جگە لە ئەزموونەکەش، دەپرسین کێ لە دانەمەزراندنی دەرچووانی زانکۆ بەرپرسیە؟ تاکەی جیهانی دەرەوەی زانکۆ تاریک بێ؟ تاکەی گەنجە بەرهەمهێنەکان ببنە سیاسەتی چەوتی دەسەڵاتی کوردی و سەر هەڵگرن بۆ دەرەوەی وڵات، هەم دەبێتە هۆی لەدەستدانی سەرمایەی مرۆیی و سەرمایەی زانستی.

تکا دەکەین ئاوڕێک لە گەنجە بێکارەکانی وڵاتەکەمان بدەنەوەو با چیتر بەرەو هەندەران ئۆغر نەکەن و لە تاراوگە جنێو بە نیشتیمان نەدەن و کوردستان بە وڵاتی خۆیان نەزانن، لەلایەکی تر خەم ساردی قوتابی و خوێندکاریش لە لێدانی بەکۆمەڵ و نەخوێندن و نەخوێندنەوە و غیاب بوون و دەرنەچوونی زۆری سالانە کە ببێتە هۆی بوون بە دیاردەی (عبوور)، ئەمەش شوێنوار لەسەر دابەزینی ئاستی زانستی زانکۆکان دادەنێت و لەدواجار زانکۆکان دەرچووی بەکاربەر لەجێگای دەرچووی بەرهەمهێن و داهێنەرو خوێنگەرم بەرهەم دەهێنن.

***لە ژمارە(20) 5 ئاداری 2008 لە گۆڤاری(گەشبین) بڵاوبۆتەوە**

## هەڵسانەوەی دوای شکست لە خوێندن

دوای هاتنە دونیا، مرۆڤ لە تاڵی و سوێری و ناسۆری ژیانی لەسەر رووی زەمین، بەپێی زەمەن ئەزموون وەردەگرێت، جا لەو ژیانە، هەورازو نشێوەو هەڵبەزو دابەزەدا، مرۆڤ توشی نشوستی و شکست و سەرکەوتن و سەرکێشی دەبێ، لە زەمەنێکی کاتی ژیانیدا سەر دەکەوێ و زەمەنێکی دیکە ئاوەژوو دەبێتەوەو ژێر دەکەوێ، لێ ئەوەی مەبەستمانە تەنها لایەنێکی زیندەگی نییە، بەڵکو هەمەلایەنەی ژیانە، کەسانێک هەن لە هەموو تاقیکردنەوەکانی ژیان شکستخواردوون، جا لەبێ ئاوەزی خۆیان بێ، یاخود لە بەدبەختی و چارە ڕەشی و چارەنوسی بەشی خۆیانەوە بێ، کە هەرگیز شادومان و بەختیارنین لە ژیان، تەنانەت هەوڵیش نادەن تا جارێکیدیکە هەڵسنەوە، ئەوانەش نمونەیان زۆرە وەک خوێندکارێک لە تاقیکردنەوەی خوێندن سەرکەوتووناین و خوێندن جێدەهێڵێن و تا دواجار بە نەخوێندەوارییەوە سەردەنێنەوە، لە هەمان کاتیشدا ناچن بواری دیکە تاقیبکەنەوە بۆ ئەوەی خۆیانی تێدابیبیننەوە، ئەشێ کەسێک لە خوێندن سەرکەوتونەبێت بواری دیکەی وەک وەرزش یا هونەر یا کاری بازرگانی تاقیبکاتەوەو سەرکەوتن بە دەستبهێنێت، چونکە جاری وا هەیە  کەسێک بڕوانامەی بەرزیشی هەیە، بەڵام کەڵکی گشتی بۆ کۆمەڵگا نییە، یان کەسانێکی دیکە هەن لە سەرەتای گەنجییەتییانەوە لە نێوەڕاستی ڕێگای سەرکەوتنی ژیان ڕێچکە دەگرن، بەبێ ئەوەی کەسێک هەبێ ڕێگەی بۆ خۆش بکات و پاڵپشتی بێت، لە کاتێکدا لەمپەریش لە بەردەمیدا دروست دەکرێت، کەچی هەر بەردەوام

دەبێت و هەرگیز کۆڵ نادەن، بەڵام لە ناکاو هەموو دەرگاکان، گشت ڕێگاکانیان لیَ دادەخرێت، ناهێڵدرێت تۆزقاڵێک لە ڕۆشنایی ژیان ببینێت، جا لە بواری خوێندن بێت، یان لەبواری بازرگانی بە مانەوەی لە هەژاری و نەداری و لە بواری دەسەڵات و سیاسەت بێت، لە پلەی سیاسی، یا لە بواری کۆمەڵایەتییەوە بێ، بە تێکچوونی شیرازەی خێزان و سستبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانییەوە بێ، جا لە کۆتایی تەنها دەمێننەوە، ئەگەرچی خۆیان ئارەزوویان لەوەدانییە، بەڵام قەدەر وای لێکردوون، هێزێکی ناحەز لە پشتەوە بە پلان هەمووی لێسەندوونەتەوە، بەڵام کەسگەلێکی دیکە هەن کار لە سەر گووتەی (هونەر لەوە دانییە، چۆن سەردەکەوێ، بەڵکو هونەر لەوەدایە لەدوای کەوتن، چۆن هەڵدەسێتەوە)،بۆیە ئەوکەسانە تێدەکۆشن و بیماری شکستەکەیان سارێژ دەکەن، بە هەڵسانەوەیان، گەورەترین سەرکەوتن بە دەست دەهێنن، دواجار دەبنە سەرکردەیەکی بەرپرسیارو فریادڕەسێکی کۆمەڵگاکەیان، وەک ئەوەی خوێندکارێک بە هۆی ئاستەنگەکانی ژیان لە خوێندن دادەبڕێت و دواتر بە تەمەنێکی گەورەوە دەچێتەوە بەر خوێندن، زۆر بە جۆش و خرۆشەوە دەخوێنێت و لە باشترین و بەرزترین کۆلێژ وەردەگیرێت تا خوێندنی باڵاش تەواو دەکات. یان قوتابی وا هەیە دوای سەرنەکەوتنی لە تاقیکردنەوی خولی یەکەم هەوڵ دەدات لە تاقیکردنەوەی خولی دووەم هەڵسێتەوە، ئەگەر نا لە ساڵی دووەم سوود لە ڕێسای پەڕینەوەو تەرقین قەید وەردەگرێت و قۆناغی خوێندنی دەبڕێت، ئەگەر بەو ڕێگایانەش هەڵنەساوەیە خوێندنەکەی دادەبەزێێ بۆ قۆناغی نزمتر تا لەوێوە سەردەکەوێ.

بۆیە دەبێ مرۆڤ، هەرگیز لە ژیان بێ ئومێد نەبێ، لەدوای هەموو کەوتنێک هیوایەکی بە ژیان هەبێت، ئاواتی هەڵسانەوەی هەبێ،کار بکات، هۆشمەندانە بیر بکاتەوە، بەرۆحییەتی وەرزشی، شکستەکەی قبوڵ بکات، هەمیشە بیر لە ئایندە بکاتەوە، بیر لە سەرکەوتن بکاتەوە، هەوڵدان و بیرکردنەوە لە سەرکەوتنیش بە شێکە لە سەرکەوتن، تەنها ئەوەدەمێنێ بە کرداری ویستی سەرکەوتن بەجێبگەیەنێت، نەوەک ببیتە کۆیلە و رادەستی شکست بێت و دەستەوەستان و دۆش دابمێنێت و لە خاڵێکی خاڵییەوە، سوورِ بخوات تا کۆتایی بە ژیان دێت، ئەو کاتەش لە مرۆڤایەتی دەردەچێت و هیچ سوودێکی مرۆڤایەتی ناگەیەنێت، بەرهەمی نابێت، بێکەڵک دەردەچێت، دەبێتە فاشیلترین مرۆڤ، دەبێت لەجوغزێکی گۆشەی سەر زەوی بەتەمەڵی سەربنێتەوەو رۆڵی لە کۆمەڵگەدا پاسیڤ و ناکاربێت.

بۆیە قسەکردن لەسەر ئەو بابەتە، دەکارێ لە زۆر لایەنەوە لێی بڕوانی، بەڵام ئەوەی ئێمە جەختی لە سەر دەکەینەوە، کەوتنە کاتییەکانی خوێندکاری کوردە لە هەموو قۆناغەکانی خوێندکاریدا، کە لەم نێوەندەدا خوێندکار نابێت لە هەر کەوتن و شکستێک بێئومێد لە ژیان بڕوانێت، لە ئاکامدا خۆی رادەستی قەدەر بکات، دەبێت باوەڕی بەخۆی هەبێت، ئیرادەی بەهێزبێت، بەرەنگاری تەنگ و چەڵەمەو لەمپەرە نەخوازراوەکان بێتەوە، لەبەر ئەوەی تەنها خوێندن و بڕوانامە و رۆشنبیری مرۆڤ دەگەیەننە لوتکەی بەندەری خۆشگوزەرانی و گەیشتن بە ئاوات.

***لە ژمارە**(532) 2009/1/17 **لە گۆڤاری**(**هەرێمی کوردستان**) **بڵاوبۆتەوە**

# خوێندکار... لێدانی موحازەرەی بە کۆمەڵ

ماوەی چەند ساڵێکە ژمارەیەک زانکۆ لە هەرێمی کوردستانی عێراق (باشوری کوردستان) درووستبوون و ساڵانەش ئەو ژمارەیە لە زیادبووندایە، بەتایبەت زانکۆی ناحکومی (تایبەت- ئەهلی) ئەوەش بۆتە دیاردە. لە دەرەنجامی ئەو دەرهاوێشتە نێگەتیڤانەی لە هەناوی زانکۆ حکومییەکانەوە بوونەتە کلتوور بەهۆی ململانێی هێزە سیاسیەکان و بیری هۆزگەری و دەمارگیری و رۆتینیاتی کارگێڕی لەم ماوە دوورمەودایەشدا نەتوانراوە لەبەینبرێت و بەسەریا زاڵ بن.

ئەگەرچی هۆکار گەلیتر هەن لە پشت کردنەوەی زانکۆ تایبەتەکان بەوەی تا ژمارەیەکی بەرچاو لە خوێندکارانی دەرچووی پۆلی شەشەمی ئامادەیی وەربگیرێن و دەرفەتی خوێندن زیاتر بڕەخسێ بۆ هاوڵاتی کوردستان و داهاتی زۆرتر بۆ سەرمایەداران بهێنێتەکایەوە، وەلێ حکومەتی کوردستان دەزانێ تازە لەو سەردەمەی پێشکەوتنی ئەمڕۆی جیهان ناتوانرێ زانکۆکانی کورستان هاوشان لەگەڵ زانکۆکانی جیهان گووزەر بکەن، تەنانەت هیچ نەبێ لەگەڵ زانکۆکانی وڵاتانی دەوروبەر رێچکەبگرێ، ئەگەرچی واقیعی ئەو وڵاتانە جیاوازە لە زۆر روانگەوە بۆیە پەنا دەباتەبەر کردنەوەی زانکۆی تایبەت. بەدیدی ئێمە فاکتەرگەلی ئێجگار زۆر هەن لە وانە ساڵانە دەوامی فەرمی قوتابیان لە زانکۆو پەیمانگاندا زۆرکەمە و وەرزەکانی خوێندن لە وەرگرتنی زانیاری تەواو ناکەن زۆربەی وانەکان بە کۆمەڵ ناچنە هۆڵی خوێندن بە زاراوەی قوتابیان (لێدانی جەماعی) ئەوەش لە کاتی پشووەکان و جەژنەکان و بۆنەکان زۆرتر دەبێ بەهۆی

ئەوەی چەند رۆژێک پێش بۆنەکان مەحازەرە بە کۆمەڵ لێدەدەن، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆکار لەوانە:

1. ململانێی نێو رێکخراوە قوتابی و خوێندکارەکانی کوردستان کە ئەو ململانییە لە مندالّدانی هێزە سیاسیەکانەوە لە دایک بووە ئەوەش وادەکات ئیدارەی زانکۆو پەیمانگاکان نەتوانن لێپێچینەوە لەگەڵ قوتابیان بکەن و دەستەوەستان بن لە سزادان.
2. کەمتەرخەمی ئیدارەی کۆلێژو پەیمانگەکان لە بڵاوبوونەوەی هۆشیاری و ئاگادارکردنەوەی قوتابیان تاوەکو غیاب نەبن و ئاڕاستەیەکی بەرنامەرێژکراوی پەروەردەیی و رێنماییکاریان نییە تا ریگەی راست نیشان قوتابیان بدەن.
3. هەندێ لە مامۆستایان هەستی بەرپرسیاریەتیان نییە بۆ هاندانی قوتابی تاوەکو پەیڕەوی رێنماییەکانی زانکۆ بکەن، لەکاتێکدا هەندێجار خوێندکار هاندەدەن تاوەکو نەچنە هۆڵەکانی خوێندنەوە ئەوەش بۆ بەرژەوەندی خۆیان دەیکەن تا بچەنە شوێنێتر کاربکەن و لەهەمان کاتیشدا پارەی ئەو محازەرانە وەردەگرن کە نەیان گوتۆتەوە.
4. رێکخراوە قوتابی و خوێندکاریەکانیش سەرمەشق و پێشەنگن بۆ تەشەنەکردنی ئەو دیاردەیە بە بیانووی ئەوەی دابڕان لە خواستی قوتابی زیان بە بەرژەوەندی رێکخراوەکانیان دەگەیەنێت بەبێ گوێدانە بەرژەوەندییە دوورمەوداکانی قوتابی.
5. خاڵێکیتر لە زانکۆ حکومییەکاندا خوێندن بەخۆڕاییەو زۆربەی قوتابیان بە خواستی خۆیان لە بەشەکان وەرنەگیراون ئەوەش کار لە خوێندکار دەکات ئارەزووی

خوێندنی نەبێت و ساڵانە هیچ زیانی لێناکەوێ ئەگەر دوابکەوێ وسەرکەوتوو نەبێ، ئەگەر نەچووە مەحازەرەوە، چونکە بە نەهاتن بۆی هەژمارناکرێ بەهۆی خۆپیشاندان و پاڵپشتی هێزی دەرەکی زانکۆ بۆ گەڕانەوەیان.

6. نەبوونی ژینگەیەکی لەباری کۆلێژو پەیمانگەکان، چونکە زۆربەی باڵەخانەی کۆلێژو پەیمانگەکانی کوردستان شیاوی ئەوە نییە کە سەرنجی قوتابی رابکشێ تا دەوامی تیا بکات و ئارەزووی لا درووست بکات تا بخوێنێ و پێگیری دەوامی رەسمی بێ و داهێنان بکات تا دواجار خوێندکارێکی کارمەی لێبێتە بەرهەم.

جگە لەو خاڵانەی سەرەوە ئاماژەمان بۆ کردن هەڵبەتە چەندین خاڵی ترهەن کە وادەکەن قوتابی بە کۆمەڵ مەحازەرە لێبدەن، دەکرێ پێداچوونەوە بە زۆری پشووەکان بکرێتەوە و بە بەپێی زەمەن کار بکرێ بۆ نەمانی دیاردەی لێدانی بە کۆمەڵ، لەسەرووی هەمووشیانەوە رێکخراوە قوتابی و خوێندکاریەکان ئاگاداری قوتابی بکەن کە  قوتابی خۆی زەرەمەندە لە نەچونە هۆڵەکانی خوێندن، چونکە زانیاری کەمتر فێر دەبێ و رێگە خۆشکەرە بۆ تەمبەڵی و گەندەڵی زانستی، لە کاتێکدا خوێندکار لە زانکۆ ئەهلییەکاندا بڕە پاریەکی زۆر دەدات تا فێری زانیاری بێت و دەوامی خۆی دەکات، لەلایەکیتر خوێندکار دەبێ خۆی بیر لەخۆی بکاتەوەو بۆ ئایندەیهکی رۆشن تێبکۆشێت تا داهاتوویەکی گەشی هەبێت.

*__لە ژمارە__(97) 2008/12/28 __رۆژنامەی__(__بارزان__) __بڵاوبۆتەوە__

## دیاردەی لێدانی بە کۆمەڵ و کاریگەری لەسەر پرۆسەی خوێندن

لەگەڵ نزیکبوونەوەی جەژن و بۆنە ئاینی و نەتەوەیی و نیشتیمانیەکان، دیاردەی لێدانی بە کۆمەڵی قوتابیان، یا دیاردەی ئامادەنەبوونی بە کۆمەڵی قوتابیان لە هۆڵەکانی خوێندنی زانکۆکان سەرهەڵدەدات، کە لە زانکۆکان بە نەهاتن (غیاب)ناودەبرێت و پێچەوانەکەشی ئامادەبوونە.

لێرەدا تیشک دەخەینە سەر کاریگەری و شوێنەوارە نەرێنییەکانی ئەو دیاردە نەخوازراوەو رێگە چارەکانیش دەخەینەڕوو بۆ ئەوەی بنەبڕبکرێت.

### نەخۆشییە کوشندەکەی زانکۆ

ئەگەرچی زانکۆ وەک دەزگایەکی ئەکادیمی و زانستی و باڵاترین دامەزراوەی مەدەنی رۆڵی کارای هەیە لە پێشەوەچونی کۆمەڵگە، رایەڵەی سەرەکی بۆ گۆڕانکارییەکانیش لەسەر دەستی قوتابی – خوێندکار دایە، چونکە دڵ و شادەماری زانکۆ قوتابییە، بەڵام وێڕای هەموو شتە جوان و باشەکانی زانکۆ، ئەوا ساڵانە هەندێ دیاردە لە زانکۆکان سەرهەڵدەدەن، یەکێک لەو دیاردانە ماوەی چەندین ساڵە درێژەی هەیەو بۆتە نەخۆشییەکی کوشندە، دەکرێت ئەو ناوانەیشی لێبنرێت:(ئایدزی پەروەردەیی، نەخۆشییە کوشندەکەی زانکۆ، پەککەوتنی خوێندن، ئەرسەدۆکسی زانستی، ئیفلیجکردنی زانکۆکان، لەمپەری بەردەم پێشکەوتنی زانستی، گەندەڵی زانستی، بایکۆتی هۆڵی خوێندن، پەتای نەزانی زانکۆ)، هەموو ئەوانە لە هەژاری پەروەردەکردنی قوتابی لە باخچەی ساوایانەوە تا دەگاتە ئامادەیی و زانکۆ سەرچاوە دەگرێت، چونکە پەروەردەی تاک بە شێوەیەکی تەندروست ناکرێت، بۆیە

ئەو هۆشیارییە بڵاونەبۆتەوە قوتابی خۆی بە ئیرادەی خۆی هۆڵی خوێندن جێنەهێڵێت.

## کودەتای قوتابیان لە جەژنەکاندا

بەداخەوە خوێندکاران بۆ گۆڕانکاری لە خودی خۆیان و دەوروبەریان و لەبەینبردنی نەریتە خراپەکان، یەکدەنگ نین، تەنانەت لە کێشە ناوخۆییەکانیشاندا، بەتایبەت لە گەشت و ئاهەنگەکانیشیاندا، جگە دواخستنی تاقیکردنەوەکان و لێدانی موحازەرەی بە کۆمەڵ نەبێت کۆدەنگیان هەیە، ئەوان بۆ پێشەوەبردنی زانست و چاکسازی لە پڕۆگرامی خوێندن و رەخنەی بونیادنەری زانکۆکان ئیرادەی بەکۆمەڵیان نییە، لە جێگەی ئەوەی سمینار بکەن، توێژینەوەی زانستی بنوسن، راپرسی زانستی بکەن، داهێنانی زانستی لە پسپۆڕییەکەی خۆیان بکەن، کەچی لەپای ئەوە، کودەتا دژی خۆیان دەکەن، هەموو جەژن و بۆنەیەک کودەتایەکی سپی لەسەر زانکۆ دەکەن.

## بایکۆت دوا چەکی بێدەسەڵاتی قوتابی

بەهۆی پشتگیری راستەوخۆی حکومەت لە قوتابیان و بایەخدان بە هەست و سۆزو پایەی کۆمەڵایەتیان، زۆرجار خوێندکار ئەو پێگەیەی خۆی بەکاردەهێنێت بۆ مەیسەرکردنی خواست و داواکارییەکانی، ئەوەش لە رێگەی نەچونە هۆڵی خوێندن، کە دوا چەکی قوتابییە بۆئەوەی بتوانێت بە بایکۆتکردنی خوێندن هەرچی مەرام و خواستی هەیە بیهێنێتەدی، لە کاتێکدا دەکرێت ئەو مافەی لێی زەوتکراوە یا ئەو خواستە زێدەی لەوەی بۆی فەراهەمکراوە بە رێگەی دیکە، یا دوای تەواوکردنی موحازەرە بیخاتەڕوو، کەچی دوا چەکی قوتابی بۆ هەموو ئەمانە نەچونە

هۆڵی خوێندنه، ئەو خووە گشتگیرییەی قوتابیان بۆتە دیاردە و ساڵ بە ساڵ پەرەدەسەنێت، ئیدارەی زانکۆکانیش ناتوانن پێشی لێبگرن، بەداخەوە زیانی یەکەمیش بەر قوتابی دەکەوێت، چونکە بایکۆتکردنی هۆڵی خوێندن وا دەکات کەمتر زانیاری و زانستی نوێ وەربگرێت و مێشکیان سەرقاڵ بێت بە بابەتی لاوەکییەوە.

**خەرجییە زەبەلاحەکە و متمانەی بڕوانامەکان**

سیستەمی پەروەردەو خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان وەک هەر وڵاتێکی دیکەی خۆرهەڵات و تەنانەت هەندێک وڵاتی ئەوڕوپیش خوێندن بەخۆڕاییە، بۆیە لەو روانگەیەوە دەرفەت و ماف بە قوتابی دراوە بە ئازادی و بە خۆڕایی لە شارەکەی خۆی یا لە شارێکی دیکەی نزیک شوێنی نیشتەجێبونی کورسی خوێندنی بۆ تەرخانبکرێت و دەرماڵەی پێ بدرێت و بەشەناوخۆیی بۆ دابینبکرێت، کەچی پێشێلی هەموو ئەو ماف و ئازادییانە دەکات و رێگە بەخۆی دەدات نەچێتە هۆڵی خوێندن و نەخوێنێت، لە کاتێکدا پیشەی سەرەکی خوێندکار ئەو ماوەیەی بۆی دانراوە بخوێنێت تەنها پیشەی(خوێندن، خوێندنەوە، فێربوون، توێژینەوە، سمینار، پەیداکردنی زانیاری، وەرگرتنی زانستە لە پسپۆڕیەکی دیاریکراوە) کەچی نایەوێت و ماندەگرێت لە زانست، ئیشی قوتابی گەڕانە بەدوای عیلم، کەچی عیلم بە دوای قوتابی دەگەڕێت و ئەویش هەڵدێت.

لەبەرئەوەی پێگەیاندنی قوتابی دەچێتە چوارچێوەی وەبەرهێنانی مرۆیی درێژخایەن، کە دواجار سوودی بۆ گەشەکردنی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵات هەیە، بۆیە حکومەتەکان بودجەیەکی زۆر لە بودجەی گشتی وڵات بۆ ئەو مەبەستە تەرخان دەکرێت، لە هەرێمی کوردستانیش ساڵانە

بڕی (611,122,000,000)شەش سەدویازدە ملیارو سەدو بیست و دوو ملیۆن دینار کە ڕێژەی 4,11% لە بودجەیەی هەرێم خۆدەگرێت، ئەگەرچی بڕەکەی لە ئاست وڵاتانی دیکە کەمە، بەڵام دەکرێت بڵێین حکومەت لە بیری وەبەرهێنانی مرۆیی دایە، کەچی زیاتر لە 90% قوتابی  لەکاتی پێش جەژن و بۆنەکاندا ناچنە هۆڵی خوێندن، لە کاتێکدا ساڵانە تەنها زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر بڕی (75,600,000)حەفتاو پێنج ملیۆن و شەش سەد هەزار دۆلار لە قوتابی خەرج دەکات کە تەنها هەشت ملیار دیناری لە دەرماڵە، چوار ملیار دیناریش بۆ کرێی باڵەخانەی بەشەناوخۆییەکان و ئەوەی دیکە بۆ  نەوت، ئاو، کارەبا، و خزمەتگوزارییەکانی دیکە، ئەمە جگە لە خەرجی خانەوادەی قوتابی لە جلوبەرگ و خەرجی ڕۆژانە، کتێب، کرێی ڕێگە، لایەنی مەعنەویش هەر باسی مەکەن لە بەفیڕۆچونی تەمەنێکی زۆرو ماندووبونی جەستەیی و هزریی، بەشێوەیەکی گشتی ساڵانە لە زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر هەر خوێندکارێک بڕی(3600) سێ هەزارو شەش سەد دۆلاری لێخەرج دەکرێت.

هەموو ئەو شتانەی باسمانکردن بۆ ئەوە بووە بڕوانامەی زانکۆکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی نیشانەی پرسیاری نەچێتەسەر، هەر بۆیەشە دەبێت قوتابی لە  سیستەمی کۆڕسی لە کۆڕسی یەکەم 15 هەفتەو کۆڕسی دووەم 15 هەفتە بخوێنێت، لە سیستەمی ساڵانەش 30 هەفتە بخوێنێت، ئەگەر وانەبێت ئەو بڕوانامەیەی قوتابی نیشانەی پرسیاری دەکەوێتەسەرو متمانەی جیهانی لە دەستدەدات، یەک ڕۆژ دەوام نەکردن خەرجی زۆر لە سەر حکومەت دەکەوێت جا نەخوازە هەفتەیەک پێش و هەفتەیەک پاش بۆنەو جەژنەکان جاری واش هەبووە زۆر زیاتر، ئەمە جگە

له ئاهەنگ و گەشتە تەرفیهییەکان، باشە ئەو بودجە زەبەلاحە خەرج دەکرێت و مامۆستاو فەرمانبەر لە خزمەتی قوتابی کار دەکات و خانەوادەی قوتابیش ماندوو دەبێت، بۆچی بە نەچوونە هۆڵی بە کۆمەڵی قوتابیان متمانەی بڕونامەی زانکۆیی لە دەست بدرێت و گومان بخرێتە سەر ئاستی زانستی زانکۆ کوردستانییەکان، بێگومان وەڵامەکەی لای قوتابی و خانەوادەکانیان و ئیدارەی زانکۆکان دەست دەکەوێت.

**هاندەرەکانی پشت غیابی جەماعی**

زۆر هۆکار هەن لە پشت چۆڵکردنی هۆڵەکانی خوێندن و وەستانی هەناسەی ژیانی ئەکادیمی و خاڵی بوونی زانکۆکان لە قوتابی کە دەکرێت گرنگترینیان لەم خاڵانە کۆبکەینەوە کە ئێمە درکمان پێکردووە:

1. هەرچەندە ژینگەی زانکۆیی بە بەراورد بە دەرەوەی زانکۆ باشترە، بەڵام هێشتا ژینگەی زانکۆ کوردستانییەکان ئەو ژینگەیە نیە، کە شوێنەوار لەسەر هەست و سۆزی قوتابی دابنێت و نەبۆتە ماڵی دووەم، بە هۆی نەبونی کەمپەسی مۆدێرن، بۆیە دەبێت هۆڵی خوێندن و ژینگەی کۆلێژ لە کتێبخانەو تاقیگەو کافتریا وا فەراهەمبکرێت هیچ نەبێت کاریگەری لەسەر دەروونی قوتابی دابنێت کە هەست بە تەنهایی نەکات، بەڵکو واسەرنجی رابکێشێت هەرگیز نەچێتەوە ماڵی خۆی یا بەشەناوخۆیی.

2.سستی پەیوەندی نێوان مامۆستاو قوتابی خاڵێکی دیکەیە لە هۆکارەکانی نەبونی ئینتیمای قوتابی بۆ زانکۆ، بۆیە دەکرێت مامۆستایان ژینگەیەکی هاوڕێیانە دروست بکەن لە نێوان خۆیان و قوتابیان، لە چوارچێوەی رێزگرتنی یەکتری، بۆ

خۆشەویستکردنی وانەکان  و سەرنجراکێشانی قوتابی بۆ بابەتە زانستییەکان، کە دواجار ئەو هەڤاڵبەندییە بگوازرێتەوە بۆ نێو خانەوادەکانی قوتابیانیش، کەچی ئەو پەیوەندییە جگە لە ناو پۆل نەهاتۆتە دەر، بەڵکو هەندێجار لە جێگەی خۆشەویستی رق چێنراوە، یا لە نێو پۆلدا مامۆستا وەک کەسێکی بێزراو سەیرکراوەو قوتابیش لەلایەن مامۆستا بە کەسێکی پلە نزم تەماشاکراوە.

3.بەشێکی زۆری قوتابیان بە ئارەزووی خۆیان لەو بەشە وەرنەگیراون کە لێی دەخوێنن و بەناچاری دەخوێنن جا بە هۆی کەمی نمرەکانیان بێت یا خانەوادەکەیان بەش و کۆلێژەکەیان بۆ دیاری کردوون یا سیستەمی ناوەندی وەرگرتن لە رێگەی زانکۆ لاینەوە بۆی دیاریکردوون.

4.سەرۆکایەتی بەشە زانستییەکانی کۆلێژەکان لە سەرەتای هەموو ساڵێک رێنماییەکانی ژمارە(2)ی ساڵی 2009بەرزەفتی قوتابیان بڵاوناکەنەوە و ئاگاداری قوتابی ناکرێتەوە بەتایبەت لەکاتی ئاگادارکردنەوەی سەرەتایی و کۆتایی و واژووکردنی بەڵێننامەی ئامادەنەبوون، هەروەها رێنمایی تایبەت بە فەسڵکردنی قوتابی کاتێک 10% نەهاتنی هەبێت لە هەر مادەیەک بەبێ هیچ پاساوێک ئەوا فەسڵ دەکرێت، بەڵام ئەگەر پاساوی لۆژیکی هەبێت ئەوا ئەنجوومەنی کۆلێژ بۆی دەکاتە 15% لەم رێژەیەش زیاتر بێت فەسڵ دەکرێت، ئەمە جگە لەوەی دەبێت قوتابی ئاگاداربکرێتەوە کە ناتوانێت بەپێی رێنماییە زانکۆییەکان تاقیکردنەوەی خولی دووەم دوابخات، هەروەها دەبێت ئەو زانیاریە لە قۆناغی یەکەمەوە بە خوێندکار بگوترێت رێژەی هەژمارکردنی وەحدەکان لە قۆناغی یەکەم 10% و

قۆناغی دووەم 20%و قۆناغی سێیەم 30% و قۆناغی چوارەم 40%یە تا ئەو قوتابییەی لە قۆناغی یەکەم و دووەم نەتوانێت لە ریزبەندی یەکەمی بەشەکەی بێت نمرەی ئاست بەرز بەدەست بهێنێت، ئەوا هانبدرێت لە قۆناغەکانی دیکەدا کۆشش بکات بۆ نمرەی بەرز، ئەوە ئومێد بۆ قوتابی دروست دەکات.لەلایەکی دیکە دەبێت بۆ قوتابی روونبکرێتەوە قۆپیە بکات لە تاقیکردنەوەکان ناوی لە تۆماری کۆلێژ دەسڕێتەوە(ترقين قيد) دەکرێت و هیچ یاساو بڕیارێک بۆ گەڕانەوەی نایگرێتەوە، یا دوو ساڵ لەسەر یەکتر بکەوێت لە خوێندن ئەوا فەسڵ دەکرێت بەیەکجاری مەگەر بڕیارێکی تایبەت بە تەرقین قەید بیگەڕێنێتەوەو بۆیەکجار دەتوانێت سودمەند بێت، یا قوتابی بۆی هەیە ساڵێکی خوێندن دوا بخات بە پاساوی قەناعەتپێکراو کە ئەنجومەنی بەش و کۆلێژ قەناعەتی هەبێت بەمەرجێک مانگێک پێش تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ داوا بکات، ئەگەر ماوەی خوێندنەکەی درێژ بکاتەوە بۆ دووساڵ بەهۆی نەخۆشی و پاساوی لۆژیکی ئەوا سەرۆکی زانکۆ بۆی هەیە لەسەر راسپاردەی ئەنجومەنی کۆلێژ بۆی درێژبکاتەوە.

5.پەیوەستبوونی قوتابی ناو شار بە بەڵێنەکانی هاوپۆلەکانی نیشتەجێی دەرەوەی شار، تا ئەو هاوپۆلانەیان تورە نەبن.

6.رێکخراوە قوتابی و خوێندکارییەکانیش داینەمۆی سەرەکی تەشەنەکردنی ئەو دیاردەیەن، بۆ ئەوەی دەنگی قوتابی – خوێندکار بەدەستبهێنن، بۆیە سواری شەپۆلی داواکارییەکانیان دەبن، لە زۆر حاڵەتیشدا پشتگیریان دەکەن، لە کاتێکدا رایەڵەو ئەجێندای راستەقینەی ئەو رێکخراوانە پەرەپێدانی زانست و پێداگیریکردنە لە چونە هۆڵی خوێندن و هاوکاریکردنی قوتابی

کەمدەرامەت و خستنەڕوی پرۆژەی زانستی و هۆشیارکردنەوەی قوتابیە، کەچی ئەوان سەرمەشقی کۆکردنەوەی واژووی قوتابین و بەڵێن بە قوتابی دەدەن نەچنە هۆڵی خوێندن و کەسی ناتوانێت لە خوێندن دایانبڕێنێت.

7.بوونی ژمارەیەکی زۆر لە بۆنەو پشوو لە هەرێمی کوردستان( بە داخەوە ئێستا بە پاساوی درەنگ دابەشکردنی مووچەی کارمەندانی حکومەت و خواستی فەیسبوکچییەکانیش حکومەت پشووەکانی زیادکردوەو راستەوخۆ بە بێ ئەوەی رەچاوی سیستەمی خوێندن و دەسەڵاتی زانکۆکان بکات، پشوەکانی فەرمانبەرانیش تێکەڵ پرۆسەی خوێندن دەکرێت)

8.جێبەجێنەکردنی یاساو رێنماییە زانکۆییەکان لەبەرامبەر قوتابی بەهۆی فشاری گروپ و رێکخراوە قوتابی و خوێندکارییە حیزبییەکان و هێزە سیاسییەکانی کوردستان.

9.نەبوونی سەربەخۆیی کارگێڕی، دارایی، زانستی، مەعنەوی زانکۆو وابەستەبونی بە دەزگاکانی دیکەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، لە کاتێکدا دەبێت بەشە زانستییەکان لە زانکۆکان چەقی بڕیاردانی زانستی بن و لە سەرووی هەموو دامەزراوەکانی دیکەبن.

**رێگە چارە:** بۆ چارەکردن و نەهێشتنی ئەو دیاردەیە دەتوانرێت ئەو خاڵانە پەیڕەو بکرێت:

1.هەست بە بەرپرسیاریەتیکردنی خودی قوتابی، بەوەی ئەرکێکی لەسەر شانەو دەبێت جێبەجێبکات و بەلای پیشەکەی خۆیدا بڕوات، نەک شتی لاوەکی، لە هەمان کاتدا ژینگەیەکی شیاوی زانکۆیی بۆ بڕەخسێنرێت لە تەلارو پێداویستییە

سەرەتاییەکانی خوێندن، لە رووی مەعنەویشەوە مامۆستایانیش هەوڵبدەن لە قوتابی نزیکببنەوەو هاوڕێیەتیان بکەن.

2.پێویستە کۆنفڕانسێک لە بارەی ئەو دیاردەیە لەسەر ئاستی وەزارەتی خوێندنی باڵاوتوێژینەوەی زانستی یا زانکۆکان ئەنجام بدرێت تا بەرێگەی زانستیەوە رێگەی چارەی گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە، تیایدا جگە لە بەرپرسانی سەرۆکایەتی زانکۆکان و مامۆستایان و قوتابیان و رێکخراوە خوێندکارییەکان و خانەوادەی قوتابیانیش ئامادەبن.

3.پێویستە سەرۆکایەتی بەشەکان و راگرایەتییەکان ووردترو توندتربن لە جێبەجێکردنی رێنماییە زانکۆییەکان، ئەگەر پێویستیکرد فەسڵکردنی کاتی، بڕینی دەرماڵە، بێبەشکردن لە گەشتە زانستییەکان، دەرکردن لە بەشەناوخۆیی، ئاگاداری خانەوادەی قوتابی بکرێتەوە، بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ئەمە بە یەکسانی بکرێت نەک بۆ هەندێک یاسا جێبەجێبکرێت ئەوەی دیکەش لە رۆژانی ئاسایی نەیەت و بەنەهاتن بۆی ئەژمار نەکرێت، چونکە هەندێکجار مامۆستای وانە نەهاتنی قوتابی دەنوسێت لە تۆماری نەهاتندا، بەڵام لە سەرۆکایەتی بەشەکان نەهاتنەکەی قوتابی رەشدەکرێتەوە.

4.نابێت رۆڵی مامۆستا بەڕێزەکانیش لەبیر بکرێت، چونکە رۆڵێکی سەرەکی دەبینن لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و ئاگادارکردنەوەی قوتابی و چونە هۆڵی خوێندن، لەبەرئەوەی ئەگەر مامۆستا بچێتە هۆڵی خوێندن و موحازەرەکەی خۆی بڵێتەوە، ئەوا جارێکی دیکە قوتابی بە کۆمەڵ موحازەرە لێنادەن، بەداخەوە جاری واهەبووە مامۆستایان پاڵنەری قوتابی بوونە

لەوەی بە ناراستەوخۆ ئاگاداری قوتابیان کردۆتەوە نەیەنە موحازەرەوە.

5.خانەوادەی قوتابیانیش لە ڕێگەی ئامۆژگارییەکانیانەوە دەتوانن ڕۆڵی خۆیان بگێڕن و هانیان بدەن لە بەردەوامیدان لە خوێندن.

6.بڵاوکردنەوەی هۆشیاری پەروەردەیی لەلایەن ڕێکخراوە قوتابی و خوێندکارییەکان بەتایبەت نوێنەرایەتی قوتابیان، هەروەها ڕێگریکردنی نوێنەرەکان لەو دیاردەیەو هەوڵبدەن بەتەنها خۆشیان بێت بچنە هۆڵی خوێندنەوە.

7.بۆ بەرەنگاربونەوەی ئەو دیاردەیە پێش بۆنەو جەژنەکان سەرۆکایەتی زانکۆ هەڵمەتێکی چڕ بکات بە هاوکاری دەزگا ڕاگەیاندنەکان لە (بینراو، بیستراو، نوسراو) تیایدا ئاکام و زیانەکانی بۆ قوتابی و سیستەمی خوێندن لە زانکۆ بخرێتەڕوو، لە هەمان کاتدا نوێنەرانی قوتابیان بخەنە بەردەم بەرپرسیاریەتییەوە.

***لە ژمارە(4212) لە2012/12/11 لە ڕۆژنامەی(خەبات)بڵاوبۆتەوە**

سەرنج: لە کۆلێژەکانی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر ئەو بابەتە گشتاندنی بۆ کرا تا لە هۆڵەکانی خوێندن وەک ئامۆژگاری بدرێت بە قوتابیانی زانکۆ لە گشت قۆناغەکاندا. هەروەها بە بیرۆکەیەکی دیکەو لە ژمارە(35) تشرینی دووەمی 2018 گۆڤاری(زانکۆپرێس) بڵاوبۆتەوە.

## دەزگای باڵای بەشەناوخۆییەکانی قوتابیانی کوردستان

ساڵی 2006 هێشتا ژمارەی قوتابیانی زانکۆو پەیمانگەکانی کوردستان، بەقەد ئێستا لە هەڵکشاندا نەبوو، ژمارەی زانکۆ حکومی و تایبەتەکان لە پەنجەکانی دەست تێپەڕی نەدەکرد، بە جۆرێک کارەساتی جەرگبڕی لە شێوەی بەشەناوخۆیی فیردەوسی سەر بە زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی روویندابوو، بەڵام بێ کێشەوکەموکوڕیش نەبوون، بەڵکو ئەوسا قەیرانی بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیکردنی ئەو بەشەناوخۆییەکان هەبوو، تەلاری بەرزو تاڕادەیەک شیاو وەک هەنووکە نەبوو، لە باڵەخانەو خانووی بچووکی بێ خزمەتگوزاری قوتابی نیشتەجێدەکرا، ژمارەی خانووە بەکرێگیراوەکان، هێندە زۆربوون، لیژنەکانیش فریای سەردانی کردنیان نەدەکەوتن، جا نەمازە فەراهەمکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان لە شێوەی کارەبا، ئاو، فێنککەرەوە، گەرمکەرەوە، ....هتد ئا لەوساتەدا لە گۆشەی"پرۆفایل"ی دوا لاپەڕەی ژمارە"2052"ی رێکەوتی 9ی شوباتی 2006ی رۆژنامەی "خەبات" بابەتێکم بە ناونیشانی بەشەناوخۆییەکانی قوتابیان و پێشنیارێک نوسیوە، کە ئەوکات تەنها لە زانکۆی سەلاحەدین زیاتر لە شەش تا حەوت هەزار قوتابی لە بەشەناوخۆیی نیشتەجێببون و 150 خانوو بۆ بەشەناوەخۆییەکانی کچان و کوڕان بە کرێگیرابون، لە بابەتەکەدا ئاماژەم بە دروستکردنی دەزگای باڵای بەشەناوخۆییەکانی کوردستان یا بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری قوتابیان لە وەزارەتی فێرکردنی باڵاوتوێژینەوەی زانستی کردوە، ئەگەرچی ئەو پێشنیارە لە دەرەنجامی هەڵەنجێنانی گرفتەکانی قوتابیان و خوێندکاران بوو، چونکە

ماوەیەک نوێنەرایەتی قوتابیان و خوێندکارانی زانکۆو پەیمانگەکانی هەولێرم دەکرد، هەڵبەتە پێشنیارەکە لەلایەن ئەنجوومەنی زانکۆی سەلاحەدین و هەولێری پزیشکی و دەستەی خوێندنی تەکنیکی هەولێر لەو سەردەمەدا پەسەند بوو، بەڵام نە وەزارەتی خوێندنی باڵاوتوێژینەوەی زانستی و نە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران خۆی لێکرد بە خاوەن، ئەمەش بەهۆی ئەوە بوو کە سەرپەرشتیکردنی ئەو ژمارە بێشومارەی بەشەناوخۆییەکان لەسەر ئاستی کوردستان کارێکی قورس و دژوار بوو، نەیاندەتوانی ئەو بەرپرسیاریەتییە گرانە بخەنە ئەستۆی خۆیان، بەڵام ئەوەی تێبینی کرا، لە رووداوە دڵتەزێنەکەی بەشەناوخۆیی" فیردەوس" ئەو بیرۆکەیە لە زانکۆکانەوە سەریهەڵداوە، چونکە بەهۆی نەبونی مەرجی سەلامەتی و تەندروستی بەشەناوخۆییەکانەوە، پێشبینی دووبارە بونەوەی کارەساتی لەو شێوەیە دەکرێت، ئەگەرچی لێرەو لەوێ ساڵانە خۆپیشاندانی نارەزایی قوتابیان دەبینرێت بەهۆی کەمی خزمەتگوزارییەو کەموکورییەکانیانەوە، بەشێکی لەکەمتەرخەمی ستافی کارگێری بەشەناوخۆییەکانەو بەشەکەی دیکە پەیوەندی بە نەبونی سنگفراوانی و کەمتەرخەمی قوتابیانەوە هەیە، هەرجۆرێک بێت ناکرێت کاری سەرەکی لە زانکۆ تەنها چاودێری و خۆتەرخانکردنی لەشکرێکی فەرمانبەرو سەرۆک زانکۆکان و یاریدەدەرەکانی سەرۆک زانکۆکان بۆ کاروباری قوتابیان بە 24 کاتژمێر بۆ کاروباری قوتابیان بێت، چونکە دەبێتە هۆی لە بیربردنەوەی ئەرکە راستەقینەکەی زانکۆ لە پێشخستنی زانستی و بیرکردنەوە لە داهێنانی زانستی لە کۆمەڵگەدا، واتە هەموو توانا دارایی و جەستەیی و زانستییەکانی زانکۆ خراوەتەگەڕ بۆ ئەوەی نەهێڵدرێت ئاریشە لە

بەشەناوخۆییەکان هەبێت، کەچی هەر دەبێت و چارە ناکرێت، لەلایەکی دیکە ئەوەندەی فریاری کێشەکان کەوتوون، ئەوەندە نەتوانراوە فریای بواری فێرکردن و مەعریفەو پەروەردەکردن بکەن و پەیامی زانکۆ وەک دەزگا ئەکادیمی و مەعریفی و زانستییەکە بە کۆمەڵگە بگەیەنن،لەو سونگەیەشەوە دروستکردنی دەزگایەکی باڵای بەشەناوخۆییەکانی قوتابیانی کوردستان کارێکی باشە، تا لەسەر ئاستی ئەنجوومەنی وەزیران سەرپەرشتی راستەوخۆی بکرێت بە هەماهەنگی لەگەڵ زانکۆکانی کوردستان کارەکان رایی بکرێن و خزمەتگوزارییەکانیش بە ستانداردی بۆ  هەموو کوردستان وەک یەک بێت، بەشێوەیەک لە رووی کارگێڕی و داراییەوە بە بازنەی رۆتینی کەمتر تێدەپەڕێک، بەجۆرێک ئەو دەزگایە بەدەر دەبێت لە بازنەی رۆتینی نوسراوکردن لە سەر ئاستی بەڕێوەبەرایەتییەکانەوە تا دەگاتە زانکۆو وەزارەت و ئەنجوومەنی وەزیران،ئەوکاتە راستەوخۆ کارەکان بەڕێوەدەچن، ئەمە جگە لەوەی لەم دەزگایە نوێنەری هەریەک لە زانکۆکان و وەزارەتی شارەوانی و پارێزگاو قەزاکان و وەزارەتی ناوخۆ تێدابێت، واتە ئەو رێژە زۆرە باڵەخانەو خانووەی بەکرێگیراوە کە خۆی رەنگە لە  پێنج سەد باڵەخانە دەبینێتەوە و کرێییەکەی خۆی لە  چەندین ملیار دینار دەبنێتەوە  بۆ نیشتەجێکردنی نزیکەی چل هەزار  قوتابی و خوێندکار،  کە رەنگە لە ئێستادا لە توانای زانکۆکان نەبێت تا بە رێکوپێکی بتوانن سەرپەرشتی بکەن، هاوکات دروستبوونی ئەو دەزگایە جگە لە کەمکردنەوەی بازنەی رۆتینی کارگێڕی، ئەوا دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی خەرجییە زەبەلاحەکەی حکومەت لە کرێی ساڵانەو کڕینی پێداویستییەکان و دابینکردنی خزمەتگوزاری و نۆژەنکردنەوەی

باڵەخانەکان و پێدانی مووچە بە لە شکرێک لە بەڕێوەبەرو فەرمانبەرو چاودێر و پاسەوان و گرێبەستی دەیان ملیۆن دیناری لەگەڵ کۆمپانیاکانی پاککەرەوە ...هتد، هەروەها ئەگەر بتوانرێت هەموو کاروبارەکان بدرێتە کەرتی تایبەت ئەوا باشترەو حکومەتیش ببێتە چاودێری کاروبارەکان، نەک خۆی ئەرکەکە جێبەجێبکات، ئەوکاتە گلەیی و گازاندەکانیش کەمتر دەبنەوە، کەوایە حکومەت لە دروستکردنی ئەو دەزگایە لە چەندین لاوە سوودمەند دەبێت، گرنگترینیان خەرجییەکان کەمتر دەبێتەوەو رووداوەکانیش کەمدەبنەوەو گازاندەکانیش لە ئەستۆی نامێنێت و زانکۆکانیش لەسەر ئێشەی رۆژانەی بەشەناوخۆییەکان دوور دەکەونەوەو دەچنەوە سەر راپەڕاندنی ئەرکە راستەقینەکەی خۆیان لە پەرەپێدان و خەمی داهێنان لە زانکۆکان، چونکە ئیشی سەرۆکی زانکۆکان ئەوە نییە، بە رۆژ لە دەوامیی فەرمی کاروباری بەشەناوخۆییەکان رایی بکەن و بەشەویش سەردانی بەشەناوخۆییەکان بکەن بۆ رێگەگرتن لە خۆپیشاندان و ژوور بە ژوور دڵی قوتابی رازی بکات، هەرچەندە قوتابی شیاوی هەموو شتێکە، بەڵام ئەو دەزگایە زیاتر دەتوانێت کارەکانی باشتر راپەڕێنێت.

***لە ژمارە(4292) 2013/4/7 لە رۆژنامەی(خەبات) بڵاوبۆتەوە**

## زانکۆ بازرگانییەکان

لە کۆتایی ساڵانی شەستی سەدەی رابردوو بە پشتگیری سیاسیەکانی کورد حکومەتی ئەوسای عێراق زانکۆیەکی بەناوی سلێمانی لە شاری سلێمانی کردەوە، بەڵام زۆری پێنەچوو سەرانی حکومەتی عێراق لەوە تێگەیشتن کردنەوەی زانکۆ لە شارێکی هۆشیاو شۆڕشگێری وەک سلێمانی کە نزیکی سنوورییە لە وڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران و زووتریش پێشمەرگە و سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان دەستیان دەگاتە نێو زانکۆ تا راپەڕین و خۆپیشاندانی خوێندکاری تیا دروست بکەن، بۆیە گواستیانەوە شاری هەولێر، ئەگەرچی نیازەکانیان نەپێکا، چونکە لە هەولێریش خوێندکاران خۆپیشاندانیان ئەنجامداو کاری سیاسی دەکراو بەرەنگاری ویستە گڵاوەکانی بەعسیان دەکردەوە.

لەوساوە تا راپەڕین هیچ زانکۆی تر نەبوو لەدوای راپەرینیش بەرێسای هاوسەنگی پارتی لە دهۆک و یەکێتی لە سلێمانی زانکۆیان کردەوە و لەدەوورانی شەڕی ناوەخۆ هیچ کام لەو دوو حیزبە فریای ململانێ کردنەوەی زانکۆ نەکەوتن، جگە لە شەڕ، بەڵام لە سەردەمی شەڕی ساردی نێوانیان ئەو ململانێیە دەستپێکردەوە و کردنەوەی زانکۆو کۆلێژو بەشی زانستیش بەشێک بوو لەو شەڕە، بەڵام لە کۆتاییدا قوتابیانی کوردستان قازانجیانکرد. جارێکیتر لەدوای نەمانی دەسەڵاتی سەرانی بەعسی حکومەتی عێراق دەرفەتێکی تر هاتە کایەوە بۆ دروستبوونی زانکۆی تایبەت دیسان لە گەرمەی هاوپەیمانی ستراتیژیدا و لە ژێری پەردەی حکومەتی بەناو یەکگرتوودا لە سلێمانی چەندین زانکۆی تایبەت و لە ئیدارەکانی دیکەی سەر

بەو بەو پارێزگایە کرایەوە، لەبەرامبەردا لە پارێزگای هەولێرو دهۆکیش چەندین زانکۆی حکومی و تایبەت کراونەتەوە.

ئەگەرچی کردنەوەی زۆربەی ئەو زانکۆیانە لەسەردەمی وەزارەتی یەکگرتووی خوێندنی باڵاوتوێژینەوەی زانستی نەبووەو لە چوارچێوەی شەڕی سارد بووە، بەڵام دیسان سوودی بۆ خوێندکارانی کوردستان هەیە و لەگەڵ هەنگاوو پلانە ستراتیژیەکەی وەزارەتی خوێندنی باڵا یەک دەگرێتەوە تا زۆرترین خوێندکار دەرفەتی خوێندنی هەبێ تا دوارۆژێکی پرشنگدار مەیسەر بکات.

دەخوازین وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی بەرنامەرێژی زیاتر بکات بە هاوکاری سەرمایەدارانی ناوە و دەرەوەی کوردستان تا لە بواری خوێندنی باڵاش وەبەرهێنان ئەنجام بدرێ و زانکۆی ئەهلی(تایبەت) زۆرتر بکرێتەوە تا ئەوانەی زەنگین و دەوڵەمەندن لە زانکۆی ئەهلی بخوێنن و خوێندکاری هەژاریش کە نمرەی باش وەدەست دەهێنن لە زانکۆ حکومییەکان بخوێنن لەگەڵ ئەوەشدا سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم زانکۆحکومییەکان نەخاتە پەراوێزەو فەرامۆشیان نەکات وەک ئەوەی ئێستا هەیە، چونکە لە رووی چۆنایەتییەوە بەو کەرەستە هەنوکەییەی سەردەمی جیهانگیری کادری کارامە ناتوانن بهێننە بەرهەم.

***لە ژمارە(706) 2009/9/29 لە رۆژنامەی (بارزان) بڵاوبۆتەوە**

هەموو داهێنانێک لە جیهاندا دوو لایەنەیە، دەکرێت بە خراپە و بە باشە بەکاربهێنرێت، بەتایبەت داهێنراوە تەکنەلۆژییەکان، بۆیە لە چەند ساڵی رابردوودا هاتنە کایەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە سەر ئاستی جیهانیش بەمەبەستی سوودگەیاندبووە بە کۆمەڵگە، بەتایبەت تۆڕی بەرفراوانی فەیسبوک، کە لە ئێستادا زیاتر لە یەک ملیار کەس لە دانیشتوانی سەر رووی زەوی ئەکاونتیان لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک هەیەو لە هەرێمی کوردستانیش زیاتر لە یەک ملیۆن کەس ئەکاونتی هەیە(مەبەست ئە کاتە بووە کە وتارەکەی تێدا نوسراوەو بڵاوکراوەتەوە)، دەکرێت لەو تۆڕە کۆمەڵایەتییە، هۆشیاری کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابوری، رۆشنبیری، تەندروستی،...هتد بڵاوبکرێتەوە، بەتایبەت لە ئاگاداربوون لە هەواڵی گەرماوگەرمی رووداوەکانی رۆژ، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە لە هەرێمی کوردستان وەک هەموو شتەکانی دیکە بە خراپە بەکاردەهێنرێت، بەشێکی دووچاری ئایدزی فەیسبوک بوونە، توشی نەخۆشی زۆر بەکارهێنان و خراپ بەکارهێنان بونەو رەنگە لە داهاتوودا کۆمەڵگەی کوردی بەرەو ئاقارێکی دیکەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی بەرن، کلتورێک بێنێتەکایەوە نامۆبێت بە کلتووری کوردەواری، ئێمە ناڵێین بەکارهێنەرانی ئەو تۆڕە چالاکییەکانی خۆیان بڵاونەکەوە، نوسین و قسەی باش نەنوسن، بەڵکو دەکرێت بۆ هەموو کارێکی باش بەکاربهێنرێت، بەتایبەت لە نزیکبونەوەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان، نەک لە یەکترازانی شیرازەی خێزان، کە لەهەندێ شوێن خانەوادەکانی لەیەکتری جودا کردۆتەوە، ئەمە جگەلەوەی خزمەتگوزاری ڤیدیۆ چاتەکەشی دیسان بە خراپ

بەکاردەهێنرێت، سەبارەت بە قوتابیانی زانکۆش کە بەشێکی گرنگی کۆمەڵگەی کوردی پێکدەهێنن زیاتر لە 100 هەزار قوتابی لە ئێستادا لە زانکۆ وپەیمانگەکانی کوردستان دەخوێنن، جا ئەگەر زیاتر لە 70%ی ئەکاونتی نەبێت لەو تۆڕە کۆمەڵایەتییە کەمتر نییە لەو ڕێژەیە، بۆیە کاریگەری خراپ و باشی لەسەر پڕۆسەی ژیانی ڕۆژانەی ئەوانیش هەیەو ڕەنگدانەوەی خۆی هەبووەو دەشبێت لە داهاتوودا، بەتایبەت لەسەر پڕۆسەی خوێندن و ئاستی زانستی خودی قوتابی و کایەی مەعریفی زانکۆدا، بۆیە لێردا خاڵە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییە بە شێوەیەکی گشتی و بەتایبەت بۆ قوتابیانی زانکۆ باس دەکەین.

**کاریگەرییە ئەرێنییەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک**

1. دروستکردنی ئەکاونت لە فەیسبوک ئاسانترە لە دروستکردنی ماڵپەڕی تایبەتی و کەسی و تەنانەت گشتیش، هەربۆیەش زۆرترین کەس لەسەر ئاستی جیهانی و هەرێمی کوردستان بەکاریدەهێنن.

2. بۆ ڕێکلامکردن بە ساناترین و خێراترین ڕێگە دەتوانیت زانیاری لەسەر کەلوپەلوکاڵایەک بۆ فرۆشتن بگەیەنیت بە کڕیار – بەکاربەر لە جۆری کاڵاکەو نرخ و ستایل ...هتد.

3. خەرجی کەمترە بە بەراورد بە ڕێگاکانی دیکەی ڕێکلامکردن لە ماڵپەڕو ئامرازەکانی دیکەی ڕاگەیاندن وەک ماڵپەڕی تایبەت و ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، ڕۆژنامە، گۆڤار، پۆستەر، لافیتەی سەردیوار، تابلۆیی کارەبایی سەر شەقام...هتد.

4. ئەگەر نوسەرێک یا رۆژنامەنوسێک بابەتێک یا راپۆرتێک بنوسێت بە خێراترین ماوە زۆرترین خوێنەری دەبێت و زانیاری دەدات بە خوێنەر.

5. هەموو کەسێکی کردۆتەوە رۆژنامەنوس کە بە مۆبایلەکەی وێنەی دیمەنێکی ناوازە یا گەندەڵی بگرێت و بە پۆستێک بڵاوی بکاتەوەو کاریگەری زۆری خستۆتەسەر حکومەتەکان کە رۆژانە چاودێری تۆڕە کۆمەڵاتییە بەرفراوەکان بکەن.

6.زۆرترین هەواڵ و زانیاری بە کەمترین ماوە دەگەیەنێت بە هاوبەشەکان- بەکارهێنەرەکان.

7.دەبێتەهۆی بڵاوبونەوەی هۆشیاری تاک بەتایبەتی و کۆمەڵگە بەگشتی لە بە ئاگاهێنانەوەی کۆمەڵگە لە رووی سیاسی و ئابوری و فەرهەنگی و مافەکانی تاک بۆ نمونە ئامرازێکی سەرەکی بوو لە سەرهەڵدان و خێراکردنی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی لە تونس، یەمەن، لیبیا، میسر، سوریا، ...هتد.

8. دەبێتە هۆی نزیکردنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ئاستی تاک لە وڵات و شارێکی دیکەوە بۆ وڵات و شاری دیکەو نزیککردنەوەی کلتوورەکان.

9. دەبێتەهۆی کەمکردنەوەی خەرجی هاتووچۆ و کارتی مۆبایل.

10. بۆ قوتابیانی زانکۆش ئاگادار دەبن لە هەواڵی هاوپۆلەکان و دواین زانیاری لەسەر کەسانی زانکۆیی و گشت زانکۆکان لە خۆشی و ناخۆشی و بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان کچان و کوڕانی هاوپۆل.

11. وەرگرتنی زانیاری کەسی و ئەکادیمی لەسەر یەکتری و ئاشنابون بە خانەوادە و ناسیاوەکانی یەکتری و شوێنی جوگرافی لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی وێنەی خانەوادەکانی یەکدی و جاری واش هاوسەرگیریشی لێدەکەوێتەوە.

12.ئاڵوگۆڕکردنی زانست لە ڕێگەی موحازەرەکان و ئەو پرسیارانەی نهێنین و ناتوانرێن شیبکرینەوە.

13.ئەنجامدانی ڕاپرسی زانستی و وەرگرتنی عەینە بۆ توێژینەوەی زانستی و کەمکردنەوەی ماندووبونی خوێندکار-قوتابی.

14.دەتوانرێت بۆ توێژینەوەی زانستی و پەیداکردنی کتیب لەو ڕێگەیەوە کەڵک وەربگیرێت.

15.پەیوندی هاوڵاتی بە بەرپرسان ئاسانکردوەو بۆ زانکۆش بەهەمان شێوە تا سوود لە ڕەخنەو پێشنیارەکانیان وەربگرن.

## کاریگەرییە نەرێنییەکان

بەداخەوە بەشێک لە گەنجان چەندین ئەکاونتیان بەناوی خۆیان و ناوی خوازراو لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک کردۆتەوە، جا گەنجی کوڕ هەیە بەناوی کچ و کچیش هەیە بەناوی کوڕ، جگە لە بڵاوکردنەوەی وێنەی ناشیاوی فۆتۆ و ڤیدۆیی، دەچن قسە لەگەڵ کەسانی دیکە دەکەن بەناوی کچ لە کاتێکدا کوڕن، یەکێک لەوکەسانەی توشی ئایدزی فەسیبوک بووە باسی کارێکی قێزەوەنی خۆی کرد، گوایە لە چەند ساڵی ڕابردوودا هیچ کاتێک کارتی مۆبایلی بەخۆی نەکڕیوە، بەڵکو بە کوڕی دیکەی بەکارهێنەری فەیسبوکی کڕیوە، هەموو جارێک لە ڕێگەی ڤیدیۆ

چاتەوە فێڵی کردوەو چەند گرتەیەکی رووتی کچانی داناوە بۆئەو کورە، کە گوایە خۆیەتی و کارتی بە گەنجەکان داخلکردووە، دەڵی ئێستا بۆتە نەخۆشی و ناتوانم وازبهێنم و هاورێی دیکەمان هەیەو بوینەتە گروپ، هەندێ جار کچمان لەگەڵدایە، سەرەتا کچەکە بۆرازیکردنی کورێک بەکاردەهێنین تا کارتەکە داخل بکات، پاشان فێڵی لێدەکەین گرتەی دیکەی بە بەرنامەی کۆمپوتەری چاک دەکەین و دایدەنێین، ئەو دەڵێ : هەندێ جار وەک کور لەگەڵ کچ قسە دەکەین بەڵێنی ئەوەی پێدەدەین بچینەی داوای شومان پێ بکات، بەڵام بەمەرجێ بە ڤیدیۆ چات قسە بکات یا وێنەی خۆی بنێرێت، بۆیە کە رازی بوو گرتە ڤیدیۆیەکە یا وێنەکە بەکاردەهێنین وەک فشار تا ئەو کچە رازی بێت لەگەڵ مان بەردەوام بێت یا لەگەڵمان بێتە دەرەوە، بەمەش لەگەڵ زۆر کچ ژوان دادەنێین و یەکتری دەبینین و چیمان پێخۆشە دەیکەین، دوای ئەوەی کچەکەش ئالۆودەبوو واز ناهێنیت لەگەڵمان بەردەوام دەبێت، ئەو دەڵێت: کچ هەبووە ماڵی لە دهۆک بووە بەسەردانی هاتۆتە هەولێر یەکسەر سەردانی کردوم لە خواردنگەیەک یا پارکێک یەکتریمان بینیوە، ئەوەی نەشاردەوە هەندێ لە هاورێیەکانی هاوسەرگیریان کردوە لەگەڵ ئەو کچانەش.

یەکێکی دیکە لەوانەی دووچاری ئایدزی فەیسبوک بوونە باس لەوە دەکات هەندێ ئەکاونتمان داناوە وەک کور هیچ فریندمان نییە، یا شاردوومانەتەوە بە بەرنامە، کچ هەڵدەخەڵەتینین گوایە تەنها لەگەڵ ئەو بەتەنها فرێندین، کەچی ئەو هەرچی نهێنی خۆی و خانەوادەکەی هەیە پێی داوم، کە چ کارێک دەکەن و کێن زانیاری جەستەیی خۆشی بەتەواوی پێمان دەدات و هەیە

قوتابی زانکۆیە بانگهێشتی کۆلێژەکەیمان دەکات و لە کافتریاکەی نان دەخوێن لەگەڵیدا، زۆرێک لەوانەش باوڕمان پێ ناکەن، پێمان دەڵێن ئەگەر متمانەمان پێبکەن ئەوا ئامادەی هەموو شتێکین، بەڵام هەریەکێک لەوانە دەڵێن ئێمە تەنهانین توشی ئەو نەخۆشییە بوینە، بەڵکو زۆرینەی گەنجانی شارەکانی دیکەی کوردستان توش بونە و ئەنجامیشی باش نیە، چونکە لە دەرگای هەرکەسێک بدەیت لە دەرگات دەدەنەوە، لە کۆتایی قسەکانی یەکێک لەوان دەڵێت: « لە یەکێک لە بنکەکانی پۆلیسی هەولێر کێشەیەک رویدا، کە لە رۆژنامەکانی هەولێریش بڵاوبویەوە، ئەوەیش ئەوە بوو کوڕێک پاش ساڵێک لە پەیوەندی لەگەڵ کچێکی یەکێک لە شارەکانی کوردستان، ئەو کچە بەسەردانی بۆماڵی ناسیاوێکیان لەگەڵ خانەوادەکەی هاتوون، بە تەلەفون ژوانیان لە پارکێک داناوە، بەنهێنی لەگەڵ یەکێک لە کچەکانی ناسیاوەکەی هەولێر چونەتە پارکەکە، لەو پارکەدا کوڕەکە بەتەنها نەرۆیشتووە بۆ بینینی کچەکە، بەڵکو چەند گەنجێکی دیکەشی بردووەو و پەلاماری کچەکەیان داوەو تەحروشیان پێکردوەو پاشان پۆلیس دەیانگرێت و کچەکەش بەبێ ئیزنی ماڵەوەیان هاتۆتە دەرەوە و تۆشی شۆک بووەو بە پۆلیسی وتووە من نارۆمەوە چونکە لە ماڵ ئاشکرابم دەمکوژن، هەندێ خاڵی دیکەی نەرێنی هەیە دەکرێت بەم شێوەیە جەختی بکەینە سەر :

1.بە فیڕۆدانی کاتێکی زۆر بۆ بەکارهێنەر بەگشتی و توێژی قوتابیان بەتایبەتی بۆ نمونە قوتابییەک شەوێک تا بەیانی لەگەڵ کچێک قسەی کردبوو کەچی بەیانیش تاقیکردنەوەی کۆتایی کۆرسی دووەمی هەبووە کەچی بەهۆی قسەکردنیانەوە

هەردووکیان نەیانتوانیوە بەشداری تاقیکردنەوەکان بن و ماونەتەوە خولی دووەم ئەمەش زیانێکی گەورەی لە هەردوو قوتابیەکە داوە لە رووی ماددی و مەعنەویەوە.

2.بڵاوکردنەوەی زانیاری کەسی و خانەوادەیی کە هەندێ جار مەترسی بۆ سەر بەکارهێنەر هەیە، بۆ قوتابی زانکۆش بەتایبەت کچ وادەکات رۆژانە لەلایەن کوڕانەوە تەشقەڵەیان پێ بکرێت و ناوی ئەو کچە بزڕێنن.

3.بەگشتی سوکایەتی و ناوزڕاندنی کەسایەتی و هێزە سیاسیەکان دەکرێت وەک ئەوەی ماوە ماوە پارتە کوردییەکان لە بەرامبەر یەکتریدەیکەن.

4.بە فیڕۆدانی پارەیەکی زۆر لە داهاتی نەتەوەیی بە وەحدەو ئامێرەکانی ئینتەرنێت، بۆ قوتابیانیش دەرماڵەی زانکۆییان زۆر کەمە کە تەنها بەشی کرێی مانگانەی هاوبەشی هێڵی ئینتەرنێت دەکات لە جێگەی کڕینی دوو کتێب(هەرچەندە دوای قەیرانی دارایی ئەو دەرماڵەیەش نەماوە).

5.دەبێتە هۆی تەمبەڵکردنی قوتابی لە خوێندن لە رووی جەستەیی و مێشکەوە.

6.بەکارهێنانی رەفتاری ناشەرعی و نامرۆڤایەتی دوور لە بەها مرۆییەکان.

7.تێکچوونی شیرازەی خێزان و جیابونەوەی هاوسەرەکان بەوەی زۆرێک لە پیاوانێک هاوسەریان هەبووە قسەیان لەگەڵ زۆرترین کچ کردوەو پەیوەندیان دانەوە بە پێچەوانەوە کچیش ئەوەش وایکردووە دژای مانەوەیەک خویان بەیهکتریگرتوەو هاوسەرەکانیان زانیویانەوە لەیەکتری جیابونەتەوە.

8.کچان بەشێکی زۆری کاتەکانیان بە بەکارهێنانی تەرخانکردووەو ئاگایان لە کاری ماڵ نەماوە.

9.جێگەی خوێندنەوەو موتاڵاکردنی گرتۆتوەو کاتەکانی دیکەش بۆ سەیرکردنی تەلەفزیۆن و سەردانی خزم و هاوڕێ و پەیوەندی خانەوادەکەشی کەمکردۆتەوە تەنانەت لە نێوان دایک و باوک وخوشک براشدا.

10.قوتابی هێندەی بە فەیسبوکەوە خەریکە چارەگی ئەوەندش بە ماڵپەڕە زانستییەکانەوە خەریک نییە تەنانەت هەندێ قوتابی هەیە لاپتۆپ و ئینتەرنێتەکەی تەنها بۆ فەیسبوکەو ئیمێڵکەشی سالانەش ناکاتەوە کە سودی زیاتری هەیە لە فەیسبوک لەگەڵ ئەوەی دەتوانریت نامەو وێنەشی پێ بنێردرێت و وەربگیرێت.

11.کوڕانی گەنج فێڵ لە کچ دەکەن و یا کوڕانێک هەن خۆیان دەکەن بە کچ و کارتی مۆبایل یا ئینتەرنێت بە کوڕ دەکڕن و دواتر پولێکی پێوەدەنێن بە پیشاندانی گرتەی رووت و وێنەی فۆتۆیی ناشەرعی.

12.بۆتەهۆی سەرهەڵدانی کێشەی کۆمەڵایەتی و دیاردەی خۆسوتاندن و خۆکوشتن و کوشتنی ئافرەت.

13.بڵاوکردنەوەی وێنەی ناشیاوی کەسی ئافرەتان.

14.بڵاوکردنەوەی وێنەی هاوڕێیانی پۆل لە قوتابخانەو زانکۆکان کە رەنگە هەندێ لەو کچانە خانەوادەکەیان رێگرە لە بڵاوکردنەوەی وێنەی کچەکانیان کەچی هاوڕێکانیان بڵاوی دەکەنەوەو هەندێجار بە فۆتۆشۆپ بەمەبەستی خراپ بەکاری دەهێنن.

15.دەبێتە هۆی پەکخستنی کاروباری دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، چونکە زۆرینەی کارمەندانی حکومەت هەریەک لاپتۆپێکیان هەیە یا کۆمپیوتەری دەزگاکەو هێڵی ئینتەرنێت بۆ ئەو مەبەستە بەکاردەهێنن.

16.زۆر بە کارهێنانی کۆمپیوتەر زیانی تەندروستی بۆ مرۆڤ هەیە بەتایبەت بۆ چاو، میشک، نەزۆکی پیاوان، قژهەڵوەرین، کەمخەوی، کەمخۆراکی، دەمارگیری، هەڵمژینی هەوای پیس.

17.دەبێتەهۆی ئەوەی زۆرترین داهاتی خانەوادەی قوتابی بۆ لاپتۆپ و کارتی مانگانەی مۆبایل و هاندی مۆبایل و هێڵی ئینتەرنێت بێت.

18.دەبێتەهۆی دروستکردنی نەخۆشی دوودڵی و قەڵەوی و متبوونی خوێن و وپەیدابونی بێماتمانەیی بەیەکتری.

19.دەبێتەهۆی خوگرتن بە چەند کەسێک بەتایبەت لە نێوان کچ و کوڕێک قسەکردنی بێسودو نەشیاو.

20.بەکارهێنانی کارەبای زۆر لە هۆکارەکانی ساردکەرەوەو گەرمکەرەوە گڵۆپ.

21.بڵاوکردنەوەی راپرسی سیاسی و حیزبی نازانستی بۆ دەستنیشانکردنی باشترین سەرکردەو هێزی سیاسی کوردستان.

22.دەبێتەهۆی ئەوەی بەکاربەر روبەڕوی هاکردن بێتەوەو بچنە نێو ئەکاونتەکەیەوە و وێنەی نەشیاوو زانیاری مەترسیدار لەسەر بڵاوبکرێتەوە بۆ لە کەدارکردنی.

23.دەبێتەهۆی ئەوەی کۆمپیتەرەکەی روبەروی ڤایرۆس بێتەوەو لە کاری دەخات یا زانیاری ناو کۆپیتەرەکەی دزە پێدەکرێت و بەکاردەهێنرێت بەمەبەستی سیخوڕی.

بە خویندنەوەمان بۆ ئەو دیاردانە کە روودەدات، ئایدزی فەیسبوک، بۆتە نەخۆشیەک بەرۆکی هەندێ گەنجی گرتووە مەحاڵە چاک بوونی، بەڵام ئەوەی دەکرێت ئەوەیە ئەوانەی توشی ئەو نەخۆشییە نەبوون خۆیان بە دوور بگرن و ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییانە بە شێوازە باش و چاکەکەی وەربگرن و بۆ سودی گشتی بەکاریبهێنن، نەک کاری خراپ، چونکە دواجار تەکەنەلۆژیا بۆ خزمەتی کۆمەڵگە دروست کراوە، تەکەنەلۆژیا بۆ خزمەتی کۆمەڵگە لەسەر کەسانی داهێنەرەوە هاتۆتە دروست بون و دەبێت بۆ خزمەتی زانستیش بەکاربهێنرێت نەک دواخستنی ئاستی زانستی.

***لە ژمارە**(15) **تشرینی یەکەمی** 2012 **لە گۆڤاری** (**زانکۆپرێس**) **بڵاوبۆتەوە**

# گەشتی زانستی قوتابیانی زانکۆ

کوردستان ماوەی چەند ساڵێکە بەخێرایی لە روانگەی پەروەردەو خوێندنی باڵاوە تاڕادەیەک پێشکەوتنێکی ئاسۆیی و ستوونی بەخۆیەوە بینیەوە، ئەوەش وای کردووە بەتایبەت لە زانکۆکان خوێندکار زێتر سوود لە وانە کردارییەکان ببینێ، جا ئەگەر کەمیش بێ ئەوە لە سالآنی پێش راپەرین باشتربووە، لەلایەکی تر ئەگەرچی ئەو پەرەپێدانە لەگەڵ پێشکەوتنەکانی ئەمڕۆی جیهان یەکانگیرنیە، بەڵام لەبەرئەوەی کوردستان لە قۆناغی گواستنەوەدایە لەهەموو بوارەکانی ژیان ئەوە جێگای دڵخۆشی و نیشانەیەکی بەدیهیە بۆ دوارۆژێکی پرشنگدارو هیوایەک بە ئەهلی زانست دەبەخشێ. ئیدی ئەو سوود وەرگرتنەش لەبواری پراکتیکیەوە زیاتر لە کۆلێژە زانستیە پەتییەکانەوەیە،لێ ئەوانیش لە سەردانیە زانستیەکانیان و گەشتە زانستی و تاقیگە کۆنەکانی سەدەی رابردوو بەهەندێ گۆڕانکاریەوە لە هیچی تر سوود وەرناگرن. کۆلێژە زانستە مرۆڤایەتیەکانیش ئەوە هەرمەپرسە لەبواری پراکتیکی حاڵیان لەوانی تر زۆر خراپترە، چونکە ئەو کۆلێژانە لە چوار ساڵی زانکۆدا لەدوا ساتەکانی ماڵئاوایی کردن لەزانکۆو کۆتایی وەرزی خوێندن بیر لەگەشتێک دەکەنەوە، کە گەشتی بەناو زانستییە تەنها بۆ قوتابیانی قوناغی چوارەمەو ماوەی سێ رۆژ بۆ یەکێک لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، جا گەشتەکە ئەگەر بۆ پارێزگای سلێمانی بێ ئەوە خۆی لە سەردانی (هاوینە هەواری ئەحمەداوەو زەڵم و دەڤەری هەورامان و دوکان و ئەزمەڕو زانکۆی سلێمانی و چەند شوێنی تر) دەبینێتەوە، یاخود ئەگەر بۆ پارێزگای دهۆک بێ ئەوە گەشتەکە بۆ (زانکۆی دهۆک و پردی دەلالی زاخۆو زاوێتەوەو سەدی دهۆک و دریم

ستی و هاوینە هەواری سۆلاڤ و سەرسەنگ و هەندی هاوینەهەواری دیکە) تێناپەڕێ، ئەمە سەرەڕای درووستبوونی دەیان کێشە لە نێوان قوتابیان خۆیان و لە نێوان مامۆستایان و قوتابیانیش روودەدات، بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکرێتەوە ئەوان بۆ گەشتێکی زانستی رۆیشتوون کە دەچنە ئەو شوێنە سەرەڕای لایەنی تەرفیهی دەبێ رەچاوی زانستیەکەش بکەن، بەوەی بەشی یاسا بۆ گەشتەکەیان سەردانی دهۆک بکەن دەبێ ماوەیەک تەرخان بکەن بۆ بەشداریان لەیەکێک لە دانیشتنەکانی دادگا ی دهۆک و محازەریەکیش لە زانکۆی دهۆک لە بەشی یاسا لەگەڵ هاوخوێندکارەکانیان پشکداری تیابکەن تا هەم ئاشنایەتی لە بواری کۆمەڵایەتی لەگەڵ قوتابیەکانی ئەوێ بکەن، لەلایەکی تر سوود لە شێوازی محازەرەو خوێندنی ئەوێ وەربگرن، چونکە ئەگەر بمانەوێت وەک بابەتێکی زانستی شیکاری بۆ بکەین ئەوە رۆشن دەبێتەوە گەشتی زانستی لە بنەڕتدا وێڕای راهێنان و فێربوونی خوێندکارە بۆ ئەو شوێن و دەزگاییەی گەشتی بۆ دەکرێ ئەوە سوودی کۆمەڵایەتی و جوگرافی و مێژوویی و کلتووری دەبەخشێ بە قوتابیان لە تێکەڵکردنی فەرهەنگی دەڤەرە جیا جیاکانی کوردستان بۆ بەهێزکردنی هەستی نەتەوەیی گەنجان وخوێندکاران؛ بۆیە باشتر وایە سەرۆکایەتی بەشەکان لەکاتێکدا ساڵانە بەرنامەرێژی دەکەن بۆ سەردانە زانستی وگەشتە زانستیەکان، پلانێکی پوخت و زانستی دابڕێژن تا ئەو گەشتانە رێڕەوی راستەقینەی خۆی وەربگرێ، چونکە مافی قوتابیە لە چوار ساڵی زانکۆیی دا زۆرترین وانەکانی کرداری بن نەوەک تێوری بن تاوەکو سوود لە وزانیاریانە وەربگرن تا لەژیانی کرداریدا بیخەنە واری کردەنیەوە، ئەوەش بەهەماهەنگی قوتابی و مامۆستای سەرپەرشتیاری گەشتەکەو سەرۆکایەتی بەش دەکرێ تا لە

هەرگەشتێکدا داوای راپۆرتێک یان توێژینەوەیەک لە خوێندکار بکرێ کە هەموو بوارەکانی ژیان بگرێتەوە و بەتایبەت بواری پسپۆڕی خۆی و تاقیکردنەوەو نمرەی لەسەربێ و دواتر پێشکەش بکرێ بەشێوەی ئیرتیجالی لە هۆڵی گەورەدا ئەوەش وادەکات گەشتەکان ئامانجە زانستی و کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکان بپێکێ، کەچی ساڵانە لە مانگی چواردا بەبێ بەرنامەیی گەشتەکە رێکدەخرێ و لێژنەی سەرپەرشتیش تەنها ئەرکی بەکرێگرتنی ئۆتۆمبێل و خواردنگەو هۆتێلە، زۆرجاریشی دەبێتەهۆی کەمی جێگا لەو پارێزگاییەی گەشتەکەی بۆدەکەن لەبەرئەوەی لەیەک کاتدا هەموو بەش و کۆلێژی زانکۆکانی کوردستان گەشتی زانستی سازدەکەن دواجار قەیرانی نیشتەجێبوون درووست دەبێت و ژمارەیەکی زۆر قوتابی لەیەک ژوور بۆ ماوەی دوو شەو دەبێ بخەون. بە بڕوای ئێمە چەندە لە بێ بەرنامەیی ئەو گەشتانە قوتابی وخوێندکار لێی بەرپرسن بەوەی خۆیان دەبێ هەست بە لێپرسراویەتی بکەن بۆ بەزانستیکردنی گەشتەکەیان، ئەوە زێتر سەرۆکایەتی بەشەکان لێوەی بەرپرسن، بۆیە باشتروایە ئەو گەشتانە کە بەناوی زانستیەوە دەکرێ بکرێتە گەشتی تەرفیهی بۆ ماوەی (3) رۆژ و(2)شەو، لەهەمان کاتدا بەرنامەیەکی تر دابڕێژرێت لەلایەن بەشە زانستیەکانەوە بۆ گەشتی زانستی و سەردانی زانستی ئەوەش تەنها لەمانگی چواری هەموو ساڵێکدا نەبێ، بەڵکو لە هەر وەرزێکی ساڵدا پێویست بوو گەشتە کە ئەنجام بدرێ و لەلایەن حکومەتیشەوە بودجەیەکی باشی بۆ تەرخان بکرێ(بەداخەوە لە ساڵی 2014 وە بە هۆی قەیرانی دارایی لە کوردستان ئەو گەشتانە بوونیان نەماوە)

***لە 2008/5/7 لە رۆژنامەی (خەبات) بڵاوبۆتەوە**

# چرکە ساتی سوێندی دەرچووانی زانکۆ

هەموو زانکۆکانی کوردستان، هەریەکەی بە جۆرێک مەڕاسیمی ئاهەنگی دەرچوون ساز دەکەن و جۆری سوێندی دەرچوونیان لە یەکتریەوە نزیکە، تەنها بەشە پزیشکییەکان نەبێت سوێندەکەیان جیاوازە. ئەمە سەرباری ئەوەی مەڕاسیمەکان جیاوازەو هەیانە لە هۆڵی داخراو یا گۆڕەپانی گەورەی کراوە، هەشیانە بە شێوەی کەرنەڤاڵێکی گەورە بەڕێوەدەچن، جا هەر ساڵەی بە چەشن و ستایلێکەوە، زۆر جاریش ڕێکەوت و ڕۆژەکەی جیاوازبوون، لە پێش ڕاپەرین مەڕاسیمەکان جۆرێکی دیکە بوون، بەڵام دوای راپەڕین گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، ئەگەر سەیری مەڕاسیمەکانی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر بکەین، جیاواز لە زانکۆکانی دیکە، زۆرینەی مەڕاسیمەکانی ئاهەنگی دەرچوون لە یاریگەی شەهید فەڕەنسۆ هەریری بەڕێوەدەچن، ئەوەش تاموچێژی زیاتری بە مەڕاسیمەکە بەخشیوە، چونکە هێندە خوێندکار بەو ڕۆژە دڵخۆشە، ئەوەندە بە وەرگرتنی بڕوانامەکەیان دڵخۆش نین، لەبەرئەوەی هەم بۆ قوتابیان جێگەی دڵخۆشییەو هەمیش رووە جوانەکەی زانکۆی سەلاحەدین بە جیهانی دەرەوەی زانکۆ دەبەخشێت، ئەمە جگە لەوەی ڕوویەکی کۆمەڵایەتی و جەماوەری شاری هەولێری پایتەختی کوردستانیش دەخاتەڕوو کە ساڵانە زیاتر لە چوار هەزار قوتابی لە یەک کاتدا بڕوانامەی دەرچوون وەردەگرن و خانەوادەکانیشیان بەشداری لەو مەڕاسیمە دەکەن.

ئەوەی نیازمانە لەو وتارەدا باسی لێوە بکەین، چرکە ساتی سوێندنی دەرچووان و دوایین چرکەی ماڵئاوایی قوتابیانە لە

زانکۆدا، کە کاتێکی خۆش و ناخۆشە، لە کاتێکدا سوێند دەخوات و دواتر راگری کۆلێژەکەی داوای بەخشینی بڕوانامە لە سەرۆکی زانکۆ دەکات بەو قوتابیانە، پاش ئەوەی سەرۆکی زانکۆ بڕوانامە دەبەخشێت، ئەو کاتە دەبێتە کەسێکی دەرچوو، بۆی نییە وەکو کەسێکی زانکۆیی بمێنێتەوە، مەگەر یەکێک بێت لە ئەوائیلەکان وەک موعید بگەڕێتەوە بۆ بەشەکەی.

لێرەدا دەبێ بپرسین ئەو قوتابییەی لەو کاتەی سوێندی دەرچوون بە خوای گەورە دەخوات تا دڵسۆزی نیستیمان و گەل و ئەمەکداری مامۆستایانی بێت و رەنجی 16 ساڵەی خوێندنی بۆ پێشخستنی کوردستان وەگەڕبخات، تا چەند سوێندەکەی جێبەجێ دەکات، بێگومان ئەگەر ئەوانەی ساڵانە دەردەچن سوێندەکانیان جێبەجێبکەن و رێگری لە بەرپرسان و کەسانی دەرچووی پێشووی خۆیان بکەن لە پەیڕەو نەکردنی سوێندەکەیان، بە دڵنیاییەوە لە کوردستان کلتووری گەندەڵی نامێنێ وڵاتەکەمان لە هەموو بوارەکانی ژیان بە کۆششی هەموو لایەک زیاتر پەرە دەسەنێ و داهاتوویەکی روونتر دەبێت.

هیواخوازین هەمیشە ئەوانەی دەردەچن کار بۆ جێبەجێکردنی سوێندنی دەرچوون بکەن و هیچ کات لەهەر دەزگایەکی حکومی یا کەرتی تایبەت کار دەکەن ئەو سوێندە لە بیر نەکەن.

**لە ژمارە(12) 2009/7/5 لە رۆژنامەی (زانکۆپرێس) بڵاوبۆتەوە کە ئەوکاتە سەرنووسەری ئەو رۆژنامەیە بووم لە لایەن زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر دەردەچوو.**

# گەندەڵی زانستی

لەم وڵاتەی ئێمەدا، هەمووومان باس لە ماف و ئەرک دەکەین، لەکاتێکدا نازانین ئەرک و ماف لەکوێدایە، ئەرکەکان فەرامۆش دەکەین و داوای مافەکانمان دەکەین، بەبێ ئەوەی درک بەوە بکەین، دەبێت ئەرک جێبەجێبکەین، ئینجا داوای مافەکانمان بکەین، ئەوەش وایکردووە شووناسی خۆمان لە دەست بدەین.

لە نێو کاراترین و بە ئاگاترین و هۆشیارترین توێژی کۆمەڵگەی کوردیشدا، هێشتا ئەرک و مافەکان نازانرێت چۆنە، توێژی خوێندکارانی کوردستانیش، وەک چینەکانی دیکەی کۆمەڵ، ئەرکی خۆیان بیرچۆتەوە و داوای ماف دەکەن، ئەوەش لە سەروبەندی دەسپێکی دەوامی فەرمی زانکۆ و پەیمانگەکانەوە بە روونی دیارە، هێشتا یەکەمین رۆژی دەوامیان پیرۆز نەکردووە، هێشتا یەکەمین وانەیان نەخوێندووە، داوای گەڕانەوەی رێسای (عبور) و(ترقین قید) دەکەن، ئەوان لە جێگەی ئەوەی دەوامی خۆیان بە جوانی بکەن و موحازەرەکانیان بە کۆمەڵ و بەتاک لێنەدەن، داوای شتیکی لاوەکی دەکەن، بەدیدو بۆچوونی ئەوان گەندەڵی زانستی لەوەدایە رێسای پەڕینەوە نەگەڕێتەوە، بەبیانووی ئەو قوتابیانەی لە یەک وانەی ساڵانە و دوو وانەی کۆڕسی کەوتن، ئایندەیەکی رۆشنیان نابێت و تەمەنی ساڵێکی ئەوان بە فیڕۆ دەڕوات، گریمان ئەو بۆچوونە راستە، بەڵام کەی رەوایە لە 26-9-2009 دەوامی فەرمی زانکۆوپەیمانگەکان دەستی پێکردووە، کەچی لە زۆرێک لە کۆلێژەکان موحازەرە ناکرێت، بۆ ئەمەش هەم ئیدارەی بەشە زانستییەکان و مامۆستا

بەڕێزەکان کەم تەرخەمن، هەمیش ڕێکخراوە قوتابی وخوێندکارییەکان کەم تەرخەمن، بەپلەیەکیش قوتابی خۆی کەمتەرخەمە، لەوەشدا خۆی زەرەرمەندە بەهۆی ئەوەی موحازەرەکانی لەکیس دەچێ، ئاخر چۆن دەکرێت لە زانکۆ و پەیمانگەیەک خوێندن بە خۆڕایی بێت و حکومەتی هەرێمی کوردستان، ساڵانە چەندین هەزار دۆلار لە قوتابییەک خەرج بکات، کەچی ئەو خوێندکارە دەوام نەکات، ئایا ئەوە گەندەڵی زانستی نییە، کە قوتابی درکی پێ ناکات، بۆیە پێویستە خوێندکارانیش پێداچوونەوە بە هزرومێشکییانەوە بکەن، چونکە ناکرێت تۆ ڕەخنە لە مامۆستا و زانکۆ وحکومەت بگرێت لەکاتێکدا پەنجەرەی ماڵەکەت لە شوشەبێت و خۆت کەم تەرخەمی سەرەکی بیت، لە جێبەجێنەکردنی ئەرکەکانت وەک قوتابی و بۆ مافیش لە ریزی پێشەوەی دواکاران بیت لە بەرانبەر حکومەتدا.

لەم سونگەیەوە دەکرێت چاوێک بە کردەوەو بیرکردنەوکانماندا بخشێنینەوە، لەوەی کە رۆژانە پەیڕەوی دەکەین، چونکە توێژی قوتابیان دەبێت لە ریزبەندی پێشەوەی تاکەکانی کۆمەڵ بن بۆ لە بەینبردنی دیاردەو کلتووری نامۆو نابەجێ، جا نەخاسمە ئەو دیاردەیە، پەیوەندی بە گەندەڵی زانستی بێت، جا نە خوێندن و نەچوونە هۆڵی وانەگوتنەوەو لێدانی موحازەرەی جەماعی و دەرچوونی بە قۆپیەو زیادکردنی نمرەی قوتابی هەر هەمووی یەک واتایان هەیە ئەویش گەندەڵی زانستییە.

* **لە** 2009/10/11 **لە رۆژنامەی (خەبات) بڵاوکراوەتەوە**

## له سەدەی بیست و یەکیشدا وازهێنان لە خوێندن بەردەوامە

هەر مرۆڤێک سەرەتای بوونی خۆی کە دەچێتە نێو ژیانێکی تازە لە دوای سالانی شەشەمی منداڵیدا، کە قۆناغی سەرەتایی خوێندنیەتی، کەوای لێدەکات لە سادەو ساکاری کارنەکردن بەخواستی خۆی ببێتە مرۆڤێکی هۆشیکاراو کادیر لە بواری جیاجیادا، جا هەر کەسێک لە کاتی بەراهی چوونە نێو قۆناغی خوێندن بە هیوایەکی ئایندەی دەخزێتە نێو ئەم پرۆسەیە، یان بۆئەوەی بگاتە ئەو پایە بەرزەی خودی خۆی دەیەوێت و هیچ رۆژێکیش لەسەر هیچ لەمپەرێک سازش لەم بەرنامەی خۆی ناکات کە پەیمانی داوە جێبەجێی بکات، هەر بۆیەشە بەردەوام دەبێت و هەوڵ و تەقەلای خۆی دەخاتەگەڕو کۆشش دەکات و هەرگیز سڵ ناکات هەمیشە تەکنۆکراتانە بیردەکاتەوەو داڕشتنێکی هەمەچەشن هزر دەکات و دەیکاتە میکانزمی زیندەگی، جا کە بەردەوام بوو گەیشتە ئەو قاڵبەی خۆی دەیەویەوێ کامڵبووە زاڵ دەبێت بەسەر کارە نێگەتیڤەکانی کە کاریگەری لێدەکەن، جا چ ئاستەنگێک بێتە بەردەم ڕەوتی خوێندن و فێربوونی، ژیرانە خۆی لێ دەرباز دەکات و ژیانی ئاسوودەیی لەدەست ناچێ و ناشبێتە قوربانی ئەو خاڵانە یان ئەو بوارانەی دەبنە کۆسپ جا چ سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ...هتد، بێت، وەک ئاشکراشە لە نێو گەلی کوردا لە پێش ڕاپەڕین بەهۆی بواری سیاسی زۆربەی قوتابیان وازیان لە خوێندن دەهێنا لە ترسی بەسەربازکردن کە ڕژێم ئەم بڕیارەی چەسپاندبوو، ئەمەش ئەو لاوانەی دەگرتەوە کە تەمەنیان لە (18) ساڵ زیاتر بوو، بەڵام دوای ڕاپەڕین تا ماوەیەک دوخەکە باش بوو، بەڵام دواتر ئاریشەکە لە سیاسییەوە بۆ بواری

ئابووری گۆڕا، ئەمەش بەهۆی ڕووخانی ژێرخانی ئابووری لە دوای سەپاندنی ئابڵوقەی ئابووری ئەم دیاردەیەش لە نێوان منداڵان و لاوان پەرەی سەندو بە چاوێکی پایەنزم و لە پەراوێز دادەنرا، ئەوەبوو زۆر منداڵانمان لە تەمەنێکی بچووک لە قوتابخانە وەدەردەنراو گۆشەگیرو بە دڵێکی شکاو نامۆ دەخزایە نێو شەقام و شۆستەکان تا بژێوی ڕۆژانەی خێزانەکەی پەیدا بکات، گرنگ نەبوو لە دەستدانی خوێندن، گرنگ ئەوەبوو هەر نانێک پەیدابکات، هەر بۆیەش حاڵی کورد بەمشێوەی ئێستا دەبینین وایە، دیارە ڕەوشەکە وای دەخواست بۆیە نابێت ئێمە لێرەدا گلەیی بکەین، هەروەسا دوای جێبەجێکردنی بڕیاری (986) ئەم حاڵەتە یان ئەم دیاردەیە لە نێو منداڵان تا ڕادەیەک کەمتر بووەو بەرەو نەمانیش رۆیشت، لەو ساوەش ئەو کەسانەی لە سالآنی ڕابردوو ویستیانە دەربچن لە خوێندن پەشیمان بوونەتەوە، بۆیە دووبارە هەندێک هیوای بنیادنا، زۆر لەو قوتابییانەی کە سالآنی ڕابردوو بەهۆی نەهامەتیەکانی ژێرخانی ئابووری، قوتابخانە و خوێندنیان جێ هێشت بوو، گەڕانەوەو هەندێکیان بەهۆی نەگونجانی تەمەنیان لەگەڵ یاسایی خوێندندا بە نامۆی لەنێو کۆمەڵ ماونەتەوە درێژە بەکاسبی دەدەن و بە ناموڕادی بە داهاتێکی زۆر کەم رازین، لایەنی بەرپرسیش بڕیارێکی تایبەتی لە سەرجەم قۆناغەکان دەرنەکرد، تاوایان بەسەر نەیەت، سەرەڕای قوتابخانە شەوانەکان کە زۆریش لەمانە چوونە ئێواران تا درێژە بەخوێندن بدەن، دیارە سەدەی ڕابردووش لە نێوان چوونە بەر خوێندن وازهێنان و ڕاکردن لە خوێندن لە ترسی بەعسکردن و سەربازکردن و هۆی ئابووریش نەخاسمە بواری کۆمەڵایەتیش جاری وا هەبووە ڕێگر بووە بۆ بەردەوامی بە خوێندن. دیارە دابونەریتی کۆمەڵایەتی

زیاتر کاریگەری لە ئافرتان کردووە تا دووربکەونەوە لە خوێندن ئەم عەقڵیەتەش تەنها لەناو کەمێک لە بەشی کۆمەڵگاکەمان بڵاوبۆتەوە، ئەوەی ئێمە لێرە دەمانەوێت باسی بکەین، لەم سەدەیەدا لەدوای بڕینی هەموو ئەو کۆسپانە و ڕشتنی دەریایەک خوێن لە پێناو ئازادی دا، هێشتا قوتابیانمان بەردەوام واز لە خوێندن دەهێنن، جا چ قۆناغی سەرەتایی یان سەروو تربێت، بێگومان ئەمەش ئەنجامێکی خراپی لێدەکەوێتەوە لەسەر کۆمەڵگا.

لەم کلاوڕۆژنەیەدا پێویستە لەم سەدەیەدا عەقڵ و هۆشەکانمان فراوان بکەین و بنبڕی کارە نێگەتیڤەکان بکەین و هەوڵی ئەفراندن بدەین، چونکە دورکەوتنەوەمان موهاتەرات لە نێوانمان دروست دەکات، بۆیە دەبێت بیر لەوەی بکرێتەوە ڕێگری بکرێت لەوانەی واز لە خوێندن دەهێنن، ئەم ئەرکەش لە ئەستۆی سەرجەم قوتابیانە و دەبێت کار بۆ شۆڕشێکی زانستی مەعریفی بەرپا بکەین لە کوردستاندا، مسۆگەرین لەوەی کە چیتر قوتابیان دوورناکەونەوە کە بواری ژیانیان باش بێت واز لە خوێندن بهێنن، تا سەراسیمەو ژولیدەو مەلوول نەمێننەوە لە نێو بازاڕ و شۆستەکاندا سازش بۆ خەڵکی بکەن، جگە لەوەی وڵاتانی دەرەکی کە دوو سازشی پێدەڵێن، ئەمەشیان نەنگە بۆ میللەتەکەمان، لۆژیکیانە بیرکەینەوە هاوشانی گەلان داهێنان و خوڵقاندن بکەین، لە وڵاتانی ئەوروپی دیاردەی نەخوێندەواری زۆر کەم بەدی دەکرێت، لە کوردستانیش لەگەڵ ئەوەی ڕێژەی نەخوێندەوار ڕۆژ بە ڕۆژ کەمتر دەبێتەوە، بەڵام هێشتا بەمشێوەیە نییەو ساڵانە بە هۆی نەبونی سەرچاوەی داهاتەوە واز لە خوێندن دەهێنن و قوتابخانە جێدەهێڵن و بازاڕی شێخەڵڵا

دەبێتە قوتابخانە و لەوێ کار دەکەن بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان، حەق وابوو لە کوردستان یاسایەکی تایبەت بەخۆی هەبێت تا بە زۆر منداڵان تا پۆلی شەشەمی سەرەتایی  بە گوشار بخوێنن، واتە بە زۆری بێت، گەر بەمشێوەیە نەبێت باوک و دایکی سزا بدرێت، خوازیارین سەدەی بیست و یەک سەدەی درێژەدان بە خوێندن و لە ناوبردنی وازهێنان لە خوێندن بێت و شێخەڵڵاش لە نەخوێندەواران کەمبێتەوە تا کۆمەڵگایەکی ژیواری سەرتاسەری فەراهەم دەبێت.

***لە ژمارە(35) 2000/4/26 لە گۆڤاری (خەباتی قوتابیان) بڵاوبۆتەوە**

## ویژدانی تەندروست

بۆ ئەوەی ئێمەی زانکۆیی خۆمان بخەینە نێو چێژی خۆشیە هەمیشەییەکانی ژیان، دەبێ ویژدانێکی تەندروستمان هەبێ، تا فێری هونەری ژیان بین بۆ ئەوەی جوان بیر بکەینەوە، لۆژیاکانە قسە بکەین، باش ڕەفتار بکەین لەگەڵ مامۆستاکانمان، لەگەڵ هاوخوێندکارەکاندا، لەگەڵ هاوڕێ ڕوحییەکانماندا، تا لە دیدی یەکتریەوە ڕۆشن یەکتر ببینین و تێفکرینی جوانمان بۆ یەک هەبێ و پەیوەندییەکی ڕۆحی دروست بکەین لە نێوان ئەوانەی ویژدانیان تەندروستە. ئەو مرۆڤگەلەی عەقڵیان بەرائەتەو بە چاویلکەی پاکەوە دەڕواننە ژیان و گیانی داهێنان لە ڕۆحی کەسانی تر دەڕوێنن و موتوربەی دەکەن بە ئاوی موحیبەتی ژیانەوە، لە وێشەوە هانی کەسانی تر دەدەن عاشقانە بۆ ژیان هەوڵبدەن و عاریفانە بیربکەنەوەو هۆشمەندانە بڕیار بدەن و موسڵمانانە بەندایەتی بۆ یەزدان بکەن.

ئەوا ئەوانە ویژدانیان تەندروستەو گفتوگۆی هۆشمەندانە دەکەن و کە ململانێش بکەن بە فیکر ململانێ دەکەن، نەوەکو بە چەک و کردەی ناڕەوا، چونکە ململانێی هزریی کەسی هۆشیارو ڕۆشنهزر دەهێنێتە بەرهەم، بەڵام ململانێی چەک و کردەی ناشەرعی مرۆڤ دەکوژێت و کەسی کۆیلە بەرهەم دەهێنێت و هزرو عەقڵی مرۆڤ ئیفلیج دەکات تا ویژدانێکی نا تەندروستی لێ دروست دەبێ، بۆ ئەمەش ئەوا ئەو کەسە کاڵفام و ویژدان نا تەندروستانە وشەی (خۆشەویستی) لە ئەدەبیاتی خۆیاندا ڕەش دەکەنەوە، هێندە کاڵفامن قبووڵی وتووێژی ژیرانە ناکەن و پەنا دەبەنە بەر ململانێی نا لۆژیکی بۆ لەناوبردنی ڕایە جیاوازەکانیان و چاویان ڕەنگی جیاواز نابینێت، گوێیان دەنگی

جیاواز نابیستێت و هزری نا توندتیژی و لێبوردەیی و پێکەوە ژیان لە بەین دەبن، چونکە کاتێ ئەو شتەی دەیانەوێت بۆیان نایەتەدی و شکستخواردوو دەبن ناچار پەنا بۆ ڕەشکوژی و تیرۆری جەستەیی و فیکری مرۆڤ دەبەن و، ئازار بە ئازادییەکانی خەڵک دەگەیەنن و ڤایرۆسی ڕقوقینە بڵاودەکەنەوەو دژایەتی ئازادیەکانی تاک دەکەن و هەڕەشە لە پڕۆسەی دیموکراتی و ئازادی فکر دەکەن، ویژدانی ناتەندروست ترس و تۆقاندن بڵاودەکاتەوەو تەقینەوە دەکات وەک ئەوەی (الأنصار السنة) پشتیوانانی بەعس و پشتیوانانی هاوشێوەکانی بەعس کە لە داهاتوو پەیدا دەبن دەیکەن  یا ئەوانەی لە ژێر پەردەی جیهانگیری مێشکی مرۆڤەکان دەدزن و تیرۆری فکرو ڕۆحی مرۆڤ دەکەن.

ئەگەریش لەم گۆشەنیگایەوە بڕوانینە پڕۆسەی هەڵبژاردنی چەند ساڵەی ڕابردووی نێوان ڕێکخراوە قوتابی فێرخوازییەکان لە ناوەندەکانی خوێندن کە چەندە خوێندکار بە ویژدانێکی تەندروستەوە دەنگی داوە، ئەوە قسەی زۆر هەڵدەگرێت، چونکە گیروگازی زۆر هەن لەسەر میکانیزمی هەڵبژاردن و ئالیەتی دەنگدان سەرەڕای ئەوەی قوتابی زۆرجار بە ویژدانەوە دەنگی نەداوە، بەڵکو سەر بە ڕێکخراوێک بووە ئەویش(تابع الامام) بووە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی نێو ڕێکخراوە خوێندکاریەکانە، چونکە لە کاتی کۆنفڕانس و هەڵبژاردنە نێوخۆییەکاندا هیچ کاتێک بە ویژدانێکی تەندروست دەنگ نادەن بەو کادرەی کارامەو لێهاتوو کارایە، بەڵکو هاوڕێیەتی و خزمایەتی و هۆزگەری و ناوچەگەری ....هتد بەسەریاندا زاڵەو لە ئاکامدا ئەو کەسانە هەڵدەبژێرن کە ئایندەی ڕێکخراوەکەیان بەرەو هەڵدێرو

لێکترازانی دەبەن لە پێناوی بەرژەوەندی باڵای خۆیاندا، ئەوانەی کە دەبنە کادر ئەوا کۆمەڵێ کەسی کاڵفام و جاهل لە خۆیاندا کۆدەکەنەوە وەکو کۆیلەیەک لە ژێر دەستیاندا کاریان پێ دەکەن و بە ئارەزووی خۆیان یاری بەو کەسانە دەکەن، بۆیە ئەو کەسەی ویژدانی تەندروست دەبێ ئیلتزاماتی ئەخلاقی لە کاری سیاسی و گشتیدا پەیڕەو بکات و دوور دەکەوێت لە کەسی کاڵفام، عاقڵانە بیر بکاتەوەو کەس گەلێک لەخۆی کۆ دەکاتەوە کە ویژدانی تەندروست دەبێت، چونکە ئەوانەی بە تەڵەکەبازی و فێڵ دەگەنە دەسەڵات و دەبنە ئیمپڕاتۆری تاکڕەو ئەوا هەرگیز بۆ هەمیشە سەرناکەون و ڕۆژێ دادێت دەکەونە خوارەوەو ڕاستبونەوەیان مەحاڵە، لەبەرئەوەی لە خزمەتی خۆیاندا بوونە نەک خزمەتکردنی خەڵک، بۆیە تکا لە هەموو ویژدان تەندروستێکی نێو زانکۆ دەکەین کاتێک پڕۆسەیەکی هەڵبژاردن هاتە پێش بە ویژدانەوە دەنگ بدات و ڕەچاوی هەموو لایەنەکانی ڕێکخراوێک - حیزبێک – کەسێک بکات و ئینجا دەنگی پێ بدات نەک بانگهێشتی نان خواردن و بەکرێگرتنی بۆ کۆکردنەوەی دەنگ و پڕوپاگەندەی ناڕاست لەسەر لایەنی بەرامبەر فریوبخوات، عەقڵی بدزرێت و بەبێ هۆشی دەنگ بدات بە نا ئاگایی پەشیمان ببنەوە.

لێ ویژدانی تەندروست بیردەکاتەوە بە قوڵی، ئینجا بڕیار دەدات و ڕێز لە یاسا دەگرێت و لە گڵۆپی ترافیک لایت نادات و پێشێلی ئازادییەکانی خەڵک ناکات و موحیبەت دەڕوێنێت لە فکری خەڵکیداو خزمەت بە وڵاتی خۆی دەکات و هەمیشە ڕوناکایی دەبەخشێتە دەوروبەری و وەکو مۆمێک دەتوێتەوە تا دەوروبەری پێ بگەیەنێت و سودی لێوەرگرن.

له وڵاتی ئێمەدا یا له زانكۆكانی ئێمەدا، ساڵانێكه دیاردەیەكی قێزەوەن بڵاوبۆتەوه ئەو دیاردانەش ڕەنگدانەوەی حیزبی كوردییه كه وەكو خۆی گوازراوەتەوه ناو زانكۆ ئەویش دیاردەی ناوچەگەرییه، ئەگەر سەردانی بەشه ناوخۆییەكان بكەین دەبینین لەسەر دەرگای هەر ژوورێك نووسراوە( ژووری سلێمانیەكان، ژووری چەمچەماڵیەكان، ژووری قەڵادزێیەكان، ژووری ئاكرێیەكان و گەرمیانیەكان و هەڵەبجەییەكان ...هتد)، ئەوه گوتمان كۆمەڵه قوتابیەكی دەڤەرێك بەیەكەوه دەتوانن بگوزەرێن به حوكمی خوڕەوشت و داب و نەریتی ئەو دەڤەرە، بەڵام لەناو زانكۆ له كۆلیژێك بۆچی جیاوازی هەبێت، ئەو قوتابیانەی خەڵكی گەرمیان بن دەبێ هاوڕێیەكی گەرمیانی هەبێ یان گەڕاوەیەكی ئێران هاوڕێ گەڕاوەیەكی ئێران بێ، ئەوەش كارەساته بۆ قوتابیەكی كوردی زانكۆ، ئا بەمشێوەیه بیردەكاتەوه گەشتی تەرفیهی ساز ناكات گەر لەگەڵ هاو سلێمانیەكانی نەبێت، ئەرێ ڕاپەڕین بۆ كرا؟! ئاخۆ ئەگەر باپیرانی ئێمەش وەكو ئەو كەسانه بیریان نەكردبوایەوه دۆزی كورد وەكو ئێستا دەبوو وەک ئەوەی هەیە؟ بێگومان نەخێر هەر ئەو فاكتەره وایكردووه پەیوەندییه ڕۆحییەكانی تاكی كورد لێكبترازێ و هەڵوەشێتەوەو دوژمنانمان زاڵبن به سەرماندا، چونكه گەر گەنجێكی سلێمانی كچێكی دەڤەری بادینانی خۆشویست بێ ئەوه بنەماڵەی كچه هەرگیز ڕازی نەبوونه بیدەنه ئەو گەنجه به بیانووی ئەوەی گەنجەكه خەڵكی سلێمانیە، ئەرێ گوناحی كردووه خەڵكی سلێمانیە، یان ویژدانی ناتەندروستی تاكی كورد وایكردووه ئەم تراژیدیایەی لێ ببێته بەرهەم؟ تا تاكی كوردی به تایبەتی قوتابی زانكۆ ویژدانی و عەقڵیەتی بەمشێوەیه بێت و یەكگرتووی نایەته دروستبوون و

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی هەڵدەوەشێتەوەو زمانێکی ستاندارد دروست نابێ، ئەگەر کەسی دەرەوەی زانکۆش نەتوانێت ببێتە پزیشک بۆ ئەوەی ویژدانێکی تەندروستی هەبێ ئەوە پێویستە زانکۆییەکان ویژدانی تەندروستیان هەبێ و بەرنامەی ژیانیان بۆ خۆیان دابنێن، چونکە ئەو کەسەی عەقڵی تەندروست بێ ئەوا ڕوحێکی تەندروست و جەستەیەکی تەندروستی دەبێت، بەڵام کەسی کاڵفام و جاهیل دڵێکی نەخۆش و جەستەیەکی نەخۆشی دەبێ و هەمیشە چاونزمە لە ئاست خەڵکدا، خەریکی پیلان و نەخشەی لە ناوبردنی بەرامبەریەکانیەتی و چاوی شتی چاک نابینێ و زەمەن بەرەو زبڵدانی دیرۆکی دەبات.

***لە ژمارە(17) 2004/5/4 لە رۆژنامەی (روانین) بڵاوبۆتەوە**

## فەرهەنگی ئازادی

چەمکی دیموکراسی و ئازادی ئاوێزان و ئاڵودەی یەکترین، بەبێ یەکتری نایەنە پەیڕەوکردن و بواری پڕاکتیزەکردنەوە هەرکام چەمکیان بخرێتە پەراوێزەوە ئەوەیتر جێبەجێ نابێت، وەلێ شیکردنەوەو پێناسی چەمکی ئازادی جەوهەری دیموکراسییە، پێویستە هاوتەریب پەیڕەو بکرێت. بۆیە چەمکی ئازادی بەر لە هەموو شتێ! بریتییە لە سنوردانان بۆ ئەو ئازادیەو ئەگەر ئازادی هەبێ ئەو یەکسانی و برایەتی و دادپەروەری دێتە کایەوە بۆ ئەمەش پێدڤیە بزانین ئایا پرنسیپەکانی ئازادی ڕێگەمان پێ دەدات تا ئازادی مرۆڤەکان پێشێل بکەین و زێدەڕۆیی بکەین لەسەر کەسایەتیان و لەگەڵ دامەزراوەکانی حکومەت و خودی دەسەڵاتی سیاسیش. لێرەدا دەبێ قسە لەسەر ئەو ئازادییە بکەین کە ڕێساو یاساکانی ڕێگەی دەدەن و پێویستە تاکەکانی کۆمەڵگا تەنها لە سنووری دیاریکراوی خواستەکانی کۆمەڵگادا ئازادیان هەبێ لەوە بەدەرو بەزاندنی ئەو سنوورە گوزارشتکردن نییە لە ئازادی و دەچێتە خانەی ئاژاوەوە. بۆیە ممارەسەکردنی ئازادی لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە دەوروبەرو خوێندنەوەی بەرامبەر پێشخستنی کۆمەڵگا هاوتەریبە لەگەڵ بەرپرسیاریەتی، گەر وانەبێت دەچێتە خانەی ئاژاوەگێڕی و بەرپرسیاریەتیش بەبێ ئازادی نابێت، ئێمە گەر ڕەخنە دەگرین دەبێ لە چوارچێوەی ئازادی دەرنەچێن مانای ئەوەش نییە کە نابێ ڕەخنە بگرین، بەڵکو ئازادی ڕادەربڕین نەبێ کۆمەڵگا پێش ناکەوێت و هەر دامەزراوەو کۆمەڵگایەک بەبێ ڕەخنەگرتن بەرەو ئاقاری گەندەڵی و گومڕایی و داڕمان دەبات، ئیدی ناکرێت ئەو ئازادیە بقۆزیتەوەو بیکەیتە

دەست درێژی بۆسەر خەڵکان و دەزگای دیکە، دەبێتە هۆی تاوانی ناوزڕاندن و ناوو ناتۆرە دروستکردن بۆ خەڵکان، گرینگترین شت لە ئازادیدا ئەوەیە کە چۆن بچەسپێنرێت ئەمەش قوربیانیەکی زۆری دەویٚ چ بە خوێن چ بە زەحمەت و چ لە بواری فیکری نوسیندا تا لەگەڵ واقیع دا بیگونجێنێت.

لە وڵاتی ئێمەدا هێشتا نەگەیشتووینەتە ئەو قۆناغەی کە لە چەمکی ئازادی و مومارەسەکردنی بگەین، بۆیە پێویستە لەسەر دەسەڵاتی سیاسی وا لە خەڵک بگەیەنێت بە هەموو چین و توێژەکانەوە هەریەکە لە کەناڵێکەوە کە ئازادی و ئاژاوەگێڕی جیاواز بکەن و هەروەسا سزادانی ئەو کەسانەی دەیانەوێت لەژێر سایەو سێبەرو پەردەی ئازادیدا ئاژاوە دروستبکەن بۆ بەرژەوەندی ئایدۆلۆژی و کەسایەتی خۆیان و ناودەرکردن خۆیان بکەنە کارێزما بەبیٚ ئەوەی هەست بە تەنگوچەڵەمەو ئێش و ئازاری میللەتەکەیان بکەن و خۆیان دووربکەن لە بەرپرسیاریەتی بەرامبەر بە خاکی کوردستانی دایک و دڵی دوژمنان خۆش دەکەن و بە تەپڵی نەیاران هەڵدەپەڕن و هەمان ئاوازی وان دەژەنن و کۆمەڵگا دەشێوێنن.

چەند نموونەیەک دەهێنمەوە لەسەر مومارەسەکردنی ئازادی ئەگەر قوتابی لە بەشەناوخۆییەک لە ژوورەکەی خۆی نابیٚ بە دەنگی بەرز بخوێنێت و دەنگی تەسجیلەکەی بەرزبکاتەوە دەبیٚ سەیری هاو قوتابیەکانی بکات و ئازادی ئەوان پێشێل نەکات، چونکە ئازادی تۆ بەندە بە ئازادی من یان کە تۆ مامۆستای زانکۆی کە چویتە پۆل نابیٚ بڵێتە قوتابیان فلان جۆری جل و بەرگ لەبەر بکەن یان لەبەری مەکەن، لەبەرئەوەی لە زانکۆ قوتابی کوردو عەرەب و تورکمان وکلدوئاشووری لە بواری

نەتەوەیی و لە بواری ئاینیش( ئیسلام و مەسیحی و ئێزیدی) تیایە، بۆیە ناتوانێت بڵێتە کچێکی مسوڵمان سەرپۆش لەسەر مەکە و بە کچێکی مەسیحی بڵێ سەرپۆش لەسەر بکە واتە نابێ بیرو باوڕ و ئایدلۆژیای خۆت بسەپێنی بەسەر قوتابیاندا.

یاخود لە ماڵ لە نێو خانەوادەیەکدا لە کاتی کڕینی پێداویستیەکانی ماڵ لە شێوەی مۆبیلیات یا تەلەفزیۆن یا هەرشتێکی دیکە پێویستە باوک ئازادی بدات لە هەڵبژاردنی جۆرورەنگی کەلوپەلەکان، نەوەک تەنها رای خۆی بسەپێنێت، لە دەرەوەی ماڵیش باسی ئازادی بکات.

ئەگەر خوێندنەوەیەکی ژیرانە بکەین لە وڵاتانی جیهاندا لە بارەی ئازادی، ئەوا ناکرێت بڵێن لە هەموو جیهان بە رێژەی 100% ئازادی هەیە، لە هەر وڵاتێکدا بە رێژەی جیاواز هەیە، بۆیەشە ئازادی عەیارە (24) لە هیچ شوێنێک نەبووە و مەحاڵە ببێت، ئەوە خەونەو هیچ کات نایەتەدی، ئەگەرچی کۆمەڵگاکان هەوڵی بۆ دەدەن نەخاسمە لە وڵاتی ئێمە کە هێشتا لەم نیمچە ئازادییە هەیە تێیناگەین و ناتوانین هەرسی بکەین، واتە خەڵکی لە مانای ئازادی تێناگات، وا دەزانێت هەرچی پێی خۆشە بیکات، بە پاساوی ئازادی، لە کاتێکدا ئەوە لە هیچ وڵاتێکی جیهان بەمشێوەیە نییە.

***لە ژمارە(6) 2003/3/3 لە رۆژنامەی(روانین) بڵاوبۆتەوە**

## ئەو ساتەی دەبێ عەقڵ لە زانکۆ باڵا دەست بێت

ئەگەر ئاوڕێک لە پاشخانی فیکری و مەعریفی کۆمەڵگەی کوردی بدەینەوە ئەوا دەبینین زادەی فەرهەنگێکی دواکەوتووی بەر لە چەندین سەدەیە کە عەقڵی تاکەکانی کۆمەڵگا پێ دۆگماکراوە بۆیەشە دەبینین زانکۆکانی وڵاتی ئێمە هەمیشە دواکەوتوون و گۆڕانکاریان تیا ڕوونادات جا ئەو گۆڕانە لە پەیکەری رواڵەتی بەڕێوەبردن بێت یا لە عەقڵی مامۆستایانی زانکۆدا، بۆیە لە یەک شوێن ڕاوەستاوە و جووڵە ناکات لەبەر ئەوەی لە سەردەمی بەعس وا پەروەرەدە کراون کە بە عەقڵی بەعس بیربکەنەوەو هەمیشە گوێگر بن و ئامرازی ڕاپەڕاندنی فەرمانەکانی بەعس بن، بۆیەش دەبینین مامۆستایانی زانکۆ وا ڕاهێنراون کە تەنها ئەو زانیاریانەی لە کتێبێک دا هەن بیگوازنەوە بۆ هۆڵەکانی وانە ووتنەوە تا لەوێوە ئاڕاستەی مێشکی قوتابی بکەن، دواجار چەند کتێبێکی بێ بەهای سەدەیەک لەمەوبەر ئاشنای قوتابی بکەن ئەمەش وا دەکات زانکۆ لەو پەیامە ڕاستەقینەی هەیەتی لابدات و نەتوانێت ئەو پەیامە بە ئەمانەت و بەڕائەتەوە بگەیەنێت، چونکە لە وڵاتی ئێمە یا ئەوانەی پێشەنگن و ڕێنمایکارن، لە دەزگا مەعریفیەکاندا هەوڵ نادەن ڕۆحی زانکۆکان بە ئاگا بهێننەوە تا لەوێوە عەقڵی تاکی قوتابی پەروەردە بکەن و شتی نوێ بەرهەم بهێنن و لە ڕێگەی نوسینی ڕاپۆرت و توێژینەوەی هەمەچەشن و تێزی جۆراوجۆر گەشە بە عەقڵی قوتابی بدات تا لەو کەناڵەوە دڵی زانکۆ زیندوو بکەنەوە ئەمەش بە ڕێنماییکردنی عەقڵی زانکۆییەکان دەبێت بەوەی دەستیان بگرن کە لێرە چۆن وەک زانکۆییەک قسە دەکەن، چۆن بەدوای ڕاستەقینەدا دەگەڕێن؟ چۆن مێشکی

خۆیان دەخەنە گەڕ بۆ خولْقاندنی داهێنان؟ ئەمانە پرسیار گەلێکن دەبێت هەڵوێستەی لەسەر بکەین کە ئایا مامۆستایانی ئێمە بەم وەزیفەیە هەڵساون؟، هەڵبەتە بۆ ئەمەش ستراتیژییەت و پلانی درێژ خایەنی دەوێت تا ئەو گۆڕانە بکرێت بۆ ئەمە دەبێت ئازادی و دیموکراسی وەک دڵ و گیان و ڕۆحی زانکۆ لەو دەزگایە دەستەبەر بکرێت، بەتایبەت لە ئازادی وانە وتنەوەی مامۆستایان و توێژی ژیرانەی قوتابیان و دەست نیشانکردنی ئەو لێکۆڵینەوە و ڕاپۆرتانەی قوتابیان ئامادەی دەکەن بە بیرکردنەوە و خواستی خۆیان بێت،چونکە ئەگەر وانەبێت ئەفراندن ناکرێت بۆیە دەڵێین عەقڵ دەبێت لە زانکۆدا باڵا دەست بێت و هەیمەنەی خۆی لە دەست نەدات، مامۆستایانی زانکۆش پەروەردەیەکی لیبراڵییانەی قوتابیانی زانکۆ بکەن زێتر خەریکی وەرگرتنی زانیاری بن بۆ خۆیان تا بە شێوەیەکی جوان پێشکەشی قوتابیانی زانکۆی بکەن، نەوەکو خەرێکی ئەوەبن کەی سەری مانگ دێت مووچە وەرگرن!.

***لە ژمارە(سفر) لە** 2004/7/31 **لە ڕۆژنامەی (زەنگی زانکۆ) بڵاوبۆتەوە**

# ئەزمونی کارامەیی

وەرگرتنی قوتابی و خوێندکار لە هەموو وڵاتانی جیهان، هەم لە خوێندنی بەراهی و هەم لە خوێندنی باڵا لە زانکۆکان بە پێوەر و هەڵسەنگاندنی تایبەتی هەریەک لە زانکۆکان دەبێ، ئەمە جگەلەوەی هەندێ پێوەر هەنە لە سەرجەم زانکۆکانی دونیا فۆڕمێکی ستانداردی هەیەو گشتگیرە، بەهەمان چەشن لە زانکۆکانی عێراق و کوردستان وەک بەشێک لە گێتی ئەمڕۆ ئەو رایەڵانە پەیڕەو دەکرێن بە ئامانجی پیادەکردنی یەکسانی و دادپەروەری لە نێوان خوێندکاراندا، تاوەکو مافی هیچ کەس پێشێل نەکرێ ئەوەش جێگای دەست خۆشیە. ئەگەریش لە وەرگرتنی قوتابیان لە زانکۆو پەیمانگەکاندا سەیر بکەین، ئەوە ئاشکرایە ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان تاکە سیستەمی دادگەرە لە وەرگرتنی خوێندکاردا بۆ خوێندنی بەرایی، چونکە واقیعی ئەمڕۆی عێراق و کوردستان لەبەر ئاستی هۆشیاری خەڵک و دیاردەی وەرگرتنی 100% لە زانکۆکان ناچار دەبێ ئەو رێسایە پەیڕەو بکرێ، بەڵام ئەوەی ئێمە دەمانەوێت قسەی لەسەر بکەین سیستەمی وەرگرتنە لە خوێندنی باڵا بۆ (ماستەر، دکتۆرا) بە کۆمەڵێ پێوەر، ئەوانیش (نمرە، ئەزموونی زمانی ئینگلیزی و سیستەمەکانی کۆمپیوتەر، دواتر تاقیکردنەوەی زانستی لە بەشە زانستیەکی لێوەی وەردەگیرێت قوتابی)،لێ نابێ ئەوە لەبیر بکەین زانکۆکانی ئێمە لە کۆمەڵگای کوردستانیدان و ئاستی زانستی ئەو زانکۆیانەش پەیوەستە بە کۆمەڵگە، بۆیە دەبێ پێوەرەکانی وەرگرتن هاوگونج بێ لەگەڵ مەودای هزرو زانست و درککردنی خوێندکارەکە، پێوەری وەرگرتن لە(

تاقیکردنەوەی زانستی و نمرە) هەرگیز نابێ قسەی لەسەر بکەین، چونکە شتێکی گشتییە، بەڵام ئەوەی شایانی گوتن و هەڵوەستە لەسەر کردنە ئەزمورنی کارامەیی( ئینگلیزی و کۆمپیوتەر)ە، نازانین ئامانج لەو تاقیکردنەوەیە چییە لە پێش وەرگیران، ئایا مەبەست زانینی پێشینەی زمانی ئینگلیزی و باگڕاوندی چۆنیەتی بەکارهێنانی کۆمپیوتەرە؟ یان مەرجە بۆ هەرکەسێ ببێتە مامۆستای زانکۆ ئینگلیز زمان بێ و کۆمپیوتەرزان بێ، راستە بۆ هەر مامۆستایەک پێویستە، بەڵام ئایا ئەوانەی لەو تاقیکردنەوانە دەرچوون جا بە هەرشێوەیەک بێ، ئێستا ئینگلیزی و (IT)دەزانن بێگومان رێژەیەکی زۆری نایزانێ، بۆیە بەدیدی زۆرێک لە مامۆستایان و خوێندکاران ئەو تاقیکردنەوەیە نەمێنێ باشترە، چونکە لەو تاقیکردنەوانە دەرچوویەکی زمانی ئینگلیزی و وەرگێڕان و کۆمپیوتەرو ئەندازیاری و کشتوکاڵ لەگەڵ دەرچوویەکی زمانی کوردی و عەرەبی و ماتماتیک و فارسی و جوگرافیاو لەسەروویان شەریعە بەشداری تیا دەکات، بە دڵنیاییەوە ئەگەر دەرچووی زمانی کوردی و جوگرافیا بە واسیتەو باگڕاوندی خۆیان دەربچن ئەوە دەرچووەکەی شەریعە دەرناچێ، چونکە لەوەتەی هەیە زمانی ئینگلیزی نەخوێندووە نە لە مزگەوت، نە لە خوێندنگە ئاینیەکاندا کەچی ئێستا دەبێ تاقیکردنەوەی توانستی بدات بۆ وەرگیرانی لە خوێندنی باڵا تاوەکو دواجار لە مینبەری مزگەوتەکانی (لەندەن و ستۆکهۆڵم) وتاربدات بە موسڵمانەکانی ئەوێ، چونکە موسڵمانی کوردستان هەموو یاساو رێساکانی خودا جێبەجێ دەکەن پێویستیان بە وتاربێژی کورد نیە.

سالی2007برادەرێک گووتی بۆ(8) هەشتەمین جار تاقیکردنەوە دەکەم دەریان نەچواندم، لەبەرئەوەی واسیتەم نیە، کەچی خەڵکی تر هەیە لەیەکەم تاقیکردنەوە دەرچووە، ماوەی چەند ساڵیکش پێش ئێستا برادەرێکی تر نامەی ماستەرەکەی تەواو کردبوو تەنها گفتووگۆیەکەی مابوو لەبەرئەوەی لەو ماوەیەدا هەرچی ئەزموونی توانستی هەبووە بەشداری تیا کردووە دەرنەچووە، لێرەدا دەپرسین ئەو خوێندکارە بۆچی دەرنەچووە لە تاقیکردنەوەکەدا، ئەی بۆچی لە خوێندنی باڵا (ماستەر) سەرکەوتوانە دەرچووە و دواتریش ماستەرنامەکەی بە پلەیەکی باش هەڵسەنگێنرا، بە بڕوای ئێمە ئەگەریش ئەو ئەزموانەش بمینێنت باشتر وایە لە کاتی خوێندن دا کۆڕسی ئینگلیزی و (IT) بۆیان بکرێتەوە تاوەکو سودی لێوەرگرن، هاوتەریب لەگەڵی بۆ ماستەرنامەو دکتۆرانامەکانیان سوود لە ئینتەرنێت و سەرچاوەکانی ئینگلیزی وەرگرن.

***لە 2008/2/29 لە رۆژنامەی(زانکۆپریێس) بڵاوکراوەتەوە**

## نمره.... پێودانگە دادوەرەکە

لە بەرئەوەی لە کۆمەڵگەیەکی خۆرهەڵاتی دەژین و هەمیشە بۆ بڕیاردان لە کاروبارەکانی ڕۆژانەدا کاراکتەر و ئەقڵی دەرەوەی خۆمان کاریگەری ڕاستەوخۆی بەسەرمانەوە هەیە، بۆیە باشترین ڕێگە پەیڕەوکردنی سیستەمێکە تا هەمووومان پێی ڕازی بین و دووربێت لە بێدادی بەتایبەت لە بواری خوێندن و پەروەردەو پێدانی پۆست و بەرپرسیاریەتی و دەرفەتی کارکردن، ئەویش پێودانگی نمرەیە بۆ هەڵسەنگاندنی لێهاتوویی کەسێک و جیاکردنەوەی لەوانیدیکە وەک سیستەمێکی دادوەر لە نێو تاکەکانی کۆمەڵدا، ئەمەش نەک لە بەر ئەوەی ئەوانی دیکە لێهاتوونین، بەڵکو هیچ پێوەری دیکە نییە بۆ وەرگرتن و پێدان، بۆیە بەناچاری ئەو سیستەمە پەیڕەو دەکرێت، ئەو فەرهەنگەی چەسپاوە بە سانایی لە بەین ناچێت.

لە سێبەری ئەو کلتوورەدا کە هەنووکە بە سیستماتیککراوە نمرە هەڵسەنگاندن بۆ شتەکان دەکات، قوتابی کاتێک دەیەوێت لە قۆناغی بنەڕەتی لە قوتابخانەیەکەوە بچێتە قوتابخانەیەکی ئامادەیی دەبێت نمرەیەکی بەرزی هەبێت تا قوتابخانەکە وەریبگرێت، یا لە ئامادەییەکەوە بۆ ئامادەیەکی دیکە نمرە پێوەری وەرگرتنە، ئێمە باس لەوە ناکەین حاڵەتی ریزپەڕ هەیەو هەر دەمێنێت تا ژیان لە سەر زەوی هەبێت مەگەر لە نێو پەرتووکە خەیاڵییەکان نەبێت، ئەگینا بەردەوام لە هەموو کاروبارێک یاسا بە ئارەزووی گەورەکان ڕادەکێشرێت، ئەگەر سەیری وەرگرتن لە بەشی زانستی کۆلێژەکانی زانکۆکان بکەیت بەهەمان شێوە نمرە پێوەرە بۆ وەرگرتن لە بەرزترین بەش و کۆلێژ،بۆ بەردەوامبوون لە خوێندنی باڵا لە ماستەر و دکتۆرا

دیسان نمرە پێوەرە، نمرە پاسەپۆرتی دەرچوون و سەرکەوتنە لە تەواوی کایەکانی ژیان، نمرە کەسایەتی مرۆڤ بە دیار دەخات، لە نێو خەڵک رێزدارت دەکات، لەلای دایک و باوک و خوشک و براو کەسە نزیکەکان سەربەرزترت دەکات، لە نێو مامۆستایان خۆشەویسترت دەکات، بە کورتی هەر خوێندکارێک لە هەر قۆناغێکی خوێندن بێت نمرەی بەرزی هەبێت، بە کەسایەتییەکی بە هێز ناوزەد دەکرێت و بە پێچەوانەوە کەسایەتیت لەکەدار دەکات، بەپێی دواین بڕیاری پڕۆژە 25هەزار دامەزراندنەکەی ساڵی 2011 لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەکارخستنی دەرچووانی زانکۆوپەیمانگەکانیش نمرە پێوەری دامەزراندن بوو.

هەر لە بارەی نمرەوە بڕیارێکی دیکەیش هەیە بۆ ئەو کەسانەی خوازیاری پێشکەشکردنی ماستەر- دکتۆرا دەکەن بۆ دەرەوەی وڵات لە چوارچێوەی پڕۆژەی تواناسازی بۆ پەرەپێدانی مرۆیی نمرە دیسان پێودانگ بوو جا وەرگرتنی ئۆفەرو خزمەتی وەزیفی و بوونی تاقیکردنەوەکانی پاسۆردو تۆفڵ و ئایڵتس ...هتد تا دەگاتە نمرەی دوا بڕوانامە، بەڵام ئەوەی جێگە تێڕامانە خوازیارێک بیەوێت بڕوانامەی دکتۆرا لە زانکۆ جیهانیەکان بەدەست بهێنێت ئەوە نمرەی ماستەرکەی بۆ هەژمار ناکرێت، بەڵکو نمرەی بەکالۆریۆسی بۆ هەژمار دەکرێت، جا لە حاڵەتێکدا ئەو خوازیارە دبلۆمی تەواوکردبێت یا لە زانکۆیەکی ئەهلی بڕوانامەی ماستەری بەدەستهێنابێت بەهۆی نزمی نمرەی بەکالۆریۆسەکەی ئەوا بێبەشدەکرێت لە بەرنامەی تواناسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

لەگەڵ ئەوەشدا نمرە پێودانگێکی دادپەروەرانەیە، بەڵام لایەنی نەرێنیشی هەیە، چونکە ناکرێت هەڵسەنگاندنی لێهاتوویی کەسێک بە نمرە بکرێت، چونکە ڕەنگە لە هەموو ئاستەکانی خوێندن ئەو کەسانە دەرفەتیان بۆ نەڕەخسابێت، یا لەمپەری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری لە بەردەمیاندا هەبووبێت لە بەدەستتنەهێنانی نمرەی بەرز، لە کاتێکدا کەسانی زۆر هەن لێهاتوو، کارامەو شارەزاو زیرەک لە بوارێکی تایبەتمەندا، کەچی بڕوانامەشیان نییە، یا نمرەی نزمیان هەیە، تەنانەت لە زۆر کەسی ئەکادیمیست زیرەک و شارەزاترن لە پیشەیەک یا بەڕێوەبردنی فەرمانگەیەک یا کۆمپانیایەکدا، هەندێکجار لە بواری وانە وتنەوەو وانەبێژیشدا زانیاری دەگەیەنن بە قوتابی لە هەموو ئاستەکانی خوێندندا، بەڵام چی بکەین لە سێبەرو سایەی ئەو فەرهەنگە لە قاڵبدراوەی کۆمەڵگەدا نمرە پێودانگە دادپەروەرەکەیە!؟.

***لە ژمارە(11) کانوونی یەکەمی 2011 لە گۆڤاری(زانکۆپرێس) بڵاوبۆتەوە**

هەڵبەتە زانكۆ وەک دامەزراوەیەكی مەعریفی ئەكادیمی دەبێ ببێتە سەنتەری بەرهەمهێنانی زانست و ئەفراندنی نوێ و ئامادەكاریكردنی قوتابی كاراو چالاک و داهێنەر، دواتر ئاڕاستەی كۆمەڵگەی بكات لەوێوەشەوە قوتابی كۆمەڵگە بەرەو ئاڕاستەیەكی ڕەوشەن بەرێت.

بۆ ئەمەش مامۆستایانی زانكۆ قوتابی رابهێنن كە هەرگیز وابەستەو كۆیلەی كتێبی مەنهەجی نەبن و ئازادبن لە دیراسەكردنی ئەو بابەتە هەمەجۆرانەی دەیخوێنن، واتە ئازاد بكرێن لە خستنە كاری عەقڵ و بیركردنەوەی لۆژیكیانە تا قوتابی كارێكی وابكات بیرۆكەی نوێ وەربگرێت، بێگومان گەر سەیرێكی خەلفیەتی قوتابی بكەین لەپێش هاتنی قوتابی بۆ زانكۆ ئەو خەلقەندەی پاشخانێكی دواكەوتووە و كۆیلەیەكی وا بەستەبووەو هەرگیز گۆڕانكاری بەسەرنەهاتووە، چونكە لە ماڵەكەیدا باوكی وا گۆشی كردووە كە دەبێ وەكو خۆی بیربكاتەوەو ڕەفتار بكات بەبێ ڕەچاوكردنی گۆڕانكاری سەردەم و ئەو منداڵەی خۆشدەوێت كە دەستەمۆی عەقڵی ئەون، پاشانیش كە دەچێتە قوتابخانە بەهەمان چەشن پەروەردەیەكی ناكامڵ دەكرێت ئەم ڕێچكەیەش قاڵبی خۆی گرتووەو بۆ نێو كایەی زانكۆ.

هەڵبەتە كە باسی زانكۆ دەكەین مەبەستمان هەموو زانكۆكانی عێراقە كە هەندێک لە مامۆستایان لە چوار ساڵەی وانە ووتنەوەیاندا لە زانكۆ قوتابیان خۆش دەوێت كە كۆیلەی كتێبی مەنهجی و ملكەچی هەموو فەرمانەكانی مامۆستایە و ڕازییە بە

هەموو بارودۆخێک و کڵاوی خۆیان گرتووە با نەیبا، جا لە ئایندەشدا هەمان قوتابی دەبێتە مامۆستا وانە دەڵێتەوە کەچی لە هەمان کاتدا قوتابی زیرەک و چالاک هەن بە زمان درێژو بەد رەوشت ناوزەد دەکرێت و ئاستەنگیان بۆ دروست دەکرێت بۆ داهێنانکردن لە بوارەکەی خۆیدا، ئاخۆ داهێنان چۆن دەکرێت لە دەزگایەکی مەعریفی و ئەکادیمی  گەر قوتابی بە ئازادی بیر نەکاتەوە مامۆستاکەی خۆی هەڵبژێرێ تا ئامادەی محازەراتی بێت و لە وانەکانیدا سەرکەوتوو بێت.

 شتێکی تر هەیە هێشتا لە زانکۆکانی ئێمەدا کچ ماوەی (16) ساڵ یا زیاتر دەخوێنێ بۆ ئەوەی لە دەزگایەک دابمەزرێ و دواتر شوو بکات، کوڕیش بەهەمان چەشن بۆیەشە دەبینین لە کاتی هەڵبژاردنی هاوسەردا نە کوڕەو نە کچە ئازاد نین، بەڵکو بە قسەی باوک یان سەرۆک خێڵ هاوسەرەکانیان هەڵدەبژێرن دوای (16) ساڵ خوێندن کەچی هێشتا کۆیلەی عەقڵەتی خێڵەکی و داب و نەریتە کۆنەکانی کۆمەڵگەن، لە ئەوروپا خوێندن بۆ داهێنانی مەعریفەیە نەوەک بۆ مووچەو دامەزراندن، باشە لە زانکۆی ئێمە دەبێ چ داهێنان بکرێ بەدەستهێنانی بڕوانامە بۆ گەیشتن بە حەزوو ئارەزووەکانی ژیان بێت. ئەمە وێڕای ئەوە سەیر دەکەین قوتابی زانکۆ هاوڕێی وا هەڵئەبژێرن بۆ ئەوەی لەگەڵ عەقڵ و بیرکردنەوەو ئایدۆلۆژیای سیاسی وەک یەک بن بۆیەشە ئەو قوتابیانە دەیانەوێت هەر یەکە کۆیلەیەک لە شێوەی هاوڕێیەتی دەستەمۆ بکەن، چونکە کۆیلەکان بە عەقڵی کەسانی تر بیر دەکەنەوە. جیاوازی لە نێوان قوتابی ئازاد قوتابی کۆیلە ئەوەیە کە وەکو یەک نین لە پەیڕەوکردنی بیرۆکراتیانەی مامۆستا کە دەیەوێت لە ڕێگەی وانەوە قوتابی بخاتەسەر

ئایدۆلۆژیایەکی دوواکەوتوو، گەر وەکی دی بۆی بچین بە کۆیلایەتی  دەزانین کە قوتابی بە عەقڵی کەسێکی تر بیربکاتەوە ئازادیش نییە ئەگەر هەڕەشە بێت بۆ سەر بیرکردنەوەی خەڵکانی تر، چونکە نابێت ئامەدەگی هەبێت و مێشکی خۆی بداتە دەست کەسانی تر تا بە ئارەزووی خۆیان یاری پێبکەن و دواتر ئیفلیجی بکەن، لەبەرئەوەی عەقڵ تا ئازادی نەبێت ناتوانێ شتی نوێ بەرهەم بهێنێ، لەبەرئەوەی ئازادی ئەوەندە پەیوەستە بە عەقڵی مرۆڤەوە ئەوەندە پەیوەست نییە بە سیستەم و دەسەڵاتی سیاسیەوە، لە هەمووشی خراپتر لەو سەردەمەدا جیاواز لە سەردەمی پەرستنی بتی مردوو، ئێستا وەک کۆیلەیەکی  ئازاد، ئارەزوومەندانە بتی زیندوو دەپەرستن.

ئاخۆ کارەسات ئەوە نییە کە لە نێو زانکۆدا هەندێ لە مامۆستایان لە سەدەی (21)دا و لە سەردەمی ئینتەرنێت و گلۆباڵیزەیشندا پێشبڕکێ لەسەر ئەوە بکەن کامە مامۆستا قوتابی زۆرتر بهێڵێتەوە لە ئەزمونەکان مامۆستایەکی لێهاتوو کارامەیە، هەندێ لە مامۆستا عەقڵ پیرو کلاسیکەکانی زانکۆ دەیانەوێ قوتابیە گەنجەکانی ئەمڕۆ بە عەقڵی خۆیان گۆش بکەن، ئەمەش شتێکی مەحاڵە دەبێ قوتابی زانکۆ هەرگیز قبوڵی نەکات و ئازایانە ئازادیەکانی خۆی پارێزگاری لێ بکات، چونکە لە ئایندەدا وەک چۆن ئێستا کۆیلەکان لە کۆمەڵگادا ڕەغبەتیان هەیە ئەوانیش دەچنە حاڵەتی پاسیڤ و دەبنە کۆیلەو کۆمەڵگەش بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە.

***لە ژمارە**(8) 2003/10/19 **لە رۆژنامەی(روانین) بڵاوبۆتەوە**

## خوێندكاران پەرلەمان و حكومەت بێدار دەكەنەوە

ساڵانە لە دەستپێكی دەوامی فەرمیەوە، لەسەرەتای وەرزی خوێندن لەگەڵ ئەوەی حكومەتی كوردستان ئامادەكاری كردووە بۆ پێشوازیكردن لە قوتابیان و خوێندكاران لە نەخشەڕێژكردنی رێگا ستراتیژیەكەی خۆیدا بە پلانە جۆراوجۆرەكانی لە رێگەی شارەزایان و خەبیرە زۆرەكانیەوە، بەڵام مەخابن كێشەكان وەك خۆیانن و میكانیزمی چارەسەركردنیان بۆ نەدۆزراوەتەوە، ئەگەریش بەدیوێكیتر سەیربكەین ئاشكرایە لە وەزارەتی پەروەردەو و زانكۆكان پلان دادەڕێژرێت بۆ چارەسەركردن و پێشنیازو راسپاردە ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیران دەكەن، بەڵام لەوێوە بەهۆی سەرقاڵیان بەشتیترەوە ئەم بوارە فەرامۆش دەكەن تادەگاتە رۆژانی تەقینەوەی ئاریشەكان و قوتابی وخوێندكار ناچار دەكەن هۆڵەكانی خوێندن چۆڵ بكەن و بێنە سەرشەقام داوای مافی زەوت كراویان بكەن ئەمەش لەكاتێكدا خۆپیشاندان یاخود مانگرتن و رێپێوان دەكەن كە هەموو رێگاكانی تری دبلۆماسی و گفتوگۆ دەگرنەبەر بۆ ئەوەی گۆیان لێبگیرێت و ناچار نەبن مانبگرن و خۆپێشاندان بكەن تا شار بشڵەژێنن و ئاستەنگ بخەنە بەردەم راییكردنی كاروباری رۆژانەی خەڵک.

لەو سونگەیەوە ساڵانە حكومەت دەخەوێ و بیر لە پلانی دوورمەودا ناكاتەوە لە نەهێشتنی گرفتەكان كە پلانێكی پراكتیكی بێ تا لەجیاتی خۆپیشاندان و چەند هەفتەو مانگێک مانگرتن قوتابی بخوێنێ و ئەفراندن ساز بكات و ڕەوتی ژیان لە هەرێمی كوردستان بگەشێنێتەوە نەوەک حكومەت بە رۆژ چرایەک دابگیرسێنێ و سەر لە ئێوارەی هەموو رۆژێک هاوڵاتی

بیکوژێنێتەوە بەبیانووی دەسەبەرنەکردنی خزمەتگوزاری لاوەکی، ئەگەر قسە لەسەر لە پەڕلەمان بکەین لەم بارەیەوە خەجاڵەت دەبین. وەلێ ئەوەی جێگای پرسیارو هەڵوەستە لەسەرکردنە کە بۆچی حکومەت دوای بەڕێکردنی ئەو هەموو کابینەیە حکومڕانیە، کەچی هەردەبێ خوێندکارێک بەئاگای بێنێتەوە و نەخشەی ریگای بۆ رۆشن بکات لەوەی دەستنیشانی کەموکووڕی و بڕیارە هەڵەکانی بکات، ئەو بڕیارانەی کە لەلایەن ئەقڵیەتێکی ئەوروپی کە لە واقعێکی جیاوازەوە گۆشکراوە دەرخواردی کەسانێک کراون لە رواڵەت ئەوروپی و لە مێشک و ئەقڵەوە کۆنەپارێزی رۆژهەلاتین تا بەسەر هاولاتی سیڤیلی کوردستان بسەپێنرێت، لەلایەک دەسەلاتی کوردستان لە ئەرزی واقیع دا کار بە سستەمی سۆشیالیستی دەکات و پەیکەربەندی دەسەلاتیشی واخولقاندووە، لەلایەکیتر هەنگاوی دووالیزمیانە دەگرێتەبەر لە پەیڕەوکردنی سیستەمی سەرمایەداری، ئێمەمانان نازانین حکومەت پەیڕەوی چ جۆرە سستەمێک دەکات لە بواری پەروەردە وخوێندن و هەموو بوارەکانیتری ژیان، چونکە ئەوەی لە بەرژەوەندی دەسەلات و چینی بالادەست و خواپێداوەکان بە پاساوی پێشخستن و گەشەپێدانی ولات بڕیاری لەسەر دەدات کە گوایە لەو رێگەیەوە بەلاساییکردنەوە دەتوانرێ گەشەپێدان بێنێتەکایەوە، خێراش هاتن لە بواری پەروەردەوەو خوێندنی بالاوەدەستیان پێکرد. بەبڕوای ئێمە حکومەت دەبێ زەمینەسازی بکات لە درووستکردنی کاودانێکی لەبار، ئینجا هەنگاوی لەو جۆرە بهاوێژێ، ئەگینا ناکرێ زانکۆکان و وەزارەتی خوێندنی بالا وتوێژینەوەی زانستی پلانی وەرگرتنی قوتابیان دابڕێژن و پەڕلەمان و ئەنجومەنی وەزیران پلانەکان هەڵوەشێننەوە بەبێ ئەوەی کار بۆ چارەسەرەی کێشەی زانکۆکان بدەن لەلایەک

داوای کادری نەوعی لە زانکۆوخوێندنی باڵا  دەکەن و لەلایەکی تر دەڵێن دەبێ هەرچی دەرچووی پۆلی شەشەمی ئامادەییە دەبێ لەزانکۆ وەربگیرێت، بەڵام لەدوای دەرچوونیشیان جگە لە دامەزراندنیان لە دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ ئەلتەرناتیڤێکی تریان نیە، کەچی ماوەی چەند ساڵێکە ئەوەشیان راگرتووە، ئەگەر دەرچووانی شەشەمی ئامادەییش ژمارەیەکی بەرچاویان کە وەرنەگیراون وەرنەگیرێن لە زانکۆکاندا ئەی حکومەت بەدیلی چییە؟ بێگومان هاندانی گەنج بۆ کۆچکردنی دەرەوەی وڵات و تێکچوونی شیرازەی خێزان و کۆمەڵگە و لارێی و شتی نابەجێی نامۆ بەکۆمەڵگەی کوردی.

ئەوەی تێبینیکراوە لەم وڵاتەی خۆمان هیچ شوێنێک بەقەد زانکۆکان لەلایەن پەرلەمان و حکومەتەوە پەراوێزنەخراوەو کەم بایەخ سەیرنەکراوە لە کاتێکدا زۆرینەی پێکهاتەی حکومەت و پەرلەمان کادری نێو زانکۆکانن.

جێگەی دەستخۆشییە کە هەمیشە قوتابیان و خوێندکاران پەرلەمان وەئاگا دەهێنن تا قسە لەسەر کێشەی هاوڵاتیان بکەن، هەروەها حکومەتیش ئاگاداردەکەنەوە، کە ئەوە زەنگێکە هەرکاتێ هاوڵاتی مافی خۆی نەدرێ ئارام دەگرێ، بەڵام بگاتە سەر ئێسقانی قەبوڵی ناکات و رادەپەڕێ  نەمازە توێژی ئەکتیڤی خوێندکاران.

***لە** 2008/12/22 **لە رۆژنامەی(بارزان) بڵاوبۆتەوە**

# گەندەڵی کوردی

بێگومان گەندەڵی وەک دیاردە لە هەموو وڵاتێکی جیهان و لە نێو هەموو کۆمەڵگەیکدا هەیە، بۆیە رەگ و ریشەیەکی وادەکاتەوەو چۆتە نێو هەموو پرس و سێکتەرو بابەتێکەوە، لە گەندەڵی سیاسییەوە بیگرە تا دەگاتە گەندەڵی سەربازی، ئابووری، کارگێڕی، کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری،ئاینی، میدیایی...هتد، بەڵام لە هەمووی سەمەرەتر ئەوەیە گەندەڵی زمانەکانە، واتە گەندەڵی لە شێوازی بەکارهێنان و نوسینی زمانەکانە، بە نمونە گەندەڵی لە زمانی کوردی، وەک ئەوەی ئێستا تابلۆی دەزگا حکومی و ئەهلییەکان نوسینەکان نە بە کوردی و نە بە زمانی بیگانەیە، واتە ئەگەر بە کوردی بنوسرێت ئەوا ناوەکە لە بنەڕەتدا بیانییە، تانەت ئەو گەندەڵییە زمانەوانییە زۆرینەی میدیاکان و دامەزراوەکانی حکومەتیشی گرتۆتەوە، تا دەگاتە دەزگا پەروەردەییەکان و زانکۆکان، بە جۆرێک ناوی تایبەتی کەسێک بە کوردییە، بەڵام بە زمانی عەرەبی لە سەر رەگەزنامەو پێناسەی باری شارستانی دەنوسرێت، ئەگینا لە هەموو مافیکی ژیان بێبەش دەبێت وەک ئەوەی لە بانکێکی شاری هەولێر، مامۆستایەکی زانکۆی هاوڕێم باسی لەوە کرد بۆ وەرگرتنی مووچەی مانگانەکەی چۆتە ئەو بانکە لەوێ کاتێکی زۆریان راگرتووە، بەهۆی ئەوەی ناوی خۆی بە کوردی نوسیوە نەک عەرەبی، هەر ئەوە وایلێکردووە کە مووچەکەی دوا بکەوێت، یەکێک لە کارمەندەکانی ئەو بانکە پێی گوتووە کە ئەو مامۆستایە گەندەڵی کردووە، چونکە ناوی خۆی بە زمانی کوردی نوسیووە، بۆیە سەرلەنوێ چەکێکی دیکەی بانکیان پێ پڕکردۆتەوە، بەڵام بە زمانی عەرەبی نەک بە زمانی کوردی، لە

کاتێکدا زمانی کوردی زمانی  فەرمی خەڵک و حکومەت و زۆرینەی هەرە زۆری هەرێمی کوردستان بە زمانی کوردی قسە دەکەن، کەچی کارمەندێکی ئەو بانکە بەوپەڕی سوکایەتییەوە گاڵتەی بەو مامۆستا بەڕێزەی زانکۆ کردووە، کە بەڕێزی پسپۆڕی زمانی کوردی بووە، جا ئەگەر قسەی زیاتری بکردایە لەسەر مافی بێگومان نەک مووچەکەی پێنەدەدرا، بەڵکو تۆمەتی لە گەندەڵیش زیاتریان دەخرایە پاڵ، چونکە ئێستا وشەی گەندەڵی هێندە رەگی داکوتاوە لە هەموو کایەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی و رۆشنبیری کۆمەڵگەی کوردستان، نەک خەوش نییە، بەڵکو لای بەرپرسانی هەرێمی کوردستان شانازیش پێوەدەکرێت، بەجۆرێک هەر بەرپرسێک ئەو وشەیەی نەبێتە پاشگر ئەوا خۆی بە کەسی باڵادەست و مەنسول نازانێت.

***لە** 2013/7/28 **لە هەفتەنامەی(بانگ) بڵاوکراوەتەوە**

## کاڵبوونەوەی ناوچەگەرایەتی لە زانکۆ

بەهۆی کەمی دامەزراوەی پەروەردەیی و ڕۆشنبیری و زانستیی و نەبوونی پەیمانگەو زانکۆ لە کوردستان، لە ماوەی قۆناغبەندییە مێژووییەکانی دوێنێوە، کوردستان بە قۆناغێکی کۆمەڵایەتی چەقبەستوو ڕۆیشتووە، ئەگەرچی بە شێوەیەکی لەسەرخۆو ساڵانە بەپێی کات بە هۆی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ناوچەکە و جیهان گۆڕانکاری کەم درووست بووە، ئەو گۆڕانکارییەیش شوێنەواری کەمی لە سەر ئاستی بیرکردنەوەو ڕایەڵە گرنگەکانی کۆمەڵی کوردی داناوە، بەڵام دوای پەیدابوونی زانکۆ، هاوکێشە کۆمەڵاتییەکان پێچەوانە بوونەتەوە، بەوەی تێکەڵبوونی قوتابیان و خوێندکاران لە هەردوو ڕەگەزی نێرینەو مێینە لە خۆگرتووە، کە هەر یەکە لە گوندو ناوچەو دەڤەرەکانی کوردستانەوە هاتوون، بە شێوەزاری جۆراوجۆر و فرەکلتوور و ڕەفتاری هەمەچەشن و جلوبەرگی هەمەڕەنگ و ئاستی بیرکردنەوەو زانیاری جیاوازەوە، هەر ئەوەیش وادەکات بە کارتێکردنی ئەو دیاردانە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی بهێنێتە کایەوە، واتە کەسێک لە گوندێکەوە یا هەر ناوچەیەکی دیکەی کوردستان دێتە زانکۆ کلتووری ئەم شوێنە لە گەڵ خۆی دەهێنێت، هەموو فەرهەنگە جیاوازەکانیش بەیەکەوە تێکەڵ دەبن و بە هاوکێشەی کارو کاردانەوە ئاکامێکی ئەرێنی لێ دێتە بەرهەم، لە ڕەفتارگەلی جوان، لە فەرهەنگێکی تازەی مۆدێرنی کوردانە، بە ئاوێتەکردنی شێوەزارێکی تازەی زمانی کوردی، بە شێوەیەکی ناڕاستەخۆ ئەمە دروست دەبێت دواجار هەموو لایەک لە ناوچەو دەڤەرەکانی کوردستان یەکتری دەناسن و دەزانن قسەی پێ بکەن و لە یەکتر بگەن، واتە زانکۆ

ئەو ڕۆڵە دەبینێت کە شێوە زارێکی هاوبەش لە نووسین و قسەکردندا بسازێنێ، لە نێو نەتەوەی کورد کە پاشتر ببێتە هەوێنی بەهێزکردن و تۆکمەکردنی زمانی کوردی بە هەموو شێوە زارەکانییەوە، ئینجا لە پاڵ ئەوەی کۆڕی زانیاری کوردی و دامەزراوەکانی دیکەی هاوشێوەکانی وەک میدیاکان بە (بینراو، بیستراو، نوسراو) ئەنجامی دەدەن بۆ دروستکردنی زمانی یەکگرتووی کوردی، لە ڕیزی پێشەوەی هەموو ئەو کارە جوانانە دایە، زانکۆ پێشەنگی ئەو ڕایەڵە ڕاستەقینە و سەرەکییەی بوونی زمانێکی ستانداردی کوردییە، ئەمەیش تەنها بە نزیکبوونەوەی یەکتری نییە لەکاتی بوونی دەوامی فەرمی زانکۆدا لە نێوان خۆیان قسەی پێ بکەن، بەڵکو لە بە ئەنجامگەیاندنی پرۆسەی هاوسەرگیری نێوانیان زیاتر ئەو کردارە قوڵتر دەبێتەوە، چونکە ساڵانە ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە کوڕو کچە گەنجەکانی نێو زانکۆکانی کوردستان، هەریەکە لە گوندو شارو دەڤەرێکی جیاوازەوە بەوپەڕی ئەوین و خۆشەویستییەوە دەبنە هاوسەری یەکتری و خزمایەتی و نزیکایەتی لە نێوانیاندا دروست دەبێت، هەر ئەوەیش وادەکات ئەو نزیکبوونەوەی شێوە زارە لە گوندو شارێکەوە بۆ هەموو شوێنێکی دیکەی کوردستان بگوازرێتەوە و بڵاوبێتەوە، تا خزم و کەسە نزیکەکانی هەردوولایش دەگرێتەوە دەچێتە ناخی ماڵبات و خانەوادەکانیانەوەو هاتووچۆی گەرموگوڕ دروست دەبێت لە ڕەوشی خۆشی و ناخۆشییەکانی ژیانیش ئەو پەیوەندییە بەهێزتردبێت، ئینجا ئەم پرۆسەیە درێژە دەکێشێت و دەبێتە هۆی بە هێزکردنی ڕایەڵە نەتەوەییەکان و یەکگرتویی تاکەکان و کلتووری شارچییەتی و گەڕەکچییەتی و ناوچەگرایی کاڵ دەبێتەوەو بیری نیشتیمانی دەچێتە ریزبەندی خۆشەویستی

و ئینتیمابوون بۆ کوردستان، ئەمەیش هەنگاوێکی دیکە لە ڕێگەی ستراتیژییەتی کۆمەڵایەتی نەتەوەییەوە نزیکمان دەکاتەوە، تا بگەین بە شاڕێگەی یەک گوتاری کۆمەڵایەتی، یەک کلتووری کۆمەڵایەتی کە بە فەرهەنگێکی تایبەتەوە بە جیهان ئاشنابین، لەهەمان کاتدا کلتووری توندوتیژی و هاوسەرگیری بە زۆر و ژن بەژن و گەورە بە گچکەو بەزۆر بە شوودان و شووکردن و ژنهێنان لە دەرەوەی هۆزو ناوچەیەک چی دیکە سووڕناخواتەوە، کە ببێتە لەمپەر لە بەردەم دوو خۆشەویست تا بەیەک بگەن، ئا ئەوکاتە ئاستەنگە کۆمەڵایەتییە ناپەسەندو ناچیزەو ناوازە خرپەکان، باڵ دەگرن لە کوردستان و کۆمەڵی کوردی بە پاراستنی شوناسی فەرهەنگی کۆمەڵایەتی نەتەوەییەوە، بەرەو قۆناغێکی دیکە گوزەر دەکات، بۆ کۆمەڵگەیەکی مەدەنی کوردی هاوچەرخ، لە سەردەمی ئەمڕۆی پێشکەوتنە خێراکانی نێو دونیای تەکنەلۆژیا کە خەریکە چرکە لەدوای چرکە پەیوەندییە کۆمەڵاتییەکان دەسڕێتەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا زانکۆ کوردییەکان تارادەیەک پریشکی پێشکەوتنە تەکنەلۆژیاکانیان بەرکەوتووە، بەڵام هێشتا بەرگری لە مانەوەو بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن، ئەوەیش مایەی خۆشحاڵی هەموو لایەکە.

**٭لە ژمارە(4) ئەیلولی 2010 لە گۆڤاری(زانکۆپرێس) بڵاوبۆتەوە**

# گرنگی تاقیکردنەوەی IELTS TEST

ئامانج لە تاقیکردنەوەی توانستی زمان زۆرێک لە فێرخوازانی زمانی ئینگلیزی بە ئامانجی باشترکردنی ئاستی زمانەکەیان دەخوێنن و بەشداری دەکەن لە تاقیکردنەوەکانی:
(TOEI،GMAT،SAT،SIT،ITP،GRE،IELTS،PASSWORD،TOEFL)

جا هەر یەکێک لەوانە بە ئامانجێک ئەو تاقیکردنەوانە ئەنجام دەدات، یەکێک بۆ ئەوەی بخوێنێت لە زانکۆکانی وڵاتانی جیهانی، بەتایبەت ئەو زانکۆیانەی زمانی خوێندنی ئەکادیمیان زمانی ئینگلیزییە، بەشداری لەو تاقیکردنەوانە دەکات، هەر زانکۆیەکی جیهانی مەرجی تایبەتی خۆی هەیە بۆ وەرگرتنی قوتابی، یەکێک لەو مەرجانە ئەو تاقیکردنەوانەی سەرەوەیە کە باسمان کردن، کە زۆر کەس وا دەزانێت ئەوەی لەو تاقیکردنەوانەی زمان دەربچێت، بڕوانامەیەکی زمانی بەدەستهێناوە، بەڵام لە ڕاستیدا تاقیکردنەوەیەکە بۆ ڕێگەدان لەو زانکۆیەی کە خوێندکار خوازیارییەتی لە بەکالۆریۆس و ماستەر و دکتۆرا بخوێنێت، واتە وەکو ڤیزای وڵاتانە تا بەو هۆیەوە بتوانیت بچیتە نێو ئەو وڵاتە، بەڵام تاقیکردنەوەی (IELTS) تەنها بۆ بواری ئەکادیمی ئەنجام نادرێت، بەڵکو بۆ ئەوەی بتوانیت لە وڵاتێک کاربکەیت تا زمانی ئینگلیزیت باش بێت، پێویستە ئەو تاقیکردنەوەیە بکەیت.

**مانای IELTS TEST**

ئەم زاراوەیە کورتکراوەی (International English Language Testing System)ە، کە مانای سیستەمی تاقیکردنەوەی زمانی ئینگلیزی نێودەوڵەتی دەگەیەنێت، لە بنەڕەتدا ئەو تاقیکردنەوەیە بۆ تاقیکردنەوەی زمانی ئینگلیزییە بۆ ئەوانەی ئارەزووی

خوێندنیان هەیە لە زانکۆکانی بەریتانیا و وڵاتە پاشکۆکانی بەریتانیا وەک نیوزلەنداو ئوستراليا، بەتايبەت ئەو وڵاتانەی سیستەمی خوێندن و زمانی ئینگلیزی شێوەی بەریتانییە لە زانکۆکانیاندا، وەک پڕۆگرامێکی دیاریکراو تا فێرخوازی زمانی ئینگلیزی بیەوێت بخوێنیت لە سەر ئەو پڕۆگرامە تا ئاستێکی باشی هەبێت لە تاقیکردنەوەکەدا، هیچ پڕۆگرامێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو پڕۆگرامی جۆراوجۆر هەیە لە کتێبخانە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان و کتێبخانە ئەلیکترۆنییەکانی سەر پێگەکانی ئینتەرنێت هەیە، ئەوەیش تەنها زانیاری وەرگرتن و ڕێگەنیشان دان و ئاسانکارییە بۆ ئەوەی بتوانیت بەشداربیت لەوتاقیکردنەوەیەدا.

ئەو تاقیکردنەوەیە بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1989 پەیدابووە، ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە سەر ئاستی جیهان پشت بەو تاقیکردنەوەیە دەبەستن و دانی پێدەنێن، ئەو تاقیکردنەوەیە ڕێگەدراوە لە لایەن زانکۆی کامبێرجی بەریتانی و پاشکۆی کونسلخانەی بەریتانی.(British Council IDP: ielts Australia)

**ئەو وڵاتانەی تاقیکردنەوە تیا ئەنجام دەدرێت**

هەر کاتێک فێرخواز ویستی تاقیکردنەوەکە بکات، بۆ ئەوەی ئەنجامەکەی وەربگرێتەوە، دەتوانێت لە سەر پێگەی ئەلیکترۆنی تایبەت بە (IELTS)بە خۆڕایی ئەنجامەکەی دوای دوو هەفتە وەربگرێتەوە، ساڵانە زیاتر لە(500،000)پێنج سەد هەزار کەس بەشداری لەو تاقیکردنەوەیە دەکەن لە (500) مەڵبەندی تاقیکردنەوە لە (120) وڵاتی جیهانی، کە بەرزترین نمرە (9)یە، بۆ ئەوەی بەشداربووی ئەو تاقیکردنەوەیە دەربچێت پێویستی بە (6 – 6.5)نمرە هەیە، هەندێکجار بەپێی پسپۆڕی ئەو کەسەی

دەیەوێت لە زانكۆكان وەربگیرێت ئاستی بەرزی و نزمی نمرەكە دیاری دەكرێت، بەڵام تۆفڵ (500 – 650)ی پێویستە، لە حاڵی ئێستادا ئەوتاقیكردنەوەیە لە وڵاتانی دەوروبەری عێراق لە سوریا وتوركیا وئێران وئوردن وكویت ئەنجام دەدەرێت لە لایەنBritish Council ی بەریتانییەوە، جاروباریش ماوە ماوە British Councilلە عێراق ئەنجامی دەدات بەتایبەت لە هەرێمی كوردستان.

## شێوازی تاقیكردنەوەیIELTS TEST

فێرخواز دەتوانێت لە تەمەنی (16) ساڵییەوە تاقیكردنەوەی تیا بكات، كە دوو جۆری هەیە:

1.جۆری ئەكادیمی: ئەو جۆرە كە تاقیكردنەوەی تیا دەكرێت تەنها بۆ وەرگیران و خوێندنە لە زانكۆكانی جیهانی، واتە شێوازەكە زمانی ئینگلیزی ئەكادیمییەو گشتی نییە .

2.جۆری گشتی: ئەو جۆرە بۆ زانینی ئاستی زمانی ئینگلیزییە بەگشتی و كاركردن وكۆچكردن لە وڵاتیك بۆ وڵاتێكی دیكەی ئینگلیزی زمانە، واتە كەسێک بیەوێت لە كۆمپانیایەكی وڵاتی بەریتانیاو وڵاتە پاشكۆكانی كاربكات پێویستی بە بەشداربوون لەو جۆرە هەیەو دەبێت لەو تاقیكردنەوەیە دەربچێت تا وەربگیرێت وەک كارمەند كار بكات.

ئەم تاقیكردنەوەیە، لەسەر سیستەمی(multiple choice) ،ماوەی تاقیكردنەوەكە (2.45) دوو كاتژمێیرو چل و پێنج خولەک كە دابەشدەكرێت بۆ سەر ل (4) بەش بەم شێوەیەی خوارەوە:

1.نووسین :(Writing)ماوەی (60) خولەكە

2. گوێگرتن (Listening) :ماوەکەی 30 خولەکە و 40 پرسیارە

3.خوێندنەوە (Reading): ماوەی 60 خولەکە

4.قسەکردن :(Speaking) ماوەی 10 تا15 خولەکە

هاوشێوەن لەم خاڵانەدا:

1.هەردوو تاقیکردنەوەکە ماوەی دووساڵ کاری پێدەکرێت پاش دوو ساڵەکە کاری پێناکرێت،

2.پڕۆگرامی تایبەت نییە بۆ هەردوو تاقیکردنەوەکە بۆ خوێندن تیایدا.

3.هەردوو تاقیکردنەوەکە پێویستیان بە نمرەی بەرز هەیە بەپێی مەرجەکانی ئەو زانکۆیەی فێرخواز لێوەردەگیرێت، کە هەندێکیان ئاستی بەرزیان دەوێت.

جیاوازن لەم خاڵانەدا:

هەرچی تاقیکردنەوەیTOEFL بۆ پێشکەشکردنی زانکۆ ئەمەریکی و کەندەییەکانە، بەڵام IELTS بۆ پێشکەشکردنی زانکۆ بەریتانی و وڵاتە پاشکۆکانییەتی هەروەها.

تاقیکردنەوەیIELTS گرانترەو بەهێزترە لە تاقیکردنەوەی TOEFL، چونکە لە زانکۆ ئەمەریکی و بەریتیانییەکان دانی پێ دەنرێت.

***لە ژمارە(7) شوباتی 2011 لە گۆڤاری(زانکۆپرێس) بڵاوبۆتەوە**

# گیرفانسازی

ماوەی چەند ساڵێکە چونە دەرەوەی قوتابیانی کوردستان بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا لە ماستەرو دکتۆرا بۆ زانکۆ جیهانییەکان هەنگاوی باشی بڕیوەو ئەمەش بە چەندین کەناڵی جۆربەجۆربووە، سەردەمێک بە واسیتەو هەندێ جاریش لە ڕێگە ڕێکخراوە بیانییەکان و زەمالەی زانکۆجیهانییەکان بووە، هەروەها زانکۆکانیش بۆ پسپۆڕە دەگمەنەکان هەندێ کەسیان دەناردە دەرەوە، پاشان یەکێک لە بەڵێنەکانی لیستی کوردستانی جێبەجێکردنی پەرنامەی توانسازی بوو، هاوشان لەگەڵ ئەویشدا بەرنامەیەکی دیکەی بەغداش هەبوو ناسراو بەرنامەی حکومەتی عێراق بۆ خوێندنی باڵا، بەڵام ئەوەی بۆ هەرێمی کوردستان گرنگ بوو بەرنامەی تواناسازی کە تا ئێستا سێ قۆناغی جێبەجێکراوە، پڕۆسەکە بە هەموو پێوەرێک لایەنی ئەرێنی زیاتر بووە لە لایەنی نەرێنی و بە ئومێدی ئەوەی ئەوە بەرنامەیە لە هەموو کابینەکانی حکومەت بەردەوام بێت( ئێستا راوەستاوە بەهۆی قەیرانی دارایی)، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە بە هیوای ئەوەی لە ئایندەدا نەمێنێت ئەویش چونە دەرەوەی ئەو قوتابیانەیە لەسەر گیرفانی خۆیان دەخوێنن، کە لە نێو کەسانەدا بە بەرنامەی گیرفانسازی دێت، ئەمە جگە لەوەی بە پارەی خۆیان دەخوێنن و لۆدێکی زۆری لەسەر بودجەی حکوومەت کەمکردۆتەوە، کەچی ئاستەنگ دەخرێتە بەردەمیان، بەوەی ئەو کەسانەی لە ڕێگەی توانسازی یا لە زانکۆکانی ناوخۆیی بڕوانامە بەدەست نەهێنێت ئەوا بڕوانامەکەی بە ئەکادیمی هەژمارناکرێت، لە کاتێکدا هەر لە ڕێگەی تواناسازییەوە سەدان قوتابی لەو زانکۆیانە دەخوێنن کە ئێستا ئەوانەی بە پارەی

خۆیان دەخوێنن هەمان پسپۆڕو زانکۆ تەواو دەکەن بە ئەکادیمی بۆیان هەژمار دەکرێت، یا هەندێ لە ئەکادیمیستەکانی زانکۆ ڕێگری لەو قوتابیانە دەکەن لە زانکۆکانی (لوبنان، تورکیا، ئوردن، میسر، سوریا، روسیا، مالیزیا، هیندستان، ئۆکرانیا..هتد) دەخوێنن و بڕوانامە بەدەست دەهێنن، کەچی حکوومەت خۆشی کەسانی دیکە بۆ ئەو زانکۆیانە دەنێرێت، تاوانی ئەو کەسانەی کە ئێستا لە ڕێگەی گیرفانسازییەوە دەخوێنن تەنها کەمی نمرەیەی خوێندنیان لە بەکالۆریۆس، ئەمەش بە هۆکاری کۆمەڵایەتی یا سیاسی و ئابورییەوە نەیانتوانیوە نمرەی پێویست بەدەست بهێنن، هەرچەندە ژمارەیەکی زۆریش لەو قوتابیانەی نمرەی بەرزیان هەبووە، دوای ئەوەی ناویان دەرچووە بە شکستەوە گەڕاونەتەوەو کەسانی دیکەش لە ڕێگەی گیرفانسازییەوە ڕۆیشتون بە سەرکەتوویی گەڕاونەتەوە.

*ژمارە(4016) **لە** 2012/3/9 **لە ڕۆژنامەی(خەبات) بڵاوبکرێتەوە**

# هاتنەدی خەونەکان و توانەوە لە پێناو خەڵک

شتێکی ڕۆشنە مرۆڤ لە تەمەنی منداڵییەوە، هەزاران خەونی لە مێشکدا گەڵاڵە دەبێ و لە قۆناغی پێگەیشتنیشیدا کارنامەیەک بۆ داهاتووی دادەڕێژێ کە خۆی لە چەندین ڕەهەند دەبینێتەوە، بۆیەشە لەو دەروازەیە بەوپەڕی بڕوابەخۆبوون و لێبڕوانە هەوڵەکانی دەخاتە گەڕ لەپێناو هاتنەدی خەون و ئاواتەکانی لە زۆریک لەو بوارانەی کاری بۆ دەکات، دڵنیاین ئەگەر کاری بۆ بکات سەردەکەوێ، سەرەڕای هەرچی لەمپەرهەیە لە بەردەمی لە نێو جەنجاڵییەکانی ژیان، بەپێی قۆناغبەندییەکان تەمەنیی،جا ئەگەر بێنە سەر کرۆکی باسەکەمان ئەوە دەبینین ئەو کەسانەی بڕوانامەی بەرزیان بەدەستهێناوە بەدڵنیاییەوە بێ بەرنامە نەبووە، بەڵکو کاری پێشوەختەی بۆکردووە، یان هەرکەسێ ویستوویەتی بڕوانامەی پزیشکی وەدەست بهێنی، جیا لە بڕوانامە بێگومان بیری لە خزمەتکردن کردۆتەوە، چونکێ بەدەستهێنانی بڕوانامە لە زانستە پزیشکییەکان کۆششی فکری و جەستی زۆری دەوێ تا ئەو قۆناغە ببڕێ، ئەمە جگە لەوەی تەمەنی گەنجییەتی بە سەرقاڵبوون بە خوێندنی ئەو زانستەوە بەسەر دەبات، تەمەنی کامڵ بوونیشی بە خەریکبوون بە مومارەسەی پیشەکەی بەڕێ دەکات، شەو و ڕۆژ لە خزمەتی هاوڵاتییدا کاردەکات، بەبێ وچان تا دوا ساتەکانی تەمەن، کەوایە پیشەی پزیشکی جگە لەهاتنەدی خەون و ئومێدی مرۆڤ سوتان و توانەوەشە لەپێناو مرۆڤایەتییدا، لەبەرئەوەی پیرۆزترین پیشەی مرۆڤیشە بۆ ساریژکردنی بیماری ناسۆری قەتماغە نەگرتووی تاکی کۆمەڵگە.

*لە ژمارە(سفر) 2008/6/1 ڕۆژنامەی(هەتوان) بڵاوکراوەتەوە

## پڕۆسەی ئەفراندن و ڕەسەنایەتی و ... شتی تر

بێگومان پڕۆسەی داهێنان و گوڕان بۆ گۆڕانکاری و گەشەپێدان بوار و جۆر و چەشنگەلی زۆری هەن هەر لە زانستەوە لە گشت لایەکانیەوە تا دەگاتە سەرتاپای ژیانی مرۆڤایەتی ...، نەوەی نویێ واتە گەنجە بەرهەمێنەکانی ئەمڕۆ، پەی بەوەدەبەن کە ئەوان داهێنەرتر و زێتر تێدەفکرن بۆ گۆڕانکاری لەوەی کەسانی لەوان بە تەمەنتر کەمتر درکیان بەم پڕۆسەیە کرد بێ، بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە ئەوە ئەزموونی بەتەمەنەکانە ئەوان فێری بوون و کاری لەسەر دەکەن و نویێ تری دەکەنەوە شتێکی تری خۆیان دەخەنە سەری لە دەرئەنجامی قاڵبونەوە و بیرکردنەوەیان ئەفراندنی تیادەکەن، نمونەش شێوە زارو قسەکردن و ئاستی زانستی و گۆڕانکاری لە فکر و و قسە و پیشەسازی و ئەندازیاری و پزیشکی بێ. یان ئەو کەسانەی کە خودان ئەزموونن لە ڕابردوودا لە زانست و تەکنۆکرات دەتوانن وێڕای زانستەکەیان ئەفراندن و گۆڕانی باشتر بکەن یان (خۆبەڕۆشەنبیر و نوسەرەکانی بە ناو ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت کە زمانی کوردی و کەسایەتی ڕەسەنی کوردی ئەنفال و تیرۆر دەکەن) توانای ئیبداعیان هەیە، بێگومان لە داڕشتنەوەی نوسینێکی تایبەت بە زمانی کۆیلەکانی سەردەمی ئەمڕۆ ئەوانە داهێنەرو ئافرێنەرن بەبێ ئەوەی شەرم لە ڕەچەڵەکی ناڕەسەنی خۆیان بکەن، فێری نوسینی پۆست جاش بوونە کە هاوڕا لەگەڵ جاشە تەڵاقدراوەکانی نێو زاراوەی کوردی مشەخۆرانە ئاوازی کەسە نەخۆشەکانی ئەوروپا بە ناوی ئازادی نوسینەوە بۆ ناشرینکردنی تاکەکانی کۆمەڵگاو هەرگیز کەسانی پێش خۆیان

نەیان توانیووە ئەو بەردە هەڵگرن. بەڵام ئەوەی نیەتی پاکی هەبێ وەک قاڵبوانی مەعریفە و گەنجی تازەی بەرهەمهێن، هەمیشە لە بیری ئەفراندن دانە، هەریەکە لەبواری خۆی و شارەزایانی زمانی کوردی، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ وشەی جوانتر بە ئاوازی خۆشتر بە شێوە زاری یەکگرتوو دادەهێنن و نوسەرە پۆست جاشەکانیش کاتژمێر لەدوای کاتژمێر وشە و نووسی و زمانی زبر و زمانە ئۆرجینەڵەکەی بنەماڵە ناڕەسەنەکانیان تازە دەکەنەوە و بە خەڵکی دەیفرۆشنەوە تا قەرەبووی کەموکووڕییە ناشایستەکانیان پێ بدەنەوە.

بنەبڕکردنی زمانی زبرو ناشیرینکردنی یەکتری، کارێکی قێزەوەنەو یەکێکە لە دیاردە و نەخۆشەکانی تری نەتەوەکەمان کە ئەمڕۆ توشی هاتووە وەکو (تیرۆر و گەندەڵی و ژنکوژی و ... هتد)، ئەوە ئەنفالی ئەفراندن و پرۆسەی گۆڕانکاری و پەرەپێدانی مەعریفە و دیاردە ئەرینیەکانی کوردەوارییە.

***لە ژمارە(24) ئابی 2007 لە گۆڤاری (زانکۆی نوێ) بڵاوبۆتەوە**

## کچان و کوڕانی زانکۆ

## لە نێوان عەشقی ڕۆحی و خۆشەویستی ڕواڵەتیدا

ئەگەر نیگایەک بە فەلسەفەی ژیانی قوتابی دا بخشێنین، دەبینین کاتێک قوتابی لە قۆناغی ئامادەییەوە دەچێتە قۆناغێکی بالاتر، دەبێت لەگەڵ ئەو واقیعەی تیایدایە بە چەشنێکی تر بیربکاتەوە و هەڵسوکەوت بکات و خۆی بسازێنێ لەگەڵ دەوروبەرەکەی و گۆڕانکاری ریشەیی دروست بکات، وێڕای هۆشکاری و کاری مەعریفی دەبێت بەرنامەی ژیانی خۆی هەبێت بۆ ئایندەی خۆی، بۆ ئەمەش دەبێت لەو دەزگا بالایەدا کە زانکۆیە یا پەیمانگایە بایەخ بە پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان بدات، سەرەڕای پەیوەندییە زانستی و فکرییەکان، بەتایبەت لە نێوان کچ و کوڕ تا لەو کەناڵەوە ئاشنایەتیەک پەیدا بکەن لە نێوان یەکتریداو لە ئاکامدا ئەو پەیوەندییە قوڵبێتەوە ببن هاوڕێ، چونکە ناکرێ لە چوار ساڵی زانکۆ یا دوو ساڵی پەیمانگایدا کەسێکی گۆشەگیر و دوورە پەرێز بێت و پەیوەندی لەگەڵ کەسدا نەبێت، ئەگەر ئەو پەیوەندییەش لە نێوان کچ و کوڕێکدا پاک و رەوشت بەرزانە نەبێت، ئەوا هاوڕێیەتی رۆحی لێدێتەبەرهەم و عەشقێکی رۆحی لێدروست دەبێت لە نێوان دوو دڵی زیندوو، کە کۆمەڵێ خاڵی هاوبەشیان لە نێوان یەکتریدا هەیە عەقڵی ناوەوەو دەرەوەیان وەک یەکەو هاوکۆکی یەکترن لە ئازادی، دینداری، رەوشتبەرزی، رەچەڵەک، بەژن و بالای جەستەیی، بڕوانامەی زانکۆیی، ئاستی رۆشنبیری، چونکە ناکرێ کچێکی دەرچووی کۆلێژی زمان بەشی زمانی ئینگلیزی شوو بە شوانێک لە گوندێک بکات، لەبەرئەوەی لە زۆر رووەوە لە یەکتری دوورن، بە جۆرێک گوزارشتکردنی ئەو هاوکۆییە

عەشقێک بێت کوڕو کچێک یەک جەستەو یەک ئامانج و یەک بیرکردنەوەو یەک هیوایان هەبێت، عەشقی رۆحی(خۆشەویستی باڵا) مرۆڤی هۆشمەندی باڵا دەیکات و وادەکات چێژی رادیکاڵی بە دوو کەسی زیندوو ببەخشێ، ئەو چێژەی ئامانجی باڵای ژیانەو رۆح جەستە ئارام دەکات و دووری دەخاتەوە لە ئازاری و ویژدان، چونکە ژیان عەشقەو عەشقیش ژیانە، بۆیە ئەو کەسانەی عەشقی راستەقینەی یەکتری بن، ئەوا ئاوێزانی رۆحی یەکتری بوونەو رۆچونەتە نێو دڵی یەکترییەوەو هەمووجوڵەی مەعشوقەکەیان دڵیان بێدار دەکاتەوە، لەبەرئەوەی ئەو عەشقە لە دڵەوە هەڵقوڵیوە، مادامەکی عەشقیش گوزارشتە لە ژیان فارس گووتەنی: ( کێ هەیە بە بێ رۆشنایی عەشق، ژیان بەسەر بەرێت؟)، خۆزگە عەشق لە نێو هەموو دڵێ زیندوو هەڵدەقوڵاو وەکو گوڵە پەمییە بەرائەتەکان چرۆی دەکردو لە میحرابی ویژدانی تەندروستی مرۆڤەکاندا، بەو پێودانگە بۆ ئەوەی ژیانی کوڕو کچێک  کاتێک دەبنە هاوسەری یەکتری بەردەوام بێت دەبێت تا سەر ئێسقان یەکتریان خۆش و عەشقی یەکتری بن، جا ئەگەر بەو چەشنە نەبێت ئەوا دڵێکی نەخۆشیان هەیەو لە پێناوی مادده هاوسەرگیرییان کردووە، ئەوەش مانای عەشقی تێکشکاوی مادییە، نەک عەشقی رۆحی، کەچی بەداخەوە ئەو دیاردەیە لە نێو زانکۆکانی کوردستان بۆتە باو، خۆشەویستی رووالەتی ماددی  رۆژ بە رۆژ بەرەو هەڵکشان دەچێت، رەنگە لە داهاتوو کارەساتی کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵگا دروست بکات، بۆیە پێویستە گەنجێک کاتێک رۆحێکی پاک و دڵێکی زیندووی هەیە، ئەوە دەبێت عاشق بێت تا ئەو رۆحەیان لە دەروازەی عەشقبونیان بۆ مەعشوکەیانیان فراوان بێت و بکرێتەوەو بە رق

و پەژارەیی نەمێنێت، چونکە عەشق ڕووناکردنەوەو ڕۆشنکردنەوەی دڵەکانە بە تیشکی موحیبەت و دڵ ئارام دەکات.

دەکرێ بڵێن کوڕی گەنجی بلیمەت، دەبێت ئەو کوڕە گەنجە عاشقە بوێرە بێت، بیر لە ژیان بکاتەوەو ژیانێکی خۆشگوزەران بۆ کچەکە فەراهەم بکات، نەوەک بیر لە خۆکوشتن و گەوجانە بیر لە مردن بکاتەوە، کەوتنە ڕووباری موحیبەتی عەشق و دووچاربوون بە خۆشەویستی باڵا، ڕەنگە هەموو کوڕو کچێکی زانکۆ نەتوانێت ئەو ئەرکە قورسە هەڵبگرێت و بکەوێتە ئەو داوەوە، لە کاتێکدا دەتوانن دڵداری یا خۆشەویستی ڕواڵەتی و ڕووکەشی ئاسایی بکەن. ئەوە خۆشەویستی و دڵداری نێو کۆچەو کۆڵانەکانە کە لە ماوەی یەک هەفتەی چاوچاوێنێ و نامەگۆڕینەوەدا، هاوڕێیەتی پێکدەهێنن بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ پێوەرێکی بابەتی و خودی دەبنە دڵدارێکی کاتی، چونکە عاقڵانە بیریان نەکردۆتەوە و هەرزەکارانە تێفکریون و لە جەستە گەورەبوونەو لە عەقڵدا بچووک و عاتیفەیان زاڵ بووە بەسەر عەقڵیانەوە.

***لە ژمارە( 14 ) ساڵی 2004/3/18 لە ڕۆژنامەی(ڕوانین) بڵاوکراوەتەوە**

## هاوسەرگیری لە زانکۆ

## بەستەڵەکی هۆزپەرستی و ناوچەگەریەتی دەشکێنێ

هاوسەرگیری وەک سونەتێکی ژیان لە هەموو کۆمەڵگەیەک پرۆسەیەکی دینامیکییە بۆ بەردەوامیدان بە ژیان و گەشەپێدانی مرۆڤایەتی و گۆڕانکاری سروشت لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکیتر، جا ئەو پرۆسەیەی کە ئەنجام دەدرێ لە هەر کولوجێکی جیهان لە نێوان نەتەوەو ئاین ومەزهەب و تیرەو وڵات و شار و هۆزو ناوچەیەکەوە جیاوازیان هەیە، هەریە کە بە چەشنێک و کلتوورو فەرهەنگ و دابونەریتی تایبەتی خۆی خێزان درووست دەکات.

ئەگەرچی شێوازی هاوسەرگرتن لە کۆمەڵگاکانی تری کۆمەڵە سەرەتاییەکان هەم لە رووی ئاینیەوە و هەم لەرووی کۆمەڵایەتییەوە پێشکەوتنی بەخۆییەوە بینیەوە، لە کوردستانی خۆشمان وەک هەر کۆمەڵگەیەکیتر هەموو ئەو شتانەی ئاماژەمان بۆکردن کاریگەریان هەیە، بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی ئامرازەکانی پێشکەوتن و کردنەوەی قوتابخانەو زانکۆ لە شارەکان قاڵبێکی تر لە خۆگرتن بەتایبەت لەو ساڵانەی دوای خوێندکار- قوتابی خەڵکی شارێک لە زانکۆی شارێکیتر وەردەگیرا لە ئەنجامی ئەو نزیک بوونەوەیەو تێکەڵاو بوونە وای لێهات پرۆسەی هاوسەرگیری لە نێو بنەماڵەو تیرەو هۆزەکان لە داخراوەییەوە بێتە دەرەوەو لە نێوان شارەکان دوو گەنج لە دوو شاری جیاواز و تەنانەت هەندێجار لە ئاین و نەتەوەش جیاواز هاوسەرگیری پێک دەهێنن ئەوەش ریگە بۆ درووستبوونی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی کوردەواری کە زمانێکی

یەکگرتوویان هەبێ و ووردە زارەکان کاڵببنەوە لە کوردستان خۆش دەکات کە لە داهاتوویەکی نزیکدا بێتە کایەوە.

ئاشنابوونی دوو خوێندکار لە زانکۆدا کە ماوەی چەند ساڵ لەگەڵ یەکتری هاوڕێیەتی دەکەن لە چوارچێوەی شەرعیدا کە دواجار گرێبەستی هاوسەرگیری بەخۆشەویستی دەکەن، ئەگەر لە دوو شاری جیاواز بن و بە نەتەوە کورد بن، بێگومان بیری نەتەوەیی بە هێز دەکات و دەبێتە هۆی ئەوەی تاکی کورد هەرگیز بیر لە ناوچەگەریەتی و دووبەرەکی و ناکۆکی نەکاتەوە، لە دەرەنجامدا زمانێکی ستانداردی یەکگرتووی کوردی دێتەبەرهەم ئەوەش بەگووزەرکردنی قوناغبەندییەکانی کاروانی مێژوو دەبێ کە هۆکاریکی ئەرێنییە تا کاری لەسەر بکرێ، لەلایەکیتر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە سۆزداریەکانی کۆمەڵگەی کوردی نێوان یەکتریدا بەهێز دەکات کە ئەوەش بەپێی قۆناغەکانی مێژوو شیرازەی خێزان پتەوتر دەکات و پەیوەندیەکی توندو تۆڵ لە نێوان شارەکاندا هەبێ و زۆرتر ئاگایان لە جموجۆڵە رۆشنبیری و هونەری و بازرگانی و سیاسی و بوارەکانیتری ژیان هەبێ، ئەگەرچی کەناڵە ئاسمانییەکان و ئینتەرنێت ئاسانکاری درووستکردووە، بەڵام وەک ئەو پەیوەندییە خوێن رۆحییەنییە کە ببێتە درووستکردنی یەک دڵ و یەک رۆح و یەک بیر و یەک روانگەو یەک رەهەند و یەک هیواو روانین بۆ یەک خۆر.

***لە ژمارە(111) 2009/4/19 رۆژنامەی(خەبات) بڵاوکراوەتەوە**

# هاوسەرانی بەختیار لە کۆمەڵگەی بەختەوەرییدا

هاوسەرگیری یان یان ئیزدیواجکردن پرۆسەیەکی مێژوو کردو، سونەتێکی ژیان و، ئەرکێکی ئاینی و، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و، دابونەریتێکی کللتووریە، لەسەر گۆی زەوی کە ساڵە هایە لەدوای هاتنە سەر زەوی باوکە ئادەم و دایکە حەوا، دواتر بە هاوسەربوونی قابیل لەگەڵ (لبودا)و هابیل لەگەڵ (ئەقلیما) ئەم پرۆسەیە بەردەوامە بۆ زیندوو راگرتن و زیاتر بوونی مرۆڤ تا بووە بە ژمارەی ملیاران کەس لەسەر زەوی، ئەگەرچی کرداری مردن و ژیان نەوە لە دوای نەوە پرۆسەیەکی سروشتی خودا کردە و دەسەڵاتی مرۆڤی لەسەر نیە. هەڵبەتە هاوسەرگیری- زواج – Marrige بەچەند چەمک گۆ دەکرێ لە کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی مانا گەلی خۆی هەن، لەلایەکی تر پێناسی هەنە، ئەو زاراوانەش وەک( هەڤژین- شريكة الحياة، هاوبەشی ژیان، Husband, هاودەم، هاوسەر (Sife Spouse، هاو دڵ،هاوڕێی رۆحی ژین)، لێ ئەوەی کرۆکی باسەکەمانە ئەوەنیە، بەڵکو مەبەستمان شیکاریکردن و شرۆڤەکردنی ئەو (9) نۆ خاڵەی خوارەوەیە تاوەکو هاوسەران سوودمەندبن لێیەوە.

### 1.خۆشەویستی و عەشقی رۆحی

هاوسەران دەبێ هەمیشە یەکتریان خۆش بۆی و بەکرداری و بە قسە ئەوە بسەلمێنن بۆ یەکتری، ئەوەش لە مامەڵەی رۆژانە رەنگبداتەوە بەوەی عاشقی یەکتری بن و بە دڵ و رۆح یەکتریان خۆش بوێ وەک بەهجەت یەحیا گووتەنی: (لەو دیوی سنووری تریقەتەوە) یەکتری بپەرستن.

**2. لێبووردەیی و چاوپۆشی لە هەڵەی یەکتر:**

پێویستە هاوسەران دوور لە هەڵچوون لە ماوەی پڕۆسەی ژیانیاندا لەگەڵ یەکتری بژین و پشوو درێژبن لە کارەکانیان و لە ئاست ئاستەنگەکانی ژیان دۆش دانەمێنن و چاو هەڵەی لەیەکتری بپۆشن، چونکە نەمانی رۆحی لێبووردەیی دەرەنجامەکەی تێکچوونی شیرازەی خێزان و لە ناوبردنی پڕۆسەی هاوسەرگیرییە، بۆیە تابکرێ دان بە خۆتان بگرن لەپێناو مانەوەو باڵاکردنی خێزان و دروستکردنی کۆمەڵگایەکی تەندروستی بەختەوەر کە لە کۆتایی کۆمەڵگەیەکی هۆشکاری دڵشاد دێتە درووستبوون.

**3. ئاڵووگۆڕی بیرو راو گوێگرتن لە یەکتری و جێبەجێکردنی داواو خواستەکانی یەکتری:** باشتر وایە هاوسەرەکان گوێ لەیەکتر بگرن کاتێ هەرگرفتێک دێتە پێشەوە یان رەنگە یەکێک لە هاوسەران کێشەیەکی هەیە کە لە دەرەوەی خێزان تووشی بووە، پێویستە هاودەنگی یەکتری بکەن، لە چارەسەرکردنی ئاریشەکانیان، لەهەمان کاتدا داواکارییە خێزانییەکان لەبەرامبەر یەکتری جێبەجێ بکەن تاوەکو هێچ نیگەرانییەک درووست نەبێ لە نێوانیاداو دوڕدۆنگ نەبن لە یەکتر، بۆ ئەوەی لەخێزانێکی بێ گرفت بژین، ئەوەش رەنگدانەوی لەسەر منداڵەکان دادەنێت بۆ جوان رەفتارکردن و گۆشکردنیان.

**4. هاوکاری یەکتریکردن لە بەڕێوەبردنی ماڵ**

پێویستە لەسەر هاوسەران یارمەتی یەکتری بدەن و هاوبەشی بکەن لە بەڕێوەبردنی ماڵ دا، چونکە مادامەکی هەردوولا یەکسانن و هەست دەکەن ئەو ماڵە هەردولا خاوەنن، بۆیە دەبێ

به هاوبەشی بەڕێوەیبەرن و هەردوولا بەرپرسیاربن لە سەرکەوتن و شکستی ئەو خێزانەو پەروەردەکردنی جگەرگۆشەکانیان، لەبەرئەوەی ستراکچەری خێزانی داهاتوویان لە سەربەرزی و شانازی کردنیان.

**5.سەیران و گەشت و چوونە دەرەوە بۆ نانخواردن**

بۆئەوەی خواردنەکانی ماڵەوە هەمیشە دووبارە نەبنەوەو ژیانش لە یەک جوغز سوڕنەخواتەوە باشتروایە هەفتەی جارێک لە دەرەوە نان بخۆن و ئەو شەوە بەسەر بەرن یاخود لە وەرزەکان بە گشتی و بەهار بەتایبەتی گەشت و سەیران بکەن و بۆ شوێنە دڵڕفێنەکانی کوردستان و لەم شوێنە دڵگیرەدا تا درەنگانی شەو کات بەسەر بەرن، ئەوەش وادەکات خۆشەویستی زیاتر بکات لە نێوان هاوسەران دا، بە دڵنیاییەوە ئەگەریش منداڵەکانیان لەگەڵ دابێ دەبێتە مایەی خۆشحاڵی منداڵەکان و گەشەسەندنی لایەنی ماسولکەییەو فکرییەوە.

**6.کڕینی دیاری بۆ یەکتری**

باشتر وایە هاوسەر لە هەموو بۆنەوو جەژنەکاندا دیاری بۆ یەکتری بکڕن و لە کاتێکی گونجاودا ئاڕاستەی یەکتری بکەن، چونکە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی خۆشەویستی لە نیوانان دا، جا ئەو دیارییە هەرشتێ بێ ئەگەر تاڵێ گوڵیش بێ یان نووسینی چەند رستەیەکی جوانیش بێ کە گووزارشت لە خۆشەویستی نێوانیان بکات.

**7.یادکردنەوەی ساڵانەی لە دایکبوونی یەکتری و منداڵەکان**

بۆ پتەوکردنی پرنسیپەکانی خێزان پێویستە لەسەر هاوسەران ساڵانە یادی لەدایکبوونی یەکتری بکەنەوەو باشتر وایە ساڵیادی

منداڵەکانیان لەبیر نەکەن، چونکە ئەوەش وادەکات منداڵەکانیان ئینتیمای زیاتریان بۆیان هەبێ و خۆشیان بوێ.

## 8.گەڕانەوە بۆ ماڵەوە لە کاتی ژەمە خۆراکەکان

بۆ ئەوەی منداڵەکان لە سۆزو میهرەبانی دایک و باوک بێبەش نەبن، باشتر وایە هاوسەران لەکاتی ژەمەکانی خۆراک بگەڕێنەوە ماڵەوە و بەیەوەکەوە نان بخۆن تا ئەو خێزانە بە پتەوی بمێنێتەوەو ڕێزو خۆشەویستی و دلۆڤانی و سۆزی تیا بەردەوام.

## 9.بەکارهێنانی وشەی جوان بۆ یەکتری

نمونە بۆ پیاو (خۆشەویستم، گەورە خانم، دڵەکەم، گوڵی من، ژیانی من، خاتوونەکەم، ئازیزی دڵی من،گوڵێ،یا کورتکردنەوەی ناوەکەی وەکو (شیلان- شیلە،شنۆ- شنە، کوردستان – کوردە، ئاڤان– ئاڤە،....هتد،بۆ ئافرەتیش(دڵەکەم، خۆشەویستم، باشترین کەسی من، هەناسەکەم ،....هتد بۆ ناوهێنانیش باشترە راستەخۆ ناوی بهێنێ.

هاوسەرە تازەکان ئەو خاڵانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێداوە لە ژیانی رۆژانەتان بیخەنە واری کردنیەوە، دڵنیاین راهاتنی رۆژانە خێزانەکەت بەختەوەر دەکات لە کۆمەڵگای کوردستانی دا کە لەماوەیەکی کەمیش دا بە پرۆسەیەکی مێژوویی کۆمەڵگەی کوردی هەنگاو بەرەوە کۆمەڵگەیەکی تەندروستی مۆدیرنی بەختەوەر دەنێت.

*لە ژمارە(2883) 2008/6/18 لە رۆژنامەی(خەبات) بڵاوبۆتەوە

## هاوسەرگیری ئەمڕۆی نێو هەرزەکاران

پرۆسەی هاوسەرگرتن، یا پێکهێنانی خێزان و هەڵبژاردنی هاودەمی ژیان، وەکو سونەتێکی ژیان، یەکێکە لە دیاردە کۆمەڵایەتییە هەرە گرینگەکان، تەنانەت لە ئاینی ئیسلامدا ئەم پرۆسەیە بە بەشێکی بایەخدار و نیوەی باوەڕ بە ئاینی ئیسلام هەژمار دەکرێت، هەر بۆیەشە ئەم پرۆسەیە بە پیرۆز دادەنرێت، چونکە دەبێتە هۆی وەچە خستنەوە و مانەوەی بەردەوامی مرۆڤ لەسەر ڕووی زەوی و دروستبوونی خۆشەویستی و موحیبەت لە نێوان هاوسەرەکان و چالاکردنی ڕەوتی ژیان لە هەموو بوارەکاندا، بەتایبەت لە بواری کۆمەڵایەتی و ئابووریدا، دواجار لە ئاکامی ئەمەدا کۆمەڵگە گەشە دەکات، بۆیە مادام ئەم پرۆسەیە ئەوەندە پیرۆزە، دەبێت لەسەرەتاوە لەسەر بنەمایەکی تۆکمە دابمەزرێت، ئەگەریش کوڕ و کچە گەنجەکان لە تەمەنێکی گونجاو و بە بیرێکی فراوان و ژیرانە بڕیاریاندا ببنە هاوسەری یەکتری و هەریەکە لەوان هەموو ئەو ڕەفتار و ئاکارانەی تیابێت و هاوتاو هاکووفی یەکتر بوون، بەدڵنیاییەوە داهاتوویەکی باش و بەختیاریان دەبێت و خێزانێکی بەختەوەر و دڵخۆش دروست دەکەن و ڕەنگدانەوەی لەسەر منداڵەکان دەبێت، بەڵام ئەگەر نەتوانن ماڵ بەڕێوەبەرن و منداڵ پەروەردە بکەن، یا لە ماڵی باوانیان بژین، یاخود لە خانوویەکی کرێی کرچ وکاڵ بن و مانگانەش نەتوانن کرێی خانووەکە بدەن، بیگومان ئەو جۆرە هاوسەرگیرییەش سەرکەوتوونابێت، مەگەر بە شێوەیەکی ڕێژەیی نەبێت، جاری وایش هەیە هاوسەرەکان قوتابین و گرفتیان لە خوێندن بۆ دروست دەبێت، ئەوەیش لە دەرئەنجامی کامڵ نەبوونی

ئەقڵییەتی کوڕ و کچەکەوە سەرهەڵدەدات، هاوسەرگرتنەکەیان تەنها لە ئاکامی حەزێکی هەرزەکارانەی سەرشێتانەیە و دوای ماوەیەک بەسەر تێپەڕبوونی هاوسەرگیریان لەیەکتری بێزار دەبن و کچەکە نابێتە دایکێکی سەرکەوتوو لە پەروەردەکردنی منداڵ و، کوڕەکەیش بەهۆی کەم ئەزموونی و تەمەن بچووکی ناتوانێت باوکێکی میهرەبان بێت، هەر ئەم گرفتانەش ڕۆژ بە ڕۆژ کەڵەکە دەبن و دوای ماوەیەکیش شیرازەی خێزان بەرەو تێکچوون دەبات و پاشتر کرداری جیابوونەوە ڕوودەدات، ئا ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە ئێستا لە کۆمەڵگای کوردیدا خەریکە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ تەشەنە دەسەنێت و دادگاکانیش جمەیان دێت لەو جۆرە هاوسەرانە کە خەریکی مامەڵاتی جیابوونەوەن، هەموو لە تەمەنێکی بچووک و بە ئەزموونێکی کەمەوە بڕیار دەدەن ببنە هاوسەری یەکتری، بەبێ ئەوەی ئاقڵانە بیر بکەنەوە و سۆزیان زاڵ بووە بەسەر ئەقڵیان.

بۆیە پێویستە دایکان و باوکانیش ڕێنمایی منداڵەکانیان بکەن و هانیان بدەن، لە تەمەنێکی گونجاو و بە توانایەکی جەستەیی و دارایی باشەوە هاوسەرگیری ئەنجام بدەن.

***لە ژمارە(547) 2010/3/16 لەگۆڤاری(هەرێمی کوردستان) بڵاوبۆتەوە**

# پشــوو درێـژی هاوسەران

ئاشکرایە هاوسەرانی کوردستان کوشتەی پاشخانێکی کلتوری توندوتیژی بارگاوی بە فەرهەنگی نەتەوەکانی تری دەوروبەرن، بۆیە سەراپای ژیانیان لە قاڵبدراوە بە بیری توندوتیژی و لە کاتی بڕیاردان بەبێ تێفکرین و لە کاتی هەڵچوون وتووڕەیی دا سەرسەختانەو بەپەلە بڕیار دەدەن بەبێ ئەوەی بیر لە ئاکامەکەی بکەنەوە، سەرەنجام پەشیمانی لە دوادادێت، باشتر وایە لە نێو مشتومڕی جەنجاڵیەکانی ژیان لەکاتی هەڵچوون کە دەبێتە هۆی لە دەستدانی بەلانسی دەمارەکان و راوەستانی عەقڵ هیچ بڕیارێک نەدەن و قسە لەگەڵ یەکتری نەکەن تاوەکو هاوسەنگی عەقڵ دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی.

بۆ بەردەوامبوونی ژیانێکی دڵشادو شادومان لە نێوان هاوسەراندا، پێویستە دوورکەونەوە لە کرداری هەڵچوون لەبەرامبەر یەکتریدا،چونکە هەڵچوون (إنفعال–Emotion)هۆکارێکە بۆ تێکچوونی شیرازەی خێزان و دواجار دەبێتە هۆی جیابوونەوە(طلاق) سەرەنجام هەردوو هاوسەر باجەکەی دەدەن ئەگەریش منداڵیان هەبێ ئەوە سەرگەردان و گومڕا دەبن و دەبنە هۆی ئاژاوەنانەوە لە کۆمەڵگاو هەراسانکردنی دەوروبەریان.

باشترین کار ئەوەیە هاوسەران پشوو درێژبن و بە هێمنی و ئارامی گفتووگۆ لەگەڵ یەکتری بکەن و دان بەخۆدابگرن و کۆنترۆڵی عەقڵی خۆیان بکەن، لەکاتی هەر کردارێکی هەڵچووندا، تاوەکو یەکێکیان ساردەبێتەوە ئینجا قسە بکەن، ئەگەریش لەهەر

کردارێکدا یەکیان وەڵامی دایەوەو ئەوەیتر کرداری پێچەوانەی ئەنجامدا،ئەوە دەبێتە مایەی توڕەیی ئەوەیتر هەندێکجار سەرەڕایی هەڵوێستی ناشرین و خراپ و کرداری توندوتیژو ئازاردانی لێدەکەوێتەوەو دەبێتە تاوانی ناشایستە، ئەمەش سارێژبوونی مەحاڵە و بۆ پێکەوە ژیان و ژین دۆستی و هاوژینی لە نێوان دوو کەسی هاوسەر.ئەگەر بڕوانیینە فۆڕمەکانی هەڵچوون و ئەو فاکتەرانەی دەبنە هۆی هەڵچوونی هاوسەران زۆرن، هەندێکیان بۆماوەیی و هەندێکیان پەروەردەی خێزان و هەندێکی تر ژینگەو دەوروبەر کاریگەریان لەسەر هەیە، لەلایەکی تر حاڵەتگەلی دیکە هەن سروشتی و ئاساین، بەڵام ئەوە ریزپەڕە، یان حاڵەتیک هەیە هاوسەرێکیان لە دەرەوەی خێزان لەو شوێنەی کاری تیا دەکات نەگەیشتووە بە ئامانج کە دەگەڕێتەوە هەڵدەچێ و توورەییەکەی بە هاوسەرەکەی دەردەبڕێ، کەوایە تا بکرێ هاوسەران هەوڵبدەن بەرنامەیەک بۆ ژیانی خۆیان دابڕێژن و ئەو فاکتەرانەی پێشوو شوێنەواری لەسەر داناون لەبەین ببەن، بۆ درێژەدان بە ژینی هاوسەرایەتیان. هەرساتێکیش گفتووگۆو رەفتاری هاوسەران ئارام و لەسەرخۆ بوو، لەهەمان کاتدا بەسەر توورەییەکەیان زاڵبوون ئەوە ئەو خێزانە سەرکەوتوودەبن و دوور دەبن لە کرداری توندوتیژو هەڵچوون و تاوان، ئەگەریش هەموو هاوسەرێک ئەو رێسایە پەیڕەو بکەن، بەپێی زەمەن زۆرێک لە خێزانەکان بەرەو ژیانێکی دڵخۆش و پشوو درێژی دەچن و لە سایەی کلتووری ناتوندوتیژی ژیانیان گووزەر دەکات و نەوەیەکی ئارام و ئاشتیخوازو لێبووردە پەروەردە دەبێت.

***لە ژمارە(2777) لە 2008/3/1 لە رۆژنامەی(خەبات) بڵاوبۆتەوە**

## به زۆر بەشوودانی کچان هێشتا باوی ماوە

ئاشکرایە لە جیهان بە گشتی، هەموو نەتەوەو کۆمەڵەو هۆزو تیرەکان، داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و ئاینی تایبەت بە خۆیان هەیە، هەر هەموویان پەیوەست و وابەستەن پێوەیەوە، لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا دابە کۆمەڵایەتییەکان بە چەشنێکی زەق زاڵە بەسەریانەوە، رەنگە ئەو پەیوەستبوونە پەیڕەوکراوە زۆرجار زیانی هەبێت بۆ ئەو کۆمەڵگایانە، لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا پێکهێنانی خێزان سوونەتیکی ژیانە، تاوەکو لەو رێگەیەوە ژیان بەردەوام بێت، جا بۆ ئەم مەبەستە تاکەکانی کۆمەڵ بۆ ئەوەی خێزان پێکبهێنن، چەند رێساو میتۆدێکی کۆمەڵایەتی و ئایینی پەیڕەو دەکەن، ئەم پێکەوەنانە بە هەر چەشنێک بێت چ لە ئاینی ئیسلام یا ئاینیە ئاسمانیەکانی دیکە بێت، هەریەکەوە بە پێی نەریتی خۆیان جێبەجێ دەکەن، تا بە ئاسوودەگی و کامەرانی لە کۆمەڵگادا گوزەر بکەن و نەوەیەکی هۆشیارو راژەکار بهێننەکایەوە، بەڵام مەخابن هەندێ لە کۆمەڵگاکان لەسەر ئەم رێسایە لادەدەن و بە ئارەزووی خۆیان خانەوادەکان کچان و کوڕانی خۆیان کردۆتە تۆپێکی نێو یارگەو بە تاسەی خۆیان کاری پێ دەکەن، نەخاسمە ئەو کۆمەڵگا کوردییە تیایدا دەژین، کە باوان بە بیرو بۆچوون و ئەقڵیەتی کۆن و ناکامڵی خۆیان کچان بە زۆر بە شوو دەدەن، وەک کورد گوتەنی: (کچی خۆیان دەکەنە قوربانی کوڕی خەڵک)، رەنگە زۆر هۆکارەکەی ئەوەبوو کە کوڕێکی ناسیاوی باوکیەتی یا ناسیاوی دایکیەتی و بەڵێنیان داوە بیدەن بە کوڕەکە، یاخود لە بەر دەوڵەمەندی کوڕەکەیە، یاخود لەبەرئەوەی کوڕەکە لە دەرەوەی وڵاتە تا برایەکی کچەکە بباتە دەرەوەی وڵات، یاخود

کوڕەکە کوڕی کەسێکی ناوداری کۆمەڵایەتی یا سیاسییە، بۆیە باوکی کچەکە لەبەر پێگەی کۆمەڵایەتی خۆی و خۆهەڵنانی دەیدا بەو کوڕە، هەروەک لە سەردەمی کۆندا دەگێڕنەوە لە مەجلیسێکدا باوکی کچەو کوڕە دانیشتوون بە وەکیلی هەردووکیان مارەکراون و یەکتریشیان نەبینیوە تا رۆژی گواستنەوەی کچەکە، کە زۆرینەی حاڵەتەکانیش هیچ کامیان رازی نەبوونە، بەڵام بەهۆی ئەوەی باوکیان قسەی تیاکردوە بە ناچاری رازی بوون، هەندێکجار ئاهەنگ سازکراوە تا ئێوارە کوڕەکە نەیزانیوە ئاهەنگی خۆیەتی و ئەو رۆژە هاوسەرگیری دەکات! پرسیارێک دێتە پێشەوە ئایا هاوسەرگیریەک بەم شێوەیە بێت دەبێت چ ئاکامی هەبێت؟ بێگومان داهاتوویەکی خراپی دەبێت و رەنگە کاراکتەری کۆمەڵایەتی خراپ بهێنە نێو کۆمەڵگە بۆ تۆڵەکردنەوە لەو نەریتە خراپەی کۆمەڵگا، ئەمە جگە لە دەرهاوێشتەی کۆمەڵایەتی و دەروونی و توندوتیژی .....هتد.

ئەوەی منی وروژاند بۆ نوسینی ئەو بابەتە ئەوە بوو کە بیستم باوکێک بە کچەکەی دەڵێت شوو بە کوڕێکی ناسیاویان بکات، لە کاتێکدا کچە بە تەمەن زۆر بچووکتر بوو لە کوڕەکە، کە رەنگە ئەو کوڕە لە تەمەنی خۆی هاوسەرگیری بکردایە ئەوە منداڵەکەی دەبووە هاوتەمەنی ئەو کچە، لە وڵامدا کچەکە بە باوکی دەڵێت: جگە لەوەی کوڕەکە سێ بەقەد من گەورەترە، ئەوا من شوو ناکەم تا قوتابخانەو زانکۆ تەواو نەکەم)، کەچی باوکی کچەکە لە وەڵامدا دڵڕەقانە پێی دەڵێت: یا دەبێت شووی پێبکەیت یا دەتکوژم. هاوکات دایکیشی پێی دەڵێت: ( مادام شوو بەو کوڕە ناکەیت نابێت بچیتە قوتابخانەو دەبێت پرچی سپی بهۆنیتەوە).

به داخەوە ئەو جۆرە رەفتارانە، رەفتاری باوک و دایکی نا رۆشنبیری وابەستە بە نەریتی ناچیزەی کۆمەڵگەیە، ویژدانی هیچ مرۆڤێک قبوڵی ناکات، لەگەڵ ئەوەشدا ئایینی ئیسلام قبوڵی ئەوە ناکات و رێگەی داوە کچ و کوڕ ئازادن لە هاوسەرگیری و تەنانەت هەوڵ بدەن بۆ دەستهێنانی زانست. هەروەها پێغەمبەر(د.خ) لە فەرمایشتێکیدا دەفەرموێت: ( طلب العلم فريضة على كل مسلم ومسلمة)، جا ئەگەر سیستەمی باوکسالاری لەم کۆمەڵگایەی ئێمەدا رەگدابکوتێت، ئەوا دەرهاوێشتەی خراپی لێدەکەوێتەوە لە مەرگەساتی تراژیدی خۆکوشتن و خۆسوتاندن و .....هتد. بۆیە ناکرێت ئێمەی کورد، وابەستەی ئەقڵیەتی دواکەوتوویی، نەتەوە دوا کەوتووەکانی دەوروبەرمان بین، با چیتر نەهێڵین ئەو نەریتە تەشەنە بکات، بەڵکو رێگری بکەین لەوەی ببێتە دیاردەش لە کۆمەڵگا، داواش لە کچانیش دەکەین لە شەرمدا دوارۆژی خۆیان بە ئارەزووی باوانیان نەدەنە دەست چارەنووسێکی نادیار کە دواجار خۆی دەبێتە قوربانی، پێویستە دەزگاکانی راگەیاندن و رێکخراوەکانی ئافرەتانیش رۆڵی خۆیان ببینن بۆ نەهێشتنی ئەو نەریتە خراپەی کۆمەڵگە و خەمی جیدی لێبخون.

***لە ژمارە( 3168) لە 2000/8/29 لە رۆژنامەی (برایەتی) بڵاوکراوەتەوە**

# نـــايت كـــڵــەپ Night Club

زۆرجار لێرەو لەوێ لە نێو قوتابیانی زانکۆو گەنجانی شارەکان مشتومڕی نەبوونی شوێنی ئاسودەیی و دانیشتن و سەردانیکردنیان دەکەرێ، یاخود شوێنێک بێ ببێتە ئارامگەی ئاسودەگی گەنجی قوتابی و خوێندکار، کە ببێتە مایە تێرکردنی خواست و داوکارییە رۆحی و جەستەییەکانیان، بۆئەوەی بیر لە دەرەوەی وڵات و تاراوگە نەکەنەوە، تا لەوێ دوور لە کوردستان سەرگەردان بژین، بۆیە بیرۆکەی دروست کردنی(یانەی شەوانە)یان هاتۆتە مێشک کە بەئینگلیزی پێ دەڵێن دیسکۆ (Disco)یان نـــايت كـــڵــەپ (Night Club)یا بەعەرەبی(نادی ليالي)یە، ئەو شوێنە جێگای سەماو هەڵپەڕکێی کوڕان و کچانە، تیایدا گۆرانی دەنگ بەرز لێدەدرێ، بەداخەوە گەنجی کورد لەبری بیر لە داهێنانی شتیتر بکاتەوە کەچی بوونی (دیسکۆ) بە پێویستیەکی رۆحی قوتابیان و خوێندکاران و گەنجان دەزانن، یەکێ نەزانێ گەنج هیچ ئاریشەی نیە جگە لە نایت کڵەپ نەبێ، بیانووشیان چوونە دەرەوەی بەشێک لە گەنجان بە نەبوونی دیسکۆ لە کوردستان دەزانن، لەبەرئەوەی دابونەریت و واقیعی ئەمڕۆی کوردستان رێگە نادات ئەو کەشە برەخسێ بۆ دروستکردنی دیسکۆ لە کوردستان، هەروەها رێگری دەسەڵاتی کوردی بەشێکە لە ئاستەنگەکان، بەڵام گەنجان بۆچوونیان وایە سەردەمێک دێت دەبێتە دیاردەو بەرێ لێ ناگیرێ لە سایەی سیستەمی نوێی بە جیهانیکردندا، چونکە دەسەڵات ناتوانێ داواکاریەکانی گەنج جێبەجێ بکات، بۆیە بۆ خەفەکردنی جوڵانەوەکانیان خۆی رێگە خۆش دەکات بە هاندانی سەرمایەگوزارەکان و خودان کۆمپانیاکان تا

سەرمایییەکانیان لەم بوارە بخەنە گەڕ، سەردانی بەردەوامی هەندێ لە گەنجان بۆ دەرەوەی وڵات و بەتایبەت بۆ وڵاتانی دەوروبەری کوردستان بە بیانووی گەشت و سەیران و هەوا گۆڕین پارەیەکی زۆر لە دیسکۆکان خەرج دەکەن، ئەوەش کاریگەری لە سەر ئابووری کوردستان پەیدا دەکات، چونکە ئەو پارەیە لێرە خەرجی بکەن باشترە بۆ گەشەپێدانی بازاڕەکانی کوردستان، نەوەکو لەدەرەوە بەفیڕۆ بڕوات.

بەدەربڕینێکی تر پێیانوایە ئەگەر دیسکۆ بکرێتەوە لە کوردستان بە تایبەت لە نزیک زانکۆکان ئەوە هەم ئەو پارەیە لە کوردستان دەمێنێتەوەو هەمیش ئینتیمای گەنجان بۆ کوردستان زیاتر دەبێ، بەڵام بەدیدی ئێمە بە دروستکردنی (نایت کڵەپ) ئەو ئابڕوو رەوشتەی کورد ماویەتی لە هاتوودا لە دەستی دەدات، بەڵام لە ماوەیەکی دوورمەودا درک بە ئازارەکانی دەکەین و گەندەڵی ئەخلاقی لە نێو خێزانەکانی کورد رەگ و ریشەی دادەکوتێ و شیرازەی خێزانی کورد بەرەو پوکانەوە دەچێ و تاکی ناتەندروست و نەخۆش دێنە بەرهەم، ئەوەش داهاتوومان لێڵ دەکات، هەم ئاستی زانستی بەرەو دواوە دەباتەوەو گەنجی خوێندکارو قوتابیش ئاڵوودەی جەنگێکی دەروونی مەترسیدار دەکاتەوەو دەبێتە سەرەتای زەمەنێکی نوێ لە ئەمڕۆی جیهان بۆ ئەنفالی گەنجی کورد بە نزمێکی تازە لەژێرناوی ئازادی وسەربەستییەوە.

ئەوەی گەنجانی کوردستانیش باسیی لێوە دەکەن گوایە زۆرێک لە لاوان کۆچکردنیان بۆ دەرەوە ئەوە پاساوەکەیەتی دڵنیان پاساوێکی بێ هێزە، چونکە لاوێک کاری نەبێ و سەرچاوەی داهاتی نەبێ و ئایندەی مسۆگەر نەبێ و دوای دەرچوونی لە

زانکۆ دانەمەزرێ، چۆن سەرگەردانی هەڵدەبژێرێ لەدەرەوە بۆ حەزو چێژی خۆی تایبەتی، یان بەهۆی نەبوونی(دیسکۆونایت کڵەپ)ەوە، بێگومان بە بڕوای ئێمە کۆچی لاوان بۆ دەرەوە پەیوەستە بە ئاریشەکانی گەنج لە کوردستان، بەتایبەت لە نەبوونی کارو پێداویستیەکانی خۆشگوزەرانی و ئامرازەکانی فێربوون و راهێنان تا دوا رۆژی خۆیان تیا مسۆگەربکەن، ئەوەش ئەرکی لایەنی پەیوەندیدارە هەم لە حکومەتی کوردستان و هەمیش لە رێکخراوەکانی تایبەت بە لاوان و گەنجان و کۆمەڵەو گروپەکانی تایبەت بە پاراستن و پەرەپێدانی ماف و خواستەکانی گەنجان لەکوردستان.

***لە 2008/5/7 لە گۆڤاری (پێشکەوتن) بڵاوبۆتەوە**

# رۆژنامەگەری قوتابییان

بە گشتی بڵاوکراوەو رۆژنامەی رێکخراوە قوتابی وخوێندکاریەکان کاتێ لەناوەندەکانی زانکۆو پەروەردەیی بڵاودەبنەوە لایەنی ئیجابی زیاترەو هۆکارێکە بۆ هۆشیارکردنەوەی قوتابی و خوێندکارو بەئاگایان دەهێنێتەوە تا بۆچونیان هەبێ لەمەڕ پرسەکانی قوتابی و داوای مافەکانیان بکەن و لەهەمان کاتدا ئەرکی خۆشیان بزانن.

ئەگەر سەیری گۆڕەپانی قوتابیان بکەین دەبین وەک ساڵانی رابردوو بڵاوکراوەی نوسراو هێندە کاریگەری نەماوە لەسەر قوتابی و تەنانەت خودی دەسەڵاتیش، ئەوەش بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە: یەکەمیان پەیدابوونی رۆژنامەی ئەلیکترۆنی کە بەخولەک زانیاریەکان دەگوازێتەوە پێش ئەوەی رۆژنامەکانی قوتابیان کە چەند مانگ جارێک دەردەچن بگات بە خوێندکار، دووەمیان نەبوونی ململانێ و کێبڕکێی خزمەتکردن کەمبۆتەوە بەهۆی پەیماننامەی نێوان پارتی و یەکێتی کە راستەخۆ شوێنەوار لەسەر ئەو رێکخراوانە دادەنێت بەحوکمی ئەوەی بەشێک لە رێکخراوە جەماوەری و دیموکراتییەکان و رێکخراوەکانی سەر بە حیزبەکانیتریش بەهەمان شێوە ناتوانن ئەو یارییە بکەن، بۆیە ئەمڕۆ ئەوەی تێبینی دەکەین بە رێژەیەکی کەم توانیان لە ئاست گەیاندنی خواست و داواکارییەکانی قوتابیان و خوێندکاران دابن، چونکە بەهۆی ئازادی تاک و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە خوێندکار هەست دەکات زانیاری زیاتری لەلایە لەوەی رێکخراوەکان بڵاوی دەکەنەوە، ئەمە لە شارەکان بەتایبەتی دەردەکەوێ، ئەو دووخاڵە وا دەکات متمانەیان لای خوێندکار کەمبێتەوە، بەدیوێکیتر پشتگیریان لە

دەسەڵات وادەکات قوتابی وا هەست نەکات کە ئەو بڵاوکراوانە گوزارشت لەناخی ئەو دەکات.

جگە لەو خاڵانەش خوێندکاری گەنج ئەمڕۆ داواکاری زۆرە بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی رابردوو،ئایا ئەو بڵاوکراوانە تاچەند توانیویانە گەندەڵی دامەزراوەپەروەردەیی و زانکۆییەکان ئاشکرابکەن و بەرپرسی یەکەمی یەکێک لەو دامەزراوانە بەهۆی کەمتەرخەمییەوە والێبکەن لەسەر کارلابدرێ یان دەستلەکاربکێشێتەوە، یاخود چەند بڵاوکراوە توانیویانە خوێندکار بهێننە سەرشەقام بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان، هیچ رۆژنامەیەکی قوتابیانەم نەمبینیوە لەم ساڵی خوێندندا هەواڵێکی بڵاوکردبێتەوە کە لە ناوەندێکی خوێندندا مافی خوێندکار تیا پێشێل کرابێ کە هەستی بەرپرسە پەیوەندییدارەکانی جوڵاندبێ ببێتە هۆی چارەسەرکردنی وەک ئەوەی هەندێ رۆژنامەو بڵاوکراوەی ئەهلی تری کوردستان کردوویانە.

بەبڕوای من ناوەڕۆکی رۆژنامەکانیان جگە لە پیاهەڵدانی حیزب و رێکخراوەکە و چەند بابەتی سوواو چەند بابەتی کەم ئەزموون هیچیتر نین، ئەوەش بەشێوەی رێژەییە ناڵێم هیچیان نەکردوو.

***لە ساڵی**2011 **لە رۆژنامەی(خەبات) بڵاوکراوەتەوە**

## ئیزدیواجیەت لە دوای بەیعەت وەرگرتن

شک لەوەدانیە کۆمەڵگەی رۆژهەلاتی، بە تایبەت کۆمەڵگای عێراقی و لە نێویدا کۆمەڵگەی کوردستانی، ناخی هەرتاکێکی پڕییەتی لە دەیان خووی چەوت و لە قاڵبدراوی نەریتی سواوی کۆن و فەرهەنگە جیاوازەکانی نەتەوەکانی دەوروبەری کە تا ئەمڕۆ هێشتا لە هەناوی دا خول دەخواتەوە و لە هەوڵی لە بەینبردنی دایە، ئەگەرچی ئەو هەولانەش هەندێکجار لەبار دەچن بەهۆی گۆشکردنی گەورەکانەوە و شیرپێدانیان بەنەوەی تازە، بەلام دڵسۆزان و خەمخۆران بێوچان تێدەکۆشن تا ناخی ئەو تاکانە پاک بکەنەوە.

ئەوەی جێگای قسە لەسەرکردنی ئێمەیە لێرەدا شیکاری بۆ بکەین و پەنجە لەسەری دابنێن لەو خووە ناتەندرووستە ئیزدیواجیەتە یان دوالیزمیەتەیە، ئەگەر خەوش نەبێ دووڕویشی پێ دەڵێن لە سیاسەتیشدا وەک زانستێکی بە بایەخی ئەمڕۆی جیهانی نوێی سەردەمی جیهانگیری و تەکنەلۆژی شوناس دەکرێ، بەوەی بەڵێن و پەیمان بدە لە پێناوی وەرگرتنی دەسەلات و دەسکەوتی کەسی و حیزبی و رێکخراوەیی و نەتەوەیی و دەوڵەتی بۆ قەناعەتکردن بە بەرامبەر تا بەئامانج دەگەیت کاتێکیش هاتەدی بەپێچەوانەی بەڵین و قسەکان رەفتار بکە، ئەوەش دبلۆماسیەت و قاڵبووی سیاسیەتی پێ دەڵێن، بەلام مەخابن ئەوە واتای بەدڕەوشتی لە سیاسەت دەگەینێ،چونکە ناکرێ تۆ پێش هاتنە سەر کورسی دەسەلات جا دەسەلاتی (پەرلەمانی، حوکمی، حیزبی، رێکخراوەیی) بێت یان

هەردامەزراوەو کۆمپانیایەک بێ بۆچوون و روانگەیەکت هەبێ و دوای وەرگرتنی بەیعەتی خەڵک بووچونەکانت رێک پێچەوانە ببنەوە، تەنانەت کەسێک خێزان پێکدێنی لەکاتی دەستگیراندارى بەڵێنیک بە هاوسەرەکەی دەدات لە دوای هاوسەرگیری لە بەڵێنەکان و روانینی بۆ ژیان پێچەوانە ببنەوە، بێگومان ئەوە نەخۆشییە لە ناخی هەرکەسێکدا ئەگەر هەبێ.

جاری واهەیە کەسانێک لە کاتی هاوڵاتیبووندا یاخود لە پلەیەکی خوارەوەی ئیداری و حیزبی و رێکخراوەییدا رایەکی هەیەو لەکاتی بەرزبوونەوەی پلەکەی رای پێچەوانە دەبێتەوە لە سەر کۆمەڵێ چەمکی ژیان وەک قسەکردن بە بەرپرسان و دواتر مەراییکردن بۆ بەرپرسە باڵاکان و بەکارهێنانی کورسیەکەی بۆ بەرژەوەندی تاکی و ئاڵودەبوون بە نەخۆشی خۆدەرخستن و لاساییکردنەوەو نوسینی دروشمی بریقەداری گەوجانەو خۆبەشتزان و بیرتاریکانە بڕوانێتە ژیان و خەڵک، لەهەندێ حاڵەتیش کێبڕکێی خەڵکی حیزبی دەکەن و رەخنە لە حیزبیەکان دەگرن بەوەی نابێ تاک بەحیزبکرێت، کەچی خۆیان دەبنە حزبییەکی موڕەکەب و قسە لەسەر کاڵبوونەوەی حیزبایەتی لە کۆمەڵگادا دەکەن. ئەوە خووی خراپی هەندێ لەو کەسانەبوون کە پەروەردەی زەمەنی پێش راپەرین بوون، بەڵام مەخابن بۆتە کللتووری کۆمەڵگەی ئێمە، دڵمان خۆش بوو بەنەوەی دوای راپەرین کەچی هەندێ لەو گەنجانەی دوای راپەرینیش لەسەر خوانی کەسگەلێکی پێش راپەرین سکیان پڕکردوەو لە خوێندنگەکانیان گۆش کراون، ئەوەش ئایندەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانمان بەرەو لێکترازان دەبات، ئەو دیاردەیەش توێژی خوێندکاران و قوتابیان ولاوانیشی لێ بەدەرنییە، بەڵکو

ئەوانیشی گرتۆتەوە، هیوادارین بەخۆداچوونەوە بە ئەقڵیەت و ئەو رەفتارانە بکەن و ئەو خووە ناشرینە لە ئەدەبیاتی خۆیانا فۆرمات بکەن، چونکە ئەو توێژە بیر رۆشنترین کەسن لە نێو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستانیدا، داهاتووش بۆ کەسگەلی بیر رووناکی وەک ئەوانە.

**❊ لە** 2008/5/28 **لە رۆژنامەی(روانین) بڵاوکراوەتەوە**

## مۆدەی گردبوونەوەی کارمەندانی حکومەت

لە هەرێمی کوردستان بە هۆی کلتوری چاولێکەری ماوە ماوە، باوی شتێکەو لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە جۆری مۆدێلەکە دەگۆڕێت، لە سەرەتای راپەرینی بەهاری 1991 جۆری مۆدێلەکە جیاواز بوو لەگەڵ ئێستا، قۆناغی ململانێی سیاسی پارتەکانی کوردستانیش دیسان جۆرێکی دیکە بوو، قۆناغی دوای ئازادی عێراقیش بە جۆرێکی دیکە، هەنوکەش دیاردەیەکی دیکە سەریهەڵداوە، ئەو دیاردەیەش کە بۆتە خووی بەشێکی کارمەندانی حکومەت، ئەویش دیاردەی مانگرتن و گردبونەوەیە، وێڕای پشتگیریمان لە هەموو ئەو داواکاریانەی کە کارمەندانی حکومەت لە بەرامبەر بەدەستهێنانی مافەکانیان داوای دەکەن، بەڵام پێشکەشکردنی خواست و داواکان نابێت لەسەر حیسابی هاوڵاتی و تاکەکانی کۆمەڵگەبێت.

چەند ساڵێک بەر لە ئێستا دیاردەی مانگرتن لە نێو قوتابیانی زانکۆو پەیمانگەکان سەریهەڵداو تا ئێستا بەردەوامەو ماوە ماوە لە زانکۆکاندا لە کاتی دەوامی فەرمیدا روو دەدەن، هەرچەندە داواکارییەکانیان رەوایەتی خۆی هەیە، بەڵام هەموو ئەو گردبونەوەو مانگرتنانەی ئەنجامیاندەدا، مانگرتن بوو لە زانست، چونکە لە کاتی موحازەرە مانیان دەگرت و نەدەچوونە هۆڵەکانی خوێندن،تا داواکارییەکانیشیان جێبەجێنەکرابوایە ئەوا نەدەڕۆیشتنە هۆڵەوە ماوەیەکی زۆر مانگرتنە درێژەی دەکێشا، کە دواجار قوتابیان خۆیان زیانمەند دەبوون، کە بێبەش دەبوون لە بابەتەکانی خوێندن و لە تاقیکردنەوەکاندا نەیاندەتوانی زاڵبن بەسەر ئەو مادانەی لە کاتی مانگرتنەکە نەچوونەتە موحازەرەوە، بۆیە دواجار نە بەڕێوەبەرایەتی زانکۆکان و

نەحکومەت و نە مامۆستاکان زیانیان بەرنەدەکەوت، بەڵکو هەر قوتابی خۆیان بوون، ئەوەی ئێستا پێچەوانەی مانگرتنەکانی قوتابیانە، چونکە لەگەڵ هەر مانگرتنێکی دەزگاکانی حکومەتی هەرێم، کارمەندان زیانیان بەرناکەوێت، بەڵکو هاوڵاتییە موراجیعەکان کاروبارەکانیان رادەوەستێت و بۆیان رایی ناکرێت، کە ئەوەش دەچێتە خانەی گەندەڵی کارگێڕییەوە لە سەر دەستی کارمەندانی حکومەت دێتەکایەوەو حکومەتیش هۆکاری ئەمەیە، ئەگینا ماوەی چەند مانگێک هەر رۆژەی بەڕێوەبەرایەتیەکی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پاساوی نەدانی دەرماڵەی مەترسی و جیاوازی دەرماڵەی کارمەندان یا درەنگ دابەشکردنی مووچەو...هتدماندەگرن و گردبونەوە ئەنجامدەدەن و شەقامە سەرەکیەکانی بەردەم دەزگاکان دەگیرێت، پاش هەر گردبونەوەو مانگرتنێک حکومەت ئینجا لیژنە پێکدەهێنێت و بۆیان چارە دەکات، لە کاتێکدا پێشوو بە نوسراوی فەرمی ئاڕاستەی دەزگا پەیوەندیدارەکان کراوە بۆ چارەکردن، بەڵام وەڵامنەدراوەتەوە تا ئەو رۆژەی مانگرتنەکە راگەیەنراوە، ئەمەش وایکردووە رێگەی بۆ هەموو مانگرتن و گردبونەوەکان خۆش بکات، کە حکومەت بە گردبونەوەو مانگرتن نەبێت داواکارییەکان جێبەجێ نەکات، لە کاتێکدا بۆ ئەوەی هاوڵاتیانیش باجەکەی نەدەن دەکرێت بە نوسراو ئەو داواکاریانە جێبەجێبکرێت، بەداخەوە جاری واهەبووە گرتنی رێگە سەرەکییەکانی ناو شار وایکردووە بریندار گیانی لە دەست بدات و نەخۆش ژیانی لە دەست بدات، بەهۆی درەنگ گەیشتنی بۆ نەخۆشخانەکان، کەوایە هەموو ئەو مانگرتن و گردبونەوانە بۆتە دیاردە بۆ زیادکردنی دەرماڵەی کارمەندان، یا خێرا دابەشکردنی مووچە ئەگەرچی مافی خۆیانە و بەپێی یاسا

پێویسته  بۆیان خەرج بکرێت، بەڵام نابێت ئەو شێوازە بگرنەبەر لە کاتی دەوامی فەرمییدان، چونکە هاوڵاتی زیانی یەکەمی بەردەکەوێت، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش پێش ئەوەی مانگرتنەکان رووبدات، چارەی کێشەکان بکات، جا ئەگەر بە یاسا مافی خۆیانە باشترە جێبەجێبکرێت، ئەگەریش نایاساییە ئەوە پێویست ناکات پێش گردبونەوەکان بڵێن ناکرێت و پاشان فشاری مانگرتنەکان وایان لێبکات، داواکارییەکان جێبەجێبکرێن، لەبەرئەوەی ئێستا هەندێ شت هەیە کە هەرگیز رێگەی یاساییشی تێناچێت کەچی سواری شەپۆڵی مۆدەی گردبونەوە کەوتوون و نەخۆشییەکە تەشەنەی کردووە، لەگەڵ ئەوەی مافی هەموو تاکێکە بە خۆپیشاندان و مانگرتن و گردبونەوە مافەکانی بەدەست بهێنێت، بەڵام لەسەر حیسابی بەرژەوەندی گشتی نا، بەڵکو دەکرێت دوای دەوامی فەرمی هەر لە دائیرەکانی خۆیان مانبگرن.

**٭لە ژمارە(4125) لە** 2012/7/24 **لە رۆژنامەی (خەبات) بڵاوکراوەتەوە**

# شەڕی پەرلەمانتێری یا خزمەتکاری

چوار ساڵ جارێک، بۆ هەڵبژاردنی ئەندامی پەرلەمانی کوردستان،هەڵبژاردنی سەرتاسەری لە کوردستان بەڕێوەدەچێت، ئا لەو کاتەدا هەموو پارتەکان دەکەونە خۆ بۆ دیاریکردنی کاندیدی خۆیان تا بتوانن لە هەڵبژاردنەکان زۆرترین کورسی بەدەست بهێنن، بۆ ئەم مەبەستەش لە نێو ئۆرگانەکانی خۆیاندا کادیرە باڵاکانیان بە هەڵبژاردن دەستنیشان دەکەن، سەیرەکەش لەوەدایە زۆرینەی کادیرەکانیان خۆیان کاندید دەکەن، هەموو لەگەڵ یەکدی شەڕی بوون بە ئەندام پەرلەمانی دەکەن، چونکە بوون بە ئەندامیەتی پەرلەمان، لە چوار ساڵەی کارکردندا چەند وەرزێک لە ماڵ پشوو دەبێت و لە وەرزەکانی دەوامی فەرمیشدا چەندی گەشتی ئەوروپای تێدایەو شوقەو زەوی و ئۆتۆمبێلی دوا مۆدێل و مووچەیەکی ئێجگار زۆر کە بەشی کارمەندانی وەزارەتێکەو کە خانەنشینیش دەکرێن بە مووچەیەکی بەرز بۆ هەمیشە لێی پاڵدەدەنەوە، ئەمە جگە لەوەی جار جارە لە میدیاکان دەردەچن، بە کورتی پەرمانتار نییە، بەقەد ئەوەندەی پەرلەمانتێرییە، ئەگینا بۆچی ئەو هەموو بەڕێزە شەڕی لەسەر دەکەن، سوێندتان لەسەرم  نییە، بەخوا ئەگەر لە ئێستادا بڕیاربدرێت مووچەی پەرمانتار مانگانە دوو سەد هەزار دینارە هیچ کام لەو بەڕێزانەی ئەو شەڕە دەکەن ئامادە نین بەو مووچە کەمە خزمەت بکەن، سەرباری ئەوەش لە ململانێیەکانی بوون بە ئەندامیەتی پەرلەمانتێریدا تاکە پێوەر بۆ ئەوە کادیرێکی پارتەکان بپاڵێورێ بوونی پاڵپشتییەکە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی کەسی و ناوچەگەریەتی و هۆزگەرایی و تایفەگەرییە، نەک پێودانگی کارامەیی و دڵسۆزی لە

جێبەجێکردنی ئەرک و خزمەتکردندا، لەسەروی هەموو ئەوانەشدا بەرزترین پلەی کۆیلایەتییە بۆ ئەو کەسانەی ئەو کاندیدە دەپالێون، لە کاتێکدا لە رابردوودا کۆیلایەتی بە ئازادی نەبووە، کەچی ئێستا کۆیلایەتی ئازادانەو سەربەستانەیە بە نزمێکی دیکە،بەڵام دەبێت ئەم جارە لەم خولەی داهاتوودا دەستنیشانکردنی کەسێک بۆ ئەندامیەتی پەرلەمان تەنها پێوەر زیرەکی و قسەزانی و پسپۆڕی و شارەزایی و رابردوو پاکی کەسەکان بێت، تا لە نێو ئەو هۆڵەدا هەموو گفتوگۆکان بە رێڕەوی حیزبی نەبردرێت، بەڵکو هەموو دەنگ و رەنگ و گفتوگۆکان لە کۆتاییدا بۆ بەرژەوەندی خەڵک بن، نەک ئەوەی ئێستا دەبینرێت کە هەر یەک جگە لە شەڕە بەرژەوەندی خوازییەکان، ئەوا کار لە سەر ئەوە دەکەن کەسانێک بپالێون لە نێو ئەو هۆڵە پیرۆزەدا شەڕە دەنوک بکەن، لەو هۆڵە دژی یەکتری حەوت و هەشت بکەن، بێگومان ئەوەش مانای وایە تێرکردنی سکی کادیرەکان لەسەر گیرفان و دەنگی خەڵکی هەژارو هاتنەدی خەونە رەنگاڵەییە حیزبییەکانە، بە داخەوە ئەو دیاردەیە لە هەموو خولێکی پەرلەمان زۆر خراپتر دەبێت و ململانێی پارتە سیاسییەکان خەستتر دەکاتەوە.

*لە ژمارە( 39) 2013/7/7 لە هەفتەنامەی(بانگ)ی بڵاوبۆتەوە

# دوكەڵی شار

هەرچەندە لە چەند ساڵی ڕابردوودا هەولێری پایتەخت بە بەراورد بە شارو شارۆچکەکانی وڵاتانی دیکەی جیهان ڕووبەرێکی زۆر کەمی بە سەوزایی داپۆشرابوو، ئەگەرچی ئێستایشی لەگەڵدابێت هێشتا ڕووبەرەکەی ڕێژەیەکی کەمە لە سەوزایی، بەڵام لە چاو پێشوو باشترە، بەڵام بە داخەوە دیاردەیەکی نا شارستانی لە نێو هاوڵاتیان بڵاوبۆتەوە لە هەموو گەڕەکەکانی نێو شاری هەولێر، ئەویش دیاردە نەشیاوەکەی ئاگرکردنەوەو بۆنی دوکەڵە لە نێو شار بەتایبەت لە وەرزی هاویندا، ئەو دیاردەیە ڕۆژ بە ڕۆژ تەشەنە دەسێنێت و کەس خۆی لێناکات بە خاوەن تا بنەبڕبکرێت، هەرچەندە بەشێک لە هاوڵاتیان پاساو بۆ سووتانی زبڵ و خاشاک دەهێننەوە، کە گوایە شارەوانی بە ئەرکی خۆی هەڵناستێت لە پاککردنەوەی شارو گەڕەکەکان، بەڵام ئەوە پاساو نییە، کە شارەوانی ئۆتۆمبێلەکانی ڕۆژێک دوابکەوێت لە پاکردنەوەی گەڕەک تۆ هاوڵاتیانی گەڕەکەکەت بێزاربکەیت و دووچاری نەخۆشیان بکەیت، هەرچەندە ئێستا کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاک دراوەتە کۆمپانیایەکی ئەهلی کارەکانیان تاڕادەیەک بە باشی بەڕێوەدەبەن، مەگەر ئەو کاتەی کارمەندەکانیان مووچەیان پێنەدرێت لە کۆمپانیاکە ئەگینا سستی نانوێنن لە ئەرکەکانیان، بەردەوام بوونی ئەو دیاردە ناشارستانییە، لە وەرزەکانی ساڵدا بەتایبەت لە وەرزی هاوین کاریگەری خراپ لە سەر تەندروستی خەڵک جێدەهێڵێت و بۆنی شاریش ناخۆش دەکات و ئەوانەی نەخۆشیان هەیە زۆر خراپتر شوێنەوار لە سەر تەندروستیان دادەنێت، جا نەمازە ئەگەر وەرزی پایز بێت بەهۆی ڕەشەباو

تۆزەوە پتر دوکەڵەکە بڵاو دەبێتەوە، ئەمە جگە لە هەراسانکردنی خەڵکانی گەشتیار کە دێنە شارەکەمان، ئێمە بە دواکەوتوون ئەژمار دەکەن، بۆیە دەکرێت لایەنێک هەبێت لە سەر ئاستی پارێزگاو شارەوانی هەولێر بە دواداچوون بۆ بنەبڕکردنی ئەو دیاردە نەشیاوە بکات و کەسانی سەرپێچیکار سزا بدات.ئەگەر کردنەوەی ئاگرو سوتاندنی زبڵ و خاشاک لە دەرەوەی شار ڕەوابێت، ئەوا لە نێو شارەکان بەتایبەت شارێکی گەورەی وەک پایتەختی هەرێمی کوردستان، کە خۆی ژمارەی دانیشتوانی لە هەڵکشاندایەو قەرەباڵغ و شارێکی پڕ لە جەنجاڵەو دەیان کۆمپانیای هەمەجۆرو کارگەی تیایە دیاردەیەکی نەشیاوە، چونکە جگە لە تەندروستی هاوڵاتیان، رووی ناشیرینی پایتەخت نیشان دەدات، بۆیە پێویستە خاوەن بازاڕەکان و فرۆشیارەکان و هەموو خاوەن ماڵێک لە هەر گەڕەکێک و ئەوانەی تازە سەرقاڵی خانوو دروستکردنن هەست بە بەرپرسیاریەتی بکەن، لەبەرئەوەی ئەوە پەیوەستە بە هەمووڵایەک و لە فەرهەنگی کوردەواریدا نییە، زیان گەیاندن بە هاونیشتیمانی هاوشاریان، ئەمە ئازادی نییە، کە تۆی هاوشاری ئازادی هاوشارییەکانت پێشل بکەیت، هەرچەندە لەم دیاردەیە هاوڵاتی بەرپرسیارە، بەڵام دەکرێت بەرپرسانی حکومەتیش لێپێچینەوە لە سەرپێچیکاران بکەن و بە سزایان بگەیەنن، بەداخەوە زۆر سەیری ئاسمانی شار دەکەیت وا دەزانی لە شارێکی پیشەسازی دەچێت، ئاسمانی ڕەش، دوکەڵی ئاگرەکان و دوکەڵی مۆلیدەکان و دوکەڵی ئۆتۆمبێل و دوکەڵی کارگە نایاساییەکان و دوکەڵی نێرگەلەو جگەرە ئاویتەی یەکتری بوون.

*__لە 2011/9/29 لە رۆژنامەی (خەبات) بڵاوبۆتەوە__

# حکومەتی گەنجی پیر

ماوەیەکی زۆر تێپەڕ دەبێت بەسەر دروستبونی حکومەتی خۆماڵی نیشتیمانی لە هەرێمی کوردستان، لەم ماوەیەدا سەرباری کێشە ناوخۆییەکان، تا هەنوکە چەندین کابینەی لەدوای یەکی حکومەت پێکهێنراوە، هەموو کابینەیەکی حکومەت ستافێکی تازە وەک وەزیرو بەڕێوەبەری گشتی دەست بەکار دەبن، تەنها سەرۆک وەزیرەکان جار جار ئاڵوگۆڕیان پێکراوەو هەندێک لە وەزیرو بەڕێوەبەرە گشتییەکان ئاڵوگۆڕی وەزارەتەکەیان کراوە یا بە پلەی تایبەت خانەنشینکراوە، بەڵام بەشێک لە بەڕێوەبەرە گشتییەکان هەر لە شوێنی خۆیان ماونەتەوەو پۆستەکە بۆ کەسانی دیکە چۆڵ ناکەن، لە کاتێکدا لە گەڵ هەر کابینەیەکیش کە باس لە چاکسازی دەکرێت حیزبە سیاسییەکانی کوردستان کۆمەڵێک کەس لە نێو پارتەکانیانەوە کاندید دەکەن بۆ ئەوەی پۆستی کارگێڕیان پێبدرێت، بە ناوی ئەوەی چاکسازی لە دەزگا ئیدارییەکان دەکەن، بەمەش خۆڵ دەکەنە چاوی جەماوەر تا دەنگی ناڕەزایی هەرێمی کوردستان کپ بەکەنەوە، کەچی گۆڕانکاری لە کەسەکان و پۆستەکان هیچ گۆڕانکاری لە نوێکردنەوەو تازەکردنەوەی حکومەت ناکات، بەڵکو هەندێکجار بەناوی ئەوەی کەسانی گەنج هێنراونەتە پێشەوە بارودۆخەکە خراپتر بووە، واتە نە حکومەت گەنج بۆتەوە، نە چاکسازیش لە گەندەڵییە ئیدارییەکان کراوە، بەڵکو بۆتە حکومەتێکی گەنجی پیر، بۆیە ئەو حکومەتەی کورستان سەرباری ئەوەی لە حکومەتەکەی ئێستای بەغداو سوریاو ئێران ...هتد باشترە، بەڵام ئەو حکومەتەش نییە شانازی بە کارەکانییەوە بکرێت، لەبەرئەوەی ئەوانەی لەو حکومەتە گەنجە

پیرە کار دەکەن، تەنها جەستەیان گەنجەو لە ناخدا پیرن، پیرانە بیردەکەنەوە، رەفتار دەکەن، مامەڵاتی خەڵک رایی ناکەن، ئاستەنگ دەخەنە بەردەم کاری خەڵک، هاوڵاتی دەچەوسێننەوە، کارمەندی حکومەت بە کۆیلە دەکەن، دیموکراسییەتی ناوخۆیی حکومەت ئیفلیج دەکەن، ئازادییەکانی تاک زەوت دەکەن، بەشێک لەو گەنجانەی ئێستا لە هەموو کابینەکاندا کار دەکەن، زۆر خراپتر رەفتار لەگەڵ هاوڵاتی و کارمەندان دەکەن، هەرچەندە هەندێ لەوانەی بەتەمەن پیرن زۆر باشتر لەوانە رەفتار دەکەن، بە هۆی ئەزمونی و قاڵبونەوەیان لە کارەکانیاندا، باشە حکومەت سەرەتاپای جومگەکانی تەنی بێت بەکەسی قات لەبەری، بۆینباخ پانی، بەرژەوەندیخوازی هەلپەرست، چۆن دەکرێت ناو بنرێت حکومەتی خەڵک، لە کاتێکدا هیچ کامێک لە دەزگاکانی ژێر دەسەڵاتی ئەو کەسانە ئامادە نەبن داتاو ئاماری وەزارەت و دەزگاکانیان بدەن بە کەسانی توێژەرو میدیاکانی کوردستان، تا بتوانن لەروانگەی زانستییە رێگەچارە بۆ کێشەکان، قەیرانەکان، بێپلانییەکان بدۆزنەوە، چونکە ئەگەر حکومەتێک بە زوڵاڵی زانیارییەکان نەخاتە بەردەست توێژەران و کەسانی ئەکادیمی تا رێگەیان نیشان بدات بۆ ئەوەی کەموکورییەکانی چارە بکەن، چۆن دەکرێت بە حکومەتێکی دیموکراسی و گەنج دابنرێت، باشتر وایە پێش گۆڕانکاری لە پۆستە کارگێڕییەکان بە کەسانی کۆیلەی حیزبەکان، سیستەمی بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان لە چەقبەستویی بگۆڕدرێت بۆ بەڕێوەبردنێکی کراوەو دیموکراتخواز و دەرگا بۆ توێژەران و میدیاکاران بکاتەوە، پاشان کەسانی گەنجی ئەقڵکراوە، خاوەن ویژدان، بە ئەزموون، پسپۆڕ بخرێنە سەر کورسیەکان، کەسانێک بن پۆست لە بری باوک و خانەوادەو هۆزو حیزبەکانیان پێ نەبەخشرێت، بەڵکو

به هۆی تواناو لێهاتویی خۆیان، وەک ئەرک نەک پۆست لەسەر ئەو کورسییانە دابنرێن، ئەوکاتە ڕێچکەی کارە کارگێڕییەکان باشتر دەبن و گەندەڵی بەڕێوەبردن کەمتر دەبێتەوەو دواجار گەندەڵییە داراییەکانیش تاڕادەیەک کاڵ دەبنەوەو لە کۆتاییدا حکومەتێکی دیموکرات و گەنج دێتە ئاراوە، جا چ حیزبێک کابینەکەی پێکدەهێنێت گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە داهاتووی کوردستانی لەسەر بونیات دەنرێت.

***لە 2013/3/11 لە هەفتەنامەی(بانگ) بڵاوبۆتەوە**

گومان لەوەنیە کە مرۆڤ لە ڕەچەڵەک و ڕەسەندا بە سروشت و پاک و بەرائەت و بێگەرد و بێ خەوشە، کەوایە مرۆڤ هەموویان باشن، بەڵام جاری وا هەیە هەندێکیان نەخۆش دەکەون جا ئەو نەخۆش کەوتنە لە دڵ دا بێت لە (ڕۆح) کە چالاکی ڕۆح کەم دەکاتەوە یان لە جەستە بێت ئەو نەخۆشە بۆ ماوەیەکی کاتی چاک دەبێتەوە بە مەرجێ سەردانی پزیشکی تایبەت بکات، ئەگەریش برینێکی سووک بێت بە مەرهەم ساڕێژ دەبێت و چاک دەبێتەوە، لە هەمان کاتدا مرۆڤ گەلێک هەن لە ڕۆح دا نەخۆشن ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئەو نەخۆشیەی قوڵدەبێتەوە و برینەکەی قووڵتر دەبێ لەبەر ئەوەی کەسێکی بێ ئاگایە لە هۆش خۆی چووە واتە لە دونیای خراپە دایە ئامادەگی ئەوەی تیانیە ڕۆحی خۆی ئاسوودە بکات و دەرمانێک پەیدا بکات، تا بەرەو جیهانی موحیبەت و خۆشگوزەرانی بڕوات، زۆرجار دەبینین نەخۆشەکان لە گوفتار و ڕەفتاردا دوو جەمسەرین و کەسێتیەکی دووالیزمییان هەیە،چونکە قسەکانیان بە قەد کردەوەکانیان نییە و کارێکی واهی دەکەن کە لە ڕووی ئاینی بە (منافق) دوو ڕوو ناودەنرێت، بەڵام لە سەردەمی جیهانگیری و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیادا بەو کەسانە دەڵێن دبلۆماتکارو کەسی سەرکەوتوو و ئیداری، چونکە زمان لوس و بەرژەوەندیخواز و ماستاو سارد کەرەوەن هەمیشە ستایشی بەرپرسان و گەورە پیاوان دەکەن و پێیان هەڵدەڵێن تاوەکو پلەیەکیان پێ بدەن و یان هاوکاری داراییان بکەن، دواجار لە پشتەوە خەنجەری ژەهراوی دەهاوێژن و ئەو کەسەی دوێنێ ستایش دەکرد دەیکاتە جێگای نوکتەو گاڵتەجاڕی نێو خەڵکی، هەر ئەوانەش

تۆی خراپەکاری بڵاو دەکەنەوە و ڕق و توندوتیژ دەچێنن لە مێشکداو شیرازەی یەکە یەکەی ماڵەکان تێکدەدەن. تا دواجار مرۆڤە باشەکان دەزانن کەسگەلی واهەن، بەڵام ئامادەگی ئەوەیان نییە نە بەدەست چاکی بکەن نە بەدڵ پێیان ناخۆش بێ، بۆیەشە ئەو جیهانە ئەگەر باشەکان هەوڵی ئەوە بدەن خراپە نەهێڵن و هەڵوێست وەرنەگرن، ئەوە بەرەو مەترسی و خراپتر دەچێ، پێویستە ئەو کەسانەی ماسکیان بەستاوە یا چەند ماسکێکی جیاوازیان بەستاوە و لە دڵ شتێک و لە قسە شتێکی و جاری واش هەیە هەر کاتژمێرێک روویەکی جیاوازیان هەیە لە کار و قسەکردندا بەخۆیاندا بچنەوە، چونکە لە ئایندەدا شەفافیەت و ڕوونی کارکردن و هەڵوێست وەرگرتن و ئەوەی بەدوای حەقیقەت دا بگەڕێت و حەق بێژبێت و حەق خوازبێت و کردەوە و قسەی یەک بێت ئەوە سەرکەوتوو دەبێ و ڕەغبەت پەیدا دەکات و جەماوەری بەفرە بۆ خۆی پەیدا دەکات، ئەوانەی ئیزادواجی بن ئەوە بەرەو زبڵدانی مێژوو دەچن.

*لە ژمارە(1) لە 2004/9/13 لە رۆژنامەی (زەنگی زانکۆ) بڵاوبۆتەوە

# رەمەزان، مانگی خۆدەرخستنی بەرپرسان

وەک ئەوەی بڵێ تەنها لە مانگی پیرۆزی رەمەزاندا، خێروچاکەکردن رێگەی پێدرابێت، بۆیە لەم مانگەدا لە سەر شاشەی میدیا کوردییەکاندا پێشبڕکێی بەرپرسان و کەسایەتییەکانی نێو پارتە سیاسییەکانە، سەردەمێک پێشبڕکێی بروسکەی پیرۆزبایی و ماتەمینی بوو لە نێو بەرپرسان و لە نێو حیزبەکاندا جگە لە سکرتێری حیزب ئەوا زۆرینەی مەکتەبی سیاسییش بەناوی خۆیانەوە پیرۆزبایی و بروسکەیان دەنارد، ئێستا لە مانگی رەمەزاندا شاشەکان بەرناکەون لە چوونی بەرپرسان بۆ شوێنی هەژاران و هاوکاریکردنیان لەبەردەم کامێرکانیان، وەک ئەوەی هەژار تەنها لەو مانگەدا هەیە، نەخۆش تەنها لەو مانگەدا نەخۆش دەکەوێت، ئەگەر بەشێکی بۆ کاڵفامی بەرپرسان بگەڕێتەوە بە هۆی کەم ئەقڵی خۆیان و راوێژکارەکانیانەوە، ئەوا بەشەکەی دیکە بۆ جەهالەتی میدیای کوردی دەگەڕێتەوە کە ئەو دیاردەیە زۆر گەورە دەکات و دەیکاتە پرسی رۆژەڤەوە، چونکە لە سەرەتای مانگی رەمەزانەوە سەیری هەموو کەناڵە ناوخۆیی و ئاسمانییە تەلەفزیۆنیەکانم کردووە، هیچ تەلەفزیۆنیک نییە بەرنامەیەکی لەو بارەیەوە نەبێت، هەموو ئێوارەیەک ئیهانە بە خانەوادەیەک دەکەن و وێنەکانیان تەلەفزیۆن نیشان دەدەن، هەموو ئێوارەیەک بەرپرسانی پارتە سیاسییەکان لە ماڵی هەژارانن، جا ئێستا مۆدێلێی دیکە پەیدابووە کە خۆیان نارۆن نوێنەرەکانیان دەنێرن بۆ ئەوەی خێر بە هەژاران بکەن، کەسێک نەخۆشە لە شوێنێک و دەزگا راگەیاندنەکان داوای هاوکاری بۆ هەژارەکە دەکەن، لە جیاتی ئەوی بەناوی حکومەت هاوکارییەکەی پێبدرێت یا بەناوی

حیزبەکانەوەن کەچی بە مانشێتێکی گەورە یا لەسەر دێڕی هەواڵەکان دەگوترێت فلانە کەس هاوکاری فلان خانەوادەکەی کرد، یەکێک نەزانێت ئەو پارەیەی لە گیرفانی باوکی یا کرێی کرێکاری رۆژانەی بێت بە منەتەوە دەیدات بە کەسی هەژار یا نەخۆش، ئەو دیاردە نەک لەسەر ئاستی حکومەتی هەرێم، بەڵکو هەموو پارتە سیاسیەکان و تەنانەت رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و گەنجان و خوێندکارانی پاشکۆی پارتەکانیشی گرتۆتەوە، ئاخر بووە لە مانگی رەمەزان خێر بە گەنجان بکرێت، ئەوە جگە لە هەڵمەتی هەڵبژاردن و خۆدەرخستن چی دیکەی لێدەخوێنرێتەوە، ئاخر تەنها ئەو ژمارە هەژارەو گەنجەی ئەوان کۆی دەکەنەوە ئەوەندە نییە!! لە کوردستان، بەڵکو ژمارەیان ئێجگار زۆرە، بەڵام کەرامەت و عیزەتی نەفسی ئەوانی دیکە رێگە بە خۆیان نادەن لە شاشەوە هاوکاری بکرێن، چونکە دەزانن بەو برە پارە کەمە هاوکارییە هەرگیز دەوڵەمەند نابن، بە بڕوای ئێمە هاوکارییەکان لە رێگەی سندوقێکەوە بکرێت هەموو کەسسایەتی و پارتە سیاسییەکان و سەرمایەدارانیش بەشداربن تیایدا، نەک خۆڵکردنە چاوی خەڵک، چونکە ئەو هاوکاریانە هیچی خێر نییە، بەڵکو هەڵمەتێکی هەڵبژاردن و ئیبرازکردنی چەند کەسێکە و مانگی رەمەزانیش کراوتە ئامراز بۆ گەیشتن بەو خەونە، بێگومان هاوڵاتیانی کوردستانیش لەوە تێگەیشتون چی تر وەک مووچەی مانگانەی کارمەندان لە بری کارکردنیان وەک منەت وەری ناگرن و دەزانن لە پشت هەر کارێکی بەرپرسان نهێنییەک هەیە.

سەرنج: بەداخەوە ئەو دیاردەیە لەسەردەمی کۆرۆناش زێتر گەشەیکردووە.

***لە ساڵی 2010 لە رۆژنامەی(بانگ) بڵاوکراوتەوە**

## کلتووری دەمانچە بەخشینەوە

بە داخەوە بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان دوای چەندین خولی پەرلەمانی و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو شارەوانیەکان و رێکخراوە قوتابی و خوێندکارییەکان هێشتا کلتووری رۆژهەڵاتی سەردەمی جەنگی تەواو نەکردووە، بە جۆرێک دوای زیاتر لە چارەگە سەدەیەک فەرمانڕەوایەتی تازە بە تازە بۆ بە دەستهێنانی زۆرترین و کڕینی ویژدانی دەنگدەر، دەمانچە بەسەر خانەوادەو سەرۆک هۆزو کەسایەتیەکان دابەشدەکرێت، لەبری ئەوەی لاپتۆپ، کۆمپیوتەری دیسکتۆپ، هێڵی ئینتەرنێت، ئامێری مۆبایل، ئای پاد یا هەرجۆرە شتێکی دیکە کە کەڵکی گشتی هەبێت و بەمەبەستی باش بەکاربهێنرێت و ببێتەهۆی پێشکەوتنی کۆمەڵگە، نەک کڕینی ویژدانی دەنگدەر بە دەمانچە، یا دەکرێت  پارتە سیاسییەکان خەرجی ساڵێکی منداڵە کەمداهاتەکان لە خوێندن لە ئەستۆی خۆیان  بگرن، دەکرا لە بانگەشەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا هەر ئەندام پەرلەمانێکی دەرچوو مانگانە لە مووچەی خۆی بێسەرپەرشتێک بەخێوبکات، یا ساڵانە چەند نەخۆشێک چارەسەر بکات، لە سەروی هەموو ئەوانەدا کار بۆ یەکسانکردن و دادپەروەری لە مووچەی گشتی بکرێت، دەرفەتی کار بۆ گەنجان بڕەخسێنرێت ئەمە تەنها بە دروشم نەبێت، بەڵکو بە کردار بێت، نەوەکو لە گەڵ نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکان خێرو بەرکەت ببارێت، دوای هەڵبژاردنەکانیش دەرگاکان دابخرێن، مۆبایلەکان ژمارەکەیان بگۆڕێن، تەنانەت لە پێی پەتیەوە ببن بە پۆشتەو پەرداخ و دەنگدەر نەناسنەوە، ئاخر ئەوانەی خۆیان لەبەرەی گەل دادەنا زۆر لەوانی دیکە خراپتر دەردەچوون!!،

بێگومان هەمووی یەک شتن تەنها بەرژەوەندی کەسی لە سەرووی بەرژەوەندی گەل و نەتەوەو هاوڵاتیانەوە دادەنێن، واتە پارتە سیاسییەکان جیاوازیەکی وایان نییە، وەک بیسبی و کۆلا وان، تەنها نیشانەی بازگانیان جیاوازە و یەک تامیان هەیە. بۆچی پێش هەڵبژاردنەکان هەموو شتێک رادەوەستێت بە پاساوی قەیرانی دارایی وەک راگرتنی پێشینەکانی هاوسەرگیری، خانووبەرە، قەرزی کشتوکاڵی و قەرزی بچووک و پیشەسازی و گەشتیاری کەچی مانگێک پێش هەڵبژاردنەکان دەست پێدەکەنەوە، ئەگەر قەیرانی دارایی بێت خۆ هەمان بوجەو حکومەتە، بە لێشاو گرێبەست دەکرێت بۆ فەرمانبەران، بەڵکو دامەزراندن دەست پێدەکاتەوە، نرخی بەنزین هەرزان دەکرێت، کارەبا دەبێتە 24 کاتژمێر، کێشەی قوتابخانەکان لە باڵەخانەو کەمی پسپۆڕو ژمارەی مامۆستا چارەسەر دەکرێت، زەوی دەست بە دابشەکردن دەکرێتەوە، شوقە بە کرێچیان و هەژاران دەدرێت...هتد بە کورتی لەگەڵ نزیکبونەوەی هەڵبژاردنەکان موسا بە دار عەساکەیەوە رێک دێت هەموو کێشەکان بە چاوتروکانێک چارە دەکات، جا نازانین حیکمەتی ئەمە چییە!!!، ئەگینا ئەو پارتە سیاسیانەی بۆ دەرچوونی کاندیدەکانیان دەمانچە بەسەر هەوادارو کەسانی خاوەن هێزو ژمارە زۆری کۆیلە دابەش بکەن، ئاخۆ دەکرێت چاوەڕوانی کرداری چی لە کارنامەی داهاتوویان بکرێت کە بە کردار خزمەتی گشتی دەکەن، نەک بە دروشم.

***لە ژمارە(46) 2013/9/8 هەفتەنامەی(بانگ) بڵاوبۆتەوە**

## ئاینی زەردەشتی و نەژادی ماد کلتووری هەر دێرینی کوردانە

گەلانی جیهان لەم دونیا بەرفراوان و بەرینەدا هەر یەکە تایبەتمەندیەکی خۆیان هەیە کە تایبەتە بە خودی نەتەوەکەیان، بەو پێودانگە کە نەتەوەیەکی جیاوازن لەگەڵ تەواوی نەتەوەکانی دیکەی گێتی، کەواتە هەر میللەتێک کللتووێکی هەیە تایبەتە بە نەتەوەکەی خۆی و شانازی پێوە دەکات و پارێزگاری لێدەکات، چونکە ئەم کلتوورەی کە سالەهایە کۆکراوتەوەو بۆتە موڵکی نەتەوەکەی و گوزارشت لە بوونی نەتەوەکەی دەکات.

گەلی کوردیش وەکو هەر نەتەوەیەکی زیندووی جیهان و ناوچەکە کلتوورو کەلەپووری تایبەت بە خۆی هەیە و ساڵەهایە پاراستویەتی و قوربانی بۆی داوە، هەرچەندە دوژمنان ویستویانە پاکتاوی بکەن، بەڵام بە هە چەشنێک بێت تاوکو ئێستا فرەتر پارێزراوەو نەیاران نەیانتوانیوە لە ناویبەرن و بۆیەش کەلەپوور گەلێمان ماون بەنەتەوەی ئێمەوە پەیوەستەو شەقڵ و مۆرکێکی کوردانەی پێوە دیارەو هەمیشە جێگەی شانازی کوردانەو کە کەسایەتی و کلتووری وای هەیە چونەتە ریزی ئەفسانەیی و فەنتازیاکانی جیهان لە شتە مادییەکان کە ئێمەی کورد لە دونیا پێی دەناسرێنەوە وەک قەڵای هەولێرو قەڵای کەرکوک و منارەی چۆلی و پردی دەلالی زاخۆو ئەشکەوتی هەزار مێردو شانەدەرو قەڵای شێروانەو....هتد. هەروەها لە ئایین کەسایەتی و سیاسی و گەورە پیاوان، کەسگەلێکمان هەیە لەوانە (زەردەشتی پێغەمبەر و پەرتووکی ئاڤێستاو ئیمپراتۆریەتی(ماد)ی گەورەو سەلاحەدینی ئەیوبی و

دەوڵەتی ئەیوبییەکان میرنشینە یەک لە دوای یەکەکانی کوردو سەرکردە بەرچاوو دیارەکانی وەک ( شێخ مەحمودی حەفید، شێخ سەعیدی پیران، قازی مەحەمەد، سمکۆی شکاک، مەلای مستەفای بارزانی) دیارترین کەسایەتی ناسراوی کوردن.

لەم کلاورۆژنەیەدا شرۆڤەیەکی کورتی ئاینیی زەردەشت و نەژادی(ماد) دەکەین، بە گوێرەی زانیارییە مێژوویی و ئاینییەکان کە 124 هەزار پێغمبەر هەیەو 323 نێردراو (رسول) هەیەو چوار پەرتووکی پیرۆز ناوی هاتووە لە قورئان لەوانە(زەبوور، تەورات، ئینجیل، قورئان)و جگە لە ناوهێنانی 25 پێغەمبەر، بۆیە زۆر لە هزرمەندان زۆر بە گومانن کە زەردەشت پێغەمبەر بوبێت و سروشی(وحي) لە لایەن پەروەردگارەوە بۆ هاتبێت، بەڵگە مێژووییەکان زۆربەیان دەیسەلمێنن کە زەردەشت پێغەمبەری کوردان بوەو لە سەردەمی پێغەمبەرانی جولەکەدا ژیاوەو پێش حەزرەتی (عیسا) بووە بۆیە دەبێت بزانین زرەدەشت کێیە؟.

زەردەشت پور شەسب دایکی ناوی (دەغرۆش)ە لە دەستپێکی هەزارەی یەکەمی پێش زاینی یا سەدەی هەشتەم پێش زاین لە ناو جەرگەی نیشتیمانی (ئێرەن فاچ) لە گوندێک لە گوندەکانی ناوچەی ورمێ ٧٧ ساڵ ژیاوە.

**پۆلینکردنی قۆناغەکانی تەمەنی زەردەشت**

1.لە تەمەنی پازەدەساڵیدا بە شێوەیەکی دی بەرگی ئایینی و باب و باپیری رواڵەتی خۆی گۆڕی و یەکێ لەو رواڵاتانە ئاینی و نەتەوەییانە بەستنی پشتێنی ئەستوور بوو کە ژمارەی پێچەکانی سێ پێچ و سێ گرێ بووە، وەک ئێستا چۆن پشتێن

دەبەستین لەگەڵ جلی کوردی، سەرەتا لە لایەن زەردەشتەوە داهێنرا.
2.لە تەمەنی (20) ساڵیدا بڕوای خۆی دەربارەی ئایین دەگۆڕێ و بە لۆژیکی عەقڵ بیردەکاتەوە، تا وای لێهات هەموو شتێک لای ئاشکرابێت و خوای مەزن و تاقانە دەپەرستێ و ئاینی باوکی کە ئاینیی مەزدەکییە ناپەرستێ، ئەو ئاینەی کە بریتی بوو لە پەرستنی رۆژ و مانگ و گاو ئەستێرە، بۆیە زەردەشت بیریکردەوە ئەم شتانە خودانین، دواتر ئاوەدانی و گوندو خەڵکی بەجێهێشت و بەرەو ئەشکەوت و چیاکان سەری خۆی هەڵگرت.
3.لە تەمەنی (30) ساڵی دا وێنەکەی ئاشکرا دەکات و دێتە قەراخ ئاوی ئاراس لە ناوچەی ورمێ.
4.لە تەمەنی (42) ساڵیدا لە پێناو بڵاوکردنەوەی ئایینەی کەی لەشاری (بەڵخ) دەگیرسێتەوە لەلای شا(کەی وێشتاسب)دەمێنێتەوەو لەوێ ئایینەکەی بڵاو دەکاتەو، بەڵام لە ساڵی 522 پێش زاین لە شەڕێک لە پێناو ئایینەکەی لەگەڵ گەلی (هیون) دەکوژرێ.

**قۆناغەکانی پێگەیشتنی ئایینی زەردەشت**

1.قۆناغی بەراهی: ئەو قۆناغە بوو کە ئاینی زەردەشتی بە سادەو ساکاری سەریهەڵدا هێشتا بۆنی (مەجووسی) لێنەدەهات، واتە مەجووسیەکان نەببونە زەردەشتی.
2.قۆناغی پێگەیشتن:
لەم قۆناغەدا خەڵک دەهاتنە نێو ئاینەکەی و بەرە بەرە مۆغەکانیش(مەجوسی)، دەهاتنە ناو ئاینی زەردەشتی و رۆژ بە رۆژ پتر بە هێز تر دەبوو.

3.قۆناغی دوماهی:لەم قۆناغەدا مۆغەکان بوونە باڵادەسترین چینی کۆمەڵگا و هەموو ئاهەنگەکانی ئاینی لەژێر سەرپەرشتی ئەوان جێبەجێدەکرا تا وایلێهات ئەوەی زەردەشت یاساغی کردبوو، بەهۆی باڵادەستیانەوەو بۆ بەرژوەندی خۆیانەوە هێنایانە ناو ئاینەکە، لەسەرروویان برایەکەی زەردەشت و پاشکۆکانی وەکو(موبەدان و هیربەدان) کە لە ئایینی زەردەشتی لایاندا و هەریەکە لەلایەن مۆغەکان وەکو لە ئاینی ئیسلامی پێغەمبەر (د.خ) کۆچی دوایی کرد دواتر (مەعاویەی کوڕی سوفیان) و پاشکۆکانی زۆر شتیان کرد دژ بە ئایین و ویستیان موسڵمانان بە هەڵەدا ببەن.

## پەرتوکی ئاڤێستا

ئەم پەرتووکە لەلایەن زەردەشت نووسراوەتەوە و هەموو یاساو فەلسەفەو بابەتێکی کشتوکاڵ بە پیرۆز راگرتنی ئاگرو ئاوو...هتد تێدا بوو، لە (21) سورەت پێکهاتووەو هەر سورەتێک (200) لاپەڕەیە هەموو فەرمایشتەکان لەسەر پشتی (12) هەزار گامێش بە ئاوی زێڕ نوسراوەتەوە لە دوو بڕگەی سەرەکی پێکهاتوزە:

أ. زەند: کە شیتەڵکردنی ئاڤێستایە.

ب. پازەند: بە زمانی پەهلەوی سادەیە، واتە پەیڤی سەرجەم خەڵکییە، ئاڤێستا بە زمانی پەهلەوی نوسراوەتەوە کە زمانی کۆنی (ماد)ە واتە زمانی ئارییەکان (836) پێش زاین ئەم زمانە هەبووەو قسەی پێکراوەو زمانی رەسەن و کۆنی نەتەوەی کوردانە. بەشەکانی ئاڤێستا بریتین لە (گا، پەشت، یەسنا، ڤیسپەرد، خوردەک ئاڤێستا).

زەردەشت بەهۆی کارامەیی و زیرەکی و باوەڕی پتەوی، توانی بەشداری تەواو لە ژیان و داب و نەریتی کۆمەڵی کوردەواری بکات کە ئەم باوەڕش بەند بوو بە (بیری باش، وتەی باش، کاری باش)، ئەمانە سێ بەردی بنچینەی دامەزراندنی بیرو باوەڕی ڕەوشتن لای زەردەشت. ئەو بە دوو هێزی دژ بە یەک توانی شتەکان لێکبداتەوەو چۆنیەتی ژیانێکی بەختەوەر لە رووی دەروونیەوە بە مرۆڤ ببەخشێت کە مایەی بوونە و بوونی لەسەر بەندە.

بە بۆچونی بیانییەکان ئاینی زەردەشتی دووتا پەرستییە، بەڵام وانیەو هەڵەیە، بەڵکو تاقانە پەرستییە، پەرتووکی ئاڤێستا بایەخ دەدات بەوەی کە (کشتوکاڵ بکرێت، مەڕومالآت بە خێو بکرێت، درۆ نەکەین،چاکە بکەین، وڵات ئاوەدان بکرێتەوە) و دژی ئەهریمەنە، ئاڤێستا لەلایەن (میهرەبان خاتوون) لە یەکێ لە ئەشکەوتەکانی هەورامان بە ناوی (نەوسودا)دا دۆزراوەتەوە ئێستا لە پەرتوکخانەی (کۆبنهاگن) پارێزراوە.

ئاینی زەردەشت بە پێی قۆناغە مێژوویەکان لە هەڵکشان و داکشاندا بووە واتە جارێ بۆتە ئایینی رەسمی دەسەڵات و جارێ قەدەغەکراوە.

**مادەکان کێن؟**

مادەکان لە نەتەوەی هیندو ئەوروپییەکان بوون زۆربەی مێژوونوسان و توێژەرەکان، کورد بەنەوەی مادەکان دەزانن، یەکەمین دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردی کەناوی (مادا) بوو لە لەلان (کەیقوباد) لە ساڵی(853پ.ز) دامەزراوە پایتەختەکەی شاری هەمەدان بووە بە واتای کۆمەڵگەی (مادان) یا هۆزانی ماد

ئەم پایتەختە حەوت دیواری هەبووە هەر دیوارێک هۆزێکی تیابووە حەوتەمین دیوار کۆشکی شای تیابووە ئەم دیوارانەش کە لەلایەن (دیاکۆ) دروستکراون و (ئەردەشێر) لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی ساسانی تەواوی کردوون:

1. بۆسە(ڕەنگی سپی)
2. سترەوکنەت(ڕەنگی رەش)
3. پەڕەتاکەن (رەنگی سوور)
4. ئاریزانی (رەنگی شین)
5. بەودی (پرتەقاڵی)
6. ماگ (زیوی)
7. مادا (ئاڵتونی)

لە دیواری حەوتەمدا کۆشکی شای تیابووە، بەپێی قۆناغەکانی مێژوویی ئاینی زەردەشت و نوسین و خوێندنی کوردی بۆتە زمان و ئاینی دەوڵەت، بەڵام دوای (نسخ)بونی ئاینی زەردەشت و هاتنی ئاینی ئیسلام لە سەردەمی حەجاجی یوسفی سەقەفیدا کە ئەوسا زمانی ڕەسمی دەوڵەت زمانی کوردی بووە ئینجا(زادن فەرۆخ)ێک بە نەتەوە کورد بووە  ئیدارەی کوردانی لە ژێر دەستی ساڵح عەبدولرەحمان ناوێک دەرهێنا دوای ململانێیەکی زۆر و نەمانی زادان فەرۆخ کە لە هەرایەکدا کوژرا، ساڵح عەبدولرەحمان هات و زمانی کوردی گۆڕی بۆ عەرەبی لەوساوە زمانی کوردی پاکتاوکراوە هەرچەندەش کوردپەروەران هەوڵیاندا نەیکاتە عەرەبی، بەڵام بێسوود بوو.

یۆنانییەکان هێرشیان کردۆتە سەر کوردستان بە سەرکردایەتی ئەسکەندەری مەکدۆنی ساڵی(331 پ.ز) هەرچی کلتوورو کتێبی کوردان هەبوە و سوتاندویانەوە لە ناویان بردوەو ئەوەی باش

دیکەیان تالآنکردووەو شتی نامۆیان بڵاوکردۆتەوە لە شێوەی خودای شەڕو خودای ڤینۆس یا ئەفرۆدیت و خودای باران و بەفرو خودای ئاو ئاگرو میترا، بەڵام هەرچی فەلسەفەو زەویناسی و ئەستێرەناسی و مۆری هەڵکەندراو هەبوو بەتاڵنیانبردووە، بۆ نمونە بۆ خڕی زەوی یۆنانییەکان ئەو بیرۆکەیەیان لە پەڕاوی ئاڤێستای زەردەشتەوە وەرگرتوە لە پەرستگای شاری شازدا لە خوارووی دەریاچەی ورمێدا ئاڤیستای پارێزراو بردیان بۆ یۆنان.

## سەرچاوەکان


1. محمد امین هەورامی، مێژووی ڕێبازی زمانی کوردی، چاپی بەغدا، ساڵی 1990.
2. گیوی موکریانی، فەرهەنگی مەهاباد،1961.
3. یاسین صابر سالح، ئینسکلۆپیدیای گشتی،2005.
4. سەید کمال ئیبراهیمی، گۆڤاری مێژوو، ژمارە(11)، 2009.



***لە ژمارە(54) لە 2002/2/12 لە گۆڤاری (خەباتی قوتابیان) بڵاوکراوەتەوە**

## نەورۆز هێمای ئازادی و دامرکاندنەوەی ستەمکارییە

نەتەوە جیاجیاکانی جیهان سەرەڕای ئەتنی ئاینی و مەزهەبی و کلتووری و فەرهەنگیان، هەریەکە بەپێی تایبەتمەندی خۆیان بۆنەو یادو جەژنی هەمەجۆریان هەیە، ئیدی ئەو جەژن و بۆنانە لایان پیرۆزە و باوەڕێکی پتەویان پێ هەیەو ساڵانە خۆیانی بۆ ئامادە دەکەن و بە پیرۆزو بەرزی رادەگرن، ئەگەرچیش جەژنەکانی ئەوان تەنها دەربڕینی خۆشیەو ساڵەهایە بەبێ سانسۆر لە کاودانێکی ئازاد جەژن دەگێڕن، بەڵام نەتەوەیەکی زیاتر لە(40) ملیۆن وەک نەتەوەی کورد، تا بە ئەمڕۆی سەدەی تەکنەلۆژیاو جیهانگیری و مەدەنیەت، وەک بەشێکی جیهان و نەتەوە ئافەرێنراوەکانی خودا هێشتا لە سێ پارچەی کوردستان ناتوانن بە سەربەستی جەژن بگێڕێن، نەتەوەی کوردیش وەک هەرنەتەوەیەکی تر جەژنی هەیە، مافی هەیە، وەک مرۆڤێک حەز دەکات جەژن بکات، ئەو جەژنەی کە مۆرکی رەسەنایەتی کوردی پێوەیەو کردویەتیە جەژنی نیشتیمانی و نەتەوەیی ئەویش جەژنی نەورۆزە، ئەو جەژنەی لە بەشی باشووری کوردستان ماوەی چەند ساڵێکە لە دوای راپەرینی ساڵی 1991ەوە بە ئازادی پیرۆز دەکرێ.

ئەگەرچی جەژن هێمایەکە بۆ دەربڕینی خۆش و شادی و بەختەوەری، بەڵام جەژنی نەورۆز جیا لە جەژنەکانی تری گەلەکانی سەر رووی زەوی رەهەندی فرەتری هەیە ئەویش دەکرێ لە سێ کلاورۆژنەوە شیکاری بۆ بکەین:

## 1. جەژنی نەورۆز هێمایە بۆ خۆشی

بۆیە دەڵێن هێمایە بۆ بەختیاری لەبەر ئەوەی جەژنی نەورۆز دەکەوێتە سەرتای بەهارو یەکەمین رۆژی ساڵی نوێی کوردی، لەو رۆژدا وەرزی سەرماو بەفر کۆتایی پێدێ و گژوگیاسەوز دەبن و کۆسارو پێدەشت پڕ دەبن لە گوڵ و سەرتاپایی کوردستان سەووز دەبێت، بەرێتمی بە هەشت، کوردستان جوان دەبێ و کانیاوەکان سەرلەنوێ دەتەقنەوەو پاکی مرۆڤ لەگەڵ سروشت ئاوێزان دەبێ، کوڕان و کچان بەجلی کوردی رەنگاو رەنگەوە روودەکەنە سەیرانگەکان و کەیف وخۆشی دەکەن، یان خێزانەکان بە یەکەوە دەردەچن و جەژنە پیرۆزە لەیەکتری دەکەن و هەڵپەڕکێ و بەزموخۆشی سازدەکەن.

## 2. لەجەژنی نەورۆزدا نەتەوەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستانەوە هەناسەی ئازادی هەڵدەمژێ

لەدێر زەمانەوە گەلی کورد لە کوردستانی گەورەو بەتایبەت دوای دابەشکردنی بۆ چوار پارچە، بەبێ ویستی کورد، هەموو ساڵێک ئەو جەژنە پیرۆزکراوە بۆ هەڵمژینی هەناسەی ئازادی و ئاشکراکردنی دەنگی خەفەکراوی نەتەوەی ستەملێکراو لەپێناو دەربڕینی مافە سروشتی و فەرهەنگییەکانی نەتەوەی 40 ملیۆنی بێ کەس و بێ دەوڵەت.

## 3. جەژنی نەورۆز نیشانەی رابوون و شۆڕش بوو دژی بێدادی و تاکڕەوی و دوژمنانی کورد

نەتەوەی کورد لەبەرئەوەی لە لایەن دوژمنانیەوە پیرۆز راگرتنی جەژنی نەورۆزیان لێ یاساغکراوە، بۆیە لەگەڵ رۆژێک پێش جەژنی نەورۆز لە سوچێکی کوردستانەوە ئاگریان کردۆتەوە بۆ راگەیاندنی جەژن و لەهەمان کاتدا ئەو رۆژە بۆتە هێمای شۆڕش و راپەرین و بەرەنگاربونەوەی زۆرداری و خەبات بۆ نەهێشتنی بیری توندوتیژی و گەڕانەوەی ماف بۆ تاکی کورد، بۆیەشە حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراقی پێشوو، حکومەتی تۆرانی ئێستا لە تورکیاو سوریای عەرەبی و ئێرانی فارسی لەو رۆژە ئەترسن لەگەڵ گێڕانی جەژن جۆش و خرۆشی خەڵک ببێتە هۆی خۆپیشاندان و سەرهەڵدانی جەماوەری، لەبەرئەوەش قەدەغەی دەکەن و ئەگەریش سازبکرێ لەچوارچێوەی رێوشوێنی ئەمنی توندەوە بەڕێوەدەچێت، بەڵام خۆش بەختانە لە باشووری کوردستان لە دوای راپەڕین لە سایەی ئازادی و رزگارییەوە بە ئازادانە جەژنی نەورۆز لە نێو چین و توێژە جیاجیاکانەوە بە فرەیی ئاین و مەزهەبییەوە پیرۆز دەکرێ و کەرنەڤاڵی هەمەچەشنی بۆ ساز دەکرێت.

## 4.جەژنی نەورۆز، جەژنی ساڵی نوێی کوردی

جگە لەو مەبەستانەی سەروو ئەو جەژنە گووزارشتیش دەکات لە جەژنی سەری ساڵی نەتەوەیی کوردی و لە یەکەمین رۆژی مانگی یەکەمی ساڵی کوردی، کە هەموو نەتەوەیەک یان ئایینێک

ساڵێکیان داناوە بۆ جیاکردنەوەیان لەگەڵ ئایین و مەزهەب و نەتەوەکانی تری دەوروبەریان هاوشێوەی ساڵی (قمري، کۆچی عەرەبی)و ساڵی شەمسی فارسی و(ساڵی زاینی مەسیحی، گەردوونی)و ساڵی رۆمی و....هتد. واتە ئەو جەژنە لە یەکەمین رۆژی ساڵی کوردییە و زیاتر لە دوو هەزار ساڵە بە شانازییەوە ئەم یادە پیرۆز دەکرێ و هەر ساڵەی بە چەشنێک بە پێ قۆنابەندیەکانی مێژوو لە ژێر جەوری چەوساندنەوە دوژمنان و دواتر لە سێبەری ئازادی کوردستان، ئیدی ماوەتەوە بڵێن جەژنی نەورۆز لە روانگەی دیرۆکەوە تا ئەمڕۆ زیندووە پێودانگە بۆ زیندوویەتی نەتەوەی کورد، وێڕای ئەوەی شاهنشاهیەتی باپیرانی (ماد) وەک دەوڵەت لە ناوچوو، بەڵام کورد هەرمایەوەو زیندووە.بەمبۆنەیەوە بەپێویستی دەزانین سێ سەروبووردە باس بکەین جا ئەفسانەیی یان واقیعی بن لە مەڕ جەژنی نەورۆز، ئەگەرچیش قسەکردن لەسەر ئەو گێڕانەوە ئەفسانەیانە سواو کۆنن، بەڵام واباشە بەنەوەی نوێ ئاشنابکەین:

**سەرگوزشتەی یەکەم**

گوایە لەو کاتەی پێغەمبەر نوح (سەلامی خوای لە سەربێت) لەلایەن خودای گەورەوە فەرمانی پێکراوە کەشتیەک دروست بکات و هاو ئاییانی خۆی لەلافاو رزگاربکات، بۆیە لە کێوی (جودی یان گودی یان ئاڕاڕات)نیشتەوە، لە باکووری کوردستان لەکاتی دابەزینیان لە کەشتیەکە ئاگریان کردۆتەوە و بە بیرێکی

نوێوە زەویان پاک کردۆتەوە لە ستەم و زۆرداری و لەو رۆژە دا ویستی حەق سەرکەوتوو بووە بەسەر ناحەقدا و ئاگر بۆتە نیشانەی ژیانێکی نوێ و سەرکەوتن، ئەو رووداوەش لە خاکی کوردستان رویداوە، بۆیەشە بۆتە موڵکی کورد.

**سەرگوزشتەی دووەم**

دەڵێن خوێنمژێک هەبووە بەناوی (بیوراسب یان زوحاک یان ئەژدەهاک) هێندە مافی خەڵک خواردووەو دەسەڵاتیکی رەهای هەبووە، لەکاتێکدا نەخۆش دەکەوێت دوو مار لەسەر شانی دەبێ و شوێنی دوو مارەکە زامداربووە دەرمانی نابێ، جگە لە دەرخواردی مێشکی دوو گەنج نەبێ، ئەوە رۆژانە دووبارەبوونەتەوە تا دەگاتە نۆرەی کوڕەکانی (کاوەی ئاسنگەر) کە نۆ کوڕی هەبووە تا دەگاتە رۆژی بردنی نۆیەمین کوڕ، لەو رۆژەدا رادەپەڕێ و کەوڵەکەی ئاسنگەری دەکاتە ئالاو بە تەورەکەی لەسەری (زوحاکی) خوێنمژ دەدات و مێشکی پارچە چارچە دەکات و لە تەختی فەرمانڕەوایەتی لای دەبات و بانگی ئازادی دەدات، بۆئەوەی بڵاوبێتەوە بەدەوروبەر (ئاگر) دەکاتەوە، ئەو رۆژەش بە رۆژێکی نوێ دەژمێردرێ لە مێژووداو دەبێتە یەکەمین رۆژی ساڵی کوردی و جەژنی نەورۆز واتە رۆژێکی نوێ، ئەم کردنەوەی ئاگرەش واتا هەواڵ، پەیام، راگەیاندن دێت، بۆیەشە پسپۆڕانی راگەیاندن بنچینەکەی دەبنەوە سەر ئاگر، وێڕای ئەمەش ئاگر لە ئاینی ئیسلام و ئایینەکانی دیکە بە پیرۆز زانراوەو دەزانرێ بە تایبەت لەو

سەردەمەی ئەوسا کە ئاینی زەردەشتی گرینگی بە ئاگر داوە، جیا لەمەش ئاگر واتای شۆڕش و ڕاپەڕین دیت و رابوون و نوێبونەوەو ئەفراندن دێت بە چەشنێکی (پراگماتیکی) راستەقینەیی.

**سەرگووزشتەی سێیەم**

سەرگوزشتەیەکی دیکە هەیە دەڵێ: ئاهورمەزدا کە خوای خێرو خۆشی و چاکەیە بەسەر ئەهریمەن کە خوای شەڕو ناخۆشی و خراپەدا زاڵ بووە لەم رۆژەدا، لە ئاینی زەردەشتیدا(ئەهریمەن) و (ئاهورمەزدا) هەیە، کەواتە ئەو رووداوە لە سەردەمی باپیرانی (ماد)ی کورد رووی داوە دواتر لە دوای رووخانی شانهشاهەتی (ماد) بەهۆی چەند فاکتەریکی ناوەخۆیی و دەرەکی، ساسانییەکان کردویانەتی موڵکی خۆیان و دەستیان بەسەر داگرتووەو یادی دەکەنەوە و ئێستاش بە (سێزدەبەردە) ناو زەد دەکرێت.

ئەگەر چاو بە مێژووی عێراقیش دابخشێنین لەمەڕ هەڵوێستی حکومەت بۆ جەژنی نەورۆز ئەوە دەبینین هەمیشە هەوڵی داوە بۆ لەبەینبردنی کلتووری رەسەنی کوردی لەساڵی 1922 تا وەرگیرانی عێراق لەکۆمەڵەی نەتەوەکان بەمەرجێ دان بە مافی کورد بنێ و بە ئازادی بۆنەوە جەژنە نەتەوەییەکانی ساز بکات لە ساڵی 1932، بەڵام بە پێچەوانەوە بە فکرو هێزی سەربازی نەیهێشتووە ئەو یادە بکرێتەوە، ئەگەریش رێگەش درابێت بە ناوی رۆژی دارو درەخت و رۆژی دایک و و جەژنی بەهارو

پشووی فلان شت و...هتد تا ساڵی 1970 ئەگەرچی لە دوای بەیاننامەی یازدەی ئازاری 1970ەوە کرایە جەژنێکی فەرمی کورد لە عێراق، بەڵام دوای نسکۆی شۆڕش ڕێگە نەدراوە ئەو جەژنە پیرۆز بکرێت و ساڵانە بەبیانوی جیاواز ڕێگە گیراوەو تەنانەت لە ڕۆژمێرەکان لە پەراوێزی21 مانگی ئاداردا ئەستێرەیەک دانراوە، بەڵام تاکی کورد بەتایبەت گەنجان و قوتابیان بەهەر پاساو و بیانوویەک بێ ئەو جەژنەیان پیرۆز کردووەو بۆ ئەم مەبەستە ئاگرکراوەتەوە و زەماوەندو سەیران سازکراوە.

**سەرچاوە**


1. گۆڤاری (پێشکەوتن) ژمارە(91-109).
2. گۆڤاری( خۆری ئیسلام) ژمارە(14).



***لە ژمارە(**3126**) لە** 2009/3/20 **لە ڕۆژنامەی(خەبات)بڵاوبۆتەوە،هەروەها لە ژمارە(**55**) گۆڤاری(خەباتی قوتابیان) لە** 2002/3/12 **بە بیرۆکەو نوسین و ناونیشانی جیاواز بڵاوبۆتەوە**

## جەستەمان لە هەولێر، دڵمان لە هەڵەبجە، ڕۆحمان لە ئاسمان

چاوخشاندن بە مێژووی نەتەوە جیاکانی جیهان گەر فێری ئەزموونمان بکات، ئەوا لە رویێکیترەوە ئەوەمان فێردەکات کە هەر نەتەوەیەک تا بە سەربەخۆیی گەیشتووە، ئەوا قوربانی پێشکەشکردووە،ملیۆنان رۆڵەی کردۆتە قوربانی لە پێناوی بەدەستهێنانی ئازادییەکانیان و لە نێو هەموو ڕۆژە خوێناویەکانیان رۆژێکیان کردۆتە ڕۆژی شەهیدان و مەرگ لە پێناوی ئازادیدا، ئەگەر بڕوانینە دیرۆکی کوردیش وەک هەر نەتەوەیەکی تری سەر ڕووی زەوی ئەوا ساڵهایە تێدەکۆشێ و خوێن دەڕێژێ لە پێناو ئازادی و سەربەخۆیی کورستان، ئەگەر ناکازاکی و هێرۆشیما ڕەمزێک بن بۆ کۆمەڵکوژی جیهان، ئەوا هەڵەبجە هێمای جینۆسایدو، چەوساندنەوەی نەتەوەی کوردەو دیکۆمێنتێکی زیندووی تیرۆری نەتەوەیەکی چل ملیۆنییە، لە لایەن دوژمنانیەوە کە ئەو تراژیدیایە وەک شۆڕشەکانی بارزان و شێخ مەحمود و ئەیلول و سمکۆی شکاک بۆتە قوربانی ململانێی نێودەوڵەتی سیاسەتە دوو فاقییەکانی وڵاتانی زلهێزی جیهان و لێی بێدەنگ بوون.ئەگەریش چاوێک بە مێژووی ستەملێکراوی هەڵەبجەدا بخشێنین دەبینین هەڵەبجە لە ساڵی 1963 بەر شالاوی بێرەحمانەی زەعیم سدیق کەوتوەو بەدەیان خەڵک تووشی چەرمەسەری بوون و شەهیدکران، دوای هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی ئەیلولیش کە حکومەتی عێراق لە بەڵینەکانی دەقی بەیاننامەکەی 11ی ئادار پەشیمانبوویەوە هێرشێکی کردە سەر ناوچەکانی کوردستان و لە 1974/4/26هەڵەبجەی تۆپبارانکردو ژمارەیەکی یەکجار زۆری خەڵکی هەڵەبجەی شەهیدکرد، بەڵام دوای ئەوەش خەڵکی

هەڵەبجە لە شۆڕش و کوردایەتی و قوربانیدان نەوەستان، هێندەی دیکە گڕوتینیان بە هێزتر دەبوو، لە بەرامبەر رژێمی داپڵۆسێنەری بەعس دەوەستانەوە، وەک لە ساڵانی 1981-1982-1987 چەندین راپەڕین و خۆپشییاندان روویاندا لە وەڵامی راپەڕینی ساڵی 1987یشدا حکومەتی عێراق لە 1987/5/13 بۆردومانی گەڕەکی کانی ئاشقانیکرد و لە ئاکامدا چەندین و لاوو قوتابی راپێچی زیندانکرد، ئەو قوتابییە گەنجانەی موحیبەتی نیشتیمان و ئایین و تەکییەکانی تەریقەتی نەقشبەندی جۆشدراوی حەماسییەکانی شاعێران (نالی و مەولەوی و میرزاو ناری و شێخ رەزای تاڵەبانی و ئەحمەد موختاری جاف)بوون، لە زیندانیشدا ئەو گەنجانە هێندەی دیکە رۆحی شۆڕشگێڕیان پتەوتر دەبوو لە فیداکردنی گیانیان بۆ کوردستان.ئا ئەو کاتەی هەڵەبجە کیمیابارانکرا، کۆترە سپییەکان لە شەقەی باڵیان دەدا، چۆلەکەکان لە ژێر سێبەری خانووە رەنگینەکان هەڵنیشت بوون، بە فری شنروێ و باڵانبۆ تازە خەریک بوو ئەتوانەوە، سەیرانگای گوڵان و چاوگ و ئەحماوا، لە پێشوازی گەشتیارانی گەشتە بەهارەبوون، عەبابەیلێ نزای بۆ بەختیاری شار دەکرد، منداڵان لەیاریکردن شاریان خەندەباران کردبوو، شاریش باڵای دەکرد، بە گەشتیاری نێرو مێ و گێرانەوەی سەرگوزشتەی بەساڵاچووان.مەخابن، دوژمن چاوی پێ هەڵنەدەهات شار بە ئاشتی بژی، کۆتر بە ئازادی لە ئاسمانی خودا هەوای ئازادی هەڵمژێ، ئابتەرەکانی بەعس، لە چێشتەنگاوی خوادا، بۆمبی ژەهراوی یاساغکراو تاقیکردەوە بە مرۆڤەکانی شاری رەنگینی هەڵەبجە، بەڵێ وەرزی خەزان لە رۆژەوە لە هەڵەبجەی شاری کورد پەروەر دەستی پێکرد، ئەوێ رۆژێ بوو (5000) گوڵ هەڵوەرین، (5000) رۆح بەرەو

ئاسمان هەڵکشان، ئا ئەو ساتە مەرگ ئامێزە، شار تەمی نائومێدی باڵی بەسەر داکیشا، هەڵەبجە ماتەم دایگرت، کورد لە هەرچوار پارچەوەی کوردستانەوە پرسەیان دانا، هەموو کوردێ دوڕدۆنگ دۆش دامابوون لە پرسیەی مەرگی هەڵەبشیمادا ئەشکی سووریان دەڕشت، داخەکەم، گێتی گوێچکەکانی کەڕبوو نەیان دەبیست یان بەرژوەندیان لەوەدابوو کە نەیبیستن.ئەو زە مەنەی هەڵەبجەی تیا کیمیابارانکرا بە گازی ژەهراوی 60 ساڵ پێش ئەو کات ئەو چەکە قەدەغەکرابوو، لە بایکۆتکردنی گەلان، بەڵام رژێمی سەدام کە ئەو کاتە هاوپەیمانی زلهێزەکان بوو لەم یاسایەی لاداو کەسیش لێپێچینەوەی لەگەڵدا نەکردو زیاتر لە پێنج هەزار کەسی بێگوناە بەرەو مەرگ رۆیشتن، لەم رۆژەدا تا دەگاتە ئەمڕۆ خوێن لە جەستەی هەموو کوردێک دەچۆڕێت و گوڵی هیوای پێ چرۆ دەکرێ کە مەرگی هەڵەبجەییەکان بۆ ئازادی نەتەوەی کورد بووەو ناسنامەی موتوربەکراوبوو تا ببێتە زایەڵەی بەرائەتی کورد بە جیهان و تابلۆی مرۆڤ هەژێنی نەخشاند لە جوگرافیای جیهاندا تاوەکو رای گشتی بوروژێنێ لە پاڵپشتیکردنی گەلانی جیهان بۆ سەربەخۆیی دەوڵەتێکی کوردو وەدەنگهاتنی مرۆڤدۆستان لە پێشێلکردنی مافەکانی تاکەکانی کوردی. ئەمڕۆش ئەو شارە بێنازە، جیا لە شارو شاروچکەکانی تر پەراوێز خراوە، دەبینین دوای چەندین ساڵ ئازادی و خوێڕشتنی خەڵکی هەڵەبجە لە پێناوی ئەو ئازادیەدا، هێشتا ئەم شارە وێرانە ماوەتەوەو بێبەشکراون لە هەموو شتێک وەک قیرتاوکردنی شەقامەکان و گەشەپێدانی ئابووری و نۆژەنکردنەوەی دامودەزگاکانی کارگێڕی و تەرخانکردنی بودجەی تایبەت بە کردنەوەی مەڵبەندی رۆشنبیری و بایەخدان بە هاوینەهەوارەکان و نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکان و

دروستکردنی نەخۆشخانەی سەردەمیانە، ئەمە جگە لە بڵاوکردنەوەی تیرۆری فکری و بیری توندوتیژی و سوکایەتیکردن بە گەورە پیاوانی ئەو ناوچەیەو تا دەگاتە پێشێلکردنی ئازادییەکانی تاکی ئەم شارە.سڵاو بۆ پێنج هەزار پەپولەی بەهەشتی شەهیدکراو بە جەستە لە هەولێری شاری شەهیدان لەم شارە لە پێناوی سەربەخۆیی دەژین و دڵیشمان لەو هەڵەبجەیەی کە مەرگ تیایدا لە پێناوی ئازادیدا بوو، بۆ هەمیشەش لە بیرمان ناچێتەوە، ئەو تراژیدیا بێوێنەیەی کە دەرهەق بە نەتەوەیەکی زوڵملیکراو ئەنجامدرا، ئەو زامەش هەرگیز قەتماغە ناکرێت لە جەستەماندا رۆچۆتە دڵی هەمووومان و رۆحیشمان لە ئاسماندا لە گەڵ پێنج هەزار فریشتەکانیاندایە و ئەوان جاویدانن و پێیناویَ بۆ شەهیدانی وڵات بگرین و ئەشکی سوور برێژین، چونکێ ئەوان هەرگیز نامرن لە دڵی هەمووومان دەژین، ساڵهاتی ئەوان ساڵانە زیندوو دەکەینەوەو هانمان دەدات بۆ تێکۆشان لە پێناو سەربەخۆیی کوردستانی گەورە، ئەگەریش نەتەوەکانی دیکەی سەر رووی زەوی ساڵی جارێک یادی مەرگەساتەکانیان بکەنەوە، ئەوا نەتەوەی کورد هەموو مانگێک یادی دەکاتەوە، ئەگەر وڵاتانی تر مانگی جارێک باسی لێوە بکەن، ئەوا نەتەوەی کورد، هەموو رۆژێک و هەموو کاتژمێرێکی 11:5 خوولەک یادی کۆچی ترس دەکەنەوە.

**سەرنج: ئەو وتارە کوتکراوەی سێ وتارە کە لە:**

* **لە ساڵی** 2004 **لە رۆژنامەی(روانین) بڵاوکراوەتەوە.**
* **لە ژمارە(**1738**) لە** 2005/3/16 **لە رۆژنامەی (خەبات) بڵاوکراوەتەوە.**
* **لە** 2008/3/16 **لە رۆژنامەی (خەبات) بڵاوکراوەتەوە.**
* **لە** 2009/3/16 **لە رۆژنامەی(خەبات) بڵاوکراوەتەوە**

## له خەوما  بووم بە یەکەمین پارێزگاری هەڵەبجە

ساڵ، ساڵی20055بوو، ڕێک وەک ژمارەی هەژماری نێو ئیمێڵە ئەلیکترۆنییەکەم، ئەو کات هەر چوار پارچەی کوردستان، لە سێبەری تێکۆشانی پێشمەرگەو خەباتگێڕانییەوە، سنوورەکانی تێکشکێنرابوون، کۆمارێک بە ناوی کۆماری کوردستان لە ئارادانەبوو، پایتەختی ئەو کۆمارە، لە هەولێرەوە  گواسترابووە بۆ شاری دیاربەکر لە باکووری کوردستانی گەورە، سیستەمی فەرمانڕەوایی سیستەمێکی دیموکراتی سەرۆکایەتی پەڕلەمانی نیشتیمانی بوو، لە ئەنجوومەنی نیشتیمانیدا، دەیان فڕاکسیۆنی هەمەجۆرو فرە بۆچوون و ڕا هەبوون، هەندێکیان لە سەر شێوازی ئەوڕوپا پێشکەوتوتر چالاکی سیاسی ئۆپۆزیسیۆنیان ئەنجامدەدا، کە ببونە سێبەری حکومەت و چاوی ڕاستی ئەو کۆمارە کوردییە، بە چاکەیان دەووت چاکەو بە خراپەشیان دەوت خراپە، هەموو کات ڕێگە نیشاندەری حکومەت بوون، ئەو کاتەی لەخەوەکەمدا فرمانی دەست بەکاربوونیان بۆ دەرکردم، لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، واتە لە پایتەختەوە، کە فرمانەکە ڕاستەوخۆ لە دیاربەکر دەرچوو بوو، من بکرێم بە یەکەمین پارێزگاری پارێزگای هەڵەبجەی شەهید، کۆمەڵگەی کوردستانی گۆڕانکارییەکی فەرهەنگی ڕیشەیی بە خۆییەو بینیبوو، ئەقڵییەتی خەڵک زۆر گۆڕابوو، هەر ئەوەیش وایکردبوو، کۆمەڵگەی پیاوسالاری و توندوتیژی دژ بەژنان لەڕەگەوە نەمێنی و ئازادییەکی زۆر بە ئافرەتان بدرێت و برایەتی لە نێوان نەتەوەو ئاین و ئاینزاکانی کوردستان زێتر تەی کردبوو، یاسا سەروەر

بوو، بۆ هەموو کەس وەک یەک پەیڕەو دەکرا، تاک لە کۆمەڵگەی کوردی مەدەنیدا وزە بەخشی دەسەڵات بوو، میری بە یەک چاو سەیری هاوڵاتیانی دەکردو دادپەروەری و یەکسانی و ئازادی بیرکردنەوەو ئەقڵ لە چوارچێوەی یاسا و دابە کۆمەڵاتییەکان باڵی کێشابوو بە سەر کۆمەڵ، خەڵکی لە سەرووی تەمەنی 18 ساڵییەوە، هۆشیاری دەنگدانی هەبوو، تەنها یەک دەنگی دەدا بەو پارتە سیاسیەی دڵخوازی ئەوبوو، هەموو بە ئەقڵ دەنگیان دەدا، نەک بە عاتیفەو هۆزپەرستی و شارچیەتی و حیزبایەتی، تا وای لێهات بوو، وەزارەتی داد لەبەر دادگەری هەڵوەشایەوە، ڕێکخراوەکانی خوێندکاران و گەنجان کتوومت لە سەر سیستەمی ئەوڕوپی کاریان دەکردو هیچ گرفتێکی گەنج و خوێندکاریان لە ڕێگەی پڕۆژەو نەخشە ڕێگاکانییانەوە نەهێشت بوو، بەڵکو تەنها کاریان ببووە ئاهەنگی یەکترناسین و گەشتە بەهارەو یاری سنی سنیانێ و کردنەوەی خولی رۆشنبیری بۆنە حیزبییەکان، هەر بۆیەشە گەنج خەمی کرێچییەتی دوای هاوسەرگیری و پێکهێنانی هاوسەرگیری نەمابوو، ئەوانەی هێشتا ئارەزووی پێکهێنانی خێزانییان نەبوو، ئاریشەی دەروونی و شوێنی ڕابواردنییان نەبوو، لەجیاتی یەک نایت کڵەپی شەوانە، سەدان نایت کڵەپ هەبوو، بۆ بڕوادارانیش کەنیسەو مزگەوتەکان 24کاتژمێر لە سەر پشت بوون، چونکە هەموو پڕۆژەکانی گەنجان لە شاری یاری گەورەو پارکی لە شێوەی وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان و چایخانەو قاوەخانەی هەمەجۆرو مەلەوانگەو یاریگەی وەرزشی و هۆڵی شانۆو

هونەری و پەیمانگەی پێشکەوتووی فێربوونی زمان و مۆسیقا لە سەر بوودجەو داهاتی نەوتی کوردستان درووست کرابوون، بەشێکیش لەو داهاتە دەدرایە ئەو خوێندکارانەی بە ئارەزووی خۆیان هەریەکە لە پسپۆڕی جیاوازەوە بە مەبەستی تەواوکردنی خوێندنی باڵا دەچوونەوە دەرەوەی وڵات بۆ زانکۆ بەناوبانگە جیهانییەکان، ئەمە جگە لەو موژدانەی باسمکردن کە هەر لە خەون دەچوون، باسی ئەوەیان بۆکردم، کە هەموو شەقامە سەرەکییەکانی ناوخۆیی شارەکان و دەرەوەی شار بوون بەجۆت ساید، بۆیەشە گرفتی هاتووچۆو پێکدادانی ئۆتۆمبێل نەماوەو خەریکە وەزارەتی ناوخۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ هەڵبووەشێنێتەوەو خەڵکی هێندە هۆشیارن پێویستیان بە ڕێنماییکردنی یاسای هاتووچۆ نییە، ڕاییکردنی ئیشوکاری هاوڵاتیان لە دامەزراوەکانی حکومەت ڕێچکەی خۆی گرتبوو، ئەوەیش وایکردبوو کە واسیتە نەمێنێ، بازاڕی کوردستان بە هۆی پەیڕەوکردنی سیستەمێکی ئابووری گونجاو لەگەڵ واقیعی کوردستان جێبەجێدەکرا و شارەزاییانی ئابووری وڵات، بە گروپ و راوێژەوە کارییان لەو بازاڕە دەکرد، ئەوەیش کاریگەری خستبووە سەر چینە کۆمەڵاتییەکان، کە لە یەک ئاست بژین و دەوڵەمەندی و هەژاری نەمابوو، هەمووی ببونە چینی مامناوەند، تەنانەت بازاڕ وای لێهاتبوو پێویستی بە کوالێتی کۆنترۆڵ نەمێنێت، چونکە بازرگان و هاوردەکاران ئەوپەڕی ویژدانییان بەکاردەهێنا لە کاروباری بازرگانییدا، هەموو یەکتریان خۆشدەویست، ڕق و توندوتیژی لەبەینبرابوو، ئاشتی

و خۆشگووزەرانی لەو کۆمارەدا هەموو شوێنێکی ڕۆشنکردبووە، هەموو کات دوای ئەوەی لەکار تەواو دەبوون خەریکی گەشت و سەیران بوون، لە کاتی گەشتەکەیان زبڵ وخاشاکییان فڕێ نەداسەرشەقامەکان و شوێنەگەشتیارییەکان، وەزارەتی شارەوانی پێویستی بە کارمەندو گرێبەستکردن نەبوو لەگەڵ کۆمپانیاکان تا شەقام و شار پاک بکەنەوە، کۆمپانیا بازرگانی و وەبەرهێنەرە بیانییەکان لقی کۆمپانیاکانیان لە کوردستان دەکردەوە، بە هۆی یاسای پاراستنی مافی بەرهەمهێن لە کوردستان، هەموو کاڵایەک مارکەو ئۆرجیناڵ بوو، کاڵای کوالیتی بەرز جمەی دەهات لە بازاڕەکان بە کەمترین نرخ لە سەر ئاستی جیهان، مۆڵ و سوپەر مۆڵ و بازاڕو سوپەرمارکێتەکان کەلوپەلی هەڕاجی و چینی و ئێرانییان بە نرخی مارکە نەدەفرۆشتە خەڵکی و نرخی کاڵا لەو شوێنانە بە بەراورد لەگەڵ دوکانی شەقامە سەرەکییەکان زۆر کەمتربوو، ژمارەی بەنزینخانەکانی بەرپرسان لە نێو گەڕەک و سەرسوچی کۆڵانەکان کەمکرابوونەوەو باشترین جۆری بەنزییان دەدا بەهاوڵاتیان و نەوتیش لە هەموو وەرزەکان بە خۆڕایی دەدرا بە هاوڵاتیان، وەک باسمانکرد بەهۆی پاکی ژینگەی کوردستانەوە، کە ڕێژەی سەدا 50% کرابووە سەوزایی و پارک و باخچە زۆر پاک ببوو، کاڵای ماوە بەسەر چوویش نەمابوو، کوشتن و لێدان و بێڕێزی دەزگا ئەمنییەکان نەمابوون، هێزەکانی ئاسایش لە خزمەتی هاوڵاتیاندابوون و پێکدادانی ئۆتۆمبێلیش بوونی نەبوو، بۆیە خەڵکی پێویستیان بە نەخۆشخانە نەمابوو، ژمارەی

نەخۆشخانەی ئیمێرجنسی و نەخۆشخانەی ئاسایی زۆر بوو، خەڵکی بە ساڵ ڕێگەی بو شوێنانە نەدەکەوت، تەنها بۆ نەخۆشخانەکانی جوانکاری نەبێت، چونکە هەموو خەڵک حەزی دەکرد شێوەی لە کەسایەتیە بەناوبانگەکانی جیهان بچێت، خەڵکی ئەوەندە تامەزرۆی نەخۆشخانەکانی جوانکاری بوو، چونکە پێشوو تەنها بەرپرسان دەچوونە ئەوشوێنانە کەچی ئێستا هەموو سەردانی دەکەن، لە سەروی هەموو ئەمانە کارەبا 24کاتژمێر بەردەوام بوو، کاری وەزارەتی کارەبا تەنها وەرگرتنی بڕە پارەیەکی ڕەمزی بوو لە ماڵان، وەک ئەوەی وەزارەتی شارەوانی لەکاتی پێدانی ئاو بە ماڵان وەری دەگرێت، بەهۆی فەراهەمبوونی کارەبا خەڵک موبەڕیدەیان بەکار نەدەهێنا، بەڵکو لە هەموو وەرزەکانی ساڵدا سبلیتیان بەکار دەهێنا، هێشتا فرمانی ئەنجوومەنی وەزیرانم وەرنەگرت بوو، بەخۆم دەگووت ئەو شتانە ڕاست نییە، چۆن دەکرێت لە کۆمەڵگەیەکی کوردستانی هێشتا ناوچەگەرایەتی و گەڕەکچییەتی و شارچییەتی و عەشیرەت و بنەماڵەو خانەوادەو خواپێداو و بازرگان و بەرپرسان و پلەدارەکانی سەردەمی سەدام زاڵن بەسەر کۆمەڵگەو سیستەمی حوکمڕانی کوردستانەوە، چۆن دەکرێت منێکی خەڵکی شاری هەولێر و کوڕی کەسێکی خانەنشینکراوی چەندین ساڵ زیندانیکراو بەدەستی جاش و بەعسیەکان بکرێم بە پارێزگار، یەکەمین پارێزگاری جوانترین شاری کوردستان، ئەو شارەی زۆرترین قوربانی بۆ کورد داوە، بەڵام خەڵکانی دەوروبەرو هاوڕێ و شارییەکانی هەڵەبجە پێیان

ووتم ئەو سەردەمە نەماوە، ئێستا لەم کۆمارەی تازەی کوردستاندا، کورد هەموو بران، کوردایەتی و کوردستان لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە، تاک سەرچاوەی پێدانی دەسەڵاتە، گرنگ خزمەتکردنە، کێ بتوانێت بە باشی خزمەت بکات حکومەت ئەرکی پێ دەسپێرێت، نەک پۆست، بۆیە منیش یەکەمین کار دوای دەست بەکار بوون کردم، گۆڕینی ناوی هەڵەبجە بوو، لە هەڵەبجەی شەهیدەوە بۆ پارێزگای بەهەشتی هەڵەبجە، پاشان بە هاوکاری سەرۆکی کۆمارو ئەنجومەنی نیشتیمانی و هەموو لاین وکەسە دڵسۆزو گەنجە بیرتیژەکانی ئەو شارە زۆر پڕۆژەی دیکەمان خستەواری کردنییەوە، وەک پەرەپێدانی زانکۆ و قوتابخانەی باخچەی ساوایان و دایانگەی هاوچەرخ و پارکی گشتی و کتێبخانەو سەنتەری جۆراو جۆری گەنجان و ڕاکێشانی هێڵی شەمەندەفەرو کردنەوەی فڕۆکەخانە، خانووی نیشتەجێبوون بۆ کرێچیی و گەنجە تازە هاوسەرەکان، لە سەرووی هەموویانەوە دروستکردنی دەیان کارخانەو کارگەی وەبەرهێنان لە بواری پیشەسازی و کشتوکاڵدا، ئەمە جگە لە دروستکردنی پڕۆژەی بچووک بۆ گەنجان و ڕاکێشانی وەبەرهێنەرێکی زۆری بیانی بۆ ئەو ناوچەیە کە لە بەرژەوەندی گشتی خەڵکەکە بێت، بەڵام بە داخەوە ئەو شتانەی باسم کرد، ئەوە هەموو خەون بوو، خەونێک بینیومە، کە وا بڕیارەساڵی 20055بێتەدی.

**※ئەم وتارە لە کاتژمێری 11ی شەو، ڕێکەوتی(2010/9/18) نوسراوەو لە هەفتەنامەی(بانگ)لە سەرەتای مانگی 10ی 2010 بڵاوکراوەتەوە، پێش ئەوەی هەڵەبجە ببێتە پارێزگاو زانکۆی تیا دروست بکرێت.**

# موناجاتێکی رۆحی بۆ هەڵەبجە

ئەو ساتانەی کاتژمێری مێژوو
خەجاڵەت و شەرمەندەبوو
هەڵەبجە خامۆش و شەکەت بوو
باڵانبۆ و سورێن لە جێگەی بەفر
خەردەل و سیانیدی بەسەردا دەبارێ و
شنروێ لە جێگەی پێشمەرگە
جاشە بەعسییەکانی لێبوو
ئەوێ رۆژێ بوو باوکم لەسەر بەرماڵ
لە میحرابی مزگەوتێکدا
پێش شۆردنی دەستنوێژی هیوا
باسی مەرگی هەڵەبجەی بۆ دەکردم
ئەوێ رۆژێ بوو هێشتا منداڵ بووم
لە بەنەندیخانە نامەی دووری بۆ دەناردین
باسی عەشقی نیشتیمان و
موحیبەتی وڵاتی شنروێی بۆ دەکردین
لەو ساتەوە جەستەم لە هەولێرو
دڵم لە هەڵەبجەیەو
بەدەم رشتنی فرمێسکی خوێناوی
رۆژ بەرێ دەکەم

*لە 2008/3/15 لە رۆژنامەی (خەبات) بڵاوکراوەتەوە

## قەدەغەکردنی هۆڕنی نایاسایی!

هەڵبەت(هۆڕن) دیاردەیەکی شارستانییەو خزمەت و راژە بە گیان لەبەر دەکات و بۆ ئاگادارکردنەوە یا هۆشدارییە بۆ مرۆڤ، بە ئامرازە گرینگ و بە بایەخەکانی ئۆتۆمبێل دەژمێردرێت، کە دەبێتە هۆیەک بۆ نەهێشتنی روودانی کاری دڵتەزێنی ناهەمواری ناخۆش لە نێو کۆمەڵگەدا، واتە گەر ئۆتۆمبێلێک هۆڕنێکی ئاسایی و یاسایی پێوەبێت دەتوانێت خۆی دەرباز بکات لەو ئاستەنگانەی یا رووداوانەی دێنەبەردەمی.

گرینگی هۆڕن لە نێو شارو شارۆچکە قەرەباڵغ و پڕ دانیشتوانەکان، بەکارهێنانی شوێن و کات و مەبەستی تایبەتی خۆی هەیە، تاکو سوودی لێوەربگیرێت، نەک هەر کاتێک شۆفێر بە ئارەزوو و حەزی خۆی لێبدات، جا مەبەستی ئێمە لەوەدایە زۆر لە شۆفێری ئۆتۆمبێلەکانی شارەکان لە جێگەی هۆڕنی ئاسایی، ئەوا هۆڕنی هەواییان بەستاوە و بەهەوەس و حەزی خۆیان ئەو جۆرە هۆڕنە بەکاردەهێنن، بەبێ ئەوەی هیچ حیسابێک بۆ تاک لە کۆمەڵگە بکەن، زۆرجار لە نێو قەرەباڵغیەکی زۆردا بەکاری دەهێنن و خەڵک بێزار دەکەن و لە ئەنجامدا دەیان قسەی نەشیاو و نابەجێ و تەنانەت جوێنیش بە شۆفێری ئۆتۆمبێلەکە دەگوترێت، خەڵکی بۆ ئاهەنگێکی بوک گواستنەوە یا بۆنەیەک بێت، مۆسیقا دەژەنن، کەچی بەشێک لە برا شۆفێرەکان لەبری مۆسیقا هۆڕن بەکاردەهێنن جا لە چ کات و شوێنێک بێت گرنییە، گرنگ ئەوەیە ئارەزووەکانیان دێتەدی، بێگومان ئەم کارە کارێکی ناشارستانیەو دوورە لە عەقڵیەتی مرۆڤی سەردەم...هتد، نەخاسمە مرۆڤی سەدەی بیست و یەک کە مێشکی فراوان و پێشکەوتووە.

داوا له شۆفێره بەڕێزەکان دەکەین ئەوانەی ئەو کاره ئەنجام دەدەن دوور بکەنەوه لەم کارەو به هەڵەکانیان دابچنەوه و هۆڕنه هەواییەکان له ئۆتۆمبێلەکانیان بکەنەوەو هۆڕنی ئاسایی له کاتی پێویست بەکاربهێنن و خەڵک بێزار نەکەن، تا خەڵکی سەرزنشتیان نەکەن، حەقیش وایه لایەنی بەرپرسیش هەڵمەتێکی بەرفران بکات بۆ قەدەغەکردنی ئەو جۆره هۆڕنەو سزای یاساییان بدات.

***له ساڵی 1999 له رۆژنامەی (ئێواره گوڵان) بڵاوکراوەتەوه**

# چەکەرەکردنی بیری ناتووندوتیژی

چێکردنی هزری میانڕەویی و ڕۆحی لێبووردەیی و بیری ناتووندوتیژی، لە مێشکی هەر کەس و گروپ و ڕێکخراوێکی سیاسی و کۆمەڵگەیەک، دواجار کۆمەڵگایەکی بەختەوەر دێنێتە ئاراوە، لەم سۆنگەیەوە دەکرێت هەمووومان هەریەکە لە شوێنی خۆمان، بە ڕۆحێکی لێبوردەیی و یەکتر خوێندنەوەو پەسندکردنی بۆچوونی جیاوازەو کاربکەین، هەمیشە لە ژیاندا ڕەنگی جیاوازمان خۆشبوویێت، دەنگی جیاوازمان خۆشبوویێت، هزری تازە و دەگمەنمان خۆشبوویێت بە تێکەڵکردنی ئەو جیاوازیانەش فکرێکی نویێ و ئەفراندێکی دیکە دێتە کایەوە، بەڵام ئەگەر جیاوازییەکانی یەکتری نەخوێنینەوە و لە بەشێک لە بۆچوونەکانی خۆمان سازش نەکەین بۆ یەکتری بێگومان ناتوانین بە یەکەوە بژین، لە کۆتاییدا کاودانێکی توونـد و تیژ دێتە کایەوە، بۆیە زاڵبوون بەسەر دەمارگیری و خۆپەرستی ڕەگەز پەرستی و سەپاندنی تاکڕەوی و نەتەوەیەک بەسەر نەتەوەیەکی دیکە و کۆمەڵێک بەسەر گروپێکی دیکەو خانەوادەو هۆزێک بەسەر ئەوانی دیکەوە، بیرکردنەوەیەکی هەڵەو دواکەوتووە، گەڕانەوەیە بۆ پاشەکەوتویی و نەزانی، چونکە هزرە کۆن و خۆبەزلزانەکان بیر لە توندوتیژی و کوشتن و تۆقاندن دەکەنەوە، ئەوانە نەخۆشن، وا دەزانن تەنها ئەوان وەک مرۆڤ شیاوی ئەوەن بژین و لەسەر زەوی زیندووبن، ئەوانیدیکە کە وەک خۆیان بیر ناکەنەوە، بەپێچەوانەوی ئەوان دەڕواننە ژیان، بۆچوونی تازەیان لایە، هەگبەیان پڕترە، زیتەڵترە، وێانەکردنیان بۆ مرۆڤایەتی لە کانیاوێکی بێگەردەوە سەرچاوەی گرتووە، بە دیدی ئەو نەخۆشانە شایانی ژیان نین، ئا لەو ساتەوە مرۆڤە

نەخۆشەکان چاویان بە جیهانی تازە و بەرهەمی نوێ و ئەفراندنەکانەوە هەڵنایەت، دێن پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن، ئەوانە ناتوانن بەردێک بخەنە سەر تەلاری ژیان، کەچی بە ڕقوکینەکانیانەوە، بە دڵە ڕەشەکانیانەوە، تەلارەکە دەڕوخێنن و پلانی ڕەش دادەڕێژن، بۆ مردن، بۆ دواکەوتوویی، بۆ ڕەشبینی، بۆ پاشەگەردانی، بۆ جیهانی نەزانی و کاڵفامییەتی و تیرۆر و لە خشتەبردنی هەموو ئەوانەی یەکتریان خۆش دەوێت، دڵ و ڕۆحیان خاڵییە لە پەڵەی ڕەش، بەڵام کەسانی زیرەک و دڵ پاک گوێ نادەنە کەسانی نەخۆش، بەڵکو هەموو کات لە جێگەی نا ئومێدی گەشبینی چەکەرە پێدەدەن، لەجیاتی مرۆڤ کوشتن، ژیان سەرلەنوێ دەگەڕێننەوە بۆ مرۆڤایەتی، نەمامی تازە دەڕوێنن، باخچەی پڕ لە گوڵ دروست دەکەن، تا جارێکی دیکە ڕۆحی نەخۆشەکان بە سروشتی سارێژ بکەن.

***لە ژمارە(55323)ی 2010/5/4 لە گۆڤاری(هەرێمی کوردستان) بڵاوبۆتەوە**

# باخچەکانی شار

لە چەند ساڵی رابردوودا بەڕێوەبەرایەتی گشتی پارک و باخچەکانی شاری هەولێر هەڵمەتێکی بەرفراوانی کردووە بۆ دروستکردنی پارک و باخچە لە گەڕەکانی شارو چەندین پارکی گەورەی لە شێوەی پارکی شەهید سامی عەبدولرەحمان و شاندەرو منارەیان دروستکردووە، هەروەها لە زۆربەی گەڕەکەکانیش دەیان باخچەی بچوکیان دروست کردووە کە بۆ هەموو تەمەنەکانی خەڵکی شار دەگونجێت، لە دانانی ئامێری یاریکردنی منداڵان و ئامێری وەرزشی بۆ هەموو تەمەنەکان، ئەمە جگە لە کورسی و ئامرازی حەسانەوە، لە سەرووی هەموو ئەمانەیش چەندین چاودێرو کرێکاریان تەرخانکردووە بۆ پارێزگاریکردی باخچەکان و ئاودانی چیمەن و درەختەکان، ئەمەش مانای ئەوە نییە هەموو کارەکانی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە لە جێگەی خۆیەتی و باشترین کاریان کردووە، بەڵکو وەکو هەر دامەزراوەیەکی دیکەی حکومەت بەدەرە نییە لە کەموکوڕی و کەمتەرخەمی کە دەبوایە کاری زیاتریان بکردابوایە و هیچ گەڕەکێک نەمابوایە لە شار باخچەی تیا نەبێت. بەڵام ئەوەی جێگە قسە لەسەرکردنە کەمتەرخەمی و ناهۆشیاری بەشێک لە هاوڵاتیانە کە سەردانی ئەو پارک و باخچانە دەکەن پارێزگاری لە ئامرازەکان و شوێنەکە ناکەن، بەهۆی ئەوەی هەم ئامۆژگاری منداڵەکانیان ناکەن و هەمیش خۆیان بێویژدانانە ئامێرەکان خراپ دەکەن، یا هەرچی خواردەمەنی و پاشماوەکەیەتی جێیدەهێڵن و فڕێدەدەنە نێو چیمەنەکە، یاخود خانەوادەیەک بە گشتی دەچنە پارک و باخچەکان نیوەی ماڵەکەیان لە خواردن و پێداویستیەکانی خواردن لە گەڵ خۆیان دەبەن و بەشێکی لەوێ

جێدەهێڵن، جا هەندێکیان حەفازەی منداڵەکانیشیان جێدەهێڵن، پیسکردنی ئەو شتانە جگەلەوەی ئازاردانی هاوشاریان و دراوسێیەکانە، ئەوا بێویژدانییەکەی بەرامبەر بەو خودی ئەو هاولاتیانەی کە خۆیان ئەو کردارە ناشارستانی و نەشیاوە ئەنجام دەدەن، چونکە هەر خۆیان پاش چەند رۆژێک جارێکی دیکە دەچنەوە هەمان شوێن کە خۆیان پیسیانکردووە، بنەبەڕکردنی ئەو دیاردە ناشیرینە بە چاودێریکردنی حکومەت ناکرێت، بەڵکو بە هۆشیاری هاولاتیان و هەستکردن بە بەرپرسیارییەتی هاوشاری دەکرێت، بەوە دەکرێت هەموومان بە یەک دڵ و یەک رۆح، بە یەک بیرکردنەوە، بە یەک ئامانج، شارەکەمان خۆش بوێت، ئەگەر شارەکەمان، پایتەختەکەمان خۆشنەوێت، چۆن کوردستانمان خۆشدەوێت.

**٭لە ژمارە(3896) لە 2011/10/12 لە رۆژنامەی (خەبات) بڵاوکراوەتەوە**

# گەراجی ئۆتۆمبێل لە شارەکاندا

لە گەڵ بەرفراوانبوونی شارو پێداویستییەکانی خەڵک، ئۆتۆمبێل بۆتە یەکێک لە پێویستییەکانی ژیان، بۆیەشە پێویستی بە شوێنی ڕاگرتنیش هەیە لە شێوەی گەراج تا خاوەن ئۆتۆمبێل یا شۆفێر دڵنیابێت لە سەلامەتی ئۆتۆمبێلەکەی، هاوکات لەگەڵ ئەوەدا دامەزراوە حکوومی و ناحکوومیەکان و بازاڕە گەورەو بچوکەکان، زۆربەیان شوێنی ڕاگرتنی ئۆتۆمبێلیان نییە، ئەگەریش هەبێت شوێنەکە بچووکەو لە چاو ژمارەی زۆری ئۆتۆمبێل جێگەی نابێتەوە، وێڕای ئەوەی بڕە پارەیەک وەک کرێ لە خەڵک وەردەگیرێت، لە بری کرێی ڕاگرتنی ئۆتۆمبێل. قسەی ئێمە لێرەدا ئەوەیە پێویستە لە سەر حکومەت کاتێک مۆڵەت دەدات بە پڕۆژەیەک یا بازاڕێکی گەورە، کارگەیەک، شوێنێکی بازارگانی مەرج بۆ ئەو دەزگایە دابنێت بۆ ئەوەی گەراجێکی گەورەی تیا دروست بکات تا نەبێتە هۆی ئەوەی قەرەباڵغی لە نێو شەقام دروست بێت، هەروەها لە دروستکردنی دامودەزگا حکوومییەکانیش گەراجی تایبەت بە ئۆتۆمبێلی فەرمانبەران و هاوڵاتیان دروست بکرێت، نەوەک هەر هاوڵاتییەک سەردانی دەزگایەکی حکوومی بکات بۆ ڕاییکردنی کاروبارەکانی ماوەیەکی زەمەنی زۆر لە دوای گەراجێک یا شوێنێکی ڕاگرتنی ئۆتۆمبێل بگەرێت تا ئۆتۆمبێلەکەی ڕابگرێت، بە دروستکردنی گەراجێک ئاسانکاری زیاتر بۆ هاوڵاتی دروست دەبێت، ئەگینا ئەویش دەچێتە چوارچێوەی ڕۆتینەکانی رۆژانەی دەزگاکانی حکومەت، لە زۆربەی دامەزراوەکانیش ئەگەر گەراجی ئۆتۆمبێل هەبێت کرێ ڕاگرتن وەردەگرن جا نازانین ئەو گەراجە هاوبەشە لەگەڵ بەرێوەبەرایەتییەکانی دەزگاکانی حکومەت یا نا؟!! ئەمەیان گرفت نییە، لە بەر ئەوەی گەندەڵی

سەرتاپای دامەزراوەکانی گرتۆتەوە و دەچێتە نێو دەروازەکانی گەندەڵیەوە و جارێ چارەی مەحاڵە بەو شێوەیە بکرێت، بەڵام ئەوەی گرفتە و جێگەی نیگەرانییە، کاتێک کڕیار لە شارەکاندا بەتایبەت لە شاری هەولێر سەردانی شوێنێکی بازرگانی دەکات بۆ کڕینی کاڵا پێش کڕینی کاڵاو کەل وپەلەکان دەبێت بڕە پارەیەک وەک کرێ بدات بە گەراج، باشە خەڵک بۆ شت کڕین دەچن نەوەک کاروباری ئیداری، ئەی بۆچ پارە لە خەڵک وەردەگیرێت، پێویستە لە سەر فرۆشیار ریکلام بۆ کاڵاکانی بکات نەوەک بە کرێی گەراج کڕیار لە خۆی دووربخاتەوە، ڕەنگە ئەو بڕە پارەییەی وەک کرێ لە کڕیار وەری دەگرێت کەمبێت، بەڵام دەبێتە هۆی ئەوەی کڕیار لەو شوێنە بازرگانییە دوور بکەوێتەوە وەک حاڵەتێکی دەرونی دڵتەنگی دەکات.

بە هیوای ئەوەی حکومەت ئەو دیاردەیە بنەبڕبکات لە دامەزراوەکانی خۆی و مەرجیش بۆ شوێنە بازرگانییەکان دابنێت لە دروستکردنی گەراجی ئۆتۆمبێل لە شارەکانداو بازرگان و فرۆشیارەکانی شاریش بیر لە قازانجێک بکەنەوە تا کڕیار بە لای خۆیان ڕاکێش بکەن، نەک دوخستنەوەی کڕیار، لە بەر ئەوەی ئێستا گەورەترین گرفت بۆ هەر هاوڵاتییەک لە شاری هەولێر لە کاتی سەردانیکردنی بۆ دامەزراوە حکوومی وناحکوومییەکان و بازاڕە هاوچەرخ و بازاڕی گشتی نەبوونی پارکی ئۆتۆمبێل و کەمی شوێنی ڕاگرتنی ئۆتۆمبێلە، ئەگەریش پارکی ئۆتۆمبێل هەبێت ئەو پارکە بچوکەو جێگەی نییە، جاری واش هەیە جێگەی هەیە، بەڵام کە ئۆتۆمبێلەکە دەهێنیتەدەرەوە چەند شوختێکی پێوەیە، هەندێ جاریش بۆنیت و دەعامی و دەرگاکانی لێدراوەو قوپاوەتەوە.

****لە ژمارە(3943) لە 2011/12/14 لە رۆژنامەی (خەبات) بڵاوکراوەتەوە***

## مۆلیدەکانی شار

لە ڕاپەڕینی بەهاری کوردان، بەهۆی ئەو ئابلۆقە ئابوورییەی حکومەتی بەغدای ئەوسا خستیە سەر هەرێمی کوردستان، ڕەوشی کارەبا بەرەوخراپی ڕۆیشت، چونکە بەشە کارەبای هەرسیٚ شارەکە کوردییەکەی پچڕێنرا، لە سەرووی هەموو ئەمەشەوە بارودۆخی ئاووهەواو وشکەساڵی و بارانی کەم وەک کارەساتێکی سروشتی وایکرد ئاوی وێستگە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا کەمبێتەوە، ئیدارەی هەرێمی کوردستانیش نەیتوانی خزمتگوزاری کارەبا بۆ هاوڵاتیان دابین بکات، ئا لەویٚ رۆژێوە مۆلیدە ئەهلییەکان بوونە میوانی شارو شارۆچکەکان بە پێدانی چەند کاتژمێرێک کارەبا و رۆشنایی خستە ماڵان لە بری کرێی مانگانە، ئەو دیاردەیە هەرچەندە لە ناچاریدا سوودی گشتی تیابوو، بەڵام ژینگەی شارەکانیشی پیسکرد بە هۆی دوکەڵی زۆرو ژاوەژاوخستنە نێو شارەوە، لەلایەکی دیکە جەنجاڵی لە هۆی گواستنەوە لە وایەری زۆر لەسەر ستوونەکانی کارەبا دروستکردو بەو هۆیەشەوە سەدان کەس بونە قوربانی لەو کەسانەی کە بە شەهیدی رۆناکی ناسراون، جا دەنگی ئەو مۆلیدانەش لەلایەکی دیکە، کە هەموو لایەکی هەراسان کردبوو، بەتایبەت ئەو ماڵانەی نزیک شوێنی دانای مۆلیدەکەببوون، ساڵ بەساڵ کاربەدەستانی شار بەڵێنی چاکبوون باشترکردنی خزمەتگوزاری کارەبایان پێدەداین کەچی خراپتر دەبوو، جار جارەش لەگەڵ بەڵێنەکانی باشترکردن و پترکردنی کاتژمێری کارەبا ماوەی چەند مانگێک ئەوەی هەشبوو نەدەما. ئێمە لە چەند ساڵی ڕابردوودا ڕازیبون بە کەمی کارەباو دەنگ و ژاوەژاو و دوکەڵی ژەهراوی مۆلیدەکان

لەپێناو ڕوناکیماڵەکانمان، کەچی ئێستا دیاردەیەکی دیکەی سەیر پەیدابووە لە گەڕەکی هەمووشارو شارۆچکەکان بەتایبەت شارەکانی هەولێرو سلێمانی و دهۆک، ئەویش پەیدابوونی مۆلیدە گەورە زەردەکانی سوپەرمارکێت و هۆتێل و بەنزینخانەو ڕیستۆرانت و مۆڵ و بازاڕە هاوچەرخەکان و کۆمپانیا و ڕێکخراو و دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت و حکوومی و تەنانەت زۆر ماڵی خواپێداویش، بەوەی دوای کوژانەوەی کارەبای نیشتیمانی یەکسەرە مۆلیدە دەنگ بەرزەکانیان دادەگیرسێنن، هەم دوکەڵەکەی و هەمیش دەنگەکەی خەڵکی بێزار دەکەن، ئەمە جگە لە جێگەگرتن و پیسکردنی شەقامی گەڕەکەکان، هەندێ جاریش بەهۆی کەمی کارەبی نیشتیمانییەوە 24 کاتژمێر ئەو مۆلیدانە دادەگیرسێنن شەو تا بەیانی هاوڵاتیان ناتوانن بخەون، لەگەڵ ئەوەشدا ئایندەی تەندروستییمان خراپ دەکات، بە ئومێدی نەمانی مۆلێدەی گەڕەکەکان و مۆلیدەی سوپەرمارکێتەکان و شوێنەبازرگانی و فەرمی و نافەرمییەکان لەپێناو تەندروستییەکی باش و ساخلەم بۆ هاوڵاتیانی شار،بەو هەموو مۆلیدەوە شار هەرگیز شارستانی نابێت.

***لە ژمارە(3884) لە 2011/9/28 لە ڕۆژنامەی (خەبات) بڵاوکراوەتەوە**

# شکستی ئیرادەی سیاسی و پەنابردن بۆ تیرۆر

زۆر لەم ڕۆشنهزرانەی کە داکۆکی و بەرەڤانی لە مافەکان و خواستی مرۆڤ دەکەن لەم جیهانە فراوانەدا، باسیان لە دیاردەی تیرۆر کردووە و شرۆڤەیانکردووە کە گوزارشت لە دیاردەیەکی ناشارستانی دەکات و دژ بە مرۆڤی دەزانن وەکو چەکێکی نە ناسراو بۆ لە باربردنی مرۆڤ بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ، وێڕای ئەوەی دەرهاوێشتەیەکی نێگەتیڤی هەیە بۆ کۆمەڵگا و باڵە سیاسیەکان، زۆرن ئەوانەی تیرۆرکراون و تیرۆریش دەکەن، ئەوانەی کە هەستی تیرۆریان هەیە پێیان دەڵێن (تیرۆریزم) جاری وا هەیە کەسێک تیرۆر ئەنجام دەدات یا کۆمەڵێک کەس بە ئەنجامی دەگەیەنن یا لایەن و حیزبێک ئەو کارە ئەنجام دەدەن، تیرۆر زۆر جۆری هەیە و شێوازی پیادەکردنی تیرۆریش زۆرە ئەمەش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی ترو لە حیزبێکەوە بۆ حیزبێکی دیکەو یا هەر باڵێکی دیکەی سیاسی و دەگۆڕێ، تیرۆر ئابووری و تیرۆری کەسەکی، هەر جۆرە تیرۆرێکیش ئارمانجی خۆی هەیە چ بۆ ئەو کەسەی کە بە ئەنجامی دەگەیەنێت چ بۆ ئەوەی کە بڕیارەکە دەر دەکات، ئەوەی کە بەکرێگیراوە ئامانجی تەنها بۆ لایەنی ماددییە هیچ بەهای مرۆڤایەتی نازانێ و ویژدانی نییە، یان ئەو ڕێکخراو و باڵە سیاسیانەی تیرۆر دەکەن بە واتایەکیتر لە پەنای تیرۆر دەیانەوێت ترس و دڵەڕاوکێ و نا ئومێدی و قەیران لە نێو کۆمەڵگا بڵاوبکەنەوە، تا ئەو ئایدۆلۆژیایەی کە دەیانەوێت بچەسپێ لە نێو مێشکی خەڵک بەم ڕێگایەدا فەراهەمی بکەن، یان کاتێک دەیانەوێت ئامانجەکانیان بنیاد بنێن و ئایدلۆژیاکەیان پەرەپێ بدەن و جەماوەر بۆ خۆیان کۆبکەنەوەو

ئایدۆلۆژیاکەیان هەرس دەهێنێ و بەرەو پوکانەوە دەڕوات ناچار شالاو بۆ تیرۆرکردنی تاک دەبەن تا فشار بخەنە سەر دەسەلات و جێگایان لە دەسەلاتدا بکەنەوە، چونکە بە بڕوای ئەوان بە دبلۆماسی و میانڕەوی ناتوانن قەرەبووی هەرسهێنانی و ئایدۆلۆژیاکەیان بکەنەوە، یا ئەوانەی کە تیرۆر دەکەن و نەخشەی بۆ ڕەنگڕێژ دەکەن لەو ساتەی هەر کۆمەڵگەیەک ئارامی و هێمنی تیا سەقامگیربێت و بەرەوپێشڤەچوون بڕوات و هەنگاو بهاوێژێ بۆ ڕوواندن و چاندنی تۆوی تەبایی تاکەکانی کۆمەڵ، ئەو گروپەی کە دەسەلاتی هێدی هێدی پەرەدەسێنێ و چەکەرە دەکات و ڕەنگە بگاتە ترۆپکی سەرکەوتن، ئەمەش زیان بە تیرۆریستان دەگەیەنێ، هەر بۆیە بانگهێشتی تیرۆر دەکەن، ئیدی ڕەنگە زۆرجار گوێبیستی هەندێ تیرۆر بویتە کە بە ناوی گەلێ دروشمی بریقەدارەوە جاڕی بۆ دراوە، جاری واش هەبووە کە نووسەرێک شتێکی بلاوکردۆتەوە لە ڕوانگەی ئازادی ڕا دەربڕینەوە ئەو شتە یا ئەو نووسینە ڕەخنەی لە لایەنێکی تر گرتووە ڕاستەوخۆ لایەنگرانی ئەوانەی کە نووسەرەکە دژی ئەوان شتی نووسیوە بڕیاری تیرۆرکردنی بۆ دەردەکەن و تیرۆری دەکەن، تیرۆری سەربازی و هێزی لەشکری جۆرێکی تری تیرۆری سیاسی کاتێک لە جەنگ و شەڕێکی گەورەدا کە لایەنی بەرامبەری جەنگاوەرانی تر دەبینێ هێزەکەی بەرامبەری هاو هێزە لەگەڵ ئەو یا ئەفسەری پلەدارو بەرپرسی سوپاکە شەڕکەرێکی قارەمان و ئازاو دلێرەو سەرکەوتن وەدەست دەهێنێ، بۆیە باشترین ڕێگا بۆ شکستهێنانی هێزی لەشکری بەرامبەری تیرۆرکردنی فەرماندەی سوپایەکەیە، چونکە بە کوشتنی فەرماندەی سوپاکە هێزە شەڕکەرەکە بەرەو هەڵدێر دەچن و شەڕیان پێناکرێ و دەشکێن

و شکست دەخۆن، شتێکی بەڵگەنەویستە لە دوای ساڵانی نیوەی سەدەی بیستەم ڕێکخراو و گروپە سیاسیەکان لە سەرەتای دروستبوونیاندا لە قەبارەدا بچوک بوون و دەیانویست لە بڕیاردانێش وەکو گروپەکانی دیکە بن، بەڵام بۆیان نەچۆتەسەرو ڕێگەی تیرۆریان هەڵبژارد بۆ ڕاکێشانی ڕای گشتی و وڵاتەکەیان و خەڵک بە بیروڕای دیماگۆگی بەرەو هەڵدێر ببەن و ئامانجەکانی خەڵکیش خەفە بکەن، ئێستا بەراهی سەدەی بیست و یەکەو سەدەی نەمانی تیرۆریستانەو سەدەی پیادەکردنی تەبایی دیبلۆماسییە، سەدەی پێشڤەچوونی زانست و ڕاژەکردنە، مەحاڵە بیروباوەڕو ئایدۆلۆژیای تاکی مرۆڤ و حیزب و گروپێک بە زۆر بچەسپێت، هەرگیز نەشونما ناکات، بەڵکو بەرەو نەمان و پوکانەوە دەڕوات، لەم کلاوڕۆژنەیەدا پێدڤیە دەسەلاتی سیاسی کوردستان ئەزموون لە وڵاتانی تر وەربگرن و هیواکانیان لە پێودانگی ڕاژە گەیاندن بە خەڵکی کوردستان بپێکن، شەوە شەکەت و نامۆکانی گەلی کورد نەمێنی و ڕەهەندەکانی ئایندەمان بەرەو گەڕانەوە نەچێت و مۆمی تری نوێی ژیان دابگیرسێنین، لە جێگای ئەوەی پەشێوی دروست بکەین، مۆمێکی گەشاوە هەڵگیرسێنین، لە جێگای ئەوەی پیلان و تاکتیک بۆ شەڕ دابڕێژین هەنگاو بهاوێژین بۆ برایەتی و تەبایی و پاککردنەوەی دڵەکان و کارکردنێکی پراکتیکی بەرائەت، ئەگینا بە پەرەسەندنی تیرۆرو پیادەکردنی تیرۆر گەلەکەمان پێدەنێتە قۆناغێکی تری ناهەموارو شڵەژانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی.

***لە ژمارە(31)تەمموزی(2000)لە گۆڤاری(دەنگی پێشمەرگە)بڵاوبۆتەوە**

## سیستەمی رازیکردنی هەمووان

سیستەمی کارکردن و ئیدارەکردن لەو وڵاتەی خۆمان کە ناوی نیشتیمانی کوردستانە، جۆر و شێوازگەلی هەن، لەوانە سیستەمی تاکرەوی و گوێ نەگرتن لەکەسانی تر و سیستەمی راوێژکردن و سیستەمی دیموکراسی و سیستەمی ناکارامە سالاری و سیستەمی ئەجێندای ژنسالاری و سیستەمی رازیکردنی هەمووان، وەلێ ئەز زێتر تیشک دەخەمە سەر تەنها یەک سیستەم کە ئەلعانەکینێ لە کوردستان باوی هەیە و برادەرانی هەواداری بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی کاری لەسەر دەکەن بۆ نەهێشتن و مانەوەی ئەم سیستەمە کە زەمەنێک بوو لەبەر تەنگەژەی ناوەخۆیی و دەسەڵاتی سیاسی و دەسەڵاتەکانی تری موئەسەساتی و حیزبی و مەدەنی، رێگەی رەوتی ئیش و کاریان لەسەر سیستەمی دڵ رازیکردن دەرۆیشت، ئەو رازیکردنە دەبووە هۆی مافخوران و بێبەشکردنی مافی کەسانی دیکە، بەڵام هەر ئەنجام دەدرا، واتە لەسەرووی یاساوە زێتر عاتفیانە بریارەکان دەدران بۆ ئەوەی کەسەکان لە هەرشوێنێک بن نەتۆرێن، تا دەرئەنجامی ئەوە وای لێهات سەری هەموو دەزگاکانی کوردستانی خوارد و ئێستا کاری بۆ لەبەینبردنی دەدرێ و بووەتە یەکێک لە نەخۆشییەکان و ناتوانرێ سارێژبکرێ و دەرمانی بۆ بدۆزرێتەوە، ناچار پەنا بۆ وڵاتانی دەرەوە دەبەن بۆ چارەسەرکردنی، ئەو سیستەمە کە پێی دەڵێن ( ئیحتیوا)یان (بە قسەی هەموو کەس بکەو چاو لە هەموو خراپەکانیان بپۆشە) و(لەگەڵ عامێ بچۆرە شامێ)و هەرچی دەکەن ئاساییە بۆ ئەوەی کەسێکمان لەدەست نەچێ یان هەواداریکمان کەم نەبێتەوە، قەیدی چییە ئەگەر قسە بکەین و

بەجدی هەڵوێستمان هەبێ لەبەرامبەر شتە ناڕەواکاندا و بەباشە بڵێن باشە و بەخراپە بڵێن خراپە، ئەوە کوڕی خراپ و کەسێکی ئیداری نینە، بەڵام بە عەقڵ و زهنی خۆمان بیرنەکەینەوە و ببینە کاراکتەرێکی جێبەجێکار، هەرچی پێمان بگووترێ ڕای پەڕێنین ئەگەرچی خراپیش بێ، ئەوە بەڕاستی کەسێکی چاپوک و زیتەڵە و هۆشیار و کادیرێکی لێهاتووین و سەرکەوتووین لە ئەرکەکانماندا و ئیتر بۆ پێشـــــــەوە ...

مەخابن سەربەخۆیی و دەوڵەتی موئەسەساتی بە سیستەمی ڕازیکردنی هەمووان دروست نابێ، بۆیە باشتر وایە کار بەم سیستەمە نەکرێ و هەمووان کار بە سیستەمی پەیڕەوکردنی دەیموکراسی و ڕاوێژکردن بکەین بە مەرجێ یاسا تیایدا سەروەربێ، چونکە هیچ دیموکراسییەک و ئازادیەک بەبێ یاسا گوزارشتی خۆیان نادەن بەدەستەوە، بۆ ئەوەی هەموومان بەیەکسانی لەسایەی سێبەری حکومەتی دیموکراسی و یاسای داهاتووی کوردستان مافەکانمان پارێزراو بێ و خەڵکی بێدەرەتان پەراوێز نەخرێن.

***لە ژمارە( 25)ی تشرینی 2007 لە گۆڤاری( زانکۆی نوێ) بڵاوبۆتەوە**

# تاقیگەیە یا یاریگە

گومانی تێدانیە قوتابخانە جێگەی فێربوونی زانستە لە جیهاندا، ئامانجی قوتابیش هەوڵ و کۆشش و گڕوتین بە خۆدان و ماندووبون و ئاستەنگ بڕینە، بۆ ئەوەی فێری زانست بن و سوود بە گەل و وڵات بگەیێنین و لە ئایندەدا ببین بە شایستەو پێشەنگ یان مامۆستا... هتد؛ مامۆستاش ئەرکێکی پیرۆزی بە دەستە کە هەڵکردنی چرای زانست و پەروەردەو فێرکردن و گۆشکردنی قوتابیە لە نێو کۆمەڵگادا.

هەڵبەت لەگەڵ وانەگوتنەوەدا لە زۆربەی قوتابخانەکاندا تاقیگە دانراوە بۆ وانەی پراکتیکی، بۆ ئەوەی قوتابی زیاتر لە وانە زانستەییەکانی وەکو(کیمیا، فیزیا، زیندەوەرزانی....هتد رابهێنرێت و خێراتر بچێتە مێشکیەوە و هیچ کات لە بیری نەچێتەوە و بەڕوون و ئاشکرا شێوەی کرداری بەچاو ببینێت، بەڵام مەخابن لە یەکێ لە قوتابخانەکانی دەوروبەری هەولێر تاقیگە بۆتە یاریگە، سەرباری ئەوەی ئامێری زۆر بە سوودو خشتەی بە سوودی تێدایە، کەچی مێزێکی تێنسی تێدایە رۆژانە مامۆستایان لە دوای وانەگووتنەوە لە کاتی پشووەکاندا یاری تێنس دەکەن لەگەڵ یەکتری لە ناو ئەو تاقیگەیە دەکەن و جاری وا هەیە ئەگەر بۆیان برەخسێ وانەکان پشتگوێ دەخەن، بەداخەوە کەرەستەو خشتەکانی تایبەت بە وانە زانستییەکان پشتگوێخران و رۆژانە پاک ناکرێتەوەو تەنانەت بەهۆی ئەوەی تێنسی تیا دانراوە، ئەو کەلوپەلانە پەراوێزخراون و وانە کردارییەکانیش ناخوێنرێت، هەرچەندە کەرەستەی تازەش هاتووە بۆ ئەو تاقیگەیە، کەچی کەڵکی لێوەرناگیرێت بۆ قوتابیان.

کار وابڕوات قوتابی هەموو ساڵێک وانەی کرداری نەخوێنێت و تەنها تیۆری بخوێنێت و باسەکانی وانەکەی بۆ روون نەکرێتەوە بەچاوی خۆی راستییەکان نەبینێت، دەبێت بچێتە کۆلێژ چ قوتابییەکی لێدەربچێت؟! ئاستی زانستی تاچەند دەبێت؟!.

سەرنج: ئەو نوسینە، دووەمین نوسین بوو کە رۆژنامەی فەرمی سەرەتاسەری لە قۆناغی ناوەندی بڵاومکردۆتەوە بۆیە حەزم کرد لە نێو ئەو کتێبە دایبنێم.

***لە ژمارە(23) لە 1999/9/13 لە رۆژنامەی (زەنگ) بڵاوکراوەتەوە**

# زیـــــــکـــــر

دەروونی زیکراوی یادکەرەوەی پەروەردگاری دلۆڤان بنچینەی بە هێز کردم، چونکە متمانەی بە پەروەردگاری هەموو گێتی بەخشی پێم، زیکری تۆ ئەی کردگاری یەزدانم، گشت کاتێکەو گاڤێک لە کانگای دڵدایە، هەم زیکری تۆ دەرمانی دەردی برینەکانمانە، چاوم هەردەم بە ئەشکی یادت لەسەر بەرماڵی سکاڵام سوور هەڵگڕاوە، کەوابوو با یادی گردگار لە بەرزترین لانەی دڵمان جێ بکەینەوە، بێگومان کارنامەی ئەمڕۆو سبەینێ دێتەزمان و پرسی زووبان و دڵ و چاو و هەموو ئەندامان دەکەن، ئاخۆ زیکر سەرقافڵەی کۆڕە یاخود ئەندێشەی تۆزاوی.....؟ دڵنیابین دڵ و دەروون و چاوەکان گەشاوە دەبن و گەشکەی شادمانی یەخەیان دەگرێ، کاتێ بارانی زیکر بیابان و چۆڵاییەکانی ئاودێر دەکات، هەروەها بێهیچ ئاستەنگێک و ئێش و غەمێک پێڵوە چاوانی لێک دەنێت و تیرێژی دڵخۆشی لە ناخدا رەونەقدار دەکات و، لەشەقەی باڵ دەدات، بۆ مەمەلەکەتی سەرفرازان، با هەموو کاتیش مژدەی مۆخی ناخمان بەرز بکەینەوەو دووربین هەرەس و ئاشوب بە (فاذكروني اذكركم).

***لە ژمار(سفر)ی کۆتایی ساڵی 1997 لە بڵاوکراوەی (بێداری) بڵاوکراوەتەوە**

# ئاوەدانی ڕەمەزان

وا مانگی ڕەمەزان ....باوەشە گەرمەکەی دەکاتە لانەی بێ لانەکان، ئەوا دیسان سێبەری ڕەزامەندی بە باڵ دەگاتە مەنزەڵی ئیمانداران، ئەو میوانەی زۆر دەمێکە دوورە، وا ئەمجارەش لە گۆشەی ئەو سێگۆشەی ناو ی(ژین)ە، تیشکی وەکو کازیوەیەو ڕەونەق ئەدا، ئەم ئازیزە، ئەم میوانی لێمان زیزە، هەرچڵ بە چڵ، میوانداری ژینی سوورە....

ڕۆژانی نزا، پڕ لە فەرو پڕ وەنەوزە، ڕۆژی داری بەدەم ڕازی، هەروەک ڕووبار، شەپۆڵەکانی ترازا، ئەو کەشتییەی، شمەک بازی لە جەرگی دا هەڵگیراوە، شەپۆلی ئەو ڕووبارەی وا لێکترازا، کەشتی خستەسەر کەناری دنیای ئەمڕۆ.... پڕ نشێوو پڕ هەوارزی.

ڕۆژانی شادی بۆ مەلۆتکەی عومری ژینی خۆنەویستیان، بۆ نەمامی باخی دڵان، لوتکەی چڵان، بە فەرمێسکی هەوری گەشی، کانی لە ناخ لە زەوی پژان.

هەم شەوانی خواپەرستی، تەراوێح و هەنسک مەستی، شەوی کڵۆی هەگبەی ئەشکی، هەڵڕژاوی چاوی نەزیز، شەوارەی پەیڤی یادەکان، لە ژێر باڵی خەم فرۆشەکان، باوێشکی بەرەبەیان ئەدات، دڵی بەرەبەیان تا ئێوارە؟! دەستی تکای لالانەوە؟! جومگەی شەکەتی ڕێچکەی بێوارە.... لە نێو تاقی جاڕدانەوە، مەدالیای هیوای لە ملکرد.

مۆژدە، رووت و ڕەجاڵ، بێدار، بێشار، ئەوسا دیسان خەونەکانی بێ بن ئاسا، حەقیقەتی خرۆشانی، لە ئامێزی ڕەمەزاندا گەڵاڵەکرد، میوانمان، وا کەشی ئیمانی هێنا بڕوای لەگەڵ تەوژمی دڵ لێک گرێدا، تەمی ژینی پڕ ئەوینی ڕەواندەوە، خەم نەگریسی لە خەیاڵەکاندا فڕێدا.

***ئەو پەخشانە لە ژمارە(1)ی شوباتی 1998 لە بڵاوکراوەی (بێداری) بڵاوکراوەتەوە کە ئەو کات قوتابی پۆلی دووەمی ناوەندی بوو لە قوتابخانەی دواناوەندی بنەسڵاوەی تێکەڵاو لە قەزای دەشتی هەولێر**

## دوا وشه

## گەندەڵی، کۆرەنتینەی VIP

کۆی گشتی ئەو وتارانەی نووسراون، هەمووی بە بیرکردنەوەو چاوی رەخنەیی یا ستایش پێش سەردەمی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان بووە، بە ئومێدی ئەوەی سەردەمی پاش کۆرۆنا پێداچوونەوە بە کۆی سیستەمی(فەرمانڕەوایی سیاسی، پەروەردەو خوێندن، ئابووری....هتد) بکرێت، واتە دەبێت کۆرۆنا ببێتە هۆی بەخۆداچوونەوە بۆ کۆی کایەکانی ژیان، دەبێت سەردەمی پێش کۆرۆنا لە هی پاش کۆرۆنا نەچێت، بە جۆرێک نابێت لە هی سەردەمی کۆرناش بچێت، دەبێت ریفۆرمەکە تەواوی ژیانی کۆمەڵگەی کوردستانی بگرێتەوە، گۆرانکارییەکە لە خۆدی کەسەکانەوە دەست پێبکات تا دەگاتە سیستەمی فەرمانڕەوایەتی بۆ خزمەتگووزارییە گشتییەکان و چالاکییە ئابووری و کۆمەلایەتی و رۆشنبیرییەکان و تەنانەت فەلسەفەی زانکۆکانیش.

لەبەرئەوەی هەموو ئەو ئاریشانەو دیاردە قێزوەنانەنی لەسەردەمی پێش کۆرۆنا لە هەناوی دابونەریتە دواکەوتوویەکەی کۆمەڵگاوە رەنگیدابوویەوە سەر دامەزراوە ئەکادیمی و نائەکادیمیەکانەوە، لە رۆژانی سەردەمی کۆرۆنا بە روونی شوێنەواری لە سەر رەفتاری تاکەکان دانابوو، بۆیە هیواخوازین کە سەردەمی پاش کۆرۆنا وەک چۆن حکومەت و خەڵک و بەرپرسان بەیەکەوە، هەڵمەتی نەهێشتن و رێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنایان راگەیاندبوو، هەموو بەیەکەوە بە کردارو بە گفتار دژی دەجەنگان، لەگەڵ ئەوەی هەندێکش

خەمسارديان دەنواند، چ لە ئاستی باڵا و چ لە ئاستی چینی خوارەوەی کۆمەڵگا، بە جۆرێک بەشێکی خەڵک خۆیان دەدزییەوە لەوەی بچنە کۆرەنتینەکان لە نەخۆشخانەکان و هەندێک پرسەو کۆبونەوەی بە کۆمەڵیان ئەنجام دەدات و لە ماڵەکانیان نەدەمانەوەو پابەندی رێنماییە تەندروستییەکان نەدەبوون، لە هەمان کاتدا هەندێ لە بەرپرسانیش کاتێ لە دەرەوەی کوردستان دەگەڕانەوە خۆیان رادەستی لیژنەکانی تەندروستی نەدەکرد، یاخود کاتێ پشکنینیان دەکرد تا ئەنجامەکەی دەردەچوو بەناوی پاسەوانەکانیان دەکرد، دوای ئەوەی ئەنجامی پشکنینەکان نێگەتیڤ دەردەچوو دەیانخستە سەر ناوی خۆیان و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیان وێنەی کاتی پشکنینەکەیان بڵاو دەکردەوە گوایە پابەندن و جیاوازیان نییە لەگەڵ خەڵکی دیکەی ئاسایی، لەلایەکی دیکەوە هەموو بەرپرسان کە دەگەڕانەوە هیچ کات نەدەچووە کۆرەنتینەکانی ئاسایی، بەڵکو هەم پشکنین و هەمیش شوێنی کۆرەنتینەیان ڤی ئای پی دەبوو.

بۆیە لە دوای کۆتایی هاتنی سەردەمی کۆڕۆنا پێویستە کار لەسەر هەڵمەتێکی گشتگیری هەمەلایەنەی جەماوەری و سەرکردایەتی لە حکومەت و پارتە سیاسییەکان بکرێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە هەموو بوارەکانی ژیان، چونکە گەندەڵی لەسەردەمی پێش و کاتی کۆڕۆنا رۆچوبووە نێو ناخی تاکەکانی کۆمەڵگەو ببووە کلتوور، بۆیە بنەبڕکردنی گەندەڵی لە کلتوورە بۆ دیاردەو لە دیاردەشەوە رێژەکە بەرەو کەمترین ئاستی بچێت پێویستی بە خەباتێکی هەمەلایەنە هەیە، نەوەک دیسان هاوشێوەی کۆرەنیتەکان، کۆرەنتینەی ڤی ئای پی و

کۆرەنتینەی ئاسایی هەبێت و بەشێکیش خۆی بدزێتەوەو لە مەزرعەکانیان خۆیان کۆرەنتینە بکەن، واتە دەبێت کاتێ کەسێک توشی ئەو ڤایرۆسە دەبوو ناوی چەند کەسی دیکەش دەدا تیمی پزیشکییەکەو ئەوانیش راستەوخۆ بە ئەمبۆلانس دەیانگواستەوە بۆ نەخۆشخانەی تایبەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنا، ئاوهاش ئەوەی بەپێی یاسا گەندەڵی کردووە، بدرێنە دادگا و هیچ ریزپەڕی تێدا نەبێت و نابێت یاسا لەسەر کارمەندی پلە نزمەکان جێبەجێ بکرێت و ئەوانی پلە باڵاکانیش لێیبەدەربن، لەبەرئەوەی گەندەڵی ڤی ئای پی و ئاسایی نییە، گەندەڵی هەر گەندەڵییە جا لە هەر ئاست و سێکتەرێک بێت چ ( ئابووری- کارگێڕی- ئایینی- سیاسی- کۆمەڵایەتی....هتد).

# هۆشمەند رەفیق ئیبراهیم



- لە 22ی ئابی 1979 لە گوندی بیستانەی گەورە- پارێزگای هەولێر لە دایک بووە.
- لە ساڵانی 2004-2008 نوێنەری قوتابیان و خوێندکارانی زانکۆکانی(سەلاحەدین- هەولێر، هەولێری پزیشکی)بووە.
- نوسەری ژمارەیەک کتێب و نامیلکەیە:

1.نامیلکەی ( بە جیهانیکردن) لە ساڵی 2005.
2.کتێبی (ئازادی رۆحی زانکۆیە) لە ساڵی 2005.
3.نامیلکەی (رۆژی شەهیدی زانکۆیی) 2013.
4. کتێبی (رۆژی ئاڵای کوردستان) لە ساڵی 2019.
5.کتێبی ( پ.د.احمد انور دزەیی، قوتابییەکی ژیر، مامۆستایەکی پەروەردەیی لێهاتوو، سەرکردەیەکی ئەکادیمی سەرکەوتوو) لە ساڵی 2020.
6.کتێبی شیعری(فرمێسکی زووخاو)ی رەفیق ئیبراهیم بیستانەیی، لە ساڵی 2020.
7.کتێبی( تیرۆری ئابووری) لە ساڵی 2020.